# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٥) حوزەیرانی
٢٠١٦


**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٧٠١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**ئیدریس سیوەیلی**
**٠٧٧٠١٩٧٥٠٣٠**
**siwayli@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**



راوێژکاران

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**


**وێنەی بەرگ، تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**
**کاری: هاوڕێ عەلی**


**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

تیراژ: ١٥٠٠
نرخ: ١٥٠٠ دینار
چاپخانە: سەردەم

# لەم ژمارەیەدا

**تەوەر**


هۆکارەکانی باڵادەستبوونی مەزهەبی شافیعی لە کوردستان ........ یاسین تەها ٤
شافیعیبوون باشترین بژارەی کوردیی ناو ئایینزاکان ........ جووتیار نەریمان ١٢
ئیجتیهادی بژاردەیی (الاجتهاد الانتقائي) ........ د. ئومێد عوسمان ٢٠
کاریگەری شافعیبوون لەسەر کورد ........ د. ئاراس محەممەد سالح ٢٨
ئەگەر فەرموودە دروست بوو ئەوە ئایینزای منە ........ د عرفان رەشید ٣٤
پرسیارە زیانبەخشەکان ئازادکردنی مرۆڤی موسڵمان لە فیقهی ئیسلامیی ........ فازڵ قەرەداغی ٤٢
دەمارگیری ئاینزایی وکاریگەرییە نەرێنیەکانی لەسەر ئوممەتی ئیسلامیی ........ محەممەد چیمەنی ٥٢
ئایینزا لە دیدی دکتۆر مستەفا زەڵمیدا ........ رێدار ئەحمەد ٥٧


**بابەتی گشتی:**


سەعید نورسی لە زمانی (پیرەمێرد)ەوە ........ د. عومەر عەبدولعەزیز ٦٦
باسیلی نیکیتین و سیستمی خێڵایەتیی لە کوردستان ........ د. کامەران محەمەد ٧٦
خۆشەویستی لە نێوان (دڵ)ی قورئان و (دڵ)ی شیعردا ........ د. هێمن عومەر خۆشناو ٨٦
دەوڵەتی مەدەنیی و دەوڵەتی دینیی دوو بژاردەی جیاوازی حوکمڕانی ........ ئیمداد تەها ٩٢
هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی و کۆمکاری عەرەبی بەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجە ........ عادل سدیق ١٠٢
شێواندنی وێنای کەسایەتیی کورد و چەند سەرنجێک ........ د. عەدنان عەبدولقادر هەورامانی ١٠٦
جەنگی عەقڵ و نەقڵ لە پەراوێزی کتێبی (بیروباوەڕی ئیسلامیی و مەزهەبەکانی) ........ عومەر ڕەشید ١١٠
ئیشکردن نەک تەمەڵی رامانێک لەبیروڕاکانی پارەزانی ........ بوخاری عەبدوڵای قەسرێ ١١٩
دەربارەی میدیا و زەردەشت! وەڵامێک بۆ سەلام ناوخۆش ........ دڵشاد عەزیز زاموا ١٢٥
وەڵامێک بۆ نووسەری (بوخاری لە نێوان زەکەریا ئۆزۆن و عەبدوڵا گەرمیان..ی) ........ عەبدوڵا گەرمیانی ١٣٤
(بوون) لای مەولانا ........ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار) ١٤٠
کورد و شافیعیەت ........ سەرنووسەر ١٥٣




# تەوەری ژمارە

# (ئیسلام بێ ئایینزا ـ مەزهەب)

ئایینزا (مەزهەب)ە فیقهییەکان کەی دروستبوون و بۆ دروستبوون؟ چەند پێویستە پاپەندی ئایینزایەکیان بین؟ بۆ لەو ئایینزایانە کورد شافیعی هەڵبژارد؟ لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەم ئایینزایانە چییە؟ بۆ تەنها چوار ئایینزا لەو گشت ئایینزا مایەوە؟ بۆچی لەناو کورددا سەرمەزهەبێك هەڵنەکەوت؟ کاریگەریی دەسەڵات و سیاسەت لەسەر بڵاوبونەوەی چوار ئایینزاکە چیبوو؟ زۆر پرسیاری دیکە لە باسکردنی ئایینزا فیقهیەکاندا سەر هەڵدەدەن، جگە لەو پرسیارانە زۆرینەی ئێمە پاپەندین بە یەکێك لەو ئایینزایانەوە و بووە بە بەشێکی سەرەکی ژیانمان.

بەڵام هەڵمەتێکی بەهێزیش هەیە بۆ بانگەشەی لامەزهەبیەت و زەرورەتی خۆقوتارکردن لە کۆتوبەندی ئایینزا، ئەم بانگەشەیە و کاردانەوەکەشی بووەتە هۆی ململانێ و دانلەیەکسوین. گرفتی کەسی تێپەڕاندوە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی و سیاسییشی بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئەم بابەتە کە جاران مامۆستا مەلا محەممەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی و شێخ محەممەد ناسرەدینی ئەلبانی و شوێنکەوتوەکانیان سەرقاڵکردبوو، ئەو دەینوسی (اللامذهبية اخطر بدعة تهدد الشريعة الاسلامية) ئەمانیش وەڵامیان دەدایەوە (المذهبية المتعصبة اخطر بدعة تهد الشريعه الاسلاميه).

ئەمڕۆ ئەو ململانێیە لە کوردستانە سەرهەڵدەداتەوە، بۆیە هەقی خۆیەتی شارەزایانی بوارەکە زانستیانە بەنجە بخەنە سەر هەموو بوارەکانی. گۆڤاری (خاڵ)یش لەم تەوەرەدا بە ئەمانەتەوە بیر و بۆچونیان دەگوازێتەوە.

**گۆڤاری خاڵ**

## هۆکارەکانی باڵادەستبوونی

# مەزهەبی شافیعی لە کوردستان




یاسین تەها

تویژەرو رۆژنامەنووسە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی بابەتە کەلتوریی و هەنوکەییەکان دەنوسیێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەئاین و ئاینزاکانی کوردستان.

## دەسپێك

لەدوای کۆتاییهاتنی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت) و خەلیفە راشدینەکان، خەڵکانی موسڵمان لە بەجێهێنانی ئەرکی دیندارێدا بەسەر چەند رێچکەیەکی جۆراوجۆردا دابەشبوون. لە سەدەی دووەمی کۆچیشەوە ئەم رێچکانە بوونە میتۆدی ئیجتیهادکردن و دواتر بوون بە مەزهەبی فیقهی سەربەخۆ(١) لەناو ئەم مەزهەبانەشدا تا کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی، چوار دانەیان لە گۆڕەپانی ئیجتیهادی ئیسلامیدا مانەوە کە بریتین لە مەزهەبەکانی حەنەفی، مالیکی، شافیعی و حەنبەلی. ئەم توێژینەوەیە لەسەر هۆکارەکانی زاڵبوونی مەزهەبی شافیعی لەناو کورد بەسەر مەزهەبەکانی تردا هەڵوێستە دەکات.

## مەزهەبی شافیعی

ئەم مەزهەبە لە ژیانی پێشەواکەیدا کە محەممەد کوڕی ئیدریسی شافیعییە دەرکەوتووە (١٥٠ ـ ٢٠٤ ک/ ٧٦٧ ـ ٨١٩ ز). مەرجیش نییە هەموو رێساکانی ئەم مەزهەبە رێکو تەواو بێت لەگەڵ بۆچوونەکانی شافیعی، بەڵام رێگاکان و شێوازەکانی بەڵگەهێنانەوەیان یەک شتە. بنەماکانی ئەم مەزهەبە لە وتەیەکی ئیمامی شافیعیدا روونکراوەتەوە کە بریتییە لە: قورئان و سوننەت ئەگەر سوننەتەکە جێگیر بوو، کۆڕای زانایان لەو شتانەی بەڵگەی قورئان و فەرموودەی لەسەر نییە، سێیەم وتەی هاوەڵان ئەگەر کەسی پێچەوانەیان نەبوو، چوارەم ناکۆکیی هاوەڵانی پێغەمبەر، پێنجەمیش قیاسکردن و دەڵێت «تا قورئان و سوننەت هەبن شتی تر لە جێگەی تر وەرناگیرێت، بەڵکە زانست لەسەرەوەوە وەردەگیرێت» (٢).

## پێگەی مەزهەبی شافیعی لە ناو کورد

زۆرینەی کورد سەربە رێبازی ئەهلی سوننەتن لە بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان و بیرکردنەوە، بەڵام لە وردەکاریی ئاییندارێدا لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە کە بە سەدەی فتوحاتی شافیعی ناسراوە(٣)، زۆربەیان پەیڕەوکردنی مەزهەبی شافیعییان هەڵبژاردووە(٤) بە جۆرێک زۆرێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کورد ئیسلامیان هەڵبژاردووە وەکو دین و شافیعی بوون وەکو مەزهەب. وەک زانراویشە ئەم مەزهەبە سێیەم مەزهەبی فیقهی سوننەیە و لە ناوەڕاستی هەردوو قوتابخانەی فەرموودە و قوتابخانەی ڕا ـ دایە، کە یەکەمیان لە حیجاز و دووەمیشیان لە عێراق لە برەو و پەرەسەندندابوو. لەمبارەیەوە شەرەفخانی بەدلیسی (١٠٠٥ک/١٥٩٦ ز مردووە) کە خاوەن کۆنترین سەرچاوەی مێژوویە لەسەر کورد دەڵێت: هەموو کورد لەسەر مەزهەبی شافیعین(٥). گەڕیدەی تورک ئەولیا چەلەبی (١٠٠٥ک_١٥٩٦ز مردووە) کە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان گەڕاوە لە سەدەی حەڤدەیەمی زاینی پشتگیریی ئەم بۆچوونەی شەرەفخان دەکات (٦).

هەندێک توێژینەوەی نوێ، ئاماژە بەوە دەکەن رێژەی شوێنکەوتوانی مەزهەبی شافیعی لە کوردستان دەوروبەری ٦٠٪ کۆی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان پێکدەهێنن (٧)، هەرچەندە ئەم خەمڵاندن و رێژە دانانە پێویستی بە بەڵگەی زانستی هەیە، بەڵام لەواقیعەوە نزیکترە تا ئەوەی شەرەفخان کە دەڵێت هەموو کورد شافیعی مەزهەبن، چونکە هەر خودی شەرەفخان خۆی دانی بەوەدا ناوە هەندێ لە کورد سەر بە پێکهاتە ئایینییەکانی تری غەیری ئیسلامن، جگە لەوانەش رێژەی شیعەکان لەناو کورد لە سەردەمە ئیسلامییەکاندا بەدەوروبەری پێنج یەکی

دانیشتوان مەزەندە كراون (٨) ئەمە جگە لە بوونی شوێنكەوتەی مەزهەبەكانی تری سوننە لە ناو گەلی كورد، وەكو حەنەفی و حەنبەلییەكانی باكوری كوردستان و شوێنكەوتوانی سوفیانی سەوری لە شاری دەینەوەری رۆژهەلاتی كوردستان.

بڵاوبونەوەی مەزهەبی شافیعی لە كوردستان

هەرچەندە ئیمامی شافیعی لە گەشتەكەیدا لە عێراقەوە بۆ میسر بە شاری نسێبینی باكوری كوردستاندا گوزەریكردووە، چەند رۆژێكیش لەم شارە ماوەتەوە و لەوێ سەرقاڵی وانە وتنەوە بووە (٩)، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی هیچ پەیوەندییەكی تایبەتی لەگەڵ شەرعزان و مەلا كوردەكاندا دروست كردبێت. سەرجەم بەڵگە و ئاماژە مێژوییەكان لەسەر ئەوەن كە فیقهی شافیعی لەمیسرەوە گەشتوەتەوە بە كوردستان لە رێی قوتابییە میسرییەكانی ئیمام شافیعییەوە كە بەناوبانگترینیان (ئەلمزنی) و (رەبیع ئەلمورادی) یە(١٠). رەبیع ئەلمورادی (٢٧٠ ك/٨٨٣ ز مردووە) چالاكترین فێرخوازی شافیعییە و یەكێكە لە مەرجەعە دیارەكانی فیقهی ناوبراو، كە هەموو لایەك دەگەڕێنەوە سەری، لەدوای هەموو خوێندكارەكانی تری دونیای بەجێهێشتووە (١١).

ئەو قۆناغەی فیقهی شافیعی تێدا بڵاوبوەتەوە لەناو كورد، كە سەدەی چوارەمی كۆچی و دەیەمی زایینییە، خاڵێكی جیاكەرەوەیە لە مێژووی شەرعزانی لە ئیسلامدا، بەو پێیەی كە لەم قۆناغەدا دیاردەی تەقلید بەتەواوی تەشەنەی كردووە، هەر لەم قۆناغەشدا فیقهی شافیعی شوناسی خۆی تێرو تەواو كردوە و بە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی ئەوكاتدا بڵاوبوەتەوە (١٢).

ئەو قۆناغەی فیقهی شافیعی تێدا بڵاوبوەتەوە لەناو كورددا، لە مێژووی ئەم مەزهەبە پێیدەتوترێت قۆناغی گواستنەوە، كە بەدوای قۆناغی دامەزراندندا

**سەرجەم بەڵگە و ئاماژە مێژوییەكان لەسەر ئەوەن كە فیقهی شافیعی لەمیسرەوە گەشتوەتەوە بە كوردستان لە رێی قوتابییە میسرییەكانی ئیمام شافیعییەوە.**

دێت، كە خودی ئیمام شافیعی خۆی سەرپەرشتی كرد، چ ئەوكاتەی لە عێراق بووە و چ ئەوكاتەی چوەتە میسر و پێداچوونەوەی بۆ بیروڕا و فەتواكانی كردووە (١٣).

هۆكاری سەرەكیی ئاشنابوونی كورد بە فیقهی شافیعی ئەو حەلقانەی دەرس خوێندن بووە لە بەغدا و دەوروبەری كە فەقێ كوردەكان بەشدارییان تێدا دەكرد (١٤). سەرجەم بەڵگە و گێڕانەوە مێژوییەكان لەسەر ئەوەن كە مەزهەبی شافیعی لەلایەن فەقێكانی زانای شافیعی مەزهەب (قفال كەبیر ئەلشاشی)یەوە گەشتوە بە كوردانی هەرێمی چیا و خۆراسان (رۆژهەلاتی كوردستان) (١٥). لەناو بازنەكانی دەرس خوێندنیش لە بەغدا لەسەدەی چوارەمی كۆچی گەورەترین زانای كورد لەناو مەزهەبی شافیعی دەركەوت كە ئیبن گەچی دەینەوەرییە (٤٠٥ ك/١٠١٤ ز مردووە) (١٦). ئیبن گەچ لەسەردەمی خۆیدا سەرۆكایەتی شافیعی مەزهەبەكانی وڵاتی خۆی كردووە (دەینەوەر) و بوەتە یەكێك لە پێشەوا گەورەكانی شافیعی مەزهەبەكانی هەموو رۆژهەلاتی ئیسلامیی (١٧).

لە هەرێمی جەزیرەش، كە دەكاتە باكوری كوردستانی ئێستا، فیقهی شافیعی لەرێی پێشەوا ئەبو عەبدوڵڵای گازرونییەوە لەناو كورددا

## هۆکاری سەرەکیی ئاشنابوونی کورد بە فیقهی شافیعی ئەو حەڵقانەی دەرس خوێندن بووە لە بەغدا و دەوروبەری کە فەقێ کوردەکان بەشدارییان تێدا دەکرد.

بڵاوبوەتەوە (١٨). ئەم پێشەوایە کوڕی وانە وتنەوەی هەبوو لە ئامەد (١٩) لەسەر دەستی ئەویش چەندەها خەڵکی هەڵکەوتوو لەناو فیقهی شافیعی پێگەشتوون وەک (فەخرلئیسلام ئەلشاشی) کە دواتر بووە سەرگەورە و دەمڕاستی شافعی مەزهەبەکانی بەغدا (٢٠)، هەروەها (حسێن ئیبراهیم ئەلفارقی) کە لە شاری میافارقین بووە موفتی گەورەی وانەبێژان (٢١).

### هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی مەزهەبی شافیعی لە وڵاتی کورد

### ١_ زانا و قوتابخانەکان:

مێژووی دامەزراندنی قوتابخانەکان لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی (٢٢)، بەڵام وەزیری سەلجوقی نیزامولمولک (٤٨٥ ک/ ١٠٩٢ز مردووە) کە هەر لە منالییەوە پەروەردەیەکی شافیعیانەی هەبووە جیاواز لە سوڵتانە حەنەفییەکانی ئالی سەلجوق (٢٣) لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا بەناوبانگترین قوتابخانەی شافیعی لە بەغدای پایتەخت دامەزراند، کە پێیدەوترا قوتابخانەی نیزامی لەسەر سیستم و ستایلێکی تەواو جیاواز لە حوجرە و فێرگەکانی خوێندنی پێشوو (٢٤). ئەم پرۆژەی نیزامولمولک سەرکەوتنێکی بێوێنەی تۆمارکرد و شەش هەزار فەقێ و فێرخواز لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامییەوە پەیوەندییان پێوەکرد (٢٥)، هەندێک لەو فەقێیانە لە ناوچە کوردنشینەکانەوە چووبوونە قوتابخانەی نیزامییە و دەوروبەری (٢٥) کەسیشیان دواتر وەک شەرعزان و زانا و موفتی ناویان دەرکرد (٢٦).

کوردەکانی قوتابخانەی نیزامییە جالیەیەکی گەورە و ناسراوبوون، بەجۆرێک هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان باسیان لەوەکردووە کە ناوبەناو لەگەڵ هاوتا عەجەمەکانیان بەشەڕ دەهاتن (٢٧)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زۆری ژمارەیان لەم پێگە سەرەکییەی بڵاوبونەوەی فیقهی شافیعی.

قوتابخانەی نیزامییە تەنها لە بەغدا قەتیس نەبوو، بەڵکە نیزامولمولک لە سەرجەم شار و شارۆچکە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی لقی بۆ کردەوە، شارە کوردییەکانیش لەم پەلکێشانەی قوتابخانەی نیزامییە بێبەش نەبوون، بەتایبەت لە جەزیرە و دیاربەکر کە نزیکەی ٢٥ قوتابخانەی بەناوبانگ و گەورەی تێدابووە و فیقهی شافیعی بەسەریدا زاڵ بووە، بە هەمان شێوەی قوتابخانەی نیزامی (٢٨). ئەم قوتابخانە شافیعی مەزهەبانەی ناوچە کوردییەکان دەیان خەڵکی ناوداریان پێگەیاندووە کە جێدەستیان لە بڵاوکردنەوەی فیقهی شافیعی بە ئاشکرا دیارە.

نیو سەدە پاش دامەزرانی قوتابخانەی نیزامیەی بەغدا، یەکەم قوتابخانەی شافیعی لە هەولێر دامەزرا، بەدیاریکراویش لە ساڵی (٥٣٣ک/١١٣٩ز) (٢٩) ئەم قوتابخانەیە بە قوتابخانەی قەڵا بەناوبانگە و مەلا خزری کوڕی عەقیلی هەولێری دەرسی تێدا وتوەتەوە، کە دەرچووی قوتابخانەی نیزامیەی بەغدا بووە، چەندین زانا و فەقێی کوردی پێگەیاندووە (٣٠). ئەم قوتابخانە شافیعیەی هەولێر کە بەرهەمی هەوڵی مەلا خزر بووە، تا ساڵی (١٣٦٠ک/١٩٤١) بەردەوام بووە و بێپچڕان وانەی تێدا خوێنراوە (٣). لەپەنا ئەم قوتابخانە شافیعییەدا فەرمانڕەوای هەولێر سوڵتان

موزەفەرەدین کەوکەبەری (٦٣٠ک/١٢٣٣ز مردووە) قوتابخانەیەکی بەناوی (الطین) یان (الفقیرة) وەقفکرد لەسەر شافیعی مەزهەبەکانی شارەکە (٣٢)، جگە لەم قوتابخانەیەش شافیعییەکان و حەنەفییەکان نیو بە نیو سەروکاریی قوتابخانەی موزەفەرییەیان دەکرد، سولْتان موزەفەر خودی خۆی قوتابخانەکەی بەسەر دەکردەوە بۆ گرنگی پێدانی (٣٣).

سەرجەم قوتابخانەکانی هەولێر لە سەدەکانی شەش و حەوتی کۆچی/ دوازدەو سیازدەی زایینی بە پلەی یەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی فیقهی شافیعی بنیاتنران و تاقە قوتابخانەیەکی حەنەفەیش کە لەم شارەدا هەبوو نیوە بە نیوە بووە لە نێوان ئەوان و شافیعییەکان. جگە لەمەش، سەرچاوە مێژووییەکان ئاشکرای دەکەن زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی پەیوەندییان کردوە بە قوتابخانەکانی هەولێر بۆ وانە خوێندن، یان خۆیان شافیعی مەزهەب بوون، یان دەرچووی قوتابخانەی نیزامیەی بەغدا بوون، هەندێک لەوانەش لە هەرە ناسراوترین شەرعزانەکانی جیهانی ئیسلام بوون و خاوەن بەرهەم و دانراوی تایبەتن (٣٤)، ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینزایە لەسەر کورد.

## ٢ـ پاڵپشتی سیاسیی

مەزهەبی حەنەفی بەهۆی قەزاوە باڵی بەسەر عێراقدا کێشا، چونکە زۆربەی شەرعزانەکانی ئەم مەزهەبە پۆستەکانی قەزایان وەرگرت و کۆک بوون لە گەڵ خەلیفە عەبباسییەکان (٣٥)، مەزهەبی شافیعیش لە کوردستان لەبەر هۆکارێکی لەم شێوەیە بووە بەڵادەست لە ناوچە کوردنشینەکان (٣٦)، چونکە گەورە شەرعزانەکانی شافیعی جێگەی بایەخ و گرنگیدانی میرە کوردەکان بوون و زۆربەیان پۆستیان پێدراوە لەلایەن ئەوانەوە، چ لە سلکی قەزاو چ لە سلکی وانەوتنەوەی قوتابخانەکان

**هۆکاری هەرە سەرەکی بڵاوبونەوەی مەزهەبی شافیعی لە کوردستان سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەیوبی و سوڵتانە شافیعییەکانی بووە.**

و دامەزراندنی حوجرە و قوتابخانە بۆیان، بە جۆرێک گەڕیدەیەکی وەک یاقوتی حەمەوی کە لەسەدەی حەوتەمی کۆچی ژیاوە باس لەوە دەکات لەهیچ کوێی جیهانی ئیسلامی هێندەی ڕۆڵەکانی ناوچەی شارەزوور خەڵک پۆستی قەزایان وەرنەگرتووە (٣٧).

لەم میانەیەشدا، ئەوە بەسە بۆ ئاماژەکردن کە ئیبن گەچی دەینەوەری کە کۆنترین شەرعزانی کوردی شافیعی مەزهەبە و سەردەستەیە، وەک وەزیری داد کاریکردوە لە میرنشینی حەسنەویی و گەورەی قازییەکانی دەینەوەر و هەرێمی چیا بووە لە سەردەمی میر بەدری کوڕی حەسنەوی (٣٨). لە لایەکی ترەوە پێشەوا گازرونی کە مەزهەبی شافیعی لە هەرێمی چیا بڵاوکردەوەتەوە، لەلایەن میر نەسرولدەولەی مەروانییەوە گرنگیی زۆری پێدراوە بە جۆرێک سەروکاریکردنی قوتابخانەی میافارقینی پایەتەختی پێ سپێردراوە (٣٩)، جگە لەوەش نەسرولەدەولە لە خۆشی پێشەوا گازرونییەوە مەزهەبی شافیعی کردە مەزهەبی فەرمیی میرنشینەکەی (٤٠).

جیا لەم ڕاستییە مێژووییانە، بەڵگەکانی تر ئەوە دەردەخەن هۆکاری هەرە سەرەکی بڵاوبونەوەی مەزهەبی شافیعی لە کوردستان سیاسەتەکانی

## گەورە شەرعزانەکانی شافیعی جێگەی بایەخ و گرنگیدانی میرە کوردەکان بوون و زۆربەیان پۆستیان پێدراوە لەلایەن ئەوانەوە

دەوڵەتی ئەیوبی و سوڵتانە شافیعییەکانی بووە (٤١)، بە تایبەت سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی کە هەندێک لە زانایان بە یەکێک لە شەرعزانەکانی شافیعی هەژماریان کردووە و ئەرکی ژیاندنەوەی مەزهەبی سووننەی بە تایپە شافیعییەکەی لە ئەستۆ گرتووە (٤٢). سوڵتان سەلاحەدین، مەزهەبی شافیعی کردە مەزهەبی فەرمی دەوڵەتەکەی کە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێستای لەسەر بوو، وەک هەولێر، شارەزوور، شار و چارۆچکەکانی جەزیرە وەک میافارقین، خەلات، حەڕان، سروج، روها، شەنگال، نەسیبین، ئامەد، موسڵ و دەورووبەری (٤٣).

هەندێک لە توێژەران و مێژوونوسان پێیانوایە سایە و سێبەری ئەیوبییەکان وەهایکرد مەزهەبی شافیعی مۆرکێکی میللی وەرگرێت لە ناوچە کوردییەکان، چونکە میرەکانی ئەم دەوڵەتە نەک هەر ئەم مەزهەبەیان پەسەند کرد، بەڵکە چەندین قوتابخانەیان بۆ کردەوە لە شارە کوردنشینەکان (٤٤). هەندێک لەم سوڵتانە ئەیوبییانە خۆیان شەرعزانی شافیعی بوون، خوتبە و وانە خوێندنی ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیان تایبەت کردووە بە شافیعی مەزهەبەکان (٤٥)، ئەوەشی یارمەتیداون لە سەرکەوتنی ئەم رێچکەیە لاوازیی دەسەڵاتی عەبباسییە حەنەفەییەکان بووە لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەوان.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:


(١) محمد أبو زهرة: تاريخ المذاهب الإسلامية، ص ٢٨٨.

(٢) الشافعي: الأم؛ محمد إبراهيم أحمد علي: المذهب عند الشافعية، الرياض، مايو ١٩٧٨، العدد الثاني، ص ١.

(٣) آدم متز: الحضارة الإسلامية، ج١، ص ٣٩١.

(٤) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج١، ص ٣٢٨؛ أحمد محمود الخليل: تاريخ الكُرْد في العهود الإسلامية، ص ٨٧؛ تهامي العبدولي: إسلام الأكراد، ص ٨٠؛ عبد الرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢، ص ١٠؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، ص ٩٥؛ حميد ريبوار: الكُرْد في دائرة المعارف الاسلامية؛ أحمد تيمور باشا: نظرة تاريخية في المذاهب الفقهية، ص ٨٧؛ توما بوا: مع الأكراد، ص ١٠٤؛ ص ١١٦؛ نبيل زكي: الأكراد_ الأساطير والحروب، ص ٢٥؛ كريم زند: ئاين و باوەر لەكوردستاندا، السليمانية، ١٩٧٢م، ص ٦٢.

(٥) شرفخان البدليسي: الشرفنامة، ص ٢٢.

(٦) أوليا جلبي: رحلة أوليا جلبي، ص ٣٠، ٤٧، ٥١.

(٧) میهرداد أزدي: ئاین و تایفة ئائینییەکان لەکوردستاندا، ترجمة کامران فهمی، السلیمانیة، ٢٠٠٢م، لا ١٠.

(٨) أحمد محمود الخليل: تاريخ الكُرْد في العهود الإسلامية، ص ٨٧.

(٩) البيهقي: مناقب الشافعي، ج١، ص ٢٣٧.

(١٠) أحمد تيمور باشا: نظرة تاريخية في المذاهب الفقهية، ص ٧١؛ محمد أبو زهرة: الشافعي حياته وعصره، ص ٣٣٣.

(١١) الشيرازي: طبقات الفقهاء، ص ٩٨؛ ابن النديم: الفهرست، ٢٩٣؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٢، ص ١٣٢_ ١٣٣؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٣، ص ٢١، ٣٠٠؛ أبي بكر الحسيني: طبقات الشافعية، ص ٢٤.

(١٢) أحمد تيمور باشا: نظرة تاريخية في المذاهب الفقهية، ص ٧١.

(١٣) البيهقي: مناقب الشافعي، ج١، ص ٢٤٦ _

٢٥٦؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٣، ص ٢١؛ شعبان محمد إسماعيل: أصول الفقه، ص ٦٦؛ محمد أبو زهرة: الشافعي_ حياته وعصره، ص ٢٦؛ محمد ابراهيم: المذهب عند الشافعية، ص، ٢. ٨.

(١٤) رشيد الخيون: الأديان والمذاهب بالعراق، ص ٣٧٦ - ٣٧٧.

(١٥) الأسنوي: طبقات الشافعية، تحقيق: كمال الحوت، دار الكتب العلمية، بيروت،١٩٨٧م. ج٤، ص ٤؛ أبي بكر الحسيني: طبقات الشافعية، ص ٨٨.

(١٦) ابن النديم: الفهرست، ٣١٧؛ الشيرازي: طبقات الفقهاء، ص ١١٨؛ ابن الأثير: اللباب في تهذيب الأنساب، ج ٣، ص ٨٥؛ الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٨٤_٨٥؛ ابن الصلاح: طبقات فقهاء الشافعية، تحقيق محيي الدين علي نجيب، دار البشائر الإسلامية، بيروت، ١٩٩٢م، ج٢، ص ٦٩٠؛ الأسنوي: طبقات الشافعية، ج٢، ص ١٧٦؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٢٥٨؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ١٩٧؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٥، ص ٣٦؛ محمد أمين زكي: مشاهير الكُرْد وكردستان، ج٢، ص ٤٦٧.

(١٧) الشيرازي الشافعي: طبقات الفقهاء، ص ١١٩؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٥، ص ٣٥٩؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ١٩٦_ ١٩٧؛ ابن كثير: طبقات الشافعية، تحقيق: عبدالحفيظ منصور، دار المدار الإسلامي، بيروت - لبنان، ٢٠٠٤م، ج١، ص ٣٤٨؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٧، ص ٦٥؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج ٣، ص٨٥؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٣، ص٤٨١؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٥، ص ٣٥٩؛ الحسيني: طبقات الشافعية، ص ١٢٦؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص٨٤ .

(١٨) ابن الصلاح: طبقات فقهاء الشافعية، ج١، ص ١٨٦؛ بن عساكر: تاريخ دمشق، ص ١٦٥؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص ١٢٢؛ الأسنوي: طبقات الشافعية، ج٢، ص ١٨٠؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ٢٤٤_ ٢٤٥؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٧، ص ٤٤٦.

(١٩) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص ١٢؛ ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٥٢، ١٦٥؛ عبد الرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢، ص ١٠.

(٢٠) ابن الصلاح: طبقات فقهاء الشافعية، ج١، ص ٨٥؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ٣٢٤.

(٢١) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٦٣؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص ٣٤٠.

(٢٢) المقريزي: الخطط، ج٤، ص١٩٩.

(٢٣) المقريزي: الخطط، ج٢، ص ٣٦٣؛ عمر سليم عبد القادر التل: متصوفة بغداد في القرن السادس الهجري، ص٢٩.

(٢٤) نظام الملك الطوسي: سياستنامة، ص٢١؛ المقريزي: الخطط، ج٤، ص ١٩٩؛ ناجي معروف: علماء

(٢٥) عبدالمجيد أبو الفتوح: التاريخ السياسي للمذهب السني، ص ١٨٤.

(٢٦) عبدالمجيد أبو الفتوح: التاريخ السياسي للمذهب السني، ص ١٨٤.

(٢٧) ابن المستوفي: تاريخ أربل، ق ١، ص ٣٦٨.

(٢٨) المقريزي: الخطط، ج٤، ص ١٩٩؛ ناجي معروف: علماء النظاميات، ص٣؛ آكو برهان: الحياة العلمية في دياربكر وجزيرة ابن عمر من القرن (٥ _ ٧هـ/ ١١ _١٣ م)، ص ٨٣؛ عبدالوحيد: الكُرْد وبلادهم، ٥٠.

(٢٩) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص ٢٣٢.

(٣٠) ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج١٦، ص ٤٤٩؛ ابن المستوفي: تاريخ أربل، ق١، ص ٣٧٠؛ ([٨١]) ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج١٦، ص ٤٤٩؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص ٢٣٧؛ السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٨، ص ٣٨٨؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج٢، ص ٧؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٧، ص ١٥٢؛ خير الدين الزركلي: الأعلام، ج٢، ص ٣٠٧؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص ٢٣٨؛ ابن شهبة: طبقات الشافعية، ج٢، ص ٧.

(٣١) ابن العماد: شذرات الذهب، ج٧، ص ١٥٢؛ خير الدين الزركلي: الأعلام، ج٢، ص ٣٠٧؛ زبير بلال إسماعيل: علماء ومدارس أربيل، الموصل، ١٩٨٤، ص ١٣، ص ١٨؛ سامي الصقار: إمارة أربل، ص ٩٤.

(٣٢) زبير بلال إسماعيل: علماء ومدارس أربيل، ص ١٨؛ سامي الصقار: إمارة أربل، ص ٩٥.

(٣٣) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٤، ص ١١٦.

(٣٤) الأسنوي: طبقات الشافعية الكبرى، ج١، ص ٢٣٧- ٢٣٨؛ ابن كثير: طبقات الشافعية، ص ٧٤١؛ محسن محمد حسين: أربيل في العهد الأتابكي، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٧٦م، ص ٢٦٤.

(٣٥) أحمد تيمور باشا: نظرة تاريخية في المذاهب الفقهية، ص ٥١.

(٣٦) أبي يوسف: الخراج، ص ٣_٥ ؛ أحمد تيمور باشا: نظرة تاريخية في المذاهب الفقهية، ص ٨٧.

(٣٧) الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ٣٧٦.

(٣٨) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٥، ص ١١٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ١٣٥٦.

(٣٩) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص ١٢٢؛ عبد الرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢، ص ١٠.

(٤٠) محمود عبدالله جمعة: مدينة ميافارقين، ص ٣٤٦

(٤١) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٨، ص ١٣٤.

(٤٢) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٧، ص ٣٤٠؛ الحنبلي: شفاء القلوب، ص ٥ (مقدمة التحقيق؛ ابن شداد: سيرة صلاح الدين، ص ٣٣ ؛ عبدالمجيد أبو الفتوح: التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني، ص٢٤٦..

(٤٣) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، ج٧، ص ٣٤٧؛ أسماء سالم أحمد عفيف: المؤرخ عباس العزاوي، ج١، ص ٢٣٣؛ أحمد تيمور باشا: نظرة تاريخية في المذاهب الفقهية، ص ٧٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ص ١٧٧٧ _ ١٧٨٤؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٤، ص ١٢١؛ الحنبلي: شفاء القلوب، ص ٢٧٧؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٧، ص ٢٤٣؛ عبدالقادر طليمات: مظفرا لدين كوكبري، ص ٩١؛ صالح شيخو الهسنياني: علماء الكرد و كردستان، ٢٠١٢م، ص ٣١٢، ص ١٣.

(٤٤) الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ٣٧٦؛ ابن العماد: شذرات الذهب، ج٧، ص ٢٤٣ ـ ٢٤٤؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، ص ٩٤_ ٩٥. آدم متز: الحضارة الإسلامية، ج١، ص ٣٩٣ ابن كثير: طبقات الشافعية، ج٢، ص ٧٢٨؛ هدار الأتروشي: الكُرْد في الأعلاق الخطيرة، ٢٠١٣م، ص٣٦٦ _ ٣٦٨؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، ص ٩٥.

(٤٥) ابن كثير: طبقات الشافعية، ج٢، ص٧٧١ _ ٧٧٢؛ ٧٢٦، ٧٤٤.





# شافیعیبوون

## باشترین بژارەی کوردیی ناو ئایینزاکان



**جووتیار نەریمان**
لەدایکبووی ١٩٨٣ سلێمانی.
بەکالۆریۆس لە فەلسەفە و تەسەوفی ئیسلامیدا،
ماستەر لە زمان و ئەدەبی فارسیدا.
چەند وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە

## دەسپێك

گەلی کورد لە ڕووی بیروباوەڕی دینییەوە گەلێکی فرەڕەنگە، چەندین ڕێچکە و ڕێبازی دینی لەناو ئەو گەلەدا جێیان بووەتەوە. لە نێوان ئەو دین و ئایینزایانەی کە لەنێو کورددا باوە، ئایینزای شافیعی گەورەترین پانتاییی داگیر کردووە، زۆرینەی گەلی کورد پەیڕەوی ئەو ئایینزایەن. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ئایینزایە هەرچییەک بێت، لەم وتارەدا کارمان پێی نییە، ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمە ئەوەیە کە لەسەر پەیوەندیی ئەو ئایینزایە و کورد بووەستین، ئەوەی کە هەیە وەک خۆی و بە گوێرەی واقیع بخەینە بەرباس.

هەندێک جار ئەوە بەرگوێ دەکەوێت کە ئەگەر گەلی کورد لەسەر ئایینزای حەنەفی بوونایە باشتر بوو بۆیان، لەبەر ئەوەی ئەو ئایینزایە لەسەر بنەمای عەقڵانییەت داڕێژراوە و لەگەڵ سەردەمدا زیاتر دەگونجێت. گومان لەوەدا نییە کە ئایینزای حەنەفی ئەو تایبەتمەندێتییەی هەیە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە حەنەفیبوونی گەلێک یەکسانە بە عەقڵانیبوونی ئەو گەلە. لەم وتارەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت ڕادەی گونجان و نەگونجانی ئایینزای شافیعی لەگەڵ کورد بخرێتە بەرباس، بە لەبەرچاوگرتنی ئایینزای حەنەفی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئایینزای شافیعی ڕوون دەکرێتەوە.

### هاوسەنگی و میانەڕەوی

پاش ئەوەی سەردەمی خەلافەتی ڕاشدین کۆتاییی هات و دەسەڵاتی ئومەوی جێگیر بوو، ڕاجیایی لە بابەتە شەرعییەکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێوان موسڵماناندا دەرکەوت. ئەهلی مەدینە بەهۆی نزیکییان لە سەرچاوەی شەریعەتەوە، بۆ زانینی حوکمە شەرعییەکان کەمتر پێویستیان بە بەکارهێنانی ڕەئی و لێکدانەوەی عەقڵی بوو؛ موسڵمانانی دەرەوەی حیجازیش -وەک ئەهلی کووفە کە بە ئەهلی ڕەئی ناسراون- ناچار بوون لە زۆر بابەتدا پشت بە لێکدانەوەی عەقڵی ببەستن بۆ بابەتە شەرعییەکان؛ بەمەش دوو ڕەوتی فیقهیی لێک جیا یەکەم بەردی بناغەیان دانرا، کە بریتین لە ڕەوتی ئەهلی ئەسەر و حەدیس -کە پاشان بە شێوەی ئایینزا و گرووپی جیاجیا دەرکەوتن- لەگەڵ ڕەوتی ئەهلی نەزەر و ڕەئی. گرووپی یەکەم، لەلایەن ئیمامی مالیکەوە (ڕ.خ.) (٩٣-١٧٩ ک) دانرا، پاشان ئەم ڕەوتە لەسەر دەستی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕ. خ.) (١٦٤-٢٤١ ک) گوڕوتینێکی زیاتری وەرگرت و بە شێوەیەکی توندتر و ڕادیکاڵتر تیۆریی پابەندبوون بە دەق و تێگەیشتنی سەلەف بوو بە بنەمای کاری ڕەوتەکە، هەموو جۆرە لادانێک لە دەق بە بڤە لە قەڵەم درا. لە بەرانبەردا ئایینزای ئەهلی ڕەئی بە ڕابەرایەتیی ئیمام ئەبووحەنیفە (ڕ. خ.) (٨٠-١٥٠ ک) سەریهەڵدا و گەشەی کرد. ئەم دوو ڕێچکەیە بە دوو ئاڕاستەی پێکدژدا ڕێیان دەکرد، لە زۆر بابەتدا جیاوازیی قووڵ و بنەڕەتی کەوتە نێوانیانەوە، کار گەیشتە ئەوەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (٢١٣-٢٩٠ ک) لە کتێبەکەیدا (السنة) بە توندی سەرزەنشتی ئیمام ئەبووحەنیفە بکات، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بڵێن بوغزاندنی ئەبووحەنیفە و هاوبیرانی پاداشتی هەیە (عبد الله بن أحمد، السنة، ١، ١٨٠)، ئەمە جگە لەوەی بە دووروودرێژی قسە لەسەر جەهمیبوونی ئەبووحەنیفە و تۆبەدادانی لەسەر کوفر کراوە. بوونی ئەم دوو ڕەوتە پێکدژە پێویستی بە هێورکردنەوە و لێک نزیککردنەوە هەبوو، کە ئەمەش لەسەر دەستی ئیمامی شافیعی (ڕ. خ) ڕووی دا.

ئایینزای شافیعی بە بەراورد لەگەڵ ئایینزای

ئەهلی حەدیس (سەلەفییەت) لەلایەک و ئایینزای ئەهلی ڕەئی (حەنەفییەت) ئایینزایێکی هاوسەنگ و میانڕەوە، بە هەموو شێوەیەک دوورە لە پەڕگیری. لە پشتبەستن بە نەقڵ (قورئان و سوننەت)دا هیچ کەموکورتییەک لە ئایینزای شافعیدا نابینرێت کە لەسەری بکرێتە بەڵگەی لادان لە شەریعەت لەلایەن ئەهلی ئەسەرەوە؛ لەبەر ئەوە ئەهلی زاهیر ناتوانن ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی ئایینزای حەنەفیی دەکەنەوە لە بەرانبەر ئایینزای شافیعیدا بیخەنە ڕوو. هەندێک وتە لە شافیعییەوە نەقڵ کراوە کە بە ڕوونی گرنگیی نەقڵ و پابەندبوون پێیەوە دەردەخات، بۆ نموونە دەڵێت: «ئەگەر دروستیی فەرموودەیەک سەلما، ئەوە [ئەو فەرموودەیە] ئایینزای منە». (الصفدي، الوافي بالوفيات ١، ٢٢٢).

لە پشتبەستن بە عەقڵ و ئیستیدلالی عەقڵییشدا شافیعییەکان لە کاروان دوا نەکەوتوون، بەو واتایەی کە شێوەی پشتبەستن بە نەقڵ لای شافیعییەکان بە شێوەیەک نییە کە جێگەی بۆ عەقڵ نەهێشتبێتەوە، بەڵکو ئیستیدلالی نەقڵی بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕێک خراوە و قورئان و سوننەت لە چوارچێوەی قانوونەکانی ئوسووڵی فیقهدا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، نەک بە شێوەیەکی ڕەشۆکی و بێ قانوون. خودی ئیمامی شافیعی یەکەم کەسە کە لە بواری ئوسووڵی فیقهدا کتێبی نووسیوە و بە گوێرەی گوتەی ئیبن خەلەکان، یەکەم کەسیشە کە قسەی لەو زانستە کردووە و زانستەکەی هەڵگۆزیوە. بڕوانە (ابن خلكان، وفيات الأعيان، ٤، ١٦٥) پاش ئیمامی شافیعی شێوەی کاری ئەو لە لایەن گەلێک لە زانایانی عەقڵگەرای ئەشعەری و موعتەزیلەوە پەرەی پێ درا، زانستی ئوسووڵی فیقهـ گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. کەسانی وەک قازی عەبدولجەباری هەمەدانیی موعتەزیلی، ئەبولحوسەینی بەسریی موعتەزیلی و ئیمامولحەرەمەینی جوەینی، ئیمامی غەزالی، فەخری ڕازی، سەیفەدینی ئامەدی و ... تاد لەسەر میتۆدی ئوسووڵیی شافیعی ڕۆیشتوون.

**ئایینزای شافیعی بە بەراورد لەگەڵ ئایینزای ئەهلی حەدیس (سەلەفییەت) لەلایەك و ئایینزای ئەهلی ڕەئی (حەنەفییەت) ئایینزایێکی هاوسەنگ و میانڕەوە.**

میتۆدی ئوسووڵیی شافیعی بە بەراورد لەگەڵ میتۆدی ئوسووڵیی حەنەفیدا عەقڵانیترە، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵێک بنەمای عەقڵی پێکهاتووە و حوکمە جوزئییەکان لەو بنەمایانە و لەژێر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەدا هەڵدەگۆزرێن، بە پێچەوانەی ئوسووڵی حەنەفییەوە کە ئەمان بە سەرنجدان لە حوکمە جوزئییە فیقهییەکان قانوونێکی گشتییان داناوە؛ ئەمە جگە لەوەی کە ئوسووڵییە حەنەفییەکان لەژێر کاریگەریی ئوسووڵی شافیعیدان.

ئایینزای شافیعی لە دیدی خاوەن ئایینزاکانی تریشدا بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێت و هەرگیز ئەو تێڕوانینە نەرێنییانەی خاوەنی ئایینزاکانی دی بەرانبەر بەیەکتر هەیانە، بەرانبەر بە ئایینزای شافیعی نییانە. سەلەفی یان حەنەفییەک چەند ڕێز لە پێشەوایانی ئایینزاکەی خۆی دەگرێت بە هەمان شێوە ڕێز لە ئیمامی شافیعییش دەگرێت، ئەم تێڕوانینە تەنها تایبەت نییە بە ئایینزاکانی ئەهلی سوننە، بەڵکو تێڕوانینی شیعەکانیش بۆ ئیمامی شافیعی نەرمترە لەچاو سێ ئیمامەکەی

# ئایینزای شافیعی ئایینزای واقیعە، بەو واتایەی کە فەتواکانی بە سەرنجدان لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هاتوونەتە دەرەوە

تری سوننەدا، هۆکارەکەیشی بۆ ئەو شیعر و ستایشانە دەگەڕێتەوە کە بۆ ئەهلی بەیت (ڕ. خ) نووسیونی و گوتوونی.

**کرانەوە و ڕاجیایی**

ئایینزای شافیعی، بە پێچەوانەی ئایینزاکانی ترەوە لە هەناویدا فراوانترین پانتایی هەیە بۆ ڕاجیایی و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بابەتە فیقهییەکان، زۆرترین ڕای جیاواز و فەتوای جیاواز لە نێوان زانا و موجتەهیدانی شافیعیدا هەیە. لەناو شافیعی ئایینزاکاندا لادان لە فەتوایەکی ئیمامی شافیعی و هەڵبژاردنی فەتوای زانایەکی تر کێشە دروست ناکات، بە پێچەوانەوە هەندێک جار ئەو لادانە ڕوو دەدات و هیچ کاردانەوەیەکی نائاسایی لەناو پەیڕەوانی ئایینزاکەدا نابینرێت. بۆ نموونە لادان لە لێکدانەوەی ئیمامی شافیعی لە پرسی (أو لامستم النساء)دا لەلایەن شافیعییەکانەوە لە حەج کاری پێ ناکرێت و زۆر بە سانایی تێ دەپەڕێت، بەڵام لە ئایینزاکانی تردا وەها شتێک ئاسان نییە. پێدەچێت هۆکاری ئەوە بۆ خودی کراوەیی دیدی ئیمامی شافیعی بگەڕێتەوە، لەوەدا کە لای خودی ئیمامی شافیعی، گۆڕینی ئایینزا و لادان لە ڕایەکی تایبەت بە کات و شوێنێکی دیاریکراو شتێکی ئاسایی بووە و خودی ئیمام خاوەنی دوو ئایینزایە؛ لە ئێراق ئایینزایەکی هەبووە، بەڵام لە میسر ئایینزا و دیدێکی تری هەبووە. بوونی دوو ئایینزا و دوو دیدگا لای خودی ئیمامی شافیعی، پەیڕەوانی ئایینزاکەی لەسەر ئەوە ڕاهێناوە و پەروەردە کردووە کە بە ئاسانی تووشی چەقبەستن و قاڵبوەرگرتن نەبن، هەر لەبەر ئەمەشە کە پەیڕەوانی شافیعی کەمتر بە ڕاجیایی فیقهی هەستیارن و بە ئاسانی لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینزاکانی دیدا هەڵ دەکەن. خودی ئیمامی شافیعی لەگەڵ ناکۆکە فیکرییەکانیدا کراوە بووە و ناکۆکیی فیکریی نەکردووەتە هۆکاری هەجر و دەنگدابڕین. ئیمامی زەهەبی لە کتێبی (سير اعلام النبلاء) لەسەر زاری یوونسی سەدەفی دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی:

«لە شافیعی ژیرترم نەدیتووە، جارێکیان لەسەر پرسێک مونازەرەم لەگەڵ کرد، پاش بەجێهێشتنی یەکتر، چاوی پێم کەوتەوە؛ دەستی گرتم و گوتی: ئەی ئەبوو مووسا! ئەرێ وا باش نییە هەر برا بین هەرچەند لە بابەتێکدا کۆک نەبین؟» (الذهبی، سیر أعلام النبلاء، ١٠، ١٦)

پاشان ئیمامی زەهەبی لەم بارەیەوە دەڵێت:

«دەڵێم: ئەوە بەڵگەیە لەسەر کەماڵی عەقڵی ئەو ئیمامە و تێگەیشتنی قووڵی، [چونکە] بەردەوام مونازەرەکاران لەگەڵ یەک ناکۆکن.» (سەرچاوەی پێشوو، ١٠، ١٧)

ئەو کراوەییە لە ئایینزاکانی تردا زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەوێت، ناکرێت بڵێین هەر نییە، بەڵام بە گشتی چەقبەستوویی باڵی بەسەر ئایینزاکانی تردا کێشاوە و لادان لە ڕای ڕەسمیی ئایینزا کارێکی سانا نییە. ئایینزایەکی عەقڵانیی وەک ئایینزای حەنەفی لەباریدا هەیە و هەبوو کە ببێتە ئایینزایەکی کراوەی ئەوتۆ کە لەگەڵ سەردەم و شوێنە جیاوازەکاندا بە ئاسانی ڕێ بکات؛ بەڵام بە پێچەوانەوە بە تێپەڕینی کات قاڵبێکی وەرگرتووە کە پەیڕەوانی تووشی چەقبەستن کردووە. لە

بەشێکی زۆری ناوچە حەنەفینشینەکانی دونیا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان، لادان لە ئایینزا لە هەندێک شتی زۆر سادەی ڕۆژانەشدا ڕێگەپێدراو نییە؛ بابەتگەلێکی وەک: چۆنیەتیی دەستگرتن لە نوێژدا، گوتنی ئاشکرای (بسم الله) و (آمین) لە نوێژدا، پابەندنەبوون بە نوێژە سوننەتەکانەوە، کۆکردنەوەی دوو نوێژ، بەجێهێنانی نوێژی عەسر بە گوێرەی کاتی شافیعییەکان و جمهوور و ... تاد تا ئێستاش بەتوندی دەستی پێوە گیراوە و دەگیرێت، لەلایەن بەشی هەرەزۆری پەیڕەوانی ئایینزای حەنەفییەوە و هەموو جۆرە لادانێک بە بڤە دەزانرێت، لە کاتێکدا بەشێکی ئەو بابەتانە نەک هەر ئیجتیهادین، بەڵکو ڕای حەنەفییەکان ڕاجیحیش نییە چ بگات بەوەی یەقینی بێت. لای حەنەفییەک لەم سەردەمە جەنجاڵەدا کۆکردنەوەی دوو نوێژ بڤەیە، تەرکی نوێژە سوننەتەکان بۆ ماوەیەکی کاتییش بڤەیە. ئەم حاڵەتە زۆر بە دەگمەن لای پەیڕەوانی شافیعی دەبینرێت و کوردستان باشترین نموونەیە، کە بەشێکی زۆر گەورەی خیلافە فیقهییەکانی نێوان مامۆستایانی شافیعی و لاوانی نەشارەزا و نامولتەزیم بە ئایینزاوە لە ماوەیەکی کورتدا و بێ سەرئێشەی گەورە کۆتایی هات. ئێستا بە دەگمەن موناقەشەی بابەتە فیقهییە خیلافییەکان لە نێوان مامۆستایانی شافیعی و لاواندا دەبینرێت.

بەراوردێکی سادەی ئایینزای شافیعی و حەنەفی

وەک پێشتر باس کرا، ئایینزای حەنەفی لەسەر بنەمای عەقڵانییەت دامەزراوە و وەک ئایینزایەکی عەقڵانییش ناسراوە، هەر ئەم خاڵە بووە بە بەڵایەکی گەورە بۆ ئایینزاکە و پەیڕەوانی، لەبەر ئەوەی کە هەموو کات عەقڵ و عەقڵانییەت بە سروشتی خۆی ئاڕاستەیەکی یەقینیی هەیە و لە هەوڵی برینەوە و

> **ئایینزای شافیعی، بە پێچەوانەی ئایینزاکانی ترەوە لە هەناویدا فراوانترین پانتایی هەیە بۆ ڕاجیایی و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بابەتە فیقهییەکان**

کۆتاییهێنانی پێناسەی شتەکاندایە؛ واتە عەقڵ بە سروشت لە هەوڵی بەدەستهێنانی یەقیندایە و ئەو یەقینە بەدەستهاتووەش زۆر جار یەقینێکی واقیعی نییە. هەر بەوەی کە شتێک بە چاوی یەقینەوە سەیری کرا، ئیدی دەرگای هەموو پرسیارێکی بە ڕوودا دادەخرێت و مرۆڤی خاوەن یەقین وا هەست دەکات کە قسەی کۆتایی لایە؛ ئەمەش بە ناچاری سەردەکێشێت بۆ چەقبەستنێکی ترسناک. کێشەی گەورەی چەقبەستنی ئایینزا ئەوەیە کە ڕوویەکی پیرۆزی هەیە، واتە هەر لەبەر ئەوەی لێکدانەوەیەکی شەرعی بە چاوی یەقینەوە سەیر کرا، بەهۆی ئەوەی پشتئەستوورە بە دین و عەقیدە و لەلایەن خودا و دینی خوداوە پاڵپشتی دەکرێت، ئیدی ڕواڵەتێکی پیرۆز وەردەگرێت و لادان لێی ئەستەم دەبێت، دوور نییە گومانکردن لەو یەقینەش وەک کوفر و بێدینی سەیر بکرێت. ئەم کێشەیە لە ئایینزای حەنەفیدا جددییە، دەنا کەس لاریی لە خودی ئیمام ئەبووحەنیفە و فەتوا گرنگەکانی خۆی و شاگردەکانی نییە.

بە پێچەوانەی ئایینزای حەنەفی و ئەو جەزمییەتەوە کە هەیەتی، ئایینزای شافیعی لەسەر بنەمایەکی کراوەتر و لاستیکیتر دامەزراوە و هیچ جۆرە جەزمییەتێکی تێدا نییە. وتە بەناوبانگەکەی

**نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ناسنامەی مرۆڤ و کۆمەڵگای کلاسیك لەسەر بنەمای دین و ئایینزا دیاری دەكرا، نەك لەسەر بنەمای نەتەوە**

ئیمامی شافیعی باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە کە دەڵێت: «ڕای من درووستە، بەڵام ئەگەری هەیە هەڵە بێت، ڕای غەیری منیش هەڵەیە، بەڵام ئەگەری هەیە ڕاست بێت». (شرح كتاب الإبانة من أصول الديانة، ٦، ١٦)

جیاوازییەکی تری ڕیشەیی لە نێوان فیقهی شافیعی و حەنەفیدا بریتییە لە چۆنیەتیی مامەڵەی هەرکام لەو دوو ئایینزایە لەگەڵ واقیعدا. ئایینزای حەنەفی ئایینزای گریمانەیە، واتە بۆ هەر گریمانەیەک قسە و لێکدانەوە و پێشبینیی هەیە، بەبێ گوێدانە ئەوەی چەند لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت؛ بەڵام ئایینزای شافیعی ئایینزای واقیعە، بەو واتایەی کە فەتواکانی بە سەرنجدان لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هاتوونەتە دەرەوە و قسە لەسەر شتێک کراوە کە بە واقیعی لە ژیانی خەڵکیدا ڕووی داوە و هەبووە. بە خوێندنەوەی کتێبە فیقهییەکانی ئەو دوو ئایینزایە ئەم جیاوازییە بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا تەنها بە هێنانەوەی نموونەیەک لەو گریمانە دەگمەنانەی فیقهی حەنەفی ئەو جیاوازییە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە. لە کتێبی (المبسوط)ی ئیمامی سەرخەسی حەنەفیدا هاتووە:

«پیاوێک لەگەڵ ئیمامێکدا نوێژ دابەستێت، پاشان خەوی لێ بکەوێت تا ئیمام لە نوێژ دەبێتەوە، بە مەرجێک ئیمام لە ڕکاتی یەکەم سوجدەیەکیانی ئەنجام نەدابێت و لە ڕکاتی دووەمدا قەزای کردبێتەوە، لە ڕکاتی دووەمیشدا بە سەهو ماوەی خوێندنی تەحیات دانەنیشتبێت، پاشانیش پیاوەکە بەوە بزانێت کە ئیمام چیی کردووە، ئەوا درێژە بە نوێژەکەی بدات بەبێ خوێندنی قورئان، چونکە لە سەرەتای نوێژەکەوە ئیقتیدای بە ئیمامەوە کردووە و مولزەمە بە ئیقتیداکردنەوە پێی، بۆیە لە هەموو شتێکدا کە بەسەر ئیمامدا دێت دەبێت ئیقتیدای بکات؛ هەروەها نوێژخوێنەکە قورئان خوێندنی لە سەر نییە و سوجدەی یەکەم لە شوێنی خۆیدا دەبات، چونکە ئیمام قەزای کردووەتەوە و وەک ئەوە وایە چووبێتەوە شوێنی خۆی، هەروەها لە تەحیاتی یەکەمدا بە ڕای ئێمە نابێت دانیشێت. » (السرخسي، المبسوط، ٢، ٩٨).

ڕوودانی وەها حاڵەتێک لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەدا زۆر دەگمەنە و ئەگەر فیقهی گریمانەییی بیرکارییانەی حەنەفی نەبووایە کەس خەیاڵی بەلای وەها شتێکدا نەدەچوو. قسەکردن لە شتگەلێکی گریمانەیی دابڕاو لە واقیع لە فیقهی شافیعیدا زۆر دەگمەنە. ئەوەی هەیە بریتییە لە قسەکردن لە واقیع.

### کورد و ئایینزای شافیعی

گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی دونیا دەیان چەندان بیروڕا و دین و ئایینزای جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، بەردەوامیش لەخۆی دەگرێت. هەڵبژاردنی ئایینزا و بیروباوەڕ لەگەڵ ئەوەی پرسێکی تاکەکەسییە، پەیوەندیی بە مێژوو و باروودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلانیشەوە هەیە؛ ئەمەش وای کردووە دین یان ئایینزایەک لە ناوچەیەکی دونیادا زەمینەی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی بۆ بڕەخسێت و لە ناوچەیەکی دیدا ڕێی لێ بگیرێت و لەناو بچێت. ئەم هۆکارە وای

کردووە کە هەڵبژاردنی ئایینزا لە هەڵبژاردنێکی تاکەکەسییەوە بگۆڕێت بۆ جەبرێکی مێژوویی- جوگرافیایی. گەلی کوردیش بە جەبری مێژوو یان جوگرافیا بووەتە خاوەنی زۆرینەیەکی شافیعی ئایینزا. کاری ئەم وتارە بریتی نییە لە دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانی شافیعیبوونی کورد، بەڵکو بریتییە لە هەڵسەنگاندنی سوود و زیانەکانی ئەو ئایینزایە لەسەر کورد.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو میانەڕەوی و هاوسەنگییەی ئایینزای شافیعی کە باس کرا، گرنگیی ئەو ئایینزایە بۆ کورد و گەلانی تری شافیعی ئایینزا ڕوون دەبێتەوە. هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان بە جۆرێکە کەوتووەتە ناوەڕاستی چەندین گەلی بێگانەوە، هەڵکردن لەگەڵ ئەو گەلانەدا، هەروەها هەڵکردن لەگەڵ خاوەنی دین و ئایینزاکانی تردا پێویستی بە هاوسەنگی و میانەڕەوییە کە لە ئایینزای شافیعیدا بە تەواوی دەبینرێت.

نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ناسنامەی مرۆڤ و کۆمەڵگای کلاسیک لەسەر بنەمای دین و ئایینزا دیاری دەکرا، نەک لەسەر بنەمای نەتەوە، لەبەر ئەم هۆیەش هەڵبژاردنی ئایینزایەکی مامناوەندی وەک ئایینزای شافیعی گرنگیی تایبەتیی خۆیی هەبووە، بە تایبەت لە کوردستاندا، چونکە ناوچەکانی دەوروبەری کوردستان چەقی دەیان ململانێی ئایینزایی ترسناک و خوێناوی بوون. ململانێی شیعە و سوننە، حەنەفی و حەنبەلی، سۆفی و فەقیهەکان، موعتەزیلە و ئەشعەرییەکان و... تاد، لە بەغدادی پایتەختی خەلافەت، پاشان لە ناوچەکانی تری چواردەوری کوردستان وەک پێکدادانی ئایینزایی سەفەوی و عوسمانییەکان، شیعە ئیسماعیلییەکان و خەلافەتی عەباسی و دەستەڵاتدارە سەلجووقییەکان و دەیانی تر، پێویستی بە دیدێکی کراوەی وەک دیدی شافیعی بووە بۆ دامرکاندنەوەی ناکۆکییە ئایینزاییەکان. ئەگەر لە مێژووی ئەمیر و دەستەڵاتدارە موسڵمانەکان بڕوانین، توندڕەوی یان دەمارگیریی ئایینزای لای زۆربەیان دەبینرێت، بەڵام کەسێکی وەک سەلاحەددینی ئەییوبی لە ترۆپکی لێبوردەیی ئایینزایدا بووە و بە ڕەسمی دانی بە ئایینزاکانی غەیری ئایینزای خۆیدا ناوە. بەبێ ئەوەی بمەوێت بچمە ئەو موناقەشە بێئاکامەوە کە ئاخۆ نەرمونیانیی سەلاحەدین بەهۆی کەسایەتیی خۆیەوە بووە یان بەهۆی ئایینزای شافیعییەوە، یاخود کوردبوونی ڕۆڵی هەبووە لەم پرسەدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لێبوردەیی ئایینزای لای شافیعی ئایینزاکان زیاترە لە ئەوانی دی. شایانی باسە لەناوبردنی دەوڵەتی فاتیمیی ئیسماعیلی لە میسر لەلایەن سەلاحەدینەوە هۆکاری سیاسیی هەبووە، نەک ئایینزایی، جگە لەوەش کە خودی سەلاحەدین چەندین ساڵ خزمەت و هاوکاریی ئەو دەوڵەتەی کردووە، ئەمەش نیشانەیەکی تری لێبوردەیی ئایینزایی سەلاحەدینە.

ناتوانین ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین کە لێبوردەیی کورد و سەلاحەدینیش بەهۆی ئایینزای شافیعییەوە بووە، بەڵام بە یەقینەوە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت کە گەلانی شافیعی ئایینزا بە گشتیی لێبوردەن. گەلانی موسڵمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەک ئەندەنووسیا، مالیزیا، بەنگلادیش، موسڵمانانی بۆرما، نیپاڵ، سریلانکا، موسڵمانانی میسر و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا زۆرینەیان شافیعین.

جگە لەو بابەتە، ئەوەش گرنگیی خۆی هەیە کە لێبوردەیی ئایینزایی بۆ کورد گرنگیی خۆیی هەبووە، بەتایبەت لەو سەروەدەمەدا کە پێکدادانی ئایینزایی لە بەرزترین ئاستدا بووە، کورد

توانیویەتی سوود لەو کراوەییە وربگرێت و مامەڵەیەکی هاوسەنگی لەگەڵ دەوروبەری خۆی هەبێت. ئەگەر کورد شیعە بووایە بە ئاسانی لەگەڵ عوسمانییە توندڕەوەکاندا مامەڵەی بۆ نەدەکرا، ئەگەر حەنبەلی، یان حەنەفییش بووایە بە ئاسانی لەگەڵ سەفەوییە شیعەکاندا هەڵی نەدەکرد.

تەنها خاڵێک کە دەکرێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت بریتییە لە جۆری دەستەڵاتی ئەیوبییەکان کە لە ترۆپکی دەستەڵاتدا بوون، بەڵام خەلافەتیان نەگرتە دەست. ئەم خاڵەش وەک زۆر خاڵی تر زیاد لە هۆکارێکی هەیە، بەڵام نزیکترین و بەهێزترین ئەگەر ئەوەیە کە دیدگای ئایینزایی شافیعی ڕێگر بووبێت لە گرتنەدەستی خەلافەت لەلایەن سەلاحەدینەوە، دەنا بە هەموو پێوەرێک دەستەڵاتی ئەیوبییەکان لە دەستەڵاتی خەلیفەی بەغدا زیاتر و بەهێزتر بوو.

لە ئایینزای شافیعیدا بە پێچەوانەی ئایینزای حەنەفییەوە، وەلی ئەمری موسڵمانان (خەلیفە) دەبێت قورەیشی بێت. لە کتێبی (الأم)ی شافیعیدا بەشێک تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئیمامەت، بە توندی داکۆکی لەوە دەکات کە ئیمامەت دەبێت تایبەت بێت بە قورەیش. بڕوانە: (الأم ١، ٢٨٧)

ئەم خاڵە ناکرێت چاوی لێ بپۆشرێت لە پەیوەندیدا لەگەڵ پرسی خەلافەت لەلای ئەیووبییەکان. هۆکاری فراوانبوونی دەستەڵاتی عوسمانییەکان و کۆنترۆڵکردنی خەلافەت بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەوەیە کە لە ئایینزای حەنەفیدا ڕێگە بە غەیری قورەیشی دەدرێت دەستەڵات بگرێتە دەست.

ئەگەر ئەم خاڵەی دوایی سەلمێنرا، کەواتە دەتوانین بڵێین ئایینزای شافیعی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کورد هەبووە لەڕووی سیاسییەوە، بەڵام لە ڕووەکانی ترەوە سوودی هەبووە.

**سەرچاوەکان:**

١. أبو الأشبال حسن الزهيري آل مندوه المنصوري المصري، شرح كتاب الإبانة من أصول الديانة (دروس صوتية قام بتفريغها موقع الشبكة الإسلامية) مصدر الكتاب: http://www. islamweb.net

٢. أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر بن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، دار صادر – بيروت، ١٩٧١م

٣. أبو عبد الرحمن عبد الله بن أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني البغدادي، السنة، دار ابن القيم

٤. الشافعي أبو عبد الله محمد بن إدريس، الأم، دار المعرفة – بيروت، ١٤١٠هـ/١٩٩٠م

٥. شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز الذهبي، سير أعلام النبلاء ، مؤسسة الرسالة، الطبعة الثالثة ، ١٤٠٥ هـ / ١٩٨٥ م

٦. صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبد الله الصفدي، الوافي بالوفيات، دار إحياء التراث – بيروت، ١٤٢٠هـ- ٢٠٠٠م

الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦ م

٧. محمد بن أحمد بن أبي سهل شمس الأئمة السرخسي، المبسوط ، دار المعرفة – بيروت، ١٤١٤هـ - ١٩٩٣م

# ئیجتیهادی بژاردەیی

# (الاجتهاد الانتقائي)




**د. ئومێد عوسمان**

ماستەر لە فیقهی جینائی

دکتۆرا لە ئوسوڵی فیقهو مەبەستەکانی شەریعەت

بەرهەمێکی چاپکراو و چەند توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە

ئەگەر شەریعەتی ئیسلامی کۆتا شەریعەتی خوایی بێت بۆ مرۆڤەکان، محەممەدیش (دروودی خوای لێبێت) کۆتا پێغەمبەر بێت، ئەوا دواینەیی (الخاتمیة) دەبێتە تایبەتترین و بالآترین خەسڵەتی شەریعەتی ئیسلام.

گومانی تێدا نییە ماهیەتی خەسڵەتی دواینەیی و سەلماندنی وا دەخوازێت کە پێکهاتەی دەق و حوکمە شەرعیەکان بە جۆرێک بن، گونجاو و تەبا بن لەگەڵ خەسڵەتی ناوبراو و دەرهاویشتەکانی وەک: گشتگیری، بەردەوامی، جیهانگیری، تەواوکاری، شیاویی کاتی و شوێنیدا. کاتێکیش لە سروشتی دەقە شەرعیەکان و میتۆدی راڤەکاریی ئیسلامیی ورد دەبینەوە بە روونی هەست بەو تەبایی و گونجاویە دەکەین.

دەقەکانی قورئان و سوننەت بە چەندین شێواز گوزارشت لە حوکمە شەرعیەکان و میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداو و کێشەکاندا دەکەن:

ئەو حوکم، واتا و ئامانجانەی هەڵگری خەسڵەت و سیفاتی جێگیریی، نەگۆڕیی، بەردەوامیین، واتە بە جیاوازی سەردەم، بارودۆخ و بەرژەوەندیەکان شیاوی ئەوە نین گۆڕانیان بەسەردا بێت، دەقە شەرعیەکان بە شێوازێکی کۆنکرێتی و راشکاوانە هێناویانە و باسیان کردووە، بە جۆرێک کە هەڵگری راڤەی جیاواز و فرە لێکدانەوە نین. بەڵام ئەو حوکمانەی شیاوی ئەوەن بە پێی سەردەم، بارودۆخ، گەشەسەندن، گۆڕانی دابونەریت و بەرژەوەندی و پێداویستیەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەقەکان بە شێوازێکی نەرم و مەتاتی گوزارشتیان لێکردووە، کە گونجاو بێت لەگەڵ گۆڕانکاری و گەشەسەندنەکاندا، ئەمەش لە چەند شێوەیەکدا خۆی دەبینێتەوە

١- هەندێک لەو حوکمانە دارشتنی زمانەوانیان بە جۆرێکە کە هەڵگری زیاتر لە واتایەکن (١).

٢- هەندێکی تر لەو حوکمانە جێبەجێکردنیان وابەستەیە بەهاتنەدی بەرژەوەندیەک، یان پێکانی مەبەستێک، یان بوونی هۆکارێکەوە، لەگەڵ گۆران، یان نەمانی ئەمانە، حوکمەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت(٢).

٣- یاخود هەندێکی تریان لە سەر بنەمایەکی نەریتی و ژینگەیی مامەڵەیان لەگەڵ پرسیار و کێشەکاندا کردووە(٣).

٤- لەسەروو ئەمانەشەوە ناوچەیەکی فراوان دەمێنێتەوە کە زانایان بە ناوچەی بۆشایی، یان لێبووردن ناوزەدیان کردووە، کە بریتین لەو رووداو، کێشە، خواست و مەسەلانەی دەقەکان بە روونی و دیاریکراوی باسیان نەکردووە و ئاماژەیان پێنەداوە، بەڵکو تەنها پرەنسیپ و ئامانجە سەرەکی و هێڵە گشتییەکانیان وێناکراوە و بەس، هاوکات وردەکاری و شیکاری و روونکردنەوەیان بەجێهێڵدراوە بۆ زانایان و موجتەهیدەکان(٤).

هەموو ئەمانە هۆکاری زۆر بەهێزبوون بۆ لەدایکبوونو هاتنە کایەی فرەتێگەیشتن و دواتر فرە مەزهەبیی لە راڤەکردن و لێکدانەوەی دەقە شەرعییەکاندا. فرەمەزهەبی لە ئیسلامدا دیاردەیەکی سروشتیە، ئاماژە و بەڵگەی بەهێزە لەسەر کرانەوە و زیندوویەتیی دەقە شەرعیەکان بە شێوەیەکی گشتیی، کە هەڵگری زیاتر لە یەک جۆر راڤە و خوێندنەوە و ماناکردنن.

ئەگەر بهاتبایە و دەقەکان سەرجەمیان بە یەک شێوازی کۆنکرێتی و جێگیر و نەگۆڕ تەعبیریان لە حوکمە شەرعیەکان بکردبایە، هیچ بوارێکیان بۆ عەقڵ و تێڕوانینی مرۆڤەکان نەهێشتایەتەوە، هەر زوو زیندویەتی خۆیان لە دەستدەدا، لە چوار چێوەیەکی کاتی و شوێنیی بەرتەسکدا دەمانەوە.

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر دەقەکان سەرجەمیان هەڵگری راڤەی جیاواز و فرەلێکدانەوە بوونایە،

ئەوکات دەقەکان پیرۆزی و باڵایی خۆیان لە دەستدەدا، زیاتر وەک دەقگەلێکی مرۆڤانە مامەڵەیان لە تەکدا دەکرا.

لەگەڵ ئەوەی دەقە شەرعییەکانی قورئان و سوننەت چەندین بنەمای گشتگیر، رەها، حوکمی جێگیر و بەهای نەگۆڕ لەخۆدەگرن، لە هەمان کاتدا بوارێکی زۆریشیان هێشتۆتەوە بۆ بەگەڕخستنی عەقڵی مرۆڤەکان لە راڤەکردن، لێکدانەوەی زۆرێک لە دەقەکان و هەڵگۆزینی حوکمە شەرعییەکان تیایاندا، کە دەتوانین بڵێین چوارچێوەی ئەمەی دووەم زۆر فراوانترە لەوەی یەکەم(٥).

هەربۆیە دەبینین پێشەوا و موجتەهیدانی مەزهەبە فیقهییە جیاوازەکان کۆک و هاوڕان لە سەر بنچینەی کارکردن بە قورئان و سوننەت و یاسا جێگیر و نەگۆڕەکان و پەیوەستبوون بە یەک واتایی زۆرێک لە دەقەکان، بەڵام راڤە و لێکدانەوەی جیاوازیشیان هەیە لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان هەندێک لە دەقە نارۆشنەکان لەلایەنی: گشتاندن و تایبەتکردن، بەستنەوەی رەها یان هێشتنەوەی، سڕینەوەی حوکم یان مانەوەی، هاوکات بۆچوونی جیاوازیشیان هەیە سەبارەت بە مەرج و چۆنیەتی کارکردن بە هەندێک لە جۆرەکانی سوننەت.

بە هەمان شێوە مەزهەبەکان هاوڕان لەسەر کارکردن بە تیۆری کۆدەنگیی (الإجماع)، بەڵام لە وردەکاریی مەرج، کات و شوێنی ڕوودانی کۆدەنگیەکە و پۆلێنکردنیدا رای جیاوازیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە، سەرجەم مەزهەبەکان بە شێوازێکی رێژەیی و بەپێی ژینگەی تایبەت بە خۆیان کاریان بە بەڵگەکانی: پێوانە (القیاس)، بەرژەوەندی واڵا (المصلحة المرسلة)، لەبەرچاوگرتنی دابونەریت (مراعاة العرف)، رێگری لە هۆکارەکانی حەرام (سد الذرائع)، هێشتنەوەی حوکمی پێشوو (الاستصحاب)، وتەی هاوەڵان (قول الصحابی)، شەریعەتی پێشین (شرع من قبلنا) کردووە.

زانایانی پێشین هەوڵیانداوە لە روانگەی هێڵە گشتیی و بنەما جێگیر و یاسا و بەها نەگۆڕەکان لەلایەک، بەپێی بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و دابونەریت و پێداویستی سەردەمەکانیان لەلایەکی دیەوە حوکمی گونجاو و شیاو بدۆزنەوە بۆ رووداوەکان و وەڵامی برسیار و خواستەکان بدەنەوە، ئەوان هەمیشە لە دوو رەهەندی سەرەکیەوە کاریان لەسەر دەقە شەرعییەکان کردووە و حوکمە شەرعیەکانیان لێهەڵگۆزیوە:

یەکەم: تێگەیشتنی وردی دەقەکان لە رووی مانا، مەبەست، خەسڵەتی زمانەوانیی، مێژوویی و واقعی ژینگەیی دەقەکان خۆیانەوە.

دووەم: تێگەیشتنی چڕوپڕی واقعی سەردەمی خۆیان لە رووی دابونەریت، خواست، بەرژەوەندی و پێویستیە جۆربەجۆرەکانەوە.

لەم بارەوە ئیبنولقەیم وتوویەتی: هەرکام لە موفتی و دادوەر ناتوانن حوکم و فەتوای دروست بدەن، لە رێگەی دوو جۆر تێگەیشتنەوە نەبێت، یەکەم: تێگەیشتنی ورد و چڕوپڕی واقعی خەڵک، دووەم: زانینی حوکمی خودا و پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)، زانا ئەوکەسەیە لە رێگەی تێگەیشتنی وردی بۆ واقع دەگات بە زانینی حوکمی خودا و پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) لە مەسەلەکاندا(٦).

ئەو زانا و موجتەهیدانە زۆر دانایانە مامەڵەیان لە گەڵ واقع و ژینگە و دەوروبەریان کردووە، هەوڵیانداوە تێگەیشتنیان بۆ دەقەکان و دواتر دابەزاندنی حوکمە شەرعییەکان بۆ واقع، ساز و تەباو گونجاو بێت لە گەڵ بارودۆخی ژینگەیی، نەریت، خواست و پێویستییە سەردەمیەکاندا.

لەوانەیە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین جیاوازی

بارودۆخ، دابونەریتی ژینگەیی مەزهەبەکان یەکێکی ترە لە هۆکارە بەهێزەکانی جیاوازیی بۆچوونو فرەڕایی لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقە شەرعیەکاندا، ئەبو حەنیفە لە عێراق بووە، مالیک لە مەدینە بووە، ئەوزاعی لە شام بووە، لەیسی کوڕی سەعد لە میسر بووە، شافیعی سەرەتا لە عێراق بووە، بەڵام دواتر کە دەچێتە میسر، لە زۆرێک لەو ڕاڤە و فتوایانەی عێراقی پاشگەز دەبێتەوە.

بە گشتیی زانایان و شەرعزانانی پێشین بە جیاوازی مەزهەبیانەوە دەستمایە و سامانێکی گەورە و فراوانی فیقهییان بۆ بەجێهێشتووین، لە بیروبۆچوون، ڕاڤە، لێکدانەوە، تێڕوانین و فەتوای هەمەجۆردا، هەرکام لەو بیروبۆچوونانەش ئەگەر هی تاکە کەسێکیش بێت نرخ و بەهای زانستی خۆی هەیە، دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسوود بێت، ئەو ڕایەی لە سەردەمیکدا بەهۆی هەندێک پێوەرەوە ڕایەکی بێهێز و لاواز بووە، یان ڕای کەمینە بووە، دەشێت لەسەردەمێکی تردا ببێتە ڕای بەهێز و زۆرینە.

دەتوانین ئێمەش بە هەمان میتۆدی ڕاڤەکاریی زانایانی پێشین، بە پشتبەستنمان بە بنەما و یاسا جێگیر و نەگۆڕەکان و مەبەستە باڵاکانی شەریعەت لەلایەکەوە، تێڕوانینمان بۆ گرفت و خواست و پێویستیەکانی واقعی سەردەم، سوود لەو کەلەپوورە فیقهییە فراوانە وەربگرین، لێوەی ڕاوبۆچوونی شیاو و گونجاو و تەبا بۆ زۆرێک لە کێشە و گرفتەکان بدۆزینەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ڕاگرتنی جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخایەتیدا.

زانایانی سەردەم و توێژەران، ئەم کارە بە ئیجتهادی بژاردەیی (الاجتهاد الانتقائی) ناوزەد دەکەن و وەکو پێویستیەکی سەردەم لێیدەڕوانن، لەمبارەوە قەرزاوی دەڵێت: ئیجتهادی بژاردەیی بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕاوبۆچوونێک لە نێو کەلەپووری فیقهی ئیسلامیدا و تەرجیحدانی بەسەر ڕاوبۆچوونەکانی تردا بەمەبەستی فەتوا و حوکمدان(٧).

یاخود هەندێکی تر دەڵێن: ئیجتهادی بژاردەیی بریتییە لە هەڵبژاردنی بۆچوونێکی دیاریکراوی پشتئەستوور بە بەڵگەی بەهێز لەنێو بۆچوونی موجتەهیدانی ئوممەتی ئیسلامیدا، لەبەر ڕۆشنایی هێنانی بەرژەوەندی گونجاو و شیاو بۆ هەر سەردەم و کاتێک(٨).

سەبارەت بە گرنگیی ئیجتهادی ناوبراو قەرزاوی دەڵێت: ئەوەی لای هیچ کەسێک مایەی مشتومڕ نییە، ئەوەیە سەردەمەکەمان گۆڕانی زۆر گەورە و فراوانی بەخۆوە دیوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی و ڕۆشنبیرییدا، ئەمەش دەخوازێت شەرعزان یان موفتی لە هەندێک لەو وتە و بۆچوونانەی پێشوو لابدات، کە نەساز و ناتەبان لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا، لەبریان هەندێک بۆچوونی تر هەڵبژێرێت کە لەوانەیە لە کات و سەردەمی خۆیاندا بۆچوونی بێهێز، یان وەلانراو بووبن(٩).

هەر لە کۆنەوە، گەورە زانایان تێبینی ئەوەیان کردووە کە فەتوا و حوکمدان بەپێی گۆڕانی سەردەم، بارودۆخ و دابونەریتەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، گەورە زانای مالیکی، قەرافی دەڵێت: هەرچەندە گۆڕان لە دابونەریتەکاندا ڕوویدا حسابی بۆ بکە، نەکەیت بە درێژایی تەمەنت چەقبەستووبیت لەناو دێڕی کتێبدا، ئەگەر کەسێکی غەریبە هاتەلات داوای فەتوای کرد، یان پرسیاری هەبوو، نەکەیت بەپێی دابونەریتی ناوچەکەی خۆت وەڵامی بدەیتەوە، یان بەپێی ئەوەی لە کتێبەکەی بەردەستتدایە، بەڵکو بەپێی دابونەریتی وڵاتی خۆی وەڵامی بدەرەوە(١٠).

هەروەها دەگێڕنەوە گەورە شەرعزانی مالیکی، ئیبنو ئەبی زەیدی قەیرەوانی دیواری حەوشەکەی رووخابوو، لە ترسی هەندێک پیاوخراپ سەگێکی راگرتبوو بۆ پاسەوانی، پێیانوت: چۆن سەگ رادەگریت لە کاتێکدا ئیمام مالیک بە کارێکی نەشیاوی داناوە، لە وەڵامدا وتی: ئەگەر ئیمام مالیک لەم سەردەمەدا بوایە نەک سەگ، بەڵکو شێرێکی درِی رادەگرت(١١).

بە هەمان شێوە ئیبن عابدین زانای دیاری دوایینی حەنەفیەکان کتێبێکی هەیە بەناوی (نشر العَرف في بناء بعض الاَحكام علي العُرف) تێیدا هاتووە: زۆرێک لە حوکمەکان دەگۆڕێن بە جیاوازی کات، یان بە هۆی گۆڕانی دابونەریتەوە، یان بە هۆی هاتنەکایەی پێویستییەکەوە، یان بە هۆی خراپبوونی رەفتاری خەڵکەوە، بە جۆرێک ئەگەر حوکمەکە وەک خۆی بهێڵیتەوە، سەردەکێشێت بۆ هێنانی ئازار و نارەحەتی و بارگرانی، ئەمەش پێچەوانەی یاسا و بنەماکانی شەریعەتە، کە لەسەر ئاسانکاری و بارسووکی و دوورخستنەوەی ئازار و نارەحەتی بنیاتنراوە.. هەربۆیە دەبینین گەورە زانایانی مەزهەب لە زۆر مەسەلە و بابەتدا بە پێچەوانەی ئیمام ئەبی حەنیفەوە فەتوایان داوە، چونکە لەو باوەڕەدابوون ئەگەر ئیمامیش لە سەردەمی ئەواندا بووایە بە هەمان شێوەی ئەوان فەتوای دەدا(١٢).

گومانی تێدا نییە ئەو پێشکەوتنە زانستیی و گەشەسەندن و گۆڕانکاریە چڕ و فراوانەی لە شێوازی ژیان و سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، رۆشنبیریی و سیاسیدا هاتۆتە کایەوە، دەخوازێت بە زۆرێک لەو فەتوا و راوبۆچوونە فیقهییانەدا بچینەوە کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا یەکناگرێتەوە.

بۆ نموونە، زانایانی مالیکی، شافیعی و زۆرینەی حەنبەلیەکان مافی ئەوەیان داوە بە باوک کە دەتوانێت کچی عاقڵ و پێگەیشتووی بەزۆر بدات بەشوو بەو کەسەی باوکەکە دەیەوێت، هاوکات حەنەفیەکان ئەم کارەیان بە نەشیاو لەقەڵەمداوە و رەزامەندی کچەکەیان بەمەرج داناوە(١٣).

**لەبەر رۆشنایی ئەو دۆزینەوە و سەلمێندراوە زانستیانەی هاتۆتە کایەوە، ئاشنا دەبین بە هەڵەی زۆرێك لەو بۆچوون و ئیجتیهادانەی پێشین.**

ئەگەر وا دابنێین رای یەکەم بۆ سەردەم و ژینگەیەک لەبار بووبێت کە ئافرەت بەدەرەوە نەبووە، پیاو بە زۆربەی کارەکان هەستاوە، باوکەکان رەچاوی داهاتووی کچەکانیان کردووە و زانیویانە چی کەسانێک شیاوە بۆیان، بەڵام کارکردن بەم رایە لەگەڵ شێوازی ژیان و دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆدا زۆر نەساز و ناتەبایە، بۆیە رای حەنەفیەکان رایەکی بەهێز و گونجاوە.

یاخود لە سەردەمی هاوەڵان و دواتریشدا، ئەگەر رووی بدایە ئافرەتێک موسڵمان ببوایە و مێردەکەی لەسەر بێباوەڕیی یان لەسەر هەر ئاینێکی تری جگە لە ئیسلام بمایەتەوە، ئافرەتەکە دووچاری چەندین جۆر ئازار و توندوتیژی و سوکایەتی دەبوەوە، هەربۆیە زۆربەی زانایانی مەزهەبە جیاوازەکان حوکمیانداوە بە هەڵوەشاندنەوەی خێرای ئەو ژن و مێردایەتییە.

بەڵام لە ئەمڕۆدا یەکێک لەو دیاردانەی لە

# جیاوازی بارودۆخ، دابونەریتی ژینگەیی مەزهەبەکان یەکێکی ترە لە هۆکارە بەهێزەکانی جیاوازیی بۆچوون و فرەڕایی لە راڤەکردن و لێکدانەوەی دەقە شەرعیەکاندا

ولآتانی رۆژئاوادا بڵاوە، موسڵمانبوونی ئافرەتی خاوەن مێردە، بەبێ ئەوەی لەلایەن مێردە ناموسڵمانەکەیەوە دووچاری هیچ جۆرە ئازار و سوکایەتیەک بێتەوە، بەڵکو ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە، دایک و باوکی منداڵن. لێرەدا بەپێی ئەو بۆچوونە باڵادەستە بێت کە ئاماژەمان پێدا، دەبێت ئەو ئافرەتە بە پەلە لە مێرد و منداڵەکانی جیابێتەوە، کە ئەمەش کارەساتە.

قەرزاوی دانی پیادا دەنێت کە چەند ساڵێک لەسەر ئەو فەتوایە حوکمی داوە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە کە سێ بۆچوونی تر لەو بابەتەدا هەیە: یەکەم بۆچوونێکە دراوەتە پاڵ عومەری کوڕی خەتاب، کە پوختەکەی ئەوەیە ئافرەتەکە سەرپشک دەکرێت لە مانەوەی لەگەڵ مێردەکەی یان جیابوونەوەی لێی، دووەم: بۆچوونیکی عەلی کوڕی ئەبی تالبە کە دەڵێت: لای مێردەکەی دەمێنێتەوە بە مەرجێک لە ناوچەکەی خۆی دووری نەخاتەوە، سێیەم: بۆچوونی ئیبن شەهابی زوهریە کە پێیوایە ژن و مێردایەتیان بەردەوام دەبێت بە مەرجێک سوڵتان جیایان نەکاتەوە(١٤).

لەلایەکی ترەوە، زانایانی مەزهەبی حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی، زاهیری، شیعەی زەیدی و ئیمامی رێگەیان بە بەشوودانی کچ داوە ئەگەر تەمەنی لە خوار دەساڵیشەوە بێت، هەتا هەندێکیان پێیانوایە ئەم مەسەلە کۆدەنگیی زانایانی لەسەرە و شایانی قسەلەسەرکردن نییە، یان هەندێکی تریان وتوویانە کچ لە بێشکەشدا بێت مارەدەکرێت، بەڵام تا تەمەنی حەوت ساڵان ناگوازرێتەوە(١٥).

لە بەرامبەر ئەم رایەدا، هەندێک لە زانایانی پێشینی وەک: عوسمانی بەتی، ئەبوبەکری ئەسەم، ئیبنو شوبرومە، باڵغبوونی کچیان بە مەرجی سەرەکیی بەشوودانی داناوە (١٦). ئەم بۆچوونە بە درێژایی سەدان ساڵی مێژووی ئیسلامیی بۆچوونێکی لاواز و وەلانراو بووە، بەڵکو بە شکێنەری کۆدەنگیی لە قەڵەم دراوە، بەڵام لە ئەمڕۆدا بە هۆی گۆڕانی شێوازی ژیان و دابونەریت و ئاڵۆزیی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەکرێت هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوە و بۆچوونی دووەم گونجاو و بەهێزتر بێت لە بۆچوونی یەکەم.

بە هەمان شێوە لەبەر رۆشنایی ئەو دۆزینەوە و سەلمێندراوە زانستیانەی هاتۆتە کایەوە، ئاشنا دەبین بە هەڵەی زۆرێک لەو بۆچوون و ئیجتیهادانەی پێشین، بۆ نموونە: زانایانی پێشین زۆرترین ماوەی سکپڕیی ئافرەتیان بە ساڵێک تا حەوت ساڵ خەملاندووە، یان هەندێک لە زانایانی شیعە و ئەوانی تریش پێیانوابووە دەتوانرێت نیسبەتی منداڵ بدرێت بۆلای دوو، یان سێ باوک، چونکە دەشێت منداڵ لە ئاوی دوو، یان سێ پیاو دروست ببێت، یان هەندێکی تریان فەتوایانداوە کە لەکارخستن و فەوتاندنی گونی چەپی پیاو بژاردەکەی دوو لە سێ بەشی خوێنی پیاوێکە کە سەد حوشترە، بەڵام گونی راست بژاردەکەی سێ یەکی خوێنێکە، چونکە منداڵ لە رێگەی گونی چەپەوە دروست دەبێت(١٧).

سەدان نموونەی ترمان هەیە لەو فەتوا و ئیجتیهادانەی نێو کەلەپووری فیقهی ئیسلامیی کە پێویستیان بە پیاداچوونەوە و شەنوکەوکردنە.

بۆیە زۆر هەڵەیە لەم سەردەمی پێشکەوتن و گەشەسەندن و گۆڕانکاریانەی لە زۆربەی بوارەکاندا هاتۆتە کایەوە، مامەڵەی مەزهەبیانەی چەقبەستوو لەگەڵ ئەو کەلەپوورە فیقهییە فراوانەدا بکرێت، هەروەک چۆن ناشکرێت هەمووی وەلا بنرێت و وەک رووداوگەلێکی مێژوویی لێی بڕوانرێت.

ئەگەر کەمێک ئاوڕ بۆ دواوە بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەندێک لە قۆناغەکاندا دیاردەی توندگیری و دەمارگیریی مەزهەبیی چەندە زیانی بەناو و ناوبانگی شەریعەت گەیاندووە، چەندە کاریگەریی خراپ و نەرێنی لەسەر تاکەکان جێهێشتووە، ئەگەر چەند ساڵانێک لەمەوبەر لەم ناوچەیەی خۆماندا کەسێک تەڵاقی سێیەسێی بەدەمدا بهاتبایە، مامۆستایانی ئایینیی دنیایان لێدەهێنایەوە یەک، بەتەواوی تەڵاقیان دەخست، حوکمیان دەدا بە جیابوونەوەی لە ژنەکەی، دواتر ئەگەر ژن و مێردەکە بیانویستایە جیانەبنەوە، جەنابی مامۆستا لــە ماوەی شەو و رۆژێکدا و بـە قێزەونتریـن شێوە و لـە رێگــەی (مارە بە جاش)ە وە بەناوی شەرعەوە بەیەکی دەگەیاندنەوە، تاکە هۆکاری ئەمەش توندگیری و دەمارگیریی مەزهەبی بوو بەس، ئەوکات پێیان وابوو ئەگەر لە چوارچێوەی مەزهەبێکی دیاریکراو لابدەیت ئەوە لە دین لاتداوە، باشە چی پێویستی بەوکارە قێزەونە دەکرد،؟ لەکاتێکدا چەندەها هاوەڵی وەک ئیبن عەبباس، چەندین تابعین، چەندین زانای وەک ئیبن تەیمیە، ئیبنولقەیم و چەندانی تر پێیان وابووە تەڵاقی سێیەسێ بەیەک جار، تەنها یەک تەڵاقی پێدەکەوێت.

دەتوانین بڵێین، دەقە شەرعییەکان و زۆرێک لەو ئیجتیهادانەی پێشوو، وەکو کۆمەڵە دەرمانێک وان دروستکرابن بۆ چارەسەری نەخۆشیی جۆراوجۆر، لێرەدا ئەوەی ەێز و زیندوویەتی دەدات بە دەرمانەکە و سەرکەوتوویی

**ئەو پێشکەوتنە زانستیی و گەشەسەندن و گۆڕانکاریە چڕ و فراوانەی لە شێوازی ژیان هاتە کایەوە، دەخوازێت بە زۆرێك لەو فەتوا و راوبۆچوونە فیقەییانەدا بچینەوە کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا یەکناگرێتەوە**

دەسەلمێنێت، بریتییە لە دیاریکردنی جۆری نەخۆشیەکە، هاوکات پێدانی دەرمانی گونجاو بە نەخۆشەکە بەپێی جۆری نەخۆشیەکەی، بە هەمان شێوە جێبەجێکردنی دروستی حوکمی دەقەکان، یان ئیجتیهادە پێشینەکان بەسەر تاکو کۆمەڵدا، دەخوازێت لە پێشدا خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ سەرجەم پێکهاتە و دابونەریت و ئاکار و گرفت و خواستەکانی واقعی ناوبراو بکرێت.

هەربۆیە زۆر پێویستە لەم هەرێمەدا شەرعزانان، مامۆستایانی ئایینی، کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕانی شەریعەت بە شێوازی دەستە جەمعی و بەجددی کاربکەن لەسەر پێکهێنانی دەزگایەکی زانستیی، خۆیان بەدوور بگرن لە هەر دەمارگیریەکی مەزهەبی و دیاردەیەکی حیزبی و تاقمچێتی، بێن شەنوکەوی زۆرێک لەو فەتوا و ئیجتهادە مەزهەبیانەی پێشوو بکەن، لە روانگەی بنەما شەرعیە گشتگیر و نەگۆڕەکان، بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی ژیان، دابونەریت و بەرژەوەندی و گۆڕانکاریەکان، هاوکات بە راوێژکاری لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ لە یاسا، کۆمەڵناسیی، دەروونناسیی و پزیشکییدا، هاوشێوەی (مجله الاحکام العدلیة)ی دەوڵەتی عوسمانی مەوسوعەیەکی فیقهیی فراوان دابڕێژن وەکو سەرچاوە و یاسای فەتوادان.

## سەرچاوە و پەراوێز


١. شلتوت، محمود: الإسلام عقيدة وشريعة، دار الشروق، القاهرة، ط١٨، ٢٠٠١، ص ٥٠٦.

٢. القرضاوي، د. يوسف: شريعة الإسلام صالحة للتطبيق في كل زمان ومكان، دار الصحوة، القاهرة، ط٢، ١٩٩٣، ص١١٦.

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٩.

٤. القرضاوي، د. يوسف: عوامل السعة والمرونة في الشريعة الإسلامية، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، ص ١٥.

٥. الجويني،: البرهان في أصول الفقة، تحقيق: د. عبد العظيم الديب، مطابع الدوحة الحديثة، قطر، ط١، ١٩٨٠، ١١١٦/٢.

٦. ابن قيم الجوزية: إعلام الموقعين عن رب العالمين، تقديم وتصحيح: محمد عز الدين خطاب، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢٠٠١،١، ٩١/١.

٧. القرضاوي، د. يوسف: الاجتهاد في الشريعة الإسلامية، مع نظرات تحليلية في الاجتهاد المعاصر، دار القلم، الكويت، ط١٩٩٦،١، ص ١١٥.

٨. الزحيلي، د.وةبة: الاجتهاد في عصرنا من حيث النظرية والتطبيق، مجلة دراسات العالم الإسلامي، مارس ٢٠١١، ص١.

٩. القرضاوي: الاجتهاد، ص ١٢٠.

١٠. القرافي: الفروق، ضبط وتصحيح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١٩٩٨،١، ٣٢٢/١.

١١. النفراوي،: الفواكة الدواني علي رسالة ابن أبي زيد القيرواني، تحقيق: عبد الوارث محمد علي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١٩٩٧،١، ٥٥٦/٢.

١٢. ابن عابدين: نشر العرف في بناو بعض الاحكام علي العرف، مطبوع ضمن مجموعة رسائل ابن عابدين، شركت صحافية عثمانية، ١٣٢١، ١٢٥/٢

١٣. القرضاوي: الاجتهاد، ص ١٢١.


١٤. القرضاوي: موجبات تغير الفتوي في عصرنا، الاتحاد العالمي لعلماء المسلمين، سلسلة قضايا الامة (١)، د، ط. ص ٧٧.

١٥. ابن جزي: القوانين الفقهية، الدار العربية للكتاب، ليبيا- تونس، ١٩٨٢، ص٢٠٣. الشربيني: مغني المحتاج إلي معرفة معاني ألفاظ المنهاج، اعتني بة: محمد خليل عيتاني، دارالمعرفة، بيروت، ط٢٠٠٤،٢، ٢٠٠/٣. ابن قدامة: المغني، تحقيق:د. محمد شرف الدين خطاب، د. السيد محمد السيد، دار الحديث، القاهرة،ط١، ٢٠٠٤، ١٦٩/٩، ابن حزم: المحلي ، تحقيق: أحمد محمد شاكر، دارإحياو التراث العربي، بيروت،ط٢، ٢٠٠١،١١/٢٠.

١٦. ابن حزم: المحلي٢٠/١١، ابن الهمام: شرح فتح القديرعلي الهداية، علق علية وخرج اياتة وأحاديثة: عبد الرزاق غالب المهدي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٥، ٢٦٥/٣.. الشوكاني: نيل الاوطار شرح منتقي الاخبار من أحاديث سيد الاخيار، تحقيق: د.نصر فريد محمد واصل، المكتبة التوفيقية، القاهرة، د.ط، ١٦٩/٦.

١٧. محمد، يحيي: فهم الدين والواقع، ط٢، نسخة ألكترونية، ص ١٤١.

# کاریگەری شافعیبوون
# لەسەر کورد



د. ئاراس محەممەد ساڵح
ئاراس محەمەد ساڵح. لەدایکبووی ١٩٧٠
دکتۆرا لە شەریعە. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی
چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

مەزهەبە فیقهییەکان لە مێژووی ئیسلامدا کاریگەری و گرنگی زۆریان هەبووە لەسەر گەلانی موسڵمان، لەدوای بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی مەزهەبە فیقهییەکان لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە لەناو گەلە موسڵمانەکاندا، ئیتر ئاییندراری لە شوێنکەوتنی دەقە شەرعیەکان (قورئانی پیرۆز و سوننەت) گۆڕا بۆ شوێنکەوتنی قوتابخانە فیقهییە جیاوازەکان، مەزهەبە فیقهییەکان بەردەوام فراوان بوون، موجتەهیدی نوێ لەنێو ئەو مەزهەبە فیقهیانەدا دەرکەوتوون و گەشەی زیاتریان بۆ مەزهەبە جیاوازانەداوە.

یەکێک لە مەزهەبە گەورە و کاریگەرەکانی ئەهلی سوننە، مەزهەبی ئیمامی شافیعییە، مەزهەبی شافیعی ناوچەیەکی بەرفراوانی جیهانی ئیسلامی لەخۆی دەگرێت، یەکێک لەو ناوچە گرنگانە کوردستانە کەهەر لە کۆنەوە ئەو مەزهەبەی تێدا بڵاوبووەتەوە، هەروەها دەیان زانای کوردی شافیعی مەزهەب هەڵکەوتون خزمەتی زۆری ئەو مەزهەبە فیقهییەیان کردووە.

ئیمامی شافیعی محەمەدی کوری ئیدریس (١٥٠-٢٠٤ کۆچی) یەکێک لەچوار ئیمامەکەی مەزهەبی ئەهلی سوننەیە، لەوڵاتی فەلەستین و لە غەزە لەدایک بووە، چووەتە مەکە و لەوێ خوێندویەتی، هەروەها لەشاری مەدینە درێژەی بە خوێندن داوە، بۆ خوێندن ڕووی کردووەتە عێراق و لای زانایانی ئەحناف و شاری بەغدا بەردەوام بووە لەسەر خوێندن، لەژیانیدا تووشی لێچینەوە و دوورخستنەوە هاتووە، ڕووی کردووەتە میسر و لەشاری قاهیرە کۆچی دوایی کردووە، مەزهەبی فیقهی شافیعی یەکێکە لەمەزهەبەگەورە و بەربڵاوەکانی جیهانی ئیسلامی.

یەکێک لە نەتەوە شافیعی مەزهەبەکانی جیهانی ئیسلامی گەلی کورد و وڵاتی کوردستانە، زۆرینەی ڕەهای کورد شافیعی مەزهەبن، چۆن بووە کورد بووەتە شافیعی و نەبووەتە حەنەفی؟ لەگەڵ ئەوەشدا مەزهەبی حەنەفی کۆنترە و لە عێراقدا بووە، زۆر نزیک بووە لە کورد و سنوری کوردستانەوە، هەرچەندە لێکۆڵینەوە و نووسین زۆر کەمەلە و بوارەدا ئەگەر نەڵێین هەر نییە، کۆمەڵێک هۆی سەرەکی هاوکار بوون بۆ بەشافیعی بوونی کورد، لەوانە:

یەکەم: قوتابخانەی (النظامیة) لە بەغدا، ئەم قوتابخانە ئایینییە گرنگە مامۆستاکانی و مەنهەجی خوێندنی فیقهی شافیعی بووە، بوونی ژمارەیەکی زۆر لەقوتابی و مامۆستای بەتوانا کاریگەری زۆری هەبووە لە برەو پێدانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی و بڵاوبوونەوەی بەزۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا، لە هەندێ سەرچاوەدا باس لەوە دەکات لەیەک کاتدا ئەو قوتابخانەیە (٦٠٠٠) قوتابی تێدا بووە، بەشێکی زۆری ئەو قوتابیانەخەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و وڵاتی فارس و هەرێمی چیاکان (اقلیم الجبال) بوون، هەرێمی چیا لەسەرچاوە کۆنەکاندا واتە(کوردستان)، لەو ڕۆژگارەدا مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت لەبەغدا مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەبووە، بە هۆی سەرقاڵی زانا و قازیەکانی ئەحناف بەدەسەڵاتەوە، هەلی باشتر بۆ زانایانی مەزهەبی شافیعی ڕەخساوە سەرقاڵی وانەوتنەوە و پێگەیاندنی قوتابی بن، ئەمەش پاڵنەرێکی باش بووە بۆ گەشەکردن و بڵاوبونەوەی مەزهەبەکە.

دەیان زانای کورد ڕوویان لەبەغداد کردووە، لە خوێندنگەی نیزامیە مەزهەبی شافیعیان خوێندووە، گەڕاونەتەوە و لە کوردستان ئەو مەزهەبەیان بڵاو کردوەتەوەوەک: (ئەبوبەکر ئەلشاشی) و (یەحیا کوڕی عەلی بنداری) و (محەممەد کوڕی عەبدوڵا گاوانی) و (ئەبوفەتح ئەلدوینی) و (ئەبونەجیب سوهرەوردی)، ئەمانە و دەیان زانای

تری شارەزوری، ئەربیلی، دیاربەکری و شاشی لەو قوتابخانە خوێندوویانە و گەڕاونەتەوە لە کوردستان خوێندنگەیان کردوەتەوە، سەدان قوتابیان لەسەر ئەو مەزهەبە پێگەیاندووە.

دووەم: دەسەڵاتی سەلجوقی و عەنازیەکان ڕۆڵیان هەبووە لە برەوپێدانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە کوردستاندا، سەلجوقیەکان گرنگی زۆریان داوە بەزانست و خوێندن و کردنەوەی خوێندنگە، لە سەردەمی (ئەلب ئەرسەلان) زۆر گرنگی بەزانست و ئەدەب داوە، هەر لەڕۆژگاری ئەودا چەند کۆمەڵگەیەکی زانستی لە بەغداد دروستکراون، لە دیارترینیان (قوتابخانەی نیزامییە ١٠٦٧م) بووە، چەندین زانای گەورەی شافیعی لەو خوێندنگە یەدەرچوون وەک: (عیمادەدین ئەسفەهانی) و (بەهادین شەداد) ئەم دوو زانایانەزۆر خزمەتی سەلاحەدینی ئەیوبیان کردووە، کاریگەریان لەسەری هەبووە، هەروەها (ئەبو ئیسحاق شیرازی) کە بە شێخی شافیعیەکان ناسراوە، (عەبدولا کوڕی تومرت) دامەزرێنەری دەوڵەتی (موحدین) لە هەموویان کاریگەرتر لەسەر کورد (ئیمامی غەزالی)یە، ئیمامی غەزالی دەرچووی نیزامیەی بەغداد و شافیعی مەزهەبە، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر گەشەپێدانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لای زانایانی کورد.

وەزیری ئەلب ئەرسەلان (نیزامولمولک) کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئەلب، خوێندنگەکەش بەناوی ئەوەوە ناونراوە، لە زۆربەی هەنگاوەکانیدا لەگەڵ ئەلب بووە، کتێبێکی داناوە بەناوی (سیاسەتنامە) واتە(سیر الملك) باس لە ڕێکخستنی حکومەت و پێویستی دادگەری دەکات، هەروەها بەڕێکردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و کاروباری سوپا و پەیوەندی دەسەڵاتی سەلجوقی بەمەڵبەندی خەلافەتەوە.

سێیەم: سەلاحەدینی ئەیوبی و دەوڵەتی ئەیوبی ڕۆڵی گەورە و کاریگەری هەبووە لە کردنەوەی قوتابخانەی زانستی و برەودان بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی، چونکەسەلاحەدینی ئەیوبی خۆی شافیعی مەزهەب بووە، دەیان قوتابخانەی لە موسڵ، هەولێر، حەلەب، شام و میسر کردوەتەوە، مەزهەبی ئیمامی شافیعی کردوەتە مەنهەج و پرۆگرامی خوێندنی ئەو خوێندنگە ئایینیانە، هەروەها بۆ دژایەتی باتنیەت و مەزهەبە لادەرەکان، مەزهەبی ئیمامی شافیعی زۆر کاریگەر بووەو بۆ بەرگرتن لە شەپۆلی ئەو مەزهەبانە، دەیان خوێندنگەی کردوتەوە و مەزهەبی ئیمامی شافیعی کردوەتە مەنهەجی خوێندن.

چوارەم: ئیمامی شافیعی قورەیشیەو نەوەی ساداتە و دەچێتەوەسەر بنەچەی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)، سەیدیش لای کورد جێگەی ڕێز و پیرۆز بووە، ئەمەیش پاڵنەرێکی باش بووەکورد مەزهەبی ئەو ئیمامەگەورەیەقبوڵ بکات.

## کاریگەریەکانی مەزهەبی شافیعی لەسەر گەلی کورد

یەکەم: مەزهەبی ئیمامی شافیعی ناسراوە بە پابەندبوونی توند بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلامەوە (قورئان و سوننەت)، ئەمەش وای کردووە ئەو گەلانەی کە شوێنکەوتووی ئەو مەزهەبە فیقهییەن زۆر کەم تووشی لادان و بیری خراپ بوون، یەکێک لەو گەلانە کوردە، بێگومان هەر لە ژێر کاریگەری مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا بووە لە کوردستان و لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا گروپ و دەستەی لادەر (فرق منحرفە) دروست نەبووە، بە درێژایی مێژوو کورد زۆر بە پاکی دینداری کردوە، لە هەمانکاتدا زۆر دوور بووە لە ئاکار و ڕەوشتی خراپ و بیری نەشاز، چونکە

ئەم مەزهەبە زۆر توندە لە بابەتە عەقیدەیی و ئەخلاقیەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە خوێندنگەکانی کوردستاندا زیاتر بابەتەکانی زانستی کەلام خوێندراون، زۆر کەم گرنگی بە بابەتە ئیمانیەکان دراوە لەسەر نهەجی پێشینی ئیسلام.

دووەم: قوڵبوونەوەی زانای کورد لە بابەتەکانی زمانی عەرەبیدا، بۆ تێگەیشتن لەسەرچاوەکانی ئاینی ئیسلام وەک قورئان و سوننەت و هەموو زانستە ئیسلامیەکان، لەژێر کاریگەری مەزهەبی ئیمامی شافعیدا بووە، چونکەئیمامی شافیعی زۆر جەخت لەسەر زمانی عەرەبی دەکاتەوە، هەر سروت و خواپەرستیەک بەزمانی عەرەبی نەبێت وەرناگیرێت، تەنانەت دەبێت ژن مارەبڕین و تەلقینی مردوو بە عەرەبی بێت، هەروەها ناوی منداڵ دەبێت عەرەبی بێت، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی بووە لەسەر ڕەوشی ئایینداری کورد، بەڵام ئەگەر کورد حەنەفی بوایە بەو شێوە نەدەبوو، چونکە تەنانەت نوێژ بەزمانی ناعەرەبیش دروستەلای ئەو مەزهەبە.

سێیەم: تاکی موسڵمانی کورد تەنانەت لەناو خێزانەکەی خۆشیدا بە هۆشیارییەکی زۆرەوە دادەنیشێت و مامەڵەدەکات، نە بادا دەستی بەردەستی خێزانەکەی بکەوێت و دەستنوێژی بشکێت، چونکە لای ئەم مەزهەبە تەنها بەدەست بەرکەوتنی ژن و پیاو دەستنوێژ دەشکێت، کەسێک بەو شێوەیەلەگەڵ خێزانی خۆیدا مامەڵە بکات، بێگومان ئەم هەستە ئایینییە کاریگەری پەروەردەیی زۆری دەبێت لەسەر ئەو کەسانە، زۆر بە ئاسانی خۆی لە تێکەڵاوی دەست بەرکەوتنی نامەحرەم دەپارێزێت، ئەم هەست و تێگەیشتنە بەربەستێکی بەهێزە کە کۆمەڵ تووشی کاری ناشەرعی و حەرام نەبێت، هەر ئەمەش نهێنی ئەوەیە کەبە درێژایی مێژوو کاری بەدڕەوشتی لەناو کوردا نەبووەیان زۆر کەمبووە.

چوارەم: توندی کورد لە بەرامبەر گروپە دینیەکاندا، ژینگەی ئایینداری کورد زۆر توندە، زۆر کەم دەرەوەی خۆی قبوڵ دەکات، هەرچەندە ئەمە هەموو کات ئیجابی نییە، بەڵام پاڵنەرێکی باش بووە کورد زۆر کەم کەوتووە تەژێر کاریگەری دەستە و گروپەکانەوە (الملل والنحل)، بە تایبەتی کورد توندیەکی زۆر و سڵکردنەوەیەکی بەهێزی هەیە لە بەرامبەر شیعەدا، هەر لەکاتی هێرشەکانی سەفویەوە کورد زۆر توند بووەلە بەرامبەر ئەو مەزهەبەدا و کاردانەوەی توندی هەبووە و لە بەرامبەریدا، ڕەنگەلە هەموو کوردستاندا تەنها کەسێکی مەم کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو مەزهەبە، ئەوەش بەهۆی شافیعیبوونی کوردەوەبووە.

پێنجەم: پاکوخاوێنی و دەستنوێژ، گرنگیدان و پاکوخاوێنی کورد لەژێر کاریگەری مەزهەبی شافیعیدا بووە، چونکە هیچ یەکێک لەمەزهەبەکانی ئەهلی سوننەش ئەوەندە گرنگی بە پاک و خاوێنی و دەستنوێژ نادەن، بوونی شوێنەکانی دەستنوێژ، حەوز، ئاو و مزگەوتی کورد لەسیما هەرە جوانەکانی کۆمەڵی کوردە، جەختکردنەوەی مەزهەبی شافیعی لەسەر چۆنیەتی خۆشۆردن، دەستنوێژ و جۆری ئاو، هەموو ئەمانەکاردانەوەی گەورەی هەبووە لەسەر زەنیەت و هەستی و پاکوخاوێنی و چۆنیەتی ئایینداری تاکی کورد.

## ئەو ڕەخنانەی لە شافیعیبوونی کورد دەگیرێت

یەکەم: گرنگی نەدانی مەلای کورد و خوێندنگە ئایینییەکانی کوردستان بەزمانی کوردی و کەلتووری کوردی لەژێر کاریگەری مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا بووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا

هەندێک کەس وەک ڕەخنە لەو ڕێبازەی دەگرن، بێگومان ئەو مەزهەبە کاریگەری هەبووە، بەڵام بۆ مەلای کورد گرنگی بەزمانی فارسی داوەکەزمانی قورئان و عەرەبیش نەبووە، ئەم پرسیارەگومان لەسەر بۆچوونی یەکەم دروست دەکات.

ڕاستە لە سەدەکانی سەرەتاوە مەلای کورد و خوێندنگە ئایینییەکانی کوردستان گرنگیان بەزمان و ئەدەبی کوردی نەداوە، هۆیەکەشی ئەوەبووە کە زمانی کوردی زمانی ئەدەب و نووسین نەبووە، ئەگەر مەلای کوردی شافیعی مەزهەب زمانی ناعەرەبی بە جۆرێک لە حەرام سەیر کردبێت، ئەی بۆ زمانی فارسی خوێندووە و کتێبەکانی (گولستان و بوستان) لە حوجرەدا خوێنراون، زۆرێک لەمەلا و زانا ئایینیەکانی کورد بە فارسی کتێبیان نووسیوە و شیعری فارسیان هەیە، ئەم بۆچوونە ڕاست نییەکەبە هۆی شافیعیبوونەوە کورد گرنگی بە زمانی کوردی نەداوە، گرنگیدان بەزمانی کوردی و نووسینی شیعر بەکوردی هەر مەلای کوردی شافیعی مەزهەب نووسیویەتی.

دووەم: داخراوی ژینگەی ئایینی کورد، ژینگەی ئایینی کوردی جۆرێک لەتوندی و دڵڕەقی تێدایەو زۆر کەم دەرەوەی خۆی و ڕەخنە و شتی نوێ قبوڵ دەکات، ئەمەش کاریگەری مەزهەبی هەیە، زۆر کەم مەلای کورد لای بەلای مەزهەبەکانی تردا کردوەتەوە، هەرکاتێک مەلایەکی کورد تەنها بۆچوونێکی بچوکی هەبووبێت پێچەوانەی ڕەوشە ئایینیە باوەکە تووشی لێچینەوە و ناشیرینکردن و ئاوارەیی هاتووە، مەولانا خالید، نالی، حاجی قادری کۆیی و مەلا مستەفای زەڵمی و دەیان نموونەی تر لەو بوارەدا هەیە.

هەتا لە سەدەی بیستەمدا هەر مەلایەک ڕەخنەی لە ڕەوشی ئایینداری گرتبێت، تۆمەتی شیوعیبوونیان داوەتە پاڵ، شوێنەکەوتنی بۆچوونەکانی مەلای گەورەی کۆیە، شێخ محەمەدی خاڵ لەلایەن مەلاکانەوە بەڵگەیەکی تری داخراوی ناوەندە ئایینییە کوردیەکەیە.

**ژینگەی ئایینی کوردی جۆرێك لە توندی و دڵڕەقی تێدایە و زۆر کەم دەرەوەی خۆی و ڕەخنە و شتی نوێ قبوڵ دەکات.**

### لادانەکانی مەلای کورد
### لە مەزهەبی ئیمامی شافیعی

پرسەدانان و قورئان خوێندن بۆ مردوو، مەزهەبی ئیمامی شافیعی کۆڕی تەعزیە و خوێندنی قورئان بۆ مردو ڕەتدەکاتەوە و بە ناشەرعی دەزانێت، ئیمامی شافیعی لە نێو چوار مەزهەبە گەورەکەی ئەهلی سوننە بەتەنها ڕای وایە پاداشتی قورئان خوێندن بە مردو ناگات، بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچونەیان ئەوەیە پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) و هاوەڵانی ئەو کارەیان نەکردووە، بەڵام مەلای کورد زۆر گرنگی بەو بابەتەدەدەن و بەشداری پرسەدەکەن و قورئان بۆ مردو دەخوێنن، هەرکەس ئەو کارە نەکات بە لادەر لەدینی دەزانن.

ئەم بابەتە هەموو مەلایەکی خوێندەوار دەیزانێت، بەڵام نهێنی پشتی ئەم بۆچوونە تەنها بەهۆی هەژاری و دەستکورتی مەلای کوردەوەبووە، جۆرێک لە بژێوی ژیانیان لەو ڕێگەیەوە دەستکەوتووە، بێدەنگیان لێکردووەبا پێچەوانەی مەزهەبیش بێت.


## ئیمامی شافیعی قورەیشیە و نەوەی ساداتە و دەچێتەوە سەر بنەچەی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)، سەیدیش لای کورد جێگەی ڕێز و پیرۆز بووە.

گرنگیدان بە بابەتەکانی زانستی کەلام و لۆژیک (زانستە عەقڵیەکان) لەناو مەنهەجی خوێندنی ئایینی کوردستاندا جێگەی بایەخ و گرنگی زۆرە، تەنانەت بابەتەکانی تەفسیر، فەرموودە، زانستی فەرموودە زۆر کەم گرنگی پێدراوە، هەتا ئاستی نەبوون، ڕاستە تەفسیر خوێنراوە، بەڵام وەک بابەتێکی زمانەوانی بۆ نەحو و سەرف و بەلاغە خوێندراوە، نەک تەفسیر، خوێندنی فەرموودە و زانستەکانی هەر نەخوێندراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دەبێت زۆر گرنگی بە خوێندنی تەفسیر و فەرموودە و زانستەکانی قورئان و فەرموودە بدرێت، لەهەمانکاتدا ئیمامی شافیعی خوێندنی زانستەکانی کەلام بە نادروست دادەنێت، لەوتەیەکی مەشهووریدا دەڵێت: ئەگەر کەسێکتان بینی خەریکی زانستی کەلامە سواری گوێدرێژێکی بکەن و بەپەلکی خورما و ئەو جۆرە شتانەلێی بدەن.

ئەی چۆن بووە مەلای کورد زۆر گرنگی بە زانستی کەلام داوە و نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئیمامی شافیعی؟ مەلای کورد لەبەر ئەوەی نزیک بووەلەسنوری شیعە و دەوڵەتی سەفەویەوە، زۆر توشی دەبەرێک ڕاچوون بووە لەگەڵ مەلای شیعەدا، ئەوانیش زۆر گرنگی بە بواری زانستەعەقڵیەکان دەدەن، ئەوە هۆی سەرەکی بووە کە مەلای کورد گرنگی بەو بوارە داوە و پێچەوانەی مەزهەبەکەی خۆی هەنگاوی ناوە.

پەنابردن بۆ گۆڕی پیاوچاکان، لەناو ڕەوشی ئایینداری کوردیدا پەنابردن بۆ گۆڕی پیاوچاکان و تەوەسول بە غەیری خوا باوبووە، مەلای کورد دژایەتی نەکردووە و داوای لە خەڵکە ئاساییەکە نەکردووە ئەو جۆرەکارانە نەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا مەزهەبی ئیمامی شافیعی زۆر پابەندە بەنهەجی ئەهلی سوننە و سەرچاوەی پاکی ئیسلام، ئەی بۆ مەلای کورد بەو شێوەیە نەبووە؟ گومانی تێدا نییە لەژێر کاریگەری تەریقەتە سۆفیگەرییەکاندا ئەو جۆرە کردەوانە هاتووەتە ناو ڕەوشی ئایینداری کوردەوە.

چونکەلە دوای گەشەکردنی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان و هەژموونیان بەسەر ڕەوشی ئایینداری کۆمەڵی کوردیدا، زۆرجار مەزهەبی تێپەڕاندووە و ئەوەندەی مەلای کورد لەژێر کاریگەری تەریقەتە سۆفیگەرییەکان بووە، ئەوەندە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئیمامی شافیعیدا نەبووە، بە تایبەتی لە بابەتەئیمانی و ڕەفتارییەکاندا.






# ئەگەر فەرمووده دروست بوو
# ئەوه ئایینزای منه



د عرفان رەشید

عرفان رەشید شەریف، لەدایکبووی ١٩٧٧، دکتۆرا له تەفسیر. سەرۆکی لیژنەی فتوای سلێمانی یەکێتی زانایانی ئیسلامیی. چەندین توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لەتەقلید و ئایینزا هەیە، دەڵێن پێشەوا موجتەهیدەکان خەڵکیان لە پابەندبوون بە ئایینزاکانیانەوە قەدەغەکردووە، چوار ئایینزاکەش فەرموویانە: (إذا صح الحديث فهو مذهبي)، لەتێڕوانین بۆ ئەم دەقەدرک بەدوو باسی گرنگ دەکرێت، بەڵام بەر لەوەی ئاماژەبەدوو باسەکەبکەین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەپێویستەبپرسین: ئایا مەبەستی پێشەوایان بەدەقی (إذا صح الحديث فهو مذهبي) ئەوەیەکەلەهەر بابەتێکدا فەرموودەیەکی ڕاستان بەرچاو کەوت کەدەکرا بکرێتەبەڵگە، ئەو فەرموودە یەئایینزای ئێمەیە؟ یان مەبەستیان ئەوەبووە هەرکاتێک فەرموودەیەکی دروستان بینیەوە کەبەڵگەی حوکمێکی شەرعی بوو، لە هەمان کاتدا ئەو فەرموودەیە پێچەوانەی ڕای ئێمەبوو، دەستگرتوو بن بەو فەرموودەیەوە و واز لەڕاکەی ئێمەبێنن و شوێنمان مەکەون؟ لەڕاستیدا دەقەکە هەڵگری هەردوو مەبەستەکەیە. دەگەڕێینەوەبۆ دوو باسەکە:

یەکەم: ئەگەر کەسێکی شوێنکەوتوو (**مقلِد**) فەرموودەیەکی ڕاستی بینیەوەکەپێشەوایەک لە بابەتێکدا کردبوویە بەڵگە، ئایا ئەم شوێنکەوتوو (**مقلِد**)ەبۆی هەیەبڵێت: ئەمەڕای ئەو پێشەوایە؛ چونکە هەر خۆی فەرموویەتی: (إذا صَحّ الحديث فهو مذهبي)، لەکاتێکدا فەرموودەکەش ڕاست و بێ گرێیە، یان هەموو شوێنکەوتوویەکی یەکێک لە پێشەواکان بۆیان هەیە هەمان کار بە ئەنجام بگەیەنن؟

دووەم: ئەگەر شوێنکەوتوویەکی یەکێک لە پێشەواکان فەرموودەیەکی دروستی بینیەوە، کە پێچەوانەی ئایینزاکەی خۆی بوو، ئایا ئەم شوێنکەوتووە دەبێت ڕەفتار بە فەرموودە دروستەکەبکات یان ڕەفتار بەڕای ئایینزاکەی خۆی؟ لێرەدا بە پێویستی دەزانم درێژە بەم دوو باسە بدەم:

باسی یەکەم: فەرموودە دروستە کە بە ئایینزای یەکێک لە پێشەواکانی ئایینزا، سەرەڕای موکوڕبوونی پێشەوایانی ئایینزا لە پابەندبوونیان بە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (درووودی خوای لەسەر بێت)، بەڵام لەگەڵ ئەم موکوڕبوونەشیاندا دەگونجێت کە بەخزمەت هەندێک لە فەرموودەکان نەگەیشتبن، هەر لەبەر ئەمەشە بە شوێنکەوتووانی خۆیان فەرمووە: (إذا صح الحديث فهو مذهبي)، تا بوار بڕەخسێنن بۆ شوێنکەوتووانیان ئەگەر هەستیان بەهەڵەیەک کرد لەهەر بابەتێکدا ڕاستی بکەنەوە(١)، ئەمەش بۆ هەموو شوێنکەوتوویەکی یەکێک لە ئایینزاکان دەستنادات، چونکەئەو شوێنکەوتووەی کە لە توانایدا هەبێت درک بەهەڵەیەک لە ئایینزاکەی بکات و ڕاستی بکاتەوە دەبێت کۆمەڵێک مەرجی تیا هاتبێتەدی کە بە هۆیانەوە دەتوانێت دەستنیشانی هەڵەو ڕاستکردنەوەی بکات، لەو مەرجانە:

١- دەبێت پلەی زانستی گەشتبێتە موجتەهید لە ئایینزادا(٢)، ئەو زانایەش کە گەشتبێتە ئەم پلەیە لەم حاڵەتانەدا دەتوانێت ڕاستکردنەوەبکات:

أ- دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە پێشەوای ئایینزاکەی ئەم فەرموودە دروستەی بەردەست نەبووبێت، یان ڕاستێتی فەرموودەکەی بۆ نەسەلمابێت، ئەمەش پاش خوێندنەوەی هەموو کتێب و ڕای پێشەوای ئایینزاکەی دەبێت، یان خوێندنەوەو بەدواداچوونی نووسراوی قوتابی و شوێنکەوتووانی پێشەوای ئایینزاکەی.

ب- کارکردنی بە فەرموودەیەک دەبێت لەگەڵ ئوسولی پێشەوای ئایینزاکەی یەکبگرێتەوە، بۆ نموونە: موجتەهید لە ئایینزای شافیعی

نابێت فەرموودەیەکی (مرسل)(٣) بکاتەبەڵگەی خۆی، چونکە ئایینزای شافیعی بە مەرج کار بە فەرموودەی (مرسل) دەکات، بە پێچەوانەی سێ ئایینزاکەی تر کە بێ مەرج کار بە فەرموودەی (مرسل) دەکەن.

ج- دەبێت هیچ بەربەست و دژێک نەبێت لە بەردەم کارکردن بە فەرموودەکە، لەوانەیە هۆکاری کارنەکردن بەو فەرموودەیەلەلایەن پێشەوای ئایینزاوە بەربەستێک بووبێت، ئەگەر موجتەهید لە ئایینزا دڵنیا بوو کەبەربەست نییە،ئنجا ڕاستکردنەوەدەکات.

د- هەندێک لەزانایان مەرجێکی دیکەیان بۆ ڕاستکردنەوە لەلایەن موجتەهید لە ئایینزادا زیاد کردووەو فەرموویانە: دەبێت ئەو ڕاستکردنەوەیە لەگەڵ ڕای زانایەکی موجتەهیدی هاو ئایینزا یەکبگرێتەوە.

## ڕای هەندێك لەزانایان لەسەر ئەم بابەتە:

زانای مەزن ئیبن عابدین- لەزانایانی ئایینزای پێشەوا ئەبو حەنیفە- دەفەرموویت: (ئەم ڕاستکردنەوەیە بۆ کەسێک ڕەوایە کەتوانای تێڕامانی دەقەکانی هەبێت و بتوانێت دەقێکی (**مُحْکَم**) لەدەقێکی (منسوخ) جیا بکاتەوە، ئەگەر زانایانی ئایینزا دەقێکیان کردە بەڵگەو کاریان پێکرد، ئەوا بە بەڵگەیەکی دروستی ئایینزا دادەنرێت، چونکە لەسەر ڕەزامەندی سەر ئایینزاکەبووە، هیچ گومانیشی تێدا نییە هەرکاتێک سەر ئایینزایێک بۆی ڕوون بووەوە کە بەڵگەی لەبابەتێکدا لاواز بووە، لەو ڕایەی پەشیمان بووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕای بەهێز، هەر لەبەر ئەمەشە کە زانای گەورە (ئیبن ئەلهومام) بەرپەرچی هەندێک لە زانایانی داوەتەوە لەسەر فەتوایەکیان، کە لەسەر ڕای دوو پێشەوا بووە،

**سەرانی مەزهەب مەعسوم و بێ هەڵە نەبوون، دەگونجێت بە خزمەتی فەرموودەیەك نەگەیشتبن و بەئیجتیهادی خۆیان ڕایەکیان فەرمووبێت.**

کە فەرموویانە: هیچ کاتێک لادان لە فەتوای پێشەوای ئایینزا ڕەوا نییەمەگەر دڵنیا بین کە لەو بابەتەدا کەبەڵگەکانی لاواز بن(٤).

زانای گەورە (قەڕافی) لە ئایینزای ئیمامی مالک، دەفەرموویت: زۆرێک لە زانایانی شافیعی پشتیان بەم دەقەبەستووە: (إذا صح الحديث فهو مذهبي) ئەم پشت بەستنەیان هەڵەیە؛ چونکە لەکاتێکدا ڕەوا و دروستە کەدژێک لەسەر فەرموودەکە نەبێت، کەئەو کەسەش هەست بەبوونی دژێک دەکات، دەبێت توانای ئیجتیهادی هەبێت، ئەوکات ڕەوایە بڵێ: ئەم فەرموودەیە هیچ ناتۆرەو دژێکی لەسەر نییە، ئەگەر کەسێکیش نەگەشتبێتە پلەی (موجتەهیدی ڕەها)(٥) لەم بوارەدا هیچ بەهایەک بۆ وتەکانی دانانرێت، ئەو کەسانەی کە لەئایینزای شافعی وا دەڵێن، دەبێت گەشتبنە پلەی ئیجتیهاد، خۆ ئەگەر نەگەشتبن ئەوا لەم بانگەشەیاندا بەهەڵەدا چوون(٦). پێشەوا (سبکی) دەفەرموێت: دەستەیەک لەزانایان هەمان ڕای قەڕافیان هەبووە(٧).

زانای فەرموودەناس ئیبن سەلاحی شارەزووری لە زانایانی ئایینزای شافیعی دەفەرموویت: لە پێشەوا شافعیمان گێڕاوەتەوە کەفەرموویەتی ئەگەر لەکتێبی من شتێکتان

# فەتوادان لە ئاییندا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پاڵفتەکردن و کنەکردنی بەڵگە شەرعییەکان هەیە

بەدی کرد کە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوا بوو (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەوا کار بەسوننەتی پێغەمبەر بکەن و واز لەڕاکەی من بهێنن.

ئەم ڕایەی پێشەوا شافیعی، یەکێکەلەڕا بڵاوەکانی و زۆرێک لەپێشەوا هاوئایینزاکانمان کاریان پێکردووە، لە پێشەوایانی ئایینزای شافیعی زانای وایان هەبووە درکی بەوەکردووە کەیەکێک لەڕاکانی پێشەوا شافعی پێچەوانەی فەرموودەبووە، لە ئەنجامدا ئەم پێشەوایەکاری بەفەرموودەکە کردووەو فەتواشی پێداوە، بە ئەنجەتی ئەوەی کە ئایینزای شافیعی بریتییە لەوەی کەدژ بە فەرموودە نەبێت، ئەم حاڵەش زۆر بەکەمی ڕوویداوەکەڕای ئایینزا پێچەوانەی فەرموودەبێت.

کاری ڕاستکردنەوەی ڕای ئایینزا هەروا ئاسان نییە، چونکەهەموو زانایەک بواری پێنەدراوەکە سەربەخۆ کار بەفەرموودەیەک بکات کەخۆی بە بەڵگەی بزانێت، ئەوەی ئەم ڕێچکەیەشی گرتبێ لە زانایانی شافیعی وەکو ئەبو وەلید (موسا کوڕی ئەبی جارود) کە کاری بەفەرموودەیەک کردووە کەپێشەوا شافیعی بەخواستی خۆی کاری پێنەکردووە، دڵنیاش بووەلەڕاستی فەرموودەکە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەی بۆ کاری پێنەکردووە؟ لەبەر ئەوەی لەمپەرێک لەبەردەم کارکردن بەفەرموودەکەدا هەبووە، کە دەگونجێت تەنها پێشەوا شافیعی درکی پێکردبێت. ئەبو وەلید دەفەرموویێت: من دەڵێم فەرموودەی (أفطر الحاجم والمحجوم) فەرموودەیەکی دروستەو ئایینزای شافیعییە، لەبەرئەوە دەڵێم ئایینزای شافیعییە بەبەڵگەی وتەی شافیعی خۆی کەفەرموویەتی (إذا صح الحديث فهو مذهبي)، کەواتە وەکو ئەوە وایەشافیعی خۆی فەرمووبێتی (أفطر الحاجم والمحجوم)، بەڵام لەلایەن زانایانەوە وەڵامی دراوەتەوە کە بەڵێ شافیعی کاری بەم فەرموودە دروستە نەکردووە، لەبەرئەوەی (مەنسوخە) هەروەک خۆی -- شافیعی- بەڵگەی لەسەر مەنسوخیەتی فەرموودەکە هێناوەتەوە(٨).

پێشەوا (نەوەوی) دەفەرموویێت: دەستەیەک لەزانایانی پێشینی ئایینزامان، کاتێک بابەتێکیان بینیبێت کەفەرموودەی لەسەر بووبێت و ئایینزای شافیعیش بە پێچەوانەی فەرموودەکە بووبێت، کاریان بەفەرموودەکە کردووەو وتوویانە: ئایینزای شافیعی بریتییە لەکارکردن بەفەرموودەی دروست و یەکگرتنەوە لەگەڵ بەڵگەدروستەکاندا، ئەمەش زۆر بەکەمی ڕوویداوە، کە پێشەوا شافیعی فەتوایەکی دابێت و پێچەوانەی فەرموودەی ڕاست بووبێت، ئەوەی کە پێشەوا شافعی فەرموویەتی: (إذا صح الحديث فهو مذهبي) بەو واتایەنییە کە هەرکەسێک فەرموودەیەکی دروستی بینی بڵێت: ئەمە ئایینزای شافیعیە و کار بە ڕووکەشی فەرموودەکەبکات، بەڵکو ئەم بابەتەتایبەتە بە کەسێکەوە کە پلەی ئیجتیهادی لە ئایینزادا هەبێت، مەرجەکەشی ئەوەیە: ئەم (موجتەهیدە لە ئایینزا) وابزانێت

که پێشەوا شافیعی ئەم فەرموودەی بەرچاو نەکەوتووە، یان لە رووی ڕشتەوە نەیزانیوە کە فەرموودەیەکی دروستە، ئەم کارەش پاش خوێندنەوەی کتێب و نووسراوەکانی پێشەوا شافیعی و کتێبی زانایانی شوێنکەوتەی شافیعی دەبێت، لەڕاستیدا ئەم مەرجەمەرجێکی گرانەو کەم کەس هەیەکەلەو ئاستەدا بێت.

زانایان ئەم مەرجانەیان بۆیە داناوە؛ چونکە پێشەوا شافیعی وازی لەکارکردن بە رووکەشی چەندین فەرموودەهێناوە کە سەرجەم فەرموودەکانی بینیوە و ئاشناش بووە پێیان، بەڵام بەڵگەیەکی لا دروست بووە کە بووەتە هۆی نەنگی فەرموودەکە، یان بۆی ڕوون بۆتەوە کە فەرموودەکان (مەنسوخ)ن یان (تایبەت) و (تەئویل) کراون(٩).

پێشەوا نەوەوی لە نووسراوێکی دیکەیدا دەفەرمووێت: ئەم مەرجە– واتە ڕاستکردنەوەی ڕایەکی ئاییننزا کە پێچەوانەی فەرموودەبێت – کەم کەس هەیەگەشتبێتە ئەو ئاستەکەلەم سەردەمەی خۆماندا ئەو کارە بکات(١٠). پێشەوا (سبکی) دەفەرمووێت: ئەوەی کە هەردوو پێشەوایان شارەزووری و نەوەوی فەرموویانە بەرپەرچدانەوەی فەرموودەکەی شافیعی نییە، پلەیەکی بەرزیش نییەکە جگە لەو کەسی دیکە پەی پێ نەبردبێت، بەڵکو ڕوونکردنەوەیە کە بۆ قورسی ئەم پێگەگەورەیەتا کەس فریوخواردوو نەبێت، چونکە فەتوادان لە ئاییندا پێویستی بە لێکۆڵینەوەو پاڵفتەکردن و کنەکردنی بەڵگە شەرعییەکان هەیە، تا دڵ ئارام و دامەزراو دەبێت لەکارکردن بەو بەڵگەیەی کە بەدەستی دەهێنێت، ئەم کارەش زۆر سەختەو کارێکی سەرڕێی و ئاسان نییە. (١١).

پێشەوا (ئەبو شامە) دەفەرمووێت: هەر

**ئەگەر ڕەوا بێت خوێندکارێك مۆڵەتی لەزانستەکاندا وەرنەگرتووە، تەنها بە بینینی فەرموودەیەك بکەوێتە ململانێ و ڕەنج و بەرهەمی سەرمەزهەبەکان یەکسان بکات بەهیچ، ئیتر مانایەك بۆ زانست و زانایان نامێنێتەوە**

فەرموودەیەکی دروست کەکرابێتە بەڵگەبۆ بابەتێک و هیچ دەقێکیش لەپێشەوا شافیعیەوە نەهاتبێت کە پێچەوانەی ئەو فەرموودە بووبێت، ئەوا بێگومان ئەو بەڵگەیە ئاییننزای پێشەوا شافیعیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو فەرموودانەی کە لەگەڵ ئاییننزای شافیعی پێچەوانەن، دەکرێتەدوو بەشەوە:

یەکەم: ئەو فەرموودەیەی کەلەبابەت ئەو حوکمەوە پێی نەگەیشتبێت ئەمەش وەکو بەشی یەکەم مادام فەرموودە هەیە کار بە فەرموودەکە دەکرێت و واز لەڕای شافیعی دەهێنرێت، فەرموودە دروستەکە دەبێتە ئاییننزای شافیعی، بە مەرجێک فەرموودەکە دەق بێت لەسەر حوکمەکە، ئەگەر دەلالەتی فەرموودەکە لەسەر حوکمەکە نادیار بوو (مُحکَم) نەبوو کە دەتوانرا لەنێوان فەرمودەکە و ڕای شافیعی جەمع بکرێت و کۆبکرێنەوەو فەرموودەکە بکرێتە نموونە بۆ ئەو حوکمەی کە شافیعی بەدەق وتوویەتی، ئەوەڕاکەی شافیعی وەک خۆی دەمێنێتەوە.

دووەم: ئەو بابەتانەی کەشافیعی ئاگاداری فەرموودەکانیان بووە و جێگیربوونی فەرموودەکەی لەو بابەتەدا لا نومایان بووە، سەرەڕای ئەمەش تەئویلی فەرموودەکەی

**ئەو شوێنکەوتووەی کە لە توانایدا هەبێت درك بە هەڵەیەك لە مەزهەبەکەی بکات و ڕاستی بکاتەوە دەبێت کۆمەڵێك مەرجی تیا هاتبێتەدی کە بە هۆیانەوە دەتوانێت دەستنیشانی هەڵەو ڕاستکردنەوەی بکات.**

کردووەو قسەی لەسەری هەبووە، ئەوا لەم هەڵویستەی ڕائەمێنین، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاڕاستەی کردبوو هیچ لەمپەرێکیش لەبەردەمیا نەبوو، ئەوا سەرپێچی لێناکرێت و فەرموودەکەش لەسەر بۆچوونەکەی شافیعی دادەنرێت(١٢).

ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەفەرمووێت: ئیبن دەقیق ئەلعید فەرموویەتی وتەی ڕاست ئەوەیەلەکاتی هەستانەوەی تەحیاتی یەکەمدا دەستەکان بەرز بکرێنەوە، ئەگەر بوترێت ئەم شێوازەئاییینزای شافیعیە بە بەڵگەی وتەی خۆی (إذا صح الحديث فهو مذهبي) ئەوا جێگای تێڕامان و هەڵوێستەلەسەرکردنە(١٣).

ئیبن حەجەر دەفەرمووێت: تێڕامانەکەبەو جۆرە ئاڕاستە دەکرێت کە پێشەوا شافیعی ئەم فەرموودەیەی بەرچاو نەکەوتووە، ئەگەر دڵنیا بین لەوەی کە بەرچاوی کەوتووەو کاری پێنەکردووە، یان بەجۆرێک لە جۆرەکان تەئویلی کردووە، ئەوەکار بەفەرموودەکە ناکرێت، لەهەمان کاتیشدا دەگونجێت هەردوو بۆچوونەکەوابێت.

ئیبن حەمدان لە زانایانی حەنبەلی دەفەرمووێت: ئاییینزای پێشەوا ئەحمەد لەسەر ئەوەیە، لەوەی کە فەرموودە پشتگیری بکات نەک وتەیەکی خۆی کە پێچەوانەی ئاییینزا بێت، کەواتە ڕەوایە فەتوا بە فەرموودە بدرێت لەسەر ئەو بنەمایەی کەفەرموودەڕاست بوو ئاییینزای پێشەوا ئەحمەدە. ئەمەش بۆ هەموو زانایەک دەستنادا کەهەر فەرموودەیەکی بینی بیکاتەبەڵگە، تا نەگاتەئەو ئاستەی کەلێی ڕوون بێت ئایا ئەم فەرموودەیە هیچ دژێکی نییە،وەکو ئەوەی (مەنسوخ) بێت، یان پرسیار لەکەسێکی شارەزا بکات، کەبزانێت ئەم فەرموودەیەشتی لەسەرەوەکو (نەسخ)، (تخصیص)، (تأويل)... هتد، پێشەوا شافیعی کاتێک وازی لە کارکردن بە فەرموودە هێناوە، چونکەزانیویەتی کە ئەو فەرموودەیە (مەنسوخ)ە(١٤).

پرسیار لە ئیبن خوزەیمە کرا: ئایا بەڵگەیەک هەیە لەفەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) کە تایبەت بێت بە بابەتی حەڵاڵ و حەرام، بەڵام شافیعی وازی لێهێنا بێت؟ فەرمووی: نەخێر.

## پوختەی بابەتەکە

١- هیچ زانایەک نەبووە لەسەر ئاییینزاکان و زانایانی شوێنکەوتوویان، بەبێ هیچ بەڵگە و پاساوێک وازیان لەفەرموودە هێنابێت لە ڕوونکردنەوەی حوکمێکی شەرعیدا.

٢- وتەی (إذا صح الحديث فهو مذهبي) بە واتای: ئەوەی کە لە ئاییینزای مندا دەیبینن هەمووی بەڵگەدار بووە بەفەرموودەی دروست، فەرموودەیەک کە هیچ گرێ و ناتۆرەیەک لە نموونەی (نسخ، تخصیص، تأويل، بەریەککەوتن – تعارض –، یان هۆکار گەلێکی تر) نەیگرتبێتەوە.

٣- سەرانی ئاییینزا مەعسوم و بێ هەڵەنەبوون، دەگونجێت بەخزمەتی فەرموودەیەک نەگەیشتبن

و بە ئیجتیهادی خۆیان ڕایەکیان فەرمووبێت، بەڵام موجتەهیدەکانی ناو ئاییناکەی لەپاش خۆی ڕاستیان کردۆتەوە، چونکە لە ئاستێکدا بوون کەڕەوا بووەبۆیان ئەو کارەبکەن.

٤- ئەگەر ڕەوا بێت خوێندکارێک کە لەسەرەتای خوێندنی زانستەشەرعییەکاندایە و هیچ پلەیەکی زانستی نییە، مۆڵەتی لە زانستەکاندا وەرنەگرتووە، تەنها بەبینینی فەرموودەیەک بکەوێتە ململانێ و ڕەنج و بەرهەمیان یەکسان بکات بەهیچ، ئیتر مانایەک بۆ زانست و زانایان نامێنێتەوە، کەسی نا ئەهل پرکێشی لە فەتوادانیدا دەکاتە ئەوکات بەڕاستی ئەم فەرموودەیە لەناو کۆمەڵگادا بەرجەستە ئەبێت (إن الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من الناس، ولكن يقبض العلم بقبض العلماو، حتي إذا لم يترك عالما، اتخذ الناس رووسا جهالا، فسئلوا فأفتوا بغير علم، فضلوا وأضلوا)(١٥).

٥- کەسانێک کە تەنها بۆنی زانستەکانیان کردووە، نابێت وا تێبگەن هەر فەرموودەیەکیان بینی بیکەنە بەڵگە و لە ڕای زاناکانی ئایینزا بسڵەمنەوە؛ لە کاتێکدا ئەو زانایانە هەمان فەرموودەیان دیوە، ئەی بۆ نەیانکردە بەڵگە، لەبەر ئەوەی فەرموودە کە گرێ و گۆڵی زۆری هەبووە، کە بەپێی ڕێساکانی فەرموودە نەگونجاوە بکرێتەبەڵگە.

٦- هەر بابایەک فەرموودەیەکی دروستی بینی لەهەر بوارێکدا، ئەگەر نەگەشتبێتە پلەی (موجتەهیدی ڕەها – مجتهد المطلق –)، بۆی نییە ڕەخنە لەڕاوبۆچوونی سەر ئایینزایێک بگرێت و تەکانیشی دەدرێتەوە بەسەریا.



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) هەر بۆیە دەبینین زانایانی پێگەیشتوو لەناو ئایینزاکاندا ڕایەکیان بە پەسەندتر زانیوەتا ڕایەکی دیکە، زانای مەزن ئیبن حەجەری هەیتەمی دەفەرمووێت: لەئایینزای پێشەوا شافیعی کار بە فەرمووده نوێیەکانی دەکرێت، تەنها لەبیست بابەتدا نەبێت، هەندێکی دیکە فەرموویانەزیاتر لەسی بابەت، کە ئەم بابەتانە بەڵگەکانیان دروستە، هەروەک پێشەوا شافعی فەرموویەتی: ئەگەر فەرموودە دروستبوو هیچ بەربەستێک نەبوو لە بەردەم دروستیدا ئەوە ئایینزای منە. تحفة المحتاج، لاحمد بن محمد بن علي بن حجر الهيتمي، المكتبة التجارية الكبري بمصر، ١٣٥٧هـ - ١٩٨٣م. ١/ ٥٠.

زانای گەورەش ئەبو شامە دەفەرمووێت: پێشەوا شافیعی ئایینزاکەی لەسەر (کتاب) و (سوننە) دامەزراندووە، تێڕامانی دروستیش دەرەنجامی گەڕانەوەیە بۆ ئەو دوو سەرچاوەیە، لەگەڵ ئەمەشدا پێشەوا شافیعی بەدەر نییەلەحاڵەتی لە بیرچوون، هەر لەبەر ئەم حاڵەتەخۆی ئاڕاستەی کردووین بەوتە بەناوبانگەکەی (هەر فەرموودەیەک دروست بوو ئەوە ئایینزای منە)، هەموو فەرموودەیەکی دروستیش ئایینزای پێشەوا شافیعیە، زۆرێکیش لەو فەرموودانە بوونەتەبەڵگەی کارپێکراو لای شافعی و پاشان قوتابیەکانی درکیان بەهەر ڕایەکی لاواز کردبێت ڕاستیان کردۆتەوە. معني قول الإمام المطلبي إذا صح الحديث فهو مذهبي، للإمام العلامة تقي الدين علي بن عبدالكافي السبكي الشافعي ت ٧٥٦هـ مؤسسة قرطبة، ل/ ١٢٨.

(٢) ١- لە مەرجەکانی موجتەهید لە ئایینزادا دەبێت زانا بێت بەزانستی فیقەو ئوسوڵ و بەڵگەکانی حوکم، بەشێوەیەکی بەرفراوان و ئاگادار بێت لەڕێچکەکانی قیاس و واتاکان لە هەڵێنجان و بەدەستهێنانی حوکمەکان.

٢- شوێنکەوتەی پێشەواکەی خۆی بێت لەو بابەتانەی کەدەقی وتەی پێشەواکەی لا ڕوون و ئاشکرا بێت.

٣- بڕیاردەر بێت لەسەر ئایینزای پێشەواکەی و بەباشی ئاگاداری فەتواکانی بێت و لێیان لا نەدات.

(٣) بەو فەرموودەیە دەوترێت کە یەکێک لە تابعین گەورەبێت، یان بچووک، بڵێت: پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەر بێت) وای فەرموو، یان وایکرد. محاضرات في علوم الحديث، د. حارث الضاري، دارالنفائس، ٢٠٠٠م، ل/ ٥٢.

(٤) حاشية رد المحتار علي در المختار، لابن عابدين محمد أمين بن عمر بن عبد العزيز عابدين الدمشقي الحنفي ت ١٢٥٢هـ دار الفكر – بيروت، ط. الثانية ١٤١٢هـ - ١٩٩٢م،٦٨/١.

(٥) ئەو موجتەهیدەیە کەئاگاداری قورئان و سوننەت و ئیجماع بێت، ڕاستەوخۆ توانای هەڵێنجانی لە دەقەشەرعیەکاندا هەبێت.

(٦) شرح التنقيح الفصول في اختصار المحصول في الاصول، لاحمد بن إدريس القرافي، دارالفكر، ل/ ٤٥.

(٧) معني قول الإمام المطلبي: ل/ ١٤٣.

(٨) أدب المفتي والمستفتي، لابي عمرو تقي الدين المعروف بابن الصلاح ت ٦٤٣هـ تحقيق: د. موفق عبد الله عبد القادر، مكتبة العلوم والحكم - المدينة المنورة، ط. الثانية ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢م،٥٣/١.

(٩) المجموع، لابي زكريا محيي الدين يحيي بن شرف النووي ت ٦٧٦هـ دار الفكر،١٠٥/١.

(١٠) تهذيب الاسماء واللغات، لابي زكريا محيي الدين يحيي بن شرف النووي ت ٦٧٦هـ دار الكتب العلمية، بيروت،٥١/١.

(١١) معني قول الإمام المطلبي: ل/ ١٠٧.

(١٢) لەکتێبی: معني قول الإمام المطلبي: ل/ ١٢٩ وەرگیراوە.

(١٣) فتح الباري، لاحمد بن علي بن حجر العسقلاني الشافعي، دار المعرفة – بيروت، ١٣٧٩هـ٢٢٣/٢.


(١٤) صفة الفتوي، لابي عبد الله أحمد بن حمدان بن شبيب بن حمدان النميري الحراني الحنبلي ت ٦٩٥هـ المكتب الإسلامي – بيروت، ١٣٩٧هـ ل/ ٣٨.

(١٥) رواه مسلم، كتاب: رفع العلم وقبضه وظهور الجهل، رقم الحديث: ٢٦٧٣: ٢٠٥٨/٤.



# پرسیارە زیانبەخشەکان

## ئازادکردنی مرۆڤی موسڵمان
## لە فیقهی ئیسلامیی



**فازڵ قەرەداغی**

لەدایکبووی ١٩٦٢، بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری شارستانیی

(١٥) کتێب و چەند نامیلکەی چاپکراوی هەیە لە بوارەکانی

مێژووی دێرینی کوردستان، فیکر، رەخنە و ئەدەب.

دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

پرسیارکردن ڕێگەی زانیارییە. ئەمە شتێکی زانراوە، بەڵام پرسیارکردن هەموو کاتێک سوودبەخش نییە. پرسیارکردن جاری وایە زیانبەخشە، نموونەیەکی ئەوەش لە فیقهی ئیسلامیی دەیبینین.

فیقهی ئیسلامیی بابەتێکی زۆر دەوڵەمەندە، دەیان هەزار کتێب لەبارەیەوە نووسراون، سەدان مەزهەب و هەزاران موجتەهیدی کۆن و نوێ هەبوون، ئەو دەوڵەمەندییەش بۆتە مایەی شانازیی زۆر موسڵمان، بەڵام بەشێکی ئەو دەوڵەمەندییە بوو بە بەڵا بەسەر ئوممەتی ئیسلامیی، بەوەی قەرەباڵغییەکی دروستکرد کە ژیانی مرۆڤەکانی ئوممەتی ئاڵۆز کرد.

لە وتارێکدا کە لە گۆڤاری (خاڵ) بڵاوبوویەوە باسی ئازادکردنی عەقیدەم لە فیکر کرد، کە چۆن بیربۆچوونی بەشەریی زۆر تێکەڵ بە ئیمان و عەقیدە بوون، کرانە بەشێک لەو ئیمان و عەقیدەیە و چۆن ئەمە بووە هۆی کارەساتی زۆر بۆ ئوممەتی ئیسلامیی.

لەم بابەتەش باسی جۆرێکی تری ئازادکردن دەکەم، کە ئازادکردنی مرۆڤە لەو بۆچوون و ئیجتهادانەی ناوی فیقهـ و مەزهەبی فیقهییان لێ نراوە و بوونەتە بەشێک لە ئایین.

دروستبوونی عەقیدە بەو شێوە ئاڵۆزە و بەو هەموو بابەتانەی لەخۆی گرتبوون بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان موسڵمانان بوو، دواتر بووە هۆی قووڵترکردنی ئەو ناکۆکییانە. بەڵام دروستبوونی فیقهـ بەهۆی جیاوازیی تێگەیشتنی موسڵمانان بوو لە دەقەکانی قورئانو فەرموودەو بەهۆی چۆنێتیی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقانە بوو و چۆنێتیی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە حوکمی شەرع لە مەسەلەکان.

دروستبوونی مەزهەبە فیقهییەکان بووە هۆی ناکۆکیی نێوان شوێنکەوتووانی ئەو مەزهەبانە، بەڵام ئەو ناکۆکییانە، کە خەتای شوێنکەوتە نەزانەکان بوون، نابنە پاساو بۆ فڕێدانی فیقهـ چونکە ئەوە دوو بابەتی جیاوازن.

بەڵام ئایا فیقهـ یان بەشێکی زۆری فیقهـ بەڕاستی شایەنی ئەوە نییە فڕێ بدرێت؟ ئایا پێویستمان بەو هەموو وردەکارییانەی فیقهـ هەیە؟

ئەگەر مەسەلە تەنها زۆری و قەرەباڵغیی مەسەلە فیقهییەکان بێت، ڕەنگە کێشەیەکی ئەوتۆمان نەبێت، بەڵام کێشەی فیقهـ و مەزهەبەکانی ئەوەیە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی موسڵمانانیان قەرەباڵغ کردووە بە (نابێت)ـەکان، کارێکیان کردووە کە فیقهـ بۆ هەموو شتێک قسە بکات، بەمەرجێک چەند دەقێکی کەم بۆمان ئاشکرا دەکەن ئەم دەستوەردانەی فیقهـ لە هەموو شتێک لەگەڵ ئیسلام یەک ناگرێتەوە. هەر بۆیە خۆ ڕزگارکردن لە فیقهـ هەوڵێک نییە لە دەرەوەی ئیسلام و دەقەکانییەوە بەڵکو هەوڵێکی گونجاوە لەگەڵ ئیسلام و دەقەکانی.

### ئایین لەبەردەستی بێکارەکان

بەبۆچوونی خۆم دروستبوونی فیقهـ و مەزهەبەکانی بەهۆی (بەتاڵی)یەوە بوو. ڕەنگە بەلای زۆربەوە ئەمە وشەیەکی قورس بێت، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانمان ناچارمان دەکات ئەو وشانە بەکاربهێنن کە وەسفی حاڵەتەکە بکەن ئەگەرچی قورس بن.

بەتاڵی و بێکاریی ئەو کەسانەی خەریکی فیقهـ بوون وایکرد زۆر لەو بوارە ڕۆبچن و باسی هەموو شتێک بکەن، بۆ هەموو شتێک حوکم دەربکەن، تەنانەت بۆ ئەو شتەش کە ئاشکرایە دەق دەیتوانی قسەی لەسەر بکات، بەڵام فەرامۆشی کردووە (المسکوت عنه- ئەوەی دەق لێی بێدەنگ بووە). بەڵکو تەنانەت لای هەندێکیان و بە تایبەتی

فیقهی حەنەفی بووە قسەکردن لەو حاڵەتانەی هێشتا ڕوویان نەداوە، یان ڕوودانیان شتێکی دەگمەنە، ئەویش بەبیانووی ئەوەی پێویستە فیقهـ ئامادە بێت کاتێک ڕوو دەدەن.

بۆیە دەشڵێم بەتاڵی، چونکە ئەوەی بە تەنها خەریکی فیقهـ بوو شتێکی تری نەبوو مەشغووڵی بکات، ئەویش بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی خەریکی بواری تر بوون، وەک بۆ نموونە فەرمووده، یان قورئان. هۆکارێکی ئەو خۆخەریککردنەش بە فیقهـ ئەوە بوو کە ئەو بوارە دەرگایەکی والاتر بوو لەچاو بوارەکانی تر بۆ ناوبانگ دەرکردن و بۆ مونافەسەکردن بۆ بەشداریکردن لە ژیانی ڕۆژانە، چونکە خەڵک بەردەوام پێویستیان بەوە بوو بزانن حوکمی شەرع لە کارەکانیان چییە.

موسڵمانانیش ئەوەندە خەریکی فیقهـ بوون ئەوەندە خەریکی زانستەکانی تر نەبوون، بە تایبەتی زانستە تەتبیقی و سروشتییەکان، وەک چۆن ئەبو حامدی غەزالی وتبووی کە دەبینی گوندێک چەندین فەقیهی لێیە، بەڵام پزیشکێکی لێ نییە، بۆیە موسڵمانەکان ناچاری پزیشکە نەسرانییەکان دەبن. پێش ئەویش شافیعی ڕەخنەی ئەوەی هەبوو لە فەرامۆشکردنی پزیشکی و دەیوت پزیشکی سێ یەکی زانستە، بەڵام موسڵمانان فەوتانوویانە و داویانەتە دەست جوولەکە و نەسارا(١).

لە ئەنجامی ئەو بەتاڵییە و لە ئەنجامی ئەو ناوبانگەی فیقهـ بە خاوەنەکانی دەبەخشی، فیقهـ هێندە فراوان بوون کە بووە توراسێکی دەوڵەمەند، بەڵام وەک وەتم توراسێک کە بەڵای بۆ ئوممەت هێنا، گەورەترین بەڵاش ئەو نارەحەتییەی بۆ خەڵک دروست بوو کە هەموو کارێکیان پێویستی بە فەتوا بوو، بە تایبەتیش کاتی ناکۆکیی فەتواکە لەگەڵ ژیانیان.

**خۆ ڕزگارکردن لە فیقهـ هەوڵێك نییە لە دەرەوەی ئیسلام، بەڵکو هەوڵێکی گونجاوە لەگەڵ ئیسلام و دەقەکانی.**

### فیقهـ و قسەکردن کاتی نەبوونی دەق

دوور لە پێناسە باوەکانی فیقهـ لێرە فیقهـ بەوە دەناسێنین کە دەستنیشانکردنی کارەکان و گوفتارەکانە لەڕووی پێگەیان لە حەلاڵبوون و حەرامبوون لەگەڵ بەشەکانی تری حوکمی شەرعی لە ڕێگەی دوو جۆر چالاکیی جیاوازەوە:

١- قسەکردن لەسەر دەق.

٢-قسەکردن کاتی نەبوونی دەق

بەشی یەکەم، کە قسەکردنە لەسەر دەق، ئەو ئایەتانەی قورئان دەگرێتەوە کە حوکمێکی ئاشکرایان هەیە و قبووڵی دوو تەفسیر ناکەن، وەکو ئایەتی: إنما حرم عليكم الميتة والدم ولحم الخنزير وما أهل به لغير الله –البقرة:١٧٣). ئەم دەقە قبووڵی تەنها یەک تەفسیر دەکات، کە حەرامێتیی مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز ... تاد. کاری فیقهـ لێرە قسەکردن نییە لەسەر ئەم دەقە، واتە پێویستمان بە فیقهـ نییە بۆ ئەوەی بزانین ئەو شتانە حەرامن. کاتێکیش کاری فیقهـ دەبێتە قسەکردن لەسەر دەق، کە دەقەکە ئەگەری زیاتر لە یەک تەفسیری هەبێت، یان ئەگەر دەقێکی تر هەبێت بە ڕواڵەت لەگەڵ دەقی یەکەم ناکۆک بوو.

نموونەیەکی ناسراو لەسەر دەقێک زیاتر لە یەک واتای هەبێت، ئایەتی ((والمطلقات يتربصن بأنفسهن ثلاثة قروء –البقرة:٢٢٨) لێرە وشەی (ثلاثة) یەک واتای هەیە ئەویش (سێ) بەڵام (قرء) کە جەمعەکەی (قروء)ـە هەردوو واتای (حەیز)و (پاکبوونەوە

## ئەبو حامدی غەزالی وتبووی که دەبینی گوندێك چەندین فەقیهی لێیە، بەڵام پزیشكێكی لێ نییە.

له حەیز) دەگرێتەوە. قسەکردنیش لەسەر ئەم فرەواتاییە کاری فیقهە، بۆ ئەم نموونەیە فەقیهـ هەیە واتای یەکەمیان وەردەگرێت و هەیە دووەمیان.

شوێنێکی تریش که فیقهـ قسەی تیا بکات کاتێک باس له وردەکاری بکرێت. بۆ نموونە زانرا که خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو حەرامە، بەڵام ئایا دەکرێت سوود له بەشەکانی تری لاشەی مردارەووبوو وەربگیرێت، بۆ نموونە پێستەکەی یان خورییەکەی یان ئێسکەکەی؟ بۆ ئەم نموونەیەش شافیعی له دیارترین بۆچوونی دەڵێت بەکارهێنانی موو و خوری و ئێسکی مردارەوەبوو حەرامە، مالکیش دەڵێت تەنها ئێسکەکەی حەرامە، بەڵام کەسانی تر ڕەتی ئەوەیان کردووە چونکه ئەم بەشانە ژیانیان تیا نییە تا بە مردارەوەبوو حساب بکرێن(٢)، ئەو فەقیهەش که بڕیار لەسەر حەڵاڵێتییان دەدات پشت بە چەند بەڵگەیەک دەبەستێت که یەکێکیان دەقە، ئەویش فەرموودەیەکی بوخارییە که تەنها خواردنی مردارەوەبوو حەرامکراوە(٣).

بواری دووەمی فیقهـ که قسەی لەسەر بکات نەبوونی دەقە. هەر سەبارەت بە نموونەکەی خۆمان ئەو پرسیارە هەیە: ئایا جائیزە گۆشتی مردارەوەبوو بدرێتە ئاژەڵ، وەک باز و ئاژەڵی تر؟ ئەی ئەگەر بازەکە خواردی، وازی لێ بهێنین بیخوات یان نەیهێڵین؟ ئەوەی (چاوەڕێکراوە) ئەوەیە جیاوازیی بۆچوون هەبێت لە نێوان جائیزبوون و حەرامبوون(٤).

وەکو بنەمایەکی گشتیش ئەوەی (چاوەڕێکراوە) له فیقهـ ئەوەیە بۆچووونی زۆر و جیاواز هەبن و ناکۆکی لەنێوان فەقیهەکان زۆر بێت، چونکه تێگەیشتنی فەقیهەکان تێگەیشتنی مرۆڤە، مرۆڤەکان وەکو یەک تەماشای شتەکان ناکەن. هەر ئەوەندەش فیقهـ دەست پێبکات ئیتر هیچ شتێک نییە بیوەستێنێت.

### ئەوەی دەق لێی بێدەنگە

ئەوەی دەق لێی بێدەنگە (المسكوت عنه)، ئەو بابەتانەیە که دەق قسەی نەکردووە لەبارەیانەوە. دەق دەیتوانی بە حەڵاڵکردن یان حەرامکردن قسە لەسەر ئەوانە بکات، بەڵام بۆچی قسەی نەکردووە؟

بێگومان موسڵمان ناڵێت قسەنەکردنەکە لەبەر لەبیرچوونەوە، یان کەمتەرخەمی، یان نەزانی بووە چونکە بەو شێوەیە ئەو نوقسانییانە دەداتە پاڵ دەق. ئەوەی ئاشکرایە و لەگەڵ نەبوونی هیچ لەو هۆکارانە، قسەنەکردنی دەق لەبەر بەرژەوەندیی موسڵمانان بووە بۆ ئەوەی واجب و حەرامیان بۆ زیاد نەکات، چونکە دیارە کە دەق قسە بکات، یان بە حەرامکردنە یان بە حەڵاڵکردن، بەم جۆرە ئەگەری حەرامکردن نیو بەنیو دەبێت، بە پێچەوانەی قسەنەکردن کە ئەگەرەکان یەکن، ئەویش حەڵاڵێتیی ئەو شتەیە، واتە ئەگەر دەق قسە نەکات ئەو بابەتە دەبێتە حەڵاڵ، ئەوەش وەک بەزەییەکی خوداییە بۆ موسڵمانان، ئەو بەزەییەی زۆرێک لە فەقیهەکان لەبەر بەتاڵی و بەهەرەمەند نەبوونیان لە چالاکی بەرهەمداری تر لە موسڵمانانیان زەوت کردووە.

زەڕوورەتی بێدەنگبوون لەو شتانەی دەق لێیان بێدەنگ بوو بۆچوون نییە، بەڵکو دەق خۆی ئەوەمان پێ دەڵێت، بۆیە پرسیارکردن لەبارەیانەوە مەترسیی ئاڵۆزبوون و نارەحەتبوونی ژیانی موسڵمانی بەدواوەیە، لەبەر ئەوەشە ئەو جۆرە قسەکردنە لەبارەی ئەوەی دەق لێی بێدەنگ بووە هەروەها پرسیارکردن لە دەق، پرسیارێکی قەدەغەیە چونکە پرسیارێکی زیانبەخشە.

## پرسیارە قەدەغەکراوەکان

پرسیاری زیانبەخش لە قورئان باس کراوە، لەسەر موسڵمانانیش قەدەغەکراوە، بەڵام دیارە هەندێک لە فەقیهەکان فەرمانەکەیان فەرامۆش کردووە، لەوەوە بواری فیقهیش و ژیانی موسڵمانانیشیان ئاڵۆز و قورس کردووە. قورئان موسڵمانانی ئاگادار کردۆتەوە کە پرسیار لەبارەی شتەوە نەکەن، تا ئەو کاتەی وەحی خۆی لەبارەی ئەو شتەوە دێتە خوارەوە:

یا أیها الذین آمنوا لا تسألوا عن أشیاء إن تبد لكم تسؤكم وإن تسألوا عنها حین ینزل القرآن تبد لكم عفا الله عنها والله غفور حلیم * قد سألها قوم من قبلكم ثم أصبحوا بها كافرین (المائدة: ١٠١-١٠٢). واتە: ئەی ئیمانداران؛ پرسیار دەربارەی شتانێک مەکەن ئەگەر بۆتان ئاشکرا بکرێن پێتان ناخۆش دەبێت، ئەگەر ئەو کاتە پرسیار بکەن کە قورئان دێتە خوارەوە بۆتان ئاشکرا دەکرێن. خوا چاوی لەو شتانە پۆشیوە. کەسانێکیش پێش ئێوە پرسیاریان لەبارەیانەوە کردبوو و (دوایی وەڵامەکە کە بۆیان هات) باوەڕیان پێ نەهێنا.

کەواتە ڕێگەی سەلامەتی ئەوەیە نەپرسین ئەم شتە حەڵاڵە، یان حەرامە، ئەگەر دەق لێی بێدەنگ بووە، یان وەکو زۆربەی زۆری خەڵک دەپرسن: (حوکمی فلانە شت لە شەرع چییە؟)، فەقیهیش وەڵام دەداتەوە چونکە فەقیهـ نابێت بڵێت نازانم، یان بڵێت مەپرسن دەقی لەسەر نییە.

دەقێکی تر هەیە تەنانەت پرسیارکەر بە تاوانبارێکی گەورە ناو دەبات:

(إن أعظم المسلمین جرما، من سأل عن شيء لم یحرم فحرم من أجل مسألته)(٥) ، ئەوە لە سەحیحی بوخاری، لەفزێکی سەحیحی موسلمیش:

(إن أعظم المسلمین في المسلمین جرما ، من سأل عن شيء ، لم یحرم على المسلمین ، فحرم علیهم من أجل مسألته)(٦) ، واتە: تاوانبارترین موسڵمان بەرامبەر موسڵمانانی تر ئەو کەسەیە کە پرسیاری کرد دەربارەی شتێک کە حەرام نەکراوە، ئیتر بەهۆی ئەو پرسیارەیەوە شتەکە حەرام کرا.

واتای ئەو فەرموودەیەش مەسەلەیەکی سەیر لەخۆ دەگرێت: شتەکە لای خوا و لە عیلمی خوا حەرامە، کاتێکیش موسڵمانێک لەبارەیەوە دەپرسێت دەقێک لەبارەیەوە دادەبەزێت کە حەرامێتییەکەی ئاشکرا دەکات. ئەی ئەگەر کەس لێی نەپرسی؟ لای خوا هەر بە حەرامێتی دەمێنێتەوە، بەڵام خوا بۆ خەڵکی بە حەڵاڵ دادەنێت. بەواتایەکی تر دەبێت چەندین شت کە دەیانکەین لای خوا حەرام بن، بەڵام چاوی لێ پۆشیون، چونکە کەس ئەو کاتە پرسیاری نەکردووە ئاخۆ حەڵاڵن، یان حەرام، بۆیە ئەو شتانە بە حەرامی لای خوا ماونەتەوە، بەڵام خوا بە حەرامیان نازانێت بۆ ئێمە، ئەوەش ئاسانکارییەک و بەزەییەکی گەورەیە.

بەڵام بێگومان ئەمە بەشێکی زۆری کاری فەقیهەکان دەگرێتەوە، بۆیە فەقیهەکان فەرموودەکەیان بەلایەکی تر بردووە، وەک چۆن ئیبنو حەجەر قسەی ژمارەیەک فەقیهـ نەقڵ دەکات (خۆیشی پشتگیریی ئەو بۆچوونەیان دەکات)، یەک لەوانە قازی ئەبو بەکر بن ئەلعەرەبی کە دەڵێت: هەندێک بێئاگا وایانزانیوە کە مەبەستی ئەو ئایەتە (لا تسألوا عن اشیاء...)پرسیار نەکردنە لەو ڕووداوە نوێیانە تا ئەو کاتەی ڕوودەدەن، بەڵام وا نییە، چونکە ئایەتەکە ئەو پرسیارانە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە حوکمەکە دێت، زاهیری ئایەتەکەش ئەوەیە ئەمە تایبەتە بە کاتی وەحی(٧). بەڵام چەند بیر لەو وەڵامە بکەیتەوە نازانی جیاوازییەکە چییە، چونکە ئاکامی هەردوو حاڵەتەکە حەرامکردنە: ئەوەی کاتی وەحی حەرام دەکرێت بەهۆی پرسیاری کەسێکەوە، ئەوە دوای کاتی وەحیش کە فەقیهـ حەرامی

دەکات بەهۆی پرسیارێکی کەسێکەوە، یان بەهۆی پرسیاری خۆیەوە. جیاوازییەکەش تەنها لە ڕووی بەهێزیی حەرامکردنەکەوەیە: ئەوەی وەحی حەرامی دەکات حەرامە، ئەوەی فەقیهـ حەرامی دەکات مەرج نییە حەرام بێت و مەرج نییە بەگوێی بکەین، بەڵام ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی کێشەی هەیە (بڕوانە دواتر، بەشی: ئایا واجبە بەگوێی فیقهـ بکەین؟) .

فەرموودەیەکی تری بوخاری و موسلم هەیە، کە پرسیارکردنی لەو جۆرە نەک تەنها دەبێتە تاوانباربوونی پرسیارکەر، بەڵکو پرسیاری زۆر دەبێتە هۆی تیاچوونی میللەتیش بەتێکڕا:

(دعوني ما تركتكم، فإنما أهلك من كان قبلكم كثرة سؤالهم، واختلافهم على أنبيائهم. فإذا نهيتكم عن شيء فاجتنبوه، وإذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم)(٨) ، ئەمەش لەفزی بوخارییە.

چەندێک وازتان لێ دەهێنم ئێوەش وازم لێ بهێنن. ئەو شتەی بوو بە هۆی تیاچوونی میللەتانی پێش ئێوە پرسیاری زۆریان و ناکۆکیی زۆریان لەگەڵ پێغەمبەرانیان. جا ئەگەر پێم وتن شتێک مەکەن، مەیکەن و ئەگەر فەرمانی شتێکم دا بەپێی تواناتان بیکەن.

ئەم فەرموودەیە، کە پێویستە ببێتە بنەمایەکی سەرەکیی فیقهـ ئاشکرای دەکات کە ئەسڵی هەموو شتێک حەڵاڵبوونە، مەگەر دەق حەرامی بکات و ئەسڵی هەموو شتێک واجب نەبوونە، مەگەر دەق فەرمان بە کردنی بکات، دەقیش بۆ هەموو شتێک نەهاتووە کە حەرامی بکات یان بیکاتە فەرمان. بەواتایەکی تر فەرموودەکە دەڵێت دەق مەوروژێنن بە پرسیارکردن کە ئایا فلانە شت حەرامە، یان حەڵاڵە، یان واجبە، یان واجب نییە. بەڵکو دەشڵێت ئەوەی واجبە بەپێی توانا جێبەجێی بکەن.

ئەی فیقهـ چی دەکات؟ فیقهـ ئەو دەقە دەورووژێنێت و دەقەکان دەخاتە گۆ بۆ ئەوەی قسە بکەن لەسەر شتانێک کە قسەیان لەسەر نەکردووە. بۆ نموونە دەق باسی حەرامێتیی گۆشتی بەراز دەکات. فیقهیش دێت و ئەو دەقە دەخاتە گۆ لەسەر شتێک کە باسی نەکردووە کە پێستی بەرازە، کە ئایا بەکارهێنانی حەرامە، یان حەڵاڵە. یان دەق حەڵاڵێتیی مردارەوەبووی شتێک وەک کوللە ڕادەگەیەنێت، بەڵام فەقیهـ دەپرسێت: ئەگەر بۆ خۆی مردبوو حەڵاڵە، یان دەبێت مرۆڤ کوشتبێتی، وەک مالکییەکان دەڵێن(٩). هەروەها ماسی بەپێی دەق بەشێوەیەکی گشتیی حەڵاڵە، بەڵام فەقیهـ دێت و دەپرسێت: ئەگەر ماسییەکە بەشێوەی مرۆڤ یان سەگ یان بەراز بێت خواردنی حەڵاڵە؟ (١٠)

## تێکەیشتنی هەڵە
## لە فەرموودەی ئیجتهادی حاکم

وەک وتم بێئیشیی فەقیهەکان و خەریکبوونیان بەو بوارەی خۆیانەوە وای کردووە دەست وەربدەنە بواری (المسكوت عنه)، پاساوی فەتواکەشیان خەیاڵێکە کردوویانە کە ئەگەر پێکایان دوو پاداشتیان هەیە، ئەگەر نەیانپێکا یەک پاداشت. بەڵام بە بۆچوونی خۆم ئەو فەرمودەیەی پشتی پێدەبەستن نایانگرێتەوە، بەڵکو تەنها ئەو قازییە دەگرێتەوە کە ناکۆکیی نێوان دوو کەس چارەسەر دەکات:

(إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر)(١١). ئەگەر حاکم ئیجتهادی کرد و پێکای، دوو پاداشتی هەیە، ئەگەر نەیپێکا یەک پاداشتی هەیە.

حاکم لێرە ئاشکرایە کەسێکە حوکم لە نێوان کەسەکەکان دەکات، بەتایبەتی قازی و پەیوەندیی بە موفتییەوە نییە، چونکە ئەگەر موفتی یان فەقیهـ بوونایە دەقەکە ناوی دەبردن، چونکە هەردوو وشەکە ئەو کاتە هەبوون. ئەی چۆن فەقیهەکان ئەوەیان بۆ کاری فەقیهـ و موفتی چەسپاند؟

زمانەوانی ئەوە قبووڵ ناکات، چونکە ئەو دووانە حاکم نین، بەڵام لە زمانەوانی بگەڕێین و تەماشای زیانی فەتوای هەڵە بکەین: حاکم ئەگەر لە قەزییەکە نەیپێکا زەرەرمەندەکە کەسێک دەبێت، بەڵام فەقیهـ ئەگەر نەیپێکا ڕەنگە لایەکی ئوممەت بە فەتواکەیەوە گیرۆدە بن. بەواتایەکی تر فەقیهێک فەتوایەک دەداتە، دەبێتە مایەی مەشەققەت و نارەحەتی بۆ خەڵکێکی زۆر، ڕەنگە خەڵکێکی زۆریش لەبەر ئەو نارەحەتییە ئەو فەتوایە جێبەجێ نەکەن و هەست بە گوناهباری بکەن، یان بەپێچەوانەوە، ئەمە ببێتە هۆی یاخیبوونیان لە شەرع. ئەمانە هەمووی لەلایەک و ئاڵۆزکردنی ژیانی خەڵک بە فیقهەکەی خۆی لەلایەک ئینجا برای فەقیهـ بەتەمای پاداشتێکە لەو نەهامەتییانە دەستی بکەوێت.

## ئایا واجبە بەگوێی فیقهـ بکەین؟

قسەکە لەسەر دەقی ئاشکرای قورئان و فەرموودەی سەحیح نییە –ئەو دەقەی کە قبووڵی یەک تەفسیر دەکات–، بەڵکو قسەکە لەسەر قسەکردنە لەسەر ئەو دەقەکەی قبووڵی زیاتر لە تەفسیرێک دەکات، یان دەقی تر هەیە بەڕواڵەت ناکۆکە پێی، بەجۆرێک ناچارین جەمع و تەرجیح بکەین و پەنا بۆ تەقییدی موتڵەق و تەخسیسی عام و باقیی ئامرازەکانی فیقهـ بەرین. لە حاڵەتی لەم جۆرە ئەگەر فەقیهـ وتی فلانە کار حەرامە، ئایا واجبە لەسەرمان نەیکەین و ئەگەر کردمان گوناهبار دەبین؟ ئەمە باسێکی زۆر کورتی زاراوەکانە بۆ ئەوەی بزانین فەقیهەکان چۆن کار دەکەن:

جەمع بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو دەق کە ناکۆکن، یان بە ڕواڵەت ناکۆکن و ئەو کۆکردنەوەیە بەجۆرێک بێت هەردووکیان ڕاست بن. جۆرێک لەوە ئەوەی هەر یەک لەو دوو دەقە بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو بێت، وەک دوو فەرموودەی تایبەت بە ئیمامی نوێژ، یەکێکیان دەڵێت کەموکورتیی ئیمامەکە مەئموومەکان ناگرێتەوە و نوێژەکەیان دروستە، ئەوەی تر بەپێچەوانەوە. ئەم ناڕێکییەی نێوان دوو فەرموودەکە بەوە تەفسیر کراوە کە یەکەمیان بۆ حاڵەتی نادیاربوونی کەموکورتییەکەیە کە دوای نوێژ دەردەکەوێت وەک پیسیی شاردراوە بە جلەکانی ئیمامەکەوە، ئەوەی تر بۆ حاڵەتی ئاشکرای وەک ئەوەی دەرکەوت ئیمامەکە کافرە یان شێتە(١٢). جۆرێکی تری کۆکردنەوە ئەوەیە دەقی دووەم نەسخی ئەوەی تری کرووە، بەڵام فەقیهـ نازانێت(١٣)، واتە هەر دوو دەقەکە ناڕێک نین بەڵکو، دووەمیان نوێترە و حوکمی یەکەمیانی هەڵوەشاندۆتەوە. حاڵەتی تر ئەوەیە بە هەمان شێوە دوو دەقەکە ناڕێک نین، بەڵکو دوو ڕێنمایی جیاوازن و هەردووکیان دەشێن، حاڵەتی تریش ئەوەیە دەقی یەکەم عامە و دووەم خاسە(١٤)، ... تاد.

تەرجیح دوایەمین چارەسەرە، ئەگەر کۆکردنەوەکە نەکرا بەجۆرێک یەکێکیان پەسەند بکرێت، یەکێکیان ئیتر پەسەند نابێت، وەکو ئەو گێڕانەوەیەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەیموونەی ژنی هێنا کاتێک لە ئیحرام بوو، گێڕانەوەیەکی تریش دەڵێت لە ئیحرام نەبوو. ئاشکراشە کە ناکرێت هەردوو فەرموودەکە ڕاست بن، بۆیە زۆریی فەقیهەکان دووەمیان وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی یەکەمیان ناڕێکە لەگەڵ فەرموودەیەکی تر کە تایبەتە بە ژنهێنان لە ئیحرام کە قەدەغەیە، هەروەها بەپێی ڕەخنەگرتنیان لە گێڕەرەوەی فەرموودەی یەکەم کە ئیبنو عەبباسە ئەو کاتە منداڵ بوو و کاتی ڕووداوەکە لەو شوێنە نەبوو(١٥).

لەوەی سەرەوەش کورتتر باسی مامەڵەی تر لەگەڵ دەق دەکەین:

تەقییدی موتڵەق (سنووردانان بۆ ڕەها): دەقێک باسی شتێک بە ڕەهایی دەکات، بەڵام دەقێکی تر ئەو ڕەهاییەی ناهێڵێتەوە وەک ئەو ئایەتەی خواردنەوەی



خوێن حەرام دەکات، کە خوێن لێرە بەڕەهاییە بەڵام لە ئایەتێکی تر باسی خوێنی ڕێژراو دەکات.

تەخسیسی عام (بەتایبەتکردنی گشتیی): دەقێک هەیە بۆ بابەتێکی دیاریکراو، دەقێکی تریش هەیە پەیوەست بە هەمان بابەت لە حاڵەتێکی تایبەت و دەریدەخات دەقی یەکەم گشتییە (لە نموونەکەی پێشوو مردارەوەبوو حەرامە، کە ئەمە حوکمی گشتییە، بەڵام ئەو فەرموودەیەی ڕێگەی داوە بە بەکارهێنانی پێستی مەڕە مردارەوەبووەکە تایبەتە).

قیاس (پێوانە): حوکمدان لەسەر مەسەلەیەک کە دەقی لەسەر نییە بەپێی مەسەلەیەکی تر کە هەمان هۆ کۆیان دەکاتەوە (ئەمەش پێناسەی تەواوی نییە بەڵام بۆ ئاسانکاری نووسیمان).

فیقهـ سەرچاوەی تریشی هەیە، وەک قسەی سەحابی‌و مەسالیحی مورسەلە و ئیستحسان ...، لەمانەش و لەوانەی سەرەوەش فەقیهەکان بۆچوونی جیاوازایان هەیە لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنیان، چۆنێتیی وەرگرتینان و مەرجەکانیان، بەڵکو تەنانەت جیاوازییان هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیجماع کە سەرچاوەی سێیەمی تەشریعە، تەنانەت لە شتی زۆری قورئان و سوننەتیش بەجۆرێک دەتوانین بڵێین فەقیهەکان لەسەر مەسەلە فیقهییەکان ئەوەندەی ناکۆک بوون ئەوەندە ڕێک نەبوون.

ئەمانە تەنها سەرقەڵەمی لەڕادەبەدەر کورتن لەسەر جیاوازیی مامەڵکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی تەشریع، ئەگینا وردەکارییەکانی ئەو جیاوازییانە لە کتێبەکانی ئوسولی فیقهـ پڕن. ئینجا لێرەوە پرسیارە مەنتقییەکە ئەوەیە: ئەگەر حاڵی فیقهـ بەم جۆرە بێت، چۆن بتوانین خۆمان و خەڵکی تر پابەندی فەتواو بۆچوونە فیقهییەکان بکەین؟

هەرچەندە زۆرێک لە فەقیهەکان دەڵێن شوێنکەوتنی بۆچوونەکانیان واجب نییە و موسڵمان ئەگەر قەناعەتی بە بۆچوونێکی ئەوان نەبوو دەتوانێت بچێتە لای موفتییەکی تر، بەڵام ئەنجامی فیقهـ هەستێکی موسڵمانە بە گوناهباربوون بەوەی موخالەفەی بۆچوونی فەقیهێک بکات، خۆ ئەگەر موخالەفەی هەموو فەقیهەکان بکات حاڵەکەی خراپتر دەبێت.

بۆ ئەوەی بشزانین کە حەرامکردن لەلایەن فەقیهەوە وەکو نەبوو وایە، نموونەی بەکارهێنانی پێستی بەراز دەهێنینەوە، کە بینیمان فەقیهـ هەیە بە حەرامی دەزانێت:

وەک زانراوە حەرام ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەر کردنی سزا دەدرێت. لە ڕۆژی قیامەتیش ئەوەی گۆشتی بەرازی خواردووە ئەو تاوانەی پیشان دەدرێت و پێی دەوترێت گوناهێکت کردووە، چونکە بە دەقی ئاشکرای قورئان حەرام بوو و تۆش دەتزانی، بەڵام ئایا بەو کەسەی پێستی بەرازی بەکارهێناوە دەوترێت تۆ گوناهت کردووە چونکە بەپێی ئیجتهادی فلانە ئیمام حەرام بوو و تۆش زانیوتە؟ ئەگەر کەسێک بڵێت وای پێ دەوترێت ئەو کاتە پێویستە بڵێت قسەی فلان ئیمام بووە حاکم، لە ڕۆژی قیامەت. بڕواش ناکەین کەس وا بڵێت.

کەواتە مرۆڤ لەسەر چی لە قیامەت سزا دەدرێت؟ دیارە لەسەر سەرپێچیکردن لە ئیجتهادی هەموو فەقیهەکان، بەڵام کوا ئەو ئیجتهادەی هەموو فەقیهەکان، بەتایبەت لەدوای سەردەمی هاوەڵان و بەتایبەتیتر لە سەردەمی خۆمان، کە دەقی لەسەر نییە و ئیجماعیان لەسەر کردبێت؟ ئەگەر مرۆڤ موخالەفەی هەموو موجتەهیدەکان بکات موخالەفەی ئیجماعی نەکردووە، کە وجوودی نییە، بەڵکو لەوەش زیاتر و بەشێوەیەکی تر موخالەفەی ئیجماعی نەکردووە، چونکە ئەو مرۆڤە موخالەفەی (قیاس)ی ئەو موجتەهیدانەی کردووە، بەڵام ئیجماع (قیاس) خۆی ئیجماعی لەسەر نییە کە واجبە بەکاربێت، بەڵکو هەیشە، وەک زاهیرییەکان،

به گوناهی زانیوه و وتوویەتی ئەوەی قیاس بکات کارێکی کردووە کە خوا دەیکات ئەویش تەشریعە.

ئەنجامی مەنتقیی ئەم قسەیەش ئەوەیە، هەر کەسێک موخالیفی ئیجتهادی هەر فەقیهێک یان ئیمامێک بکات بە ئەکیدی موافقی ئیجتهادی ئیمامێکی تر بووە، بزانێت یان نەزانێت، خۆ ئەگەر موخالیفی هەموو ئیجتهادە جیاوازەکان بێت، ئەوا لە زۆریی حاڵەتەکان موافقی ئیجتهادێکی ترە کە بڵاو نییە، یان فەرامۆش کراوە، یان کۆن هەبووە و نەقڵ نەکراوە، یان ڕەنگە لە داهاتوو هەبێت.

بەواتایەکی تر حوکمی زۆر لەو حاڵەتانەی کە دەق لێیان بێدەنگ دەبێت یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئیجتهادێک کە لە کۆن هەبووە، یان لە داهاتوو دەبێت، یان ئێستا هەیە و پێی نەزانراوە. لەبەر ئەوە ئەگەر هەموو ئەوانەی دەق لێیان بێدەنگ بووە بە حەڵاڵ بزانین هەڵەمان نەکردووە، چونکە ئەوەی دەق لێی بێدەنگ بووە جێگەی ئیجتهاد و ناکۆکیی زانایانە و بە ئەکیدی یەکێک لە ئیجتهادەکان بە حەڵاڵی دەزانێت.

## مرۆڤی موسڵمان چی بکات؟

١-مرۆڤی موسڵمان شتێک دەربارەی جیاوازیی بۆچوونەکانی فەقیهەکان بزانێت، ئەگەر شتێکی زۆر کەمیش بێت، بۆ ئەوەی بۆچوونی فەقیهەکان بە پیرۆز نەزانێت و لەوەوە تووشی نارەحەتیی زۆر بێت ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان جووڵایەوە.

٢-مرۆڤی موسڵمان داوای بەڵگە بکات لەو کەسەی فەتواکەی دەداتێ، بەلای کەمەوە تا بزانێت ئەمەی پێی دەوترێت دەقە یان ئیجتهادە، هەروەها ئەگەر دەقە، کەسی تر بەجۆرێکی تر لێکی داوەتەوە، یان بەشێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵ کردووە، واتە دڵنیا بێت کە دەقێکی قەتعییە لەڕووی گەیشتنی پێمان و لەڕووی واتاوە و مەبەستەوە.

٣-بپرسێت ئایا ئەو شتەی پرسیاری لەبارەوە دەکات دەچێتە خانەی ئەوەی دەق لێی بێدەنگە.

٤-ئەگەر زانی ئەو حوکمە ئیجتهادە و دەقی لەسەر نییە، نارەحەت نەبێت بە جێبەجێنەکردنی و لەجیاتی ئەوە بنەمای (استفت قلبک وان افتاک الناس - پرس بە دڵی خۆت بکە تەنانەت ئەگەر خەڵک فەتوایان پێ دای)(١٦) جێبەجێ بکات کە فەرموودەیەکە فەقیهەکان بەکاریدەهێنن، بەڵام بەو مەرجەی ئەو بڕیار کە دڵی دەیدات یەک بگرێتەوە لەگەڵ بەزەیی و دادپەروەری و چاکەکردن بۆ ئەوەی بڕیارەکەی بەپێی حەزێکی نادروستی نەفس نەبێت.

## توێژەرەوە چی بکات؟

کاری توێژەرەوە فراوانتر و گرنگترە:

١-خەڵک فێری جیاوازیی موجتەهیدەکان بکات، بۆ ئەوەی هیچ ئیمامێک بە موقەددەس نەزانن.

٢-فیقهـ ئەگەر ئیجتهاد بێت دین نییە تا ئەگەر مرۆڤ بەگوێی نەکات گوناهبار بێت بەڵکو فیقهی لەو جۆرە تەنها بۆچوونە، بەو شێوەیەش فیقهـ هەموو بۆچوونێکی خۆی نەخنێتە ناو ژیانی موسڵمانانەوە.

٣-ئەو فەتوایانە بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە کە ئیجتهادن و دەقیان لەسەر نییە، یان ئەگەر بەپێی دەق بن، بەڵام پابەندی تێگەیشتنی موفتییەکەن و مەرج نییە پێکابێتی.

٤-داکۆکیکردن لەسەر ئەوانەی دەق لێیان بێدەنگ بووە، بۆ ئەوەی لەژێر دەستی فەقیهـ و موفتییەکان دەریانبکەن و بیانگەڕێننەوە بۆ ئەسڵی خۆیان کە حەڵاڵبوونە.

٥-ڕزگارکردنی فیقهـ لە زۆربەی شتە زیادەکانی کە بۆچوونی فەقیهەکانن.

٦-ڕزگارکردنی ئیسلام لەو فەتوایانەی کە تەنها بۆچوونن، بەڵام بوونەتە بار بەسەر ئیسلام یان عەیبە بۆی.

**حاکم ئەگەر لە قەزییەکە نەیپێکا زەرەرمەندەکە کەسێك دەبێت، بەڵام فەقیهـ ئەگەر نەیپێکا ڕەنگە لایەکی ئوممەت بە فەتواکەیەوە گیرۆدە بن.**

---

## سەرچاوە و پەراوێز

١ محمد البلتاجي، أ.د.، مناهج التشريع الاسلامي في القرن الثاني الهجري، دار السلام، ط١، ١٤٢٥-٢٠٠٤.ص ٤٧٥. ئەمە بۆ قسەکەی شافعی. سەبارەت بە قسەکەی غەزالی لە شوێنێک بینیومەو ئێستا سەرچاوەکەیم لەبەردەست نییە.

٢ الفخر الرازي، التفسير الكبير (مفاتيح الغيب)، بيروت، دار الفكر، ط١، ١٤٠١-١٩٨١، ج٥، ص١٦).

٣ صحيح البخاري، كتاب الزكاة، باب الصدقة علي موالي أزواج النبي.

٤ الفخر الرازي، التفسير الكبير، ج٥، ص١٨.

٥ صحيح البخاري، كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة، باب ما يكره من كثرة السؤال وتكلف ما لا يعنيه.

٦ صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب توقير النبي وترك إكثار سؤاله عما لا ضرورة إليه أو لا يتعلق به تكليف وما لا يقع.

٧ ابن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، تحقيق عبدالعزيز بن باز، دار المعرفة، بيروت، ج ١٣، (دون تاريخ، مقدمة بن باز سنة ١٣٧٩)، ج١٣، ص ٢٦٦.

٨ صحيح البخاري، كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة، صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب توقير النبي وترك إكثار سؤاله....

٩ الشوكاني، محمد بن علي بن محمد، نيل الاوطار من اسرار منتقي الاخبار، تحقيق وتعليق ابو معاذ طارق بن عوض، دار ابن القيم، الريلض، دار ابن عفان، القاهرة، ط١، ١٤٢٦-٢٠٠٥، ج ١٠، ص٢٦٥. الفخر الرازي، التفسير الكبير، ج٥، ص١٩.

١٠ الشوكاني، نيل الاوطار، ج ١٠، ص ٢٦٧.

١١ صحيح البخاري، كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة، باب أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ. صحيح مسلم ، كتاب الاقضية، باب بيان أجر الحاكم إذا اجتهد فأصاب أو أخطأ.

١٢ محمد ابراهيم محمد الحفناوي، الدكتور، التعارض والترجيح عند الاصوليين واثرهما في الفقه الاسلامي، ط٢، دار الوفاو، المنصورة، ١٤٠٨-١٩٨٧، ص١٨-١٩.

١٣ الحفناوي، ص ١٩.

١٤ الحفناوی، ص ٢٠ بەدواوە و لە شوێنی تری کتێبەکە.

١٥ الحفناوی ص ٧٠-٧١.

١٦ ئەحمەد ڕوایەتی کردووەو ئەلبانی لە (صحيح الترغيب والترهيب) دەڵێت (حسن لغيره)، صحيح الترغيب والترهيب، مكتبه المعارف، الرياچ، گ١، ١٤٢١-٢٠٠٠، ج٢، ح ١٧٣٤. فەرموودەی تری هاوشێوەی هەیە. ئەوم فەرموودەیە وەڵامی پرسیاری هاوەڵێکە لەبارەی چاکەو خراپەوە: ((يا وابصة، استفت قلبك، البر ما اطمأنت إليه النفس واطمأن إليه القلب، والإثم ما حاك في النفس وتردد في الصدر وإن أفتاك الناس وأفتوك)) واتە ئەی وابیصە: پرس بە دڵی خۆت بکە. چاکە ئەوەیە نەفسو دڵ پێی ڕەحەتو دڵنیا بن، خراپەش ئەوەیە کە لە نەفس جووڵاو لە دڵ هاتو چوو ئەگەر خەڵکیش فەتوایان پێ دایو فەتوایان پێ دای)) دووبارەکردنەکەش بۆ تەئکیدکردنە.



# دەمارگیری ئایینزایی و کاریگەرییە نەرێنیەکانی لەسەر ئوممەتی ئیسلامیی



**محەممەد چیمەنی**
لەدایکبوی ١٩٨٠
ماستەر لەئوسوڵ و فیقهی ئیسلامیی
دوو بەرهەم و چەند وتارێکی بڵاوکراوەی هەیە.

یەکێک لە نەخۆشیە کوشندەکان کە بەرۆکی بە ئوممەتی ئیسلامیی گرتووە، بریتییە لە دەمارگیری ئاینزایی، بێگومان دەمارگیری شوێنکەوتوانی هەندێک لە ئاینزاکان کاریگەری نەرێنی گەورەی دروست کردوە لە مێژووی موسڵمانانداد، هەندێکجار شوێنکەوتوانی ئەو ئاینزایانەی پەلکێش کردوە بۆ جۆرها کار و ڕەفتاری نەخوازراو، ئێمە لەم نووسینەدا بەخێرایی تیشک دەخەینە سەر هەندێک لە شوێنەوارە نەرێنیەکانی ئەو دەمارگیرییە.

یەکەم: تێپەڕاندن و زێدەڕۆییکردن لە ستایش و فەزڵدانی پێشەوای ئاینزایەک بەسەر ئەوانی تردا، بێگومان هەریەک لە پێشەوایانی ئاینزاکان کۆمەڵێک ڕەفتار و ئاکاری جوانی بەرزیان هەبووە، کە بەهۆیەوە لای خەڵکی خۆشەویست بوون، بەڵام ئەم خۆشەویستیە لای هەندێک لە شوێنکەوتوانی ئەو ئاینزایانە تێپەڕاندنی تێدا کراوە، بە جۆرێک کە شوێنکەوتەی هەر ئاینزایەک ئەو بڕوایەی بۆ دروست بووە کە پێشەواکەی ئەو مەزنترین و شارەزاترین و لێهاتووترینی پێشەواکانە و شایستەترینە بە پێشەوایەتی، تا ئاستێک هەندێکیان بە پێویستیان زانیوە کە هەموو موسڵمانێک پابەندی ئەو ئاینزایە بێت و لێی لانەدات. بە نموونە: هەندێک لە شوێنکەوتوانی ئاینزای حەنەفی زێدەڕۆییان دەکرد لە ستایشکردن و بەرزڕاگرتنی ئەو پێشەوایە، بەجۆرێک ناو دەبرا بە پێشەوای هەرەمەزن و شێری پێشڕەو و چرا و تاجی ئوممەت، هەروەک عەبدولقادری قورەیشی چەندین جار ئەم ستایشانەی دوپات کردوەتەوە (الامام الاعظم، والهمام الاقدم، وتاج الامة، وسراج الامة ابو حنيفة النعمان) هەروەها خۆشەویستی و دەمارگیریان بۆ پێشەوا ئەبو حەنیفە وای لێکردبون کە هەندێک لە شوێنکەوتوانی پەنا بۆ هەڵبەستنی فەرمودەی پیرۆز بەرن بۆ ستایشکردن و پێداهەڵدانی پێشەواکەیان، بە نموونە فەرمودەی هەڵبەستراوی (لە ئوممەتی مندا پیاوێک هەڵدەکەوێت بەناوی بە نوعمانی کوڕی سابت، دەناسرێت بە ئەبو حەنیفە، خودای گەورە ئاینەکەی خۆی لەسەر دەستی ئەو پیاوە زیندو دەکاتەوە)، یان فەرمودەی هەڵبەستراوی (پیاوێک لە ئوممەتەکەی مندا هەڵدەکەوێت پێی دەگوترێت محەممەد کوڕی ئیدریس – کە مەبەست پێی شافعیە– زیانی لە شەیتان زۆرترە بۆ ئوممەتەکەم)، یان فەرمودەی هەڵبەستراوی (چرای ئوممەتەکەم ئەبو حەنیفەیە). ئەمانەوە چەندین فەرموودەی هەڵبەستراو دروستکراوە بۆ ستایشکردن و بەمەزن ڕاگرتنی پێشەواکەیان، سەرچاوەی ئەم کارەش بۆ دمارگیری ئاینزایی دەگەڕێتەوە.

نموونەیەکی تر لە شوێنکەوتوانی ئاینزای مالیکی، کە بە هەمان شێوە خەڵکانێکی دەمارگیر زێدەڕۆییان کردوە لە بەرامبەر پێشەواکەیان، دەبینی کەسێکی وەک قازی عیاز ئاینزای مالیکی بە بەهێزترین و لەپێشترین ئاینزا دەزانێت بە شوێنکەوتن و بە پێویستی دەزانێت خەڵکی پابەندی ئەو ئاینزایە بن، وەک دەڵێت: (ان مالكا أولي الائمة بالاتباع لجمعه أدوات الامامة، وتحصيله وجه الاجتهاد، وكونه أحق أهل وقته بذلك) واتە: بە ڕاستی پێشەوا مالیک شایەنترینی پێشەواکانە بە شوێنکەوتن و پێشەوایەتی، چونکە هەموو ەۆکارەکانی پێشەوایەتی کۆکردوەتەوە و گەشتوەتە پلەی ئیجتهاد، لەپێشترین خەڵکانی سەردەمی خۆیەتی بۆ ئەو بابەتە.

هاوشێوەی ئەم نموونانەش دەبینرێت لە ئاینزاکانی تری وەک شافیعی، پێشەوا ئەحمەد و ئەوانی تر، ئەم خۆشەویستیە ڕادەبەدەرە وای کردوە کە لاساییکردنەوەی کوێرانە دروست ببێت، جا پێکابێتیان یان نا، بەڵگەیان هەبوبێت یان نا.

دووەم: بڵاوبوونەی چەندین کتێب و نووسراو بە مەبەستی سەرخستن و دەمارگیری بۆ ئاینزایەک، لە سەردەمی هەر چوار ئاینزاکەدا چەندین کتێب و نووسراو بڵاوکراوەتەوە و نووسراون، کە ئامانجی سەرەکی تیایدا سەرخستن و پشتوانی ئاینزایەکی دیاریکراو بووە، هەروەها بەرپەرچدانەوەی ئاینزایەکی تری لەخۆگرتوە، ئەمەش بەدڵنیاییەوە لە دەمارگیریان بۆ ئاینزایەک سەرچاوەی گرتوە.

بە نموونە: لە نووسراوەکانی ئاینزای حەنەفییەکان کتێبی (الرد على الشافعي فيما خالف فيه القرآن) لە نووسینی قازی ئەبو سەعیدی

کوڕی ئیسحاقی نەیسابووریە، کە تیایدا بەرپەرچی بیروڕاکانی شافیعی دەداتەوە، هەروەها لە نووسراوەکان لە ئاینزای شافیعی کتێبی (مغیث الخلق) لە نووسینی پێشەوا جوەینی کە تیایدا دەیەوێت بەهێزی ئاینزای شافیعی بسەلمێنێت بە سەر ئاینزای حەنەفیدا.

سێیەم: سوتاندنی کتێب و نووسراوەکانی یەکتر وەک حاڵەتێکی دەمارگیری، لە مێژووی ئاینزاکاندا ڕووداوگەلێک هاتونەتە ئاراوە کە تیایدا پەیڕەوانی ئاینزاکان کتێبی یەکتریان سوتاندوە و لە ناویان بردووە، ئەم کارەش وەک پشتوانی بووە بۆ ئاینزاکەیان، بێگومان ئەم حاڵەتەش لە دەمارگیریەوە سەرچاوەی گرتووە.

بە نموونە: سوتاندنی کتێبەکانی (ئەبی محەممەد کوری حەزمی ئەندەلوسی) بەهۆی ئەو ناکۆکییەی کە هەیبوو لەگەڵ شەرعزانەکانی ئاینزای مالیکی لە ئەندەلوس، کە دواتر ئەم ناکۆکی و جیاوازیە سەریکێشا بۆ سوتاندنی کتێبەکانی ئیبنوحەزم بەئاشکرا. یان سوتاندنی کتێبەکانی پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالی لە مەغربی ئیسلامیی لە سەردەمی دەوڵەتی موراۆبتین، کە سوڵتان عەلی کوری یوسفی تاشەفین فەرمانی کرد بە سوتاندنی سەرجەم کتێبەکانی پێشەوا غەزالی، هەروەها هەڕەشەی دەستبەسەراگرتن و لەبەینبردنی سەروەتی هەرکەسێکی دەکرد کە نووسراوەکانی غەزالی لەماڵیدا هەبێت.

چوارەم: هەڵبەستنی فەرموودە و دەستکاریکردنی بۆ سەرخستن و پشتوانی لە ئاینزایەکی دیاری کراو، دەمارگیری ئاینزایی لای هەندێک لە پەیڕەوانی گەیشتە ئاستێک کە فەرموودە هەڵبەستن بە مەبەستی سەرخستن و پشتوانی لە ئاینزاکەیان و پێشەواکەیان، ئەم دیاردەیەش بەشێوەیەکی بەربڵاو بەدیدەکرێت بەتایبەت لە چوار سەدەی کۆچیدا. عەمری کوری عوبەیدی

**دەمارگیری وای لە هەندێك شوێنکەوتەی ئاینزکان کردووە پەنا بۆ هەڵبەستنی فەرمودەی پیرۆز بەرن بۆ ستایشکردن و پێداهەڵنانی پێشەواکەیان.**

بەسری چەندین جار فەرموودەی هەڵبەستووە، بە تایبەت لەسەر حەسەنی بەسری.

هەروەها لە مالیکیەکان (ئەسبعی کوری خەلیلی قورتبی) دەمارگیری بۆ ئاینزاکەی گەشتبووە ئاستێک کە درۆ هەڵبەستێت بەناو پێغەمبەری خوداوە (درودی خودای لەسەربێت)، هەروەها نموونەی (ئەبو جارودی زیادی کوڕی مونزیری سەقەفی) کە کەسێکی شیعە بوو، چەندین فەرمودەی هەڵبەستراوی هەیە کە باس لە کەموکوڕی هاوەڵان دەکات و پلەوپایەی بنەماڵی پێغەمبەر ئاشکرا دەکات، کە زانایان دەڵێن هیچ لەو فەرمودانە بنەمایان نییە، چەندین خەڵکی تر بەدرێژایی رۆژگار دەمارگیریان بۆ پێشەوا و ئاینزاکەیان وای لێکردوون کە فەرموودە هەڵبەستن یان دەستکاری فەرمودە بکەن بۆ گەشتن بە مەرامی خۆیان، کە سەرخستن و پشتوانیە لە ئاینزاکەیان یان پێشەواکەیان.

پێنجەم: سەرهەڵدانی قوتابخانە و مزگەوتی تائیفی، سەرهەڵدان و هاتنە ئارای قوتابخانە و مزگەوتی تائیفی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر کاریگەری دەمارگیری ئاینزایی لە رابردوودا، بە تایبەت لە نێوان چوار ئاینزاکەدا، بە جۆرێک هەر ئاینزا و شوێنکەوتەی پێشەوایەک مزگەوت و قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەبووە، بێگومان ئەم دیاردەیەش بۆ ئەو دەمارگیریە دەگەڕێتەوە کە لەو

## هاتنە ئارای قوتابخانە و مزگەوتی تائیفی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر کاریگەری دەمارگیری ئاینزایی لە ڕابردوودا

کاتەدا لە ئارادا بووە.

بۆ نموونە حەنەفییەکان چەندین قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبووە لە بەغداد، دیمەشق، میسر و وڵاتانی تر، لەوانە قوتابخانەی خاتوونیە و ئیقبالیە لە دیمەشق و چەندین قوتابخانەی تر. هەروەها مالیکیەکان چەندین قوتابخانەی تایبەت بە ئاینزای خۆیان هەبووە لە میسر، دیمەشق، حەلەب و بەیتولمەقدیس، لەوانە قوتابخانەی سەمسامیە و سەلاحیە لە شاری دیمەشق.

لە هەمان کاتدا شافیعیەکانیش زیاتر شەست قوتابخانەیان هەبووە، لەوانە عادلیەی گەورە، عادلییەی بچوک و عەسرونیە، هەروەها لە بەغداد و شوێنەکانی تر چەندین قوتابخانەی تر هەبووە تایبەت بە ئاینزاکەی خۆیانەوە.

لە حەنبەلییەکانیش هەمان حاڵەتی دەمارگیری هەبووە و شوێنکەوتوانی تەنها لەو قوتابخانەدا پێگەشتون و هاتونە گۆرەپان، بۆیە ئەوانیش چەندین قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبووە لە بەغداد، دیمەشق، حەلەب و شارەکانی تر، لەوانە لە شاری دیمەشق قوتابخانەی عومەرییە، جەوزیە، زیائیە و عالەمیە، هەروەها قوتابخانەی مەخرەمی، ئیبرادی و وەزیری کوڕی هوبەیر و ... هتد.

لەبارەی مزگەوتە تایبەتەکانیشەوە، چەندین مزگەوتی تایبەت هەبوون کە دابەشکرابوون بەسەر ئاینزایەکی دیاری کراودا، بۆ نموونە لە شاری دیمەشق مزگەوتەکان دابەشکرابوون بەسەر ئاینزا سوننیەکاندا، هەربۆیە زۆربەی مزگەوتەکانی ناو دیواری شار سەر بە شافعیەکان بوون، پاشان حەنەفیەکان، پاشان مالیکیەکان، پاشان حەنبەلیەکان، هەروەها زۆربەی مزگەوتەکانی سالیحیە دەرەوەی دیواری شار بەسەر ئاینزای حەنبەلیدا دابەشکرابوو، ئەوی تریشی بەسەر شافیعی و حەنەفیەکاندا.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەیەک مزگەوتدا چەند میحرابێکی جیاواز هەبوون، هەریەکەیان تایبەت بووە بە ئاینزایەک، هەموو کۆمەڵێک لە میحرابی خۆیدا نوێژی دەکرد، بۆ نموونە تەنها لە حەرەمی مەککەدا پێنج میحرابی تێدا هەبووە، بەپێی ئاینزاکانی ئەو کات وەک مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی و شیعە، هەر کۆمەڵێک لە شوێنی تایبەت و دیاریکراوی خۆی نوێژی دەکرد، تەنانەت لە نوێژی شێواندا لەبەر کەمی کاتەکەی لە یەک کاتدا ئەنجام دەدرا، ئەمەش وای دەکرد کە ژاوەژاو و تێکەڵی لە نوێژەکاندا دروست ببێت، ئەم دیاردەیە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا لە حەرەمی مەکییدا هەبووە.

هەروەها لە مزگەوتی ئەمەویەکان لە شاری دیمەشق چوار میحرابی هەبووە، بەپێی چوار ئاینزا سوننیەکە، هەر ئاینزاییەک لە شوێنی دیاریکراوی خۆی نوێژ کردوە و ئاڵقەی وانەخویندنی داناوە.

تەنانەت هەندێکجار فەتوای نادروستی نوێژیان لەپشت یەکتر داوە، هەروەک هەندێک لە زاناکانی ئاینزای حەنەفی فەتوای نادروستی نوێژی کەسێکیان داوە کە لە پشت پێشنوێژێکی شافیعیی دەکرێت.

شەشەم: یەکتر تۆمەتبارکردن و نەفرین و ناوزڕاندن و تانەدان، یەکێکی تر لە شوێنەوارە خراپەکانی دەمارگیری ئاینزایی دروستبوونی

گرژی و ناکۆکی و نەفرین لەیەکترکردن و تانەدان و ناوزڕاندنی بەرامبەر بووە، چونکە دەمارگیری بۆ ئاینزایەکی دیاریکراو بووەتە هۆکار بۆ کینە و ڕق لەبەرامبەر ئاینزاکانی تر، بە جۆرێک کۆنترۆڵی بیر و هزرەکانی کردبوو. بۆ ئەم بابەتەش چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو، لەوانە زانای ئاینزای شافیعی ئەبوو موزەففەر محەممەد کوڕی بەرەوی زۆر کەسێکی ڕق ئەستور بووە بەرامبەر بە ئاینزای حەنبەلی، بەجۆرێک دەیوت: «ئەگەر فەرمان بەدەست بوومایە ئەوا سەرانەم لەسەر حەنبەلییەکان دادەنا».

زانایەکی حەنەفی کە ناوی موحیبەدین محەممەدی کوڕی محەممەدی دیموقرانیە هیندیە زۆر دەمارگیر بووە لە سەر ئاینزای حەنەفی، زۆر قسەی لەسەر پێشەوا شافیعی کردوە و ڕەخنەی لێگرتوە، بۆچوونی وایە کە تانەدان لە شافیعی جۆرێکە لە پەرستش!

هەروەها زانای حەنبەلی عەبدولا ئەنساری هەرەوی سۆفی بە ئاشکرا نەفرینی لە ئەبو حەسەنی ئەشعەری دەکرد لە شاری هەرات، بەهەمان شێوە ئەبی بەکری نەیسابوری حەنەفی نەفرینی لە ئەبو حەسەن دەکرد، ئەمانە و چەندین نموونەی تر هەن کە نەفرین و ناوزڕاندن و ناکۆکی بوونی هەبووە لە ئەنجامی دەمارگیری بۆ ئاینزایەکی دیاریکراو.

حەوتەم: توشبونی زانایان بە ناڕەحەتی و ئەشکەنجە لە ئەنجامی دەمارگیریدا، کاتێک دەمارگیری ئاینزایی بووە کۆڵەگەی سەرەکی بۆ ژیانی کۆمەلایەتیی، زانستیی و ڕامیاریی لە سەردەمی چەرخی ئیسلامیدا، زانایان و شارەزایانی ئیسلام ڕووبەڕوی ئەشکەنجە و ناڕەحەتی بوونەوە. بۆ نموونە زانای حەنبەلی عەبدولغەنی مەقدسی ڕووبەڕوی ناڕەحەتی بوویەوە، کاتێک لە مزگەوتی ئەمەوی لە شاری دیمەشق هەندیک فەرمودەی گێڕایەوە سەبارەت بە سیفاتی پەروەردگار، کۆمەڵێک لە پەیڕەوانی ئەشعەری لە دژی هەستانەوە و تۆمەتباریان کرد بە (تجسیم) و شکاتیان بۆ لای فەرمانڕەوای دیمەشق بەرزکردەوە، لە ئەنجامدا فەتوای بێباوەڕبون و کوشتنی دەرکرا و فەرمانی دەرکردنی لە دیمەشق درا، هەروەها لە شاری ئەسفەهان و موسلیش ڕووبەڕوی ناڕەحەتی بوەتەوە. هەروەها کاتێک زانای ئاینزای مالیکی محەممەدی کوڕی زەرقون لەسەر پەیڕەوی مالیکی وانەدەڵێتەوە، لەلایەن دەسەلاتداری ئەوکات یوسف کوڕی یەعقوب قەدەغەی لێدەکرێت، بەلام ئەو هەر بەردەوام دەبێت لە بلاوکردنەوەی ئاینزای مالیکی، تا فەرمانی دەستگیرکردنی دەردەکرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بەند دەکرێت، پاشان هەموو کتێبەکانی دەسوتێنرێت.


ئەم کاریگەرییە نەرێنیانەی دەمارگیری لە ڕابردودا زۆتربوون تا ئیستا، وەلێ ئیستاش بە ڕێژەی جیاواز بەپێی ولات، شوێن، کەس، ئاینزا و قوتابخانە فیکریەکان بوونی هەیە، پاشان جگە لەو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە بۆ ناوخۆی موسڵمانان هەیبوە، کە ریزی موسڵمانان درزی تێکەوتوە و هۆکاری دروستبوونی کینە و دابڕان زۆر شتی تر بووە، لە هەمان کاتدا فاکتەرێکیش بووە بۆ پیشاندانی وێنایەکی ناشرینی کۆمەڵگەی ئیسلامی و دڵخۆشکردنی ناحەزان و بەلاواز پیشاندانی یەکریزی و تەبایی موسڵمانان.

---

**سەرچاوەکان:**


١. التعصب المذهبي في التأريخ الاسلامي، د. خالد كبير علال، دار المحتسب 2008.

٢. بدعة التعصب المذهبي، محمد عيد عباسي، المكتبة الاسلامية، عمان.



# ئایینزا لە دیدی دکتۆر مستەفا زەڵمیدا




**ڕێدار ئەحمەد**

ڕێدار ئەحمەد ساڵی 1974 لە دایکبووە.
خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە یاسادا،
نۆ کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

«کاروانی ژیانم» یاداشتەکانی دکتۆر موستەفا زەڵمیە، چاپی یەکەمی بەدوو بەرگ کەوتە بەردیدی خوێنەران، چاپی دووەمی لە لایەن نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بڵاوکرایەوە, هەمووی بە یەک کتێب.

ئەوەی بەوردی کتێبی کاروانی ژیانم بخوێنێتەوە، تێدەگات دکتۆر مستەفا زەڵمی لەم کتێبەدا تەنها باس لە ژان و بەسەرهاتەکانی خۆی ناکات، بە واتایەکی دی حیکایەتخوان نییە بێت سەرگوزشتەی ژیانی بگێڕێتەوە، بەڵکو پوختەی تەواوی دید و تێڕوانیەکانی خۆی لە هەموو بوارەکاندا بە شێوازێکی روون دەخاتە روو، یەکێک لەو بوارانە باسکردنیەتی لە ئایینزا بە شێوەیەکی گشتیی، لەنێویشیاندا ئایینزای ئیمامی شافیعی بە شێوەیەکی تایبەت، بەو پێیەی ئایینزای پەیڕەوکراوە لەنێو گەلی کورددا.

### ئایینزا و داخستنی دەرگای ئیجتیهاد

بە بۆچوونی دکتۆر مستەفا زەڵمی، بۆ خەڵکی ئاسایی پەیڕەوکردنی ئایینزا کارێکی پێویستە، ئەوەی کە نابێت ئەوەیە زانایان خۆیان بە یەک تاکە ئایینزاوە ببەستنەوە، چونکە ئەوە داخستنی دەرگای ئیجتیهادە و بواری سوودمەندبوونی لە زانستی زانایانمانی قەتیس کردووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: «زۆر مەلا بووە لە کوردستاندا تەمەنی خۆیان تەواو کردووە لە خوێندن و وانەوتنەوەدا، هەروەک من کۆڵەوار بووە لە شارەزایی سەرچاوەکانی ئیسلام کە قورئان و فەرموودەیە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە (مدرس)، کە جێگەی فەخر و شانازی بوو بۆ کورد و کوردستان، لە هەموو جۆرە زانستێک دانراوێک یان زیاتری هەیە بە عەرەبی، یان کوردی، یان فارسی، گەلێ گەلێ خوێندەوارترە لە ئیمامی

**خۆبەستنەوەی زانایان بە تاکە ئایینزایەکەوە و خۆدورگرتنیان لە بۆچوونی ئایینزاکانی تر، بواری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەو زانایانەی تەسک کردۆتەوە.**

شافیعی، ئیمامی ئەبوحەنیفە، ئیمامی مالیک و ئیمامی ئەحمەد لەو زانستانەدا کە پێیان دەوترێت کلیلی کردنەوەی دەرگای قورئان و فەرموودە. کە پرسیارێکت لێدەکرد، دەچوو بەناو کتێبەکانی ئایینزای شافیعیدا دەگەڕا بۆ وەڵامەکەی، یان دەفەرموێت ئیمامی شافیعی، یان نەوەوی، یان ڕافیعی وای فەرمووە. ئەو ئیمامانەی باسمان کردن، هەریەکە سەر زەوی پڕ کرد لە فیقهی ئیسلامیی، هەریەکە بە ملیۆنەها خەڵک دوای ئەوان دەکەوێت، حەڵاڵ و حەرام لەسەر ئایینزای ئەوان لەیەک جیا دەکاتەوە، کەچی مەلای تری کوردستان وەک مەلای قزڵجی، مەلای پێنجوێنی، مەلای نوتشێ، مەلا قادری گەورەی بیارە و مەلای ئیبن ئادەم، گەلێک گەلێک خوێندەوارتر بوون لەو زانستانەدا کە دەبنە هۆی دەرهێنانی حوکم لە قورئان، یان فەرموودەدا، ئەمانە (خوا لێیان خۆش بێت) هەموو کۆچی دواییان کرد، جگە لە هەندی حاشیەی سەر کتێبەکان نەبێت هیچ بەرهەمێکیان بۆ ئیسلام و کورد بەجێ نەهێشت، لەبەر ئەوەی تەنها خەریکی دروستکردنی کلیل بوون، ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لەو دەرگایە نەدەکردەوە کە بەم کلیلە دەکرێتەوە و هەموو گەنجینەیەکی ژیان، دونیا و قیامەت لەو ژوورەدایە کە ئەمان دەیانویست دەرگاکەی بکەنەوە، تەمەنیان تەواو

**زەڵمیی، بێبەرهەمی زانایانی کوردیش لە بواری فیقهی ئیسلامییدا دەگێڕێتەوە بۆ پابەندبوونیان بە تاکە ئایینزایەکەوە، کە ئەویش ئایینزای شافیعییە.**

بوو و ئەو دەرگایەیان نەکردەوە».

هەربۆیە خۆبەستنەوەی زانایان بە تاکە ئایینزایەکەوە و خۆدورگرتنیان لە بۆچوونی ئایینزاکانی تر، بواری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەو زانایانەی تەسک کردۆتەوە، دکتۆر مستەفا زەڵمی لێرەدا ئەو رەخنەیە دەگرێت کە ئەو زانایانە لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە لە قورئان و سوننەتەوە حوکمەکان دەربهێنن، دەگەڕێنەوە بۆ کتێبێک لە کتێبەکانی ئەو ئایینزایەی پەیڕەوی لێدەکەن، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوەی ئەو زانایە وتوویەتی ئیجتیهادە، ئیجتیهادیش دەکرێت بپێکێت و دەشکرێت نەیپێکابێت، لەمبارەیەشەوە دەنووسێت: «ئەو مەلایانەی کە لە پاش مەلایەتی هەوڵیان دەدا بۆ خۆیان تۆزێک فێری فیقهی ئیسلام ببن، جگە لە ئایینزای شافیعی -خوای لێ رازی بێت- نەیاندەویست فێری شتێکی تر ببن لە ئایینزاکانی تر، لایان وابوو ئەوەی شافیعی فەرمویەتی هەمووی ڕاستە، هیچ رۆژێک بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئیمامی شافیعی ئەم حوکمەی لە چ سەرچاوەیەکەوە هێناوە، تا ئەمیش بچێت سەیری ئەو سەرچاوەیە بکات تا بزانێت قسەکەی ئیمامی شافیعی ڕێی تێدەچێت کە ڕاست بێت، یان مەلاکان دەیانتوانی حوکمی زۆر شت لەو خوێندنەی خوێندوویانە، یان قورئانی پیرۆز، یان فەرموودەکانی پێغەمبەر وەربگرن، ئیمامی شافیعی (54) ساڵ ژیاوە تەنها چوار عیلمی خوێندووە، کە بریتی بوو لە عیلمی (قورئان)، عیلمی (فەرموودەی پێغەمبەر)، علمی (ئوسوڵی فیقە)، عیلمی (بەلاغە)، کەچی مەلا (12) عیلمی دەخوێند و زیاتر لە ئیمامی شافیعی دەژیا و زیاتر ئەم عیلمانەی بە خوێندن بە فەقێ دەوتەوە، کە پرسیاریان لێدەکرد، ئەگەر وەڵامی بدایەتەوە لە بۆچوونی ئیمامی شافیعی زیاتر هیچی تری پێ نەبوو، قەت نەی دەوێرا بڵێت ئەمە ڕای خۆمە بەپێی قورئان».

دکتۆر مستەفا زەڵمی، لە کتێبی کاروانی ژیانمدا نموونەی زیندوو بۆ ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو، ئەمە یەکێکە لە نموونەکان: «رۆژێک چووم بۆ لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، دیم شێخ ئیبراهیم -کە ئێستا لە کەرکووکە- لەگەڵ دوو مەلا لەوێ بوون، یەکێک لە مەلاکان کوڕی خۆی بوو، ئەوی تریان لە سلێمانی کاتی خۆی فەقێی من بوو، کە هەڵساین لای مامۆستا چووینە دەرەوە، من دایکی محەممەدم لە گەڵدا بوو، وتم یا شێخ با بچین ئەم نیوەڕۆیە لە خزمەتدا بین، وتی: تۆ ماڵەوەت لەگەڵدایە چیت هەیە لەماڵەوە ئامادە بێت بیخۆین، وتم: یا شێخ تۆ شێخی تەسەوفیت، دەبێت بەهەموو شتێک ڕازی بیت، پێغەمبەری خوا لەماوەی ژیانیدا نەیفەرمووە ئەم خواردنەم پێ خۆش نییە بیگۆڕن بە خواردنێکی تر، هەرچی ئامادە بوو پێشکەشی دەکەین.

کاتێک هاتینەوە ماڵەوە نانمان خوارد، هەندێک پرسیار کرا لە بابەت ئیسلامەوە، ئەو فەقێیەی کە کاتی خۆی لای من بوو وتی: مامۆستا، لە کاتی حەجدا دەستی پیاو بەر ئافرەت بکەوێت بەپێی ئایینزای شافیعی دەستنوێژی دەشکێت، بەڵام بە ئایینزای ئیمامی حەنەفی ناشکێت، لەبەر پێویستی

دروستە کە مرۆڤ خۆی (تقلید)ی ئیمامی حەنەفی بکاتەوە؟

وتم: جا پێویستی چییە بە تەقلید؟ شافیعی فەقێی (محەممەد حەسەن شەیبانی) بووە، ئەویش فەقێی (ئیمامی حەنەفی) بووە، واتە (حەنەفی) مامۆستای مامۆستای شافیعی بووە. شێخ ئیبراهیم ڕووی تێکردم وتی: مامۆستا وادیارە تۆ مەیلی وەهابیت هەیە! وتم: یا شێخ من نازانم وەهابی چییە، لەبەرئەوە من وەهابی نیم، بەڵام تۆ لە قسەکەم تێنەگەیشتیت.

وتی: ئاخر ئیمامی شافیعی لە هەموو خاوەن ئایینزاکان زاناتر بووە.

وتم: یا شێخ تۆ دەتوانیت بڵێیت ئەو دەروێشە لە دەروێشەکەی تر باشترە، یان ئەو سۆفیە سۆفیەکی باشە، بەڵام تۆ بڵێیت ئیمامی شافیعی زاناتر بووە لە ئیمامی حەنەفی، یان یەکێکی تر، ئەوە ئیشی تۆ نییە».

زەڵمی، لە بارەی ئایینزای ئیمامی شافیعیشەوە دەنووسێت: «من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زیاتر لە (50) ساڵە لەگەڵ ئایینزای شافعی دەژیم، بەردەوام بەراوردم کردووە لەگەڵ ئایینزاکانی تر و تا دەگاتە هاوەڵانی پێغەمبەر (خوا لێیان رازی بێت)، تا ئێستا قسەیەکم نەدی هی ئیمامی شافیعی خۆی بێت و کەسێکی تر پێش خۆی نەیوتبێت، ئەو بۆچوونانەی ئیمامی شافیعی هەمووی وتەی هاوەڵانی پێغەمبەر و ئەوانەی دوایان هاتوون (تابعین)، یان هی یەکێکی ترە لە ئایینزاکانی پێش شافیعی، ئەو هەمووی کۆکردۆتەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە من ئایینزای شافیعی بە کەم بزانم، چونکە پلەیەکی زۆر بەرزی هەیە، بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەو هەموو بیروبۆچوونانەی کۆکردۆتەوە و باشترینیانی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە.

هەرچی فەرموودەی ئیمامەکان هەیە (شافیعی، حەنەفی، حەنبەلی، مالیکی، زاهیری، ئیبازی، شیعەی ئیمامی و شیعەی زەیدی)، هەموو ئەوانەی لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە وەرگیراون، یان لەوانەی دوای ئەوان هاتوون، قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر بە ئاشکرایی باسی کردوون».

هۆکاری بێبەرهەمی زانایانی کوردیش لە بواری فیقهی ئیسلامییدا دەگێڕێتەوە بۆ پابەندبوونیان بە تاکە ئایینزایەکەوە کە ئەویش ئایینزای شافیعییە: «مامۆستای ئایینی کوردستان، لەبەرئەوەی هیچ بەرهەمێکی لە فیقهی ئیسلامیی بەجێنەهێشت، لە زۆر مانای قورئانی پیرۆز تێنەگەیشت، کە کۆچی دوایی دەکرد وەک چرایەکی ڕووناک دەکوژایەوە، هیچ ڕووناکیەکی بەجێنەدەهێشت، چونکە هەموو تەمەنی خەریکی خوێندنی ئەو حاشیانە بوو کە باسی کتێبەکەی دەکرد کە دەیخوێند، بێئەوەی بزانێت سەرچاوەی ئەو کتێبە لە کوێوە هاتووە، یان زۆر جار لە کتێبەش تێنەدەگەیشت.

ئەو مامۆستایانەی وەک مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس، مەلای پێنجوێنی، قزلجی، نۆدشە، مامۆستا شێخ عومەر قەرەداغی، مەلا قادری گەورەی بیارە، مەلا ئیبن ئادم، مەلا محەممەدی جەلیزادە، و مەلای تر لەم مامۆستا زیرەکانە وێنەیان کەم بوو.

ئەم مامۆستایانە سوودیان لە خوێندنەکەیان وەرگرت، بە تایبەتی زۆر زانستی وەک (منطق) لەوەو پێشتر نەبوو، چونکە وەرگێڕابوو، جگە لە مامۆستا ئەبوبەکری موسەنیف کە کتێبی (وضوح)ی بەجێهێشت، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس تەفسیری باشی کردووە لەسەر قورئانی پیرۆز، ئەو نووسراوانەی لەسەر ئایینی ئیسلام بەجێە-ێشتووە، مامۆستا سەید عارف ڕوونکردنەوەی

زۆر دوور و درێژی نووسیوه لەسەر (وضوح)، چەند مامۆستایەکی تر، کەس هیچی نەنووسی یان شتێکی بەجێنهەێشت کە کورد، یان ئایینی ئیسلام سودی لێ وەربگرێت».

ئەمە سەبارەت بە مامۆستایانی پێشتر، سەبارەت بە مامۆستایانی ئێستا دڵخۆشە بەو گەنجانەی کە لەبوارە ئایینییەکاندا پسپۆڕی وەردەگرن و بەجوانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕووندەکەنەوە بۆ خەڵکی، لەوبارەوەدەڵێت: «لەخوا بەزیاد بێت ئێستا زۆر لە زانایانی ئایینی کوردستان، بە تایبەتی مامۆستا گەنجەکان بوون بە پسپۆڕ، زۆریان دکتۆرا، یان ماستەریان وەرگرتووە، زۆرێکیشیان خەریکی خوێندنی باڵان لە دەرەوە، زۆر پەیمانگای ئایینی لە کوردستان کراونەتەوە. زۆر وتاربێژمان هەیە بە جوانی فەرمودەکانی خوا و پێغەمبەرمان بۆ ڕووندەکەنەوە، هیوادارین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ روو بەزیادی بن بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام و نەتەوەکەیان».

رەخنەی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە مامۆستایانی ئایینی، یان زانای ئایینی کاتێک خۆی بە تاکە ئایینزایەکەوە دەبەستێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە زاناکە ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی دەرهێنانی حوکمەکە، کە قورئان و سوننەتە، لەمبارەیەشەوە دەنووسێت: «زۆرترین ئەو مامۆستایانەی کە خوێندنی مزگەوتیان تەواوکردووە، لای ئەوان ئایینی ئیسلام بریتییە لە ئایینزای شافیعی، هیچ کەس نییە بچێت بەلای قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەردا. کەچی ناوی ئیمامی شافیعی نە لە قورئاندا هەیە و نە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا. ئەگەر یەکێک لە مامۆستایەکی ئایینی بپرسێت حوکمی فڵان شت چییە؟ دەڵێت خۆت (تقلیدی) ئیمامی شافیعی بکە، یان ئیمامی حەنەفی.

یان بەپێی بیرکردنەوەی خۆی و جۆری حوکمەکە بڕیار دەدات، وەک ئەوەی لە (حەج) دەستی بەر ئافرەت بکەوێت، مامۆستای ئایینی دەڵێت خۆت تەقلیدی حەنەفی بکە، چونکە لە ئایینزای شافیعی دەستنوێژەکەی دەشکێت.

هیچ کات ئەو مامۆستا ئایینیانە بیر لەوە ناکەنەوە کە لە سەدەی یەکەمی ئیسلامدا باشترین کات بوو بۆ کارکردن بە ئیسلام، موسڵمانەکان خۆیان (تەقلیدی) کەسیان نەدەکرد، ئەوکاتە نە ئیمامی حەنەفی، نە شافیعی، نە ئیمامی مالیک، یان ئەحمەد و نە ئیمامەکانی تر لە دایک نەبوو بوون.

ڕۆژێک لەگەڵ خوا لێخۆشبوو قازی عەبدولحەمید ئەترووشی لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دانیشتبوین لە حوجرەکەی لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی، پیاوێک هات پرسیارێکی لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم کرد. مامۆستا وتی: بڕۆ خۆت تەقلیدی ئیمام ئەبی حەنیفە بکە ئینجا ئیشەکەت بکە.

کاتێک کابرا چووە دەرەوە، قازی شێخ عەبدولحەمید وتی: مامۆستا لە پێش لەدایکبوونی ئیمامی حەنەفی موسڵمانەکان خۆیان تەقلیدی کێ ئەکرد؟

مامۆستا زەردەخەنەیەک گرتی و قسەی نەکرد. من دەمزانی مامۆستا لە دڵیدا قسەکەی زۆر پێخۆشبوو، چونکە زانا و ژیرە، بەڵام لە زمانی ئەم و ئەو دەترسێت.

زەڵمی، لەبارەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیشەوە دەڵێت: «جارێک لە کۆڕی زانیاری (مجمع العلمی) داوایان لێکردم

که نووسراوێک لەسەر ژیانی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بنووسم بۆ ئەوەی لە گۆڤارەکەیاندا بڵاویبکەنەوە، چوومە خزمەتی بۆ ئەوەی هەندێک شتی لێوەربگرم لە بارەی ژیانییەوە.

وتم: مامۆستا پرسیارێکت لێدەکەم پێت ناخۆش نەبێت، من دەزانم کە تۆ لە زانیاری و شارەزایی زانستەکانی ئیسلامدا کە هەموویان هۆی دۆزینەوەی حوکمەکانی کردەوەی ئینسانن لە قورئانی پیرۆزدا و لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا زۆر شارەزایت. بۆچی یەکێک پرسیارت لێ دەکات بە ئیجتیهادی خۆت وەڵام نادەیتەوە، بەڵکو بەناوی حەنەفی، یان شافیعی، یان مالیکی وەڵام دەدەیتەوە؟

بە مامۆستام وت: ئیمامی شافیعی لەو سەردەمەدا تەنها چوار عیلمی زانیوە، کە عیلمی قورئان، علیمی فەرمووده، علیمی ئوسوڵی فیقهو وعیلمی بەلاغە بوو، چونکە ئەو کاتە علیمەکانی تر وەریان نەگێڕابووە سەر عەرەبی، وەک مەنتیق، فەلسفە و ئاداب، تۆ دوازدە عیلمت خوێندووە و زیاتر لە حەفتا ساڵە دەرس دەیڵێیتەوە، بە سەدان مامۆستای ئایینی ئەم عیلمانەی لای تۆ خوێندووە و ئیجازەت پێداوە، بەڵام کاتێک خەڵکی پرسیارت لێدەکەن پەنا بۆ کتێبێک لە کتێبەکانی شوێنکەوتوانی ئیمامی شافیعی دەبەیت، وەک: تحفه ومغنی المحتاج و اعانه، تۆ خۆت بۆ ئیجتیهاد ناکەیت وەک ئەوان؟

ئەویش فەرمووی: راستدەکەی، بەڵام دەزانیت مامۆستا ئایینییەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندان چەند زمان درێژن و چیدەڵێن!

ئەو وتانەی من، کە پەیوەندی هەیە بە قسەکەی شێخ حسێن بۆسکێنیەوە مانای ئەوە نییە کە من ئیمامەکان بە کەم دادەنێم، یان ڕێزیان لێ ناگرم، بەڵکو ئەو ئیمامانە خزمەتێکی زۆر گەورەیان بە ئایینی ئیسلام کردووە، ئێمە زۆر سودمان لە فەرمودەکانی ئەوان وەرگرتووە. بەڵام ئەوان وەک ئێمە وتویانە پێغەمبەر خاتەمی هەموو پێغەمبەرانە. بەڵام ئیمامی شافیعی نەیوتوە من خاتەمی هەموو ئایینزایەکم، یان حەنەفی، یان ئیمام مالیک و ئەوانی تر نەیانوتوە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بخەنە کەنارێکەوە و بە وتارەکانی ئێمە کردەوە بکەن».

دکتۆر موستەفا زەڵمی ڕوو دەکاتە مامۆستایانی ئایینی و دەڵێت: «هیچ مامۆستایەکی ئایینی بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو ئیمامانە هیچیان لە ئاسمانەوە (وەحی)یان بۆ هاتبێت، بەڵکو هەریەکێک لەوانە مامۆستایەکی چاک بوون، ئیجتهادێکی باشیان کردووە، هەریەک بەپێی ئایینزاکەی خۆی رۆیشتووە هەر شتێکی فەرمووە لە هەندێک شوێندا ڕاستە، لە هەندێک شوێندا نەیپێکاوە. چونکە حوکمی خوا یەکێکە ئەگەر ئیمامەکە لە کاتی ئیجتهادەکەیدا ئەو حوکمەی دۆزیەوە، ئەوا فەرمودەکەی ڕاست دەبێت، ئەگەر نەیدۆزییەوە ئەوا بهەڵەدا چووە، نابێت موسڵمان دوای بکەوێت.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: «الحاكم إذا حكم ثم أجتهد فأصاب فله أجران وإن حكم فاجتهد وأخطأ فله أجر». واتە: موجتهەید ئەگەر ویستی حوکم بدات بەسەر شتێکدا، لە پاشدا ئیجتهادی کرد لە پێش حوکمەکەدا، ئەگەر حوکمەکەی خودای دۆزیەوە بۆ ئەو شتە ئەوە ئیجتهادەکەی ڕاستە، ئەوە دوو پاداشتی هەیە، یەکێکیان ەی ئەوەیە خۆی ماندوو کردوە بۆ دۆزینەوەی حوکمەکەی خودا، یەکێکیان ەی ئەوەیە کە بە هەڵەدا نەچووە حوکمەکەی خوای دۆزیوەتەوە.

بەڵام ئەوەی بهەڵەدا چووە ئەوا یەک پاداشتی هەیە لەسەر ماندووبونەکەی.

زەڵمی پێیوایەشوێنکەوتنی ئایینزایی تایبەتە بە هەموو مرۆڤێکی موسڵمانەوە، وەک کوردێک لەدایک دەبێت دەڵێت من شافعیم، دەژیم لەسەر ئایینزای شافعی، دەمرم لەسەر ئایینزای شافیعی، ئەمە گەورەترین هەڵەیە هەموو موسڵمانێک دەیکات، چونکە خوای گەورە نەیفەرمووە: (فاسألوا الشافعي إن كنتم لا تعلمون)، واتە: ئەگەر شتێکتان نەزانی پرسیار لە شافیعی و ئایینزاکەی بکەن، هەروەها حەنەفی و مالکی و ئایینزاکانی تر، بەڵکو فەرمویەتی: (فَاسْأَلُوا أَهلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ). واتە: ئەگەر شتێکتان نەزانی لە زاناکان بپرسن، ئەم زانایانە لە ئایینی ئیسلامدا دیاری نەکراون.

بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەوەی کە ئەم قسانەی من بکات، پێیدەوترێت (وەهابی) هەروەک ئەوەی کە دوای شێخێک نەکەوێت پێی دەوترێت (منکر)، لە زەمانی (معتزلەکاندا) ئەوەی بیوتایە ئەی موسڵمانەکان ژیری بەکاربەێنن، جیاوازی لە نێوان ئادەمیزاد و ئاژەڵدا ژیرییە، پێیان دەوت (زندیق). ئەم وتانە و ئەم جیاوازییەی نێوان ئایینزاکان هەتا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و هەر (ڕق)ەبەرایەتی نێوان موسڵمانەکان زیاد دەکات، سەر لە هەمووی شێوا، دوای چواردە سەدە لە ئیسلام بونەتە ژێر دەستەی ئەمریکا و ئینگلیز و ڕوس.

موسڵمانەکان هێشتا خەریکی گفتوگۆن کە ئایینزای کێ ڕاستە، لە هەمان کاتدا ئەمریکا و روسیا بە نەوتی گەلانی موسڵمان کەشتی ئاسمانی ڕەوانە دەکەن بۆ مەریخ».

دکتۆر موستەفا زەڵمی دڵگرانە کە کورد زانایانێکی زۆر پایەبەرزی تێدا هەڵکەوتووە بەڵام بەهۆی پابەندیان بە ئایینزاوە نەیانتوانیووە سوود لەزانستەکەیان وەربگرن وەک پێویست، هۆکاری ئەمەش دەخاتەڕوو، دەنووسێت: «ئیمامی ئەبو حەنیفە هەرچەند بلیمەتێکی زۆر گەورە بووە بیروباوەڕی زۆر قوڵ بووە، بەڵام بڕوا ناکەم مەلای قزڵجی، مەلای پێنجوینی، مەلای نۆدشی و مامۆستا ئاینییە گەورەکانی کوردستان هیچ وەخت لەو کەمتر بوبن لە ڕووی زانست و زانیارییەوە، بەڵام ئەو مامۆستا ئایینییانە هیچ بەرهەمێکیان بەجێنەهێشت لەبەر دوو شت:

یەکەم: خۆیان تەسلیمی ئایینزای ئیمامی شافیعی کرد.

دووەم: تەمەنی خۆیان بە وانەوتنەوە و حاشیە دانان بەسەر کتێبەکان بەسەربرد، زانایییەکەیان دەکوژایەوە بەکۆچی دوایی خۆیان».

ئەم بۆچوونانەی دکتۆر موستەفا زەڵمی بەو مانایە نایەت کە کاری ئەو ئیمامە پایەبەرزانە بەکەم سەیر بکات، نەخێر، دکتۆر موستەفا زەڵمی ڕێزێکی زۆری بۆ هەموو ئایینزا و ئیمامەکان هەیە، باشترین بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە لە هەموو کتێبەکانیدا بەراوردی هەشت ئایینزای ئیسلامیی دەکات، ئینجا بۆچوونی خۆی دەڵێت.

لە کتێبی کاروانی ژیانیشمدا ئەوەی بەروونی دەردەکەوێت کە چەندە ڕێزی ئیمامەکان و ئایینزاکانی لەلایە، ئەوەی دکتۆر موستەفا زەڵمی جیادەکاتەوە، ئەوەیە دکتۆر مستەفا زەڵمی پێیوایە باشترین وەفا بۆ ئەو ئیمامە سەرئایینزایانە درێژەدانە بەکاری ئیجتیهاد، بۆچوونەکانی ئەو ئیمامە بەرێزانەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندکارن و کاری زانایانی نوێش تەواوکارە بۆ ئیجتیهادەکانی ئەوان.

# تەوەری داهاتوو
# ئازادییە گشتییەکان

**گۆڤاری خاڵ، بابەتی (ئازادییە گشتییەکان) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:**


**١- چەمکی ئازادی لە نێو دەقەکنی قورئانی پیرۆزدا.**
**٢- تایبەتمەندی ئازادی لە ئیسلامدا.**
**٣- ئازادییەکانی تاك، ئایین و پۆشینی جلوبەرگ بە نموونە.**
**٤- ئازادی لە نێوان تێڕوانینی ئیسلامیی و تێڕوانینی رۆژئاوایی.**
**٥- پەیوەندی نێوان ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە دیدی ئیسلامییدا.**
**٦- ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە دەوڵەتی ئیسلامیی.**
**٧- ئازادی وەك بەهایەکی شارستانی لە دەقەکانی قورئان و فەرمودەدا.**
**٨- ئازادی بیرکردنەوە و رۆڵی لەبەرەوپێشبردنی مەعریفە و زانست.**

**داواکارین لە نووسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو بوارانەی ئاماژەیان پێدراوە تا (٢٠١٦/٧/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکە و بە رێنووسی یونیکۆد بنووسن.**

**گۆڤاری خاڵ**

# بابەتی گشتیی







# سەعید نورسی

## لە زمانی (پیرەمێرد)ەوە

### تیشکێك لەسەر کاری هاوبەشیان و خزمەتی هەردووکیان بەپرسی نەتەوەکەیان



د. عومەر عەبدولعەزیز
لەدایکبووی 1958 هەڵەبجە. دکتۆرا لە توێژینەوەی ئیسلامیی. سەرۆکی رێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە. چەند کتێبی چاپکراو، دەیان لێکۆڵینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

شاعیر، حەکیم و ڕۆژنامەنوس، حاجی تەوفیق بەگی سلێمانەیی، ناسراو بە(پیرەمێرد)، کوڕی حەمزەئاغای مەسرەف، لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودی حەفید، چۆتە ئەستەنبوڵ و بۆتە میوانی خەلیفەی عوسمانی. لەوێوە سەفەری حەجی کردووە، کە گەڕاوەتەوەبۆ ئەستەنبوڵ، بۆ ماوەی (25) ساڵ لەوێماوەتەوە. ساڵی (1899ز) بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید کراوە بەئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەستەنبوڵ، لەبەر لێهاتوویی و وریاییش لە زۆربەی ناوەندەکانی سەردەمی خۆیدا دەرکەوتووە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ زانای گەورەی کوردستان، مامۆستا (سەعید نورسی)، بۆتە ئەندامی چالاکی (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققی کورد)، بەخاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری ئۆرگانی کۆمەڵەکەش – گۆڤاری (کورد)– هەڵبژێرراوە. هەر لەئەستەنبوڵ کۆلیژی حقوقی تەواو کردووە و هاوسەرگیریی کردووە. لەسەرێکی ترەوە لەگەڵ نورسی ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی (کۆمەڵەی ئیتتحادی موحەممەدی) بوون. بۆیە لەبەر چالاکیی و هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەیان، هەردووکیان دەسگیرکراون، پێکەوەش ئازادکراون. جگەلەوە پیرەمێرد ئەندامی (کۆمەڵەی زانستیی کوردان)، (کۆمەڵەی کوردستان)، (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) و (کۆمەڵەی هێڤی)یش بووە(1)

زانا، نووسەر و بیرمەندی گەورەی کورد و جیهانی ئیسلامیش، بەدیعوززەمان سەعید نورسی، هەر لەتەمەنی لاوییەتی و لەشانزەساڵیدا، ساڵی (1892) نازناوی هەڵکەوتووی سەردەم (بدیع الزمان)ی لەلایەن زانایانی ئەو کاتەوەپێبەخشراوە، ئەمەش پاش گفتوگۆیەکی زانستیی کە لەشاری (سعرت) لەگەڵی کراوە. ساڵی (1907) چووە شاری ئەستەنبوڵ و ڕایگەیاند کە ئامادەی وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی خەڵکییە. هەمان ساڵ نامەیەکی نووسی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید و داوای چاکسازیی کرد لەکوردستان. هەر لەو ساڵەدا ئاشنا بوو بەحاجی تەوفیق بەگ، کە بە (پیرەمێرد) ناسراوە. ساڵی (1908) لەگەڵ ژمارەیەک لە دۆستانی، کۆمەڵەی (یەکێتی محەممەدی)یان پێکەێنا و هەمان ساڵ بە بۆنەی ڕووداوی (31ی مارت)ەوەلەگەڵ (پیرەمێرد) و ژمارەیەکی تر لە ڕووناکبیرانی کورد و تورک دەستگیرکران. نورسی لەو چەند ساڵەی ئەستەنبوڵدا چەندین وتاری لەگۆڤار و ڕۆژنامەکوردی و تورکییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، وەک: (کورد)، (وۆلقان)، (شەرقی کوردستان)، (سەربەستی)، (سبيل الرشاد) و.. هتد. لە ژیانیشیدا چەندین جار دادگایی و زیندانکراوە و دوورخراوەتەوە. لە( 1960/3/23) پاش تەمەنێکی موبارەک و خزمەتێکی زۆر و نووسینی دەیان کتێب و نامیلکەکۆچی دوایی کرد(2)

**نورسی و پیرەمێرد ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی (ئیتتیحادی محەممەدی)**

ئەندامێتیی پیرەمێردی شاعیر لە(ئەنجومەنی بەڕێوەبردن)ی کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)، لای زۆربەی مێژوونوسان، یان پێی نەزانراوە، یان فەرامۆش کراوە و بەهەند نەگیراوە. بەڵام باسی ئەندامێتیی نورسی کراوە، چونکەخۆی باسی کردووە. بەندە کە ئێستائەم دێڕانە دەنووسم دەقی پێڕەوی ناوخۆی (ئیتتیحادی محەممەدی)م لەبەر دەستدایە کە ئەوکاتە ناوی (نظامنامە)یان لێناوە و لە ژمارەی (75)ی ڕۆژنامەی (وولقان)ی زمانحاڵی کۆمەڵەکەدا، لەساڵی 1909 بڵاوکراوەتەوە، لە کۆتاییەکەیدا ناوی (26) ئەندامەکەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، بەناوی (مجلس إدارە) هاتووە، کەلەزنجیرەی هەشتەمدا ناوی مامۆستا نورسی بەمجۆرەنوسراوە: (بديع الزمان سعيد كوردى ابن ميرزا). لەزنجیرەی (25)یشدا ناوی تەوفیق بەگ

(پیرەمێرد) بەمجۆرەهاتووە: (مدرسیندن توفیق أفندی)(3).

هاودەنگیی و هاوهەڵوێستیی نورسی و پیرەمێرد لەهەڵگرتنی خەمی نەتەوە، خاک و ئوممەتدا، وای لێکردن کە هەردووکیان پێکەوە ببنە ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەی ئیتتیحادی محەممەدی، کەلە (1909/4)دا، لەکۆبونەوەیەکی فراوانی گۆڕەپانی بەردەم مزگەوت و کڵێسای (ئەیاصۆفیا)ی شاری ئەستەنبوڵدا، ڕاگەیەنرا، نورسی وتارێکی گرنگی تێدا خوێندەوە و پشتیوانیی لێکرد، کەخۆی لەژیاننامەکەیدا بەشانازییەوەباسی ئەو ڕۆژە و ئەو وتارە و ئەو ڕێکخراوە دەکات(4). کۆمەڵەی ناوبراو بۆ داکۆکی لە ئیسلام و دەستوور و بەنیازی چاکسازیی لەسەڵتەنەتی عوسمانیدا دامەزرا. هەندێک پێیانوایە کەنورسی بۆ خۆی دامەزرێنەری ڕێکخراوەی (ئیتتیحادی محەممەدی) بووە(5).

### دامەزراندنی (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققی کورد)(٦) و ئەندامێتیی نورسی و پیرەمێرد

کاتێک لەژێر فشاری هێزە بەرهەڵستکارەکانی سوڵتان عەبدولحەمید، شۆڕشی دەستووریی لەتورکیا سەری گرت، سوڵتان ناچاربوو کە سەرلەنوێ لە(1908/7/23)دەستوور ڕابگەیەنێت- کەبەڕاگەیاندنی دووەمی (مەشروتە) ناسراوە و سیستمی حوکمڕانیی بکاتە دەستووریی(7). بۆیە پاش ئەوە کرانەوەیەکی سیاسی گونجاو ڕوویدا، لەو ساڵەدا کوردانی دانیشتووی شاری ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوێکیان بەناوی (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققی کورد) دامەزراند، شێخ عەبدولقادر شەمزینی بووەسەرۆکی.

سەبارەت بە پەیوەندیی نورسی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە و هەندێک ڕێکخراوی تر، (ڕۆهات

**(کاك ئەحمەدی شێخ)ی سلێمانی، چۆتە خەوی سەعید نورسی لە زینداندا و مژدەی داوەتێ کە: ئێوە نامرن و ئەمێنن و ئازاد دەکرێن، داواشی لێدەکات کەئەو هەواڵەبدات بە پیرەمێردی هاوڕێی زیندانی.**

ئەلاکۆم) دەڵێت: «لەو ماوەیەدا کەنورسی لە ئەستەنبوڵ بوو، تێکەڵییەکی کاریگەری لەگەڵ (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققی کورد)، (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد) و (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) هەبوو. لەلایەکی دیکەوەساڵی (1920) بووە یەکێک لەدامەزرێنەرانی هەیڤی سەوز (یەشیل ئای).(8) لەجێیەکی دیدا دەڵێت: «جێگرتنی سەعیدی کوردیی لەنێو دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم جەمعییەتەدا (مەبەستی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردە)، نیشانەی هاوکاریی ئەو بووە، کۆششەکانی سەعیدی کوردیی بۆ سەرهەڵدانی جەماوەریی لەدژی دەسەڵاتی عەبدولحەمید - بەبەشداریکردنی لەو جەمعییەتەدا- واتایەکی دیکەیان پەیدا کرد(9).

بەداخەوە لە زۆربەی ژیاننامەکانی مامۆستا نورسیدا، باسی ئەم ئەندامێتیی و جۆرە چالاکییانەی نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی سەرچاوە کوردی، عەرەبی و تورکییەکانم خوێندۆتەوە. بۆ خۆیشی وتارێکی لەژمارە شەشی ڕۆژنامەی (کورد) دا نووسیوە، تیایدا ئاماژە بەڕۆڵی ئیسلام دەکات لەبزافی ڕزگاریخوازی کورددا، جەختدەکاتەوە لە کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی کورد) کە پەنابەرێتەبەر سوودوەرگرتن لە شەریعەتی ئیسلام بۆ ڕێکخستنی سەرلەنوێی کۆمەڵە(10).

## هاودەنگیی و هاوهەڵوێستیی نورسی و پیرەمێرد لە هەڵگرتنی خەمی نەتەوە، خاك و ئوممەتدا، وای لێکردن کە هەردووکیان پێکەوە ببنەئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەی ئیتتیحادی محەممەدی

### پیرەمێرد خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گۆڤاری (کورد)

ڕێکخراوی ناوبراو بڕیاری دا کەڕۆژنامەیەک دەربکات بە ناوی (کورد)، (پیرەمێرد)یشیان بەهەڵبژاردن وەک خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە دەستنیشان کرد، کە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لەئەستەنبوڵ دەردەچوو. جگە لەوەش، یەکێک لە دە ئەندامی یەکەمی دامەزرێنەرانی بووە، وەک پێشتر باسمان کرد. لەو کاتەدا نورسی لە ئەستەنبوڵ دەژیا، لەگەڵ پیرەمێرد هەردووکیان لەخەمی دەستەبەرکردنی مافەکانی میللەتەکەیاندا بوون، بۆیە هەردوولایان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکەی زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی کورد) -واتەڕۆژنامەی (کورد)- هاوکاری یەکتربوونو برادەرییان زۆر گەرموگوڕ بوو.

### دژایەتی (ئیتتیحاد و تەرەققی) تورکان بۆ (تەعاون و تەرەققی کورد)

کاتێ سەرانی (ئیتیحاد و تەرەققی) دەسەڵاتیان کەوتە دەست، لەبەر دژایەتییان بۆ ئیسلام و ئەو دەمارگیرییە تورکچییەتیەش کە هەیانبوو، دەستیان کرد بە سنورداركردنی ئازادییەکان بەگشتیی و چالاکی کەسایەتییە کوردەکان بەتایبەتیی، بۆیە کەوتنە دژایەتی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی کورد) و ڕۆژنامەکەیان، چ لەبەر پشتگیریکردنیان لە ئیسلام، وەک ئایینی کۆمەڵگەی کوردستان، چ لەبەر داکۆکیکردنیان لە مافەنەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان.

### سەرەتای یەکترناسینی پیرەمێرد و سەعید نورسی

وتارێکی پیرەمێرد، سەرەداوی زانیاری بەسوودمان دەداتێ، لەسەر یەکترناسینی یەکەمجاریان، سەرەتای ئاشنابوونی نورسی و پیرەمێرد بە یەکتر. وا دیارە لە ئەستەنبوڵ قاوەخانەیەکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەتایبەت بە کوردەکان هەبووە بەناوی (قیرائەتخانەی دیاربەکر)(11)، پیرەمێرد ڕۆژێک لەڕۆژنامەکاندا ئەو هەواڵەی بیستووە، کە مەلا سەعیدی نورسی ڕایگەیاندووە: «ئامادەیە لەماڵەکەی خۆیدا، وەڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە». لەو هەواڵەوە پیرەمێرد خولیای ناسینی نورسی دەکەوێتەسەری و دەبنە هاوڕێ و هاوکاری چەندین ساڵەی یەکتر.

دواتریش پیرەمێرد پاش دوورکەوتنەوە لە ئەستەنبوڵ و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، سەرەڕای تێپەڕینی دەیان ساڵ، وەک وەفا و پێزانینێک بۆ ئەو دۆستایەتییە خاوێنە، لە چەندین جێی ڕۆژنامە نایابەکەیدا (ڕۆژنامەی ژین) کە لەسلێمانی دەریدەکرد، باسی سەعید نورسی دەکات، هەندێک لە بیرەوەریە هاوبەشەکانیان و ناوبەناو بەشێک لە هەڵوێست و وتە بەنرخەکانی دەگێڕێتەوە. ئەمەی خوارەوە بەشێکن لەو هەوڵانەی پیرەمێردی ڕەحمەتیی بۆ زیندوڕاگرتنی یادی مامۆستا نورسی:

**1. وتاری: (تەئریخ و ئەشخاص، بەدیعوززەمانی کوردیی):**

پیرەمێرد لەژێر ئەو ناونیشانەدا دەڵێت:

«لە ئەستەنبوڵ بووم، ئاموشۆی (قیرائەتخانەی دیاربەکر)م ئەکرد. زۆرتر کوردەکان لەوێ دادەنیشتن. ڕۆژێکیان لەغەزەتەدا خوێندمەوەکە: «لە (وان)ەوە مەلا سەعید ناوێک هاتووە لەقەبی (بەدیعوززەمانی کوردی)یە، لە (مەدرەسەی فاتیح) دادەنیشێت. تا حەوت ڕۆژ هەرکەس ئارەزوو بکا لەعیلمدا هەرچی لێ بپرسێت، جوابی ئەداتەوە.» ئەم ئیعلانەبوو بە جونبوشێک بەژن و بە پیاوەوە هەرچی هەڵدەستا ڕووی ئەکردە فاتیح. نیوەیان بۆ پرسیار و نیوەیان بۆ سەیر، ئەچوون. هێجگار ئەوانەی کە ئەچوون عەجائیبیان لەوە ئەما، کوردێکی هەڕەتی کوڕێنی، بەشاڵ و شەپک، چۆغە و ڕانک و پشتێنێکی چیت، دوو سێ جامەدانە و شەدەی گوڵنکەدار بەسەرەوە، قەمەیێک بەلاقەدەوە و سمێڵ بادراو و ڕیشی هەڵپاچراو، لافی مەلایەتی لێ ئەدا.

ڕەفیقێکم بوو یادی بەخێر، (خەلیل خەیاڵی) زۆر خوێندەوار و بەویقار و بەئاپار، هەمیشە بە یەکەوەبووین! پێی گوتم: ئاغا، مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان هاتووە، هێشتا تۆ نەچووی ببینی؟ وتم: کاکە، من و مەلایان نەوتووە. وتی: ئاخر ئەویش وەک تۆ لە مەلایان بێزارە. تەعریفی وا بۆ کردم دەستبەجێ وتم: هەستە با بڕۆین. وتی: باشە، وا ئێوارەیە، درەنگەئێستا کەسی لەدەور نەمابێ.. کەچووین، لە دوور ئێمەی بەچاو کرد. هەستا هات بە پیرمانەوە، بە(خەیاڵی بەگ)ی گوت: یاخوا بەخێر بێی. دیارییەکی قنجت بۆ هێناوم. باوەڕم ئەوەیە ئەمە (سلێمانیەلی تۆفیق بەگ)ە! {ناوی پیرەمێردە}. (خەیاڵی)ش وتی: سەییدی! بەچت زانی هەوە؟ وتی: دڵم خەبەری دامێ. هەویش نەبێ، بەو نیەتە دەست ئەکەمەملی. دەستی ڕاستی بەسەر شانمدا هێنا، خستییەپشت شانمەوە، وتی: موصافەحەی کوردان وەسانە.

دانیشتین. لەپاش گفتوگۆیەک، بووینە ئاشنا. درێژەی پێ نەدەین، دوایی ئەویان بردەمابەین، ئەهمییەتێکیان پێداو مەعاشیان بۆ تەخصیص کرد. نەیویست و هەندێ قسەی ناشیرینی کردبوو، وتبووی: من بۆ سواڵی مەعاش نەهاتووم، بۆ چارەی میللەتەکەم هاتووم، مەعاریفیان نییە و پادشایش زەکاتی زەمانی سەڵتەنەتی خۆی وەک (عمر عبدالعزیز) صەرف کا. ئەوانیش ناردیانە (تیمارخانە)(12) و مودیری تیمارخانە کەگفتوگۆی لەگەڵ کردبوو، تێگەیشتبوو، ئیستیعفای کردبوو، وتبووی: ئەگەر ئەم پیاوە شێت بێ، کێ عاقڵە..؟!

ئیتر مەلا سەعید کەوتە گێچەڵەوە، حەپس کراو بەربوو. لەژێر موراقەبەدا بوو تا (مەشروتیەت) فریای کەوت. چەند نوتقی داو چەند مەقالەی لە غەزەتەدا نووسی. درۆ ناکەم، مەقالەی غەزەتەکانی، من بۆم ئەنوسییەوە، چونکە ئەوەڵەن خەتەکەی نەدەخوێنرایەوە(13) دووهەم تورکی تەواو نەدەزانی، تا لەدواییدا فێربوو. ئەنجا ئیلتحاقی (جەمعییەی کوردانی)(14) کرد، عوزوی فەععال بوو. لەوێشدا دوو کەسی خۆمان و یەکێکی کەرکوک دڵی (سەید عەبدولقادر)(15) یان لێ ئێشان، بەڵام (دار الحكمة الإسلامية)(16) بردیانەمەجلیسی خۆیانەوە، جوابی سوئالی ڕاهیبە ئینگلیزەکانیان پێ دایەوە. پێنج هەزار قرۆشیان دایێ، ئەویشی نەویست، بەخۆڕایی ئەو ئەسەرە نایابە کەئیسکاتی ڕەهبانەکانی ئینگلیزی پێ کرا، بەعەرەبی بۆی نوسییەوە. لەشەڕی یۆناندا، چوو لە کوردستانەوە لەشکرێکی زۆری کوردی پێش خۆی دا، بەدەهەزار کەسەوە ئیلتیحاقی قیوای میللییەی کرد. منیشی بەزۆر لەگەڵ خۆی برد، تا

یۆنان شکا.

دوایی لەخصوصی دیانەتەوە لەگەڵ (ئەتاتورک) دەمەقاڵیان بوو، تەرکی دونیای کرد. چووە سەر شاخی یوشەع پێغەمبەر، چل شەو ڕیازەتی کێشا. ئاخری من دۆزیمەوە، بەفێڵ بردم بۆ (ئەرزرۆم)، لای خالید بەگ رەئیسی (پورە)ی کوردستان، لەوێش ئیشتراکی (قۆمیتە)ی نەکرد. مایەوە خالید بەگ و سەید عەبدولقادر و ئەو گەلە ناودارانەی کوردە بەدارا کران و ئەویشیان نەفی کرد لە (بوردور). چوار ساڵ لەمەوپێش کە چوومە مەعرەزی (ئیزمیر)، بەخزمەتی گەیشتم، ئیتر فەرامۆشیم کردبوو. نەء، نەء، بە خودایێ کەمن و ئەوی بەیەک ناسیوە، تا دەمرم فەرامۆشی ناکەم و بەیەکەوەیش دەمرین.. جا پیرێ ئیوارەلەماڵی جەمیلی خوشکەزام بووم، بێ نەشئەبووم، وتم: کتێبێکی تورکیم بدەرێ، وەختی پێ ڕابوێرم. هەروا کتێبێکی شری بۆ هینام، کە لە وەقتی خۆیدا نوسیویەتەوە و « مصطو»یش لەژێریدا نووسیویە: «کورد و کوردستان بوی لە پارلاق ناحیەلەرن افتخارو تعالی ایدییور.» ئەو زاتە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی میللەتی کوردە، ئەمەوێ بەرەبەرە ئاسارەکانی تەرجەمە بکەم و لە(ژین)دا بینووسم. لەسەر خوا(17).

2- بەسەرهاتێکی دانسقەی (نورسی) و (پیرەمێرد) لەزینداندا:

بە پێی پارچە شیعرێکی ناسکی خودی پیرەمێرد- کە لێرەدا دەینووسمەوە-وا دیارە شەوێک لە شەوەکانی زینداندا، کە هەردووکیان -پیرەمێرد و نورسی- بە خەفەتی ئایین و خاک و خەڵکەوە خەویان لێکەوتووە، (کاک ئەحمەدی شێخ)ی سلێمانی، چۆتەخەوی سەعید نورسی و مژدەی داوەتێکە: ئێوە نامرن و ئەمێنن و ئازاد دەکرێن، داواشی لێدەکات کە ئەو هەواڵە بدات بە پیرەمێردی هاوڕێی زیندانی..!

بە دڵنیاییەوە پیرەمێرد - بەحوکمی ئەوەی گەورە بووی شاری سلێمانییە، کە مەڵبەندی کاک ئەحمەدی شێخەجارانی تر - لە زیندان بوو بێت، یان لە دەرەوەی زیندان- باسی کاک ئەحمەدی شێخی بۆ سەعید نورسی کردوەو گەورەیی و خواناسی و خەمخۆرییەکانی بۆ گوتووە، بۆیەنورسی خەوی پێوەبینیوە.

پیرەمێرد لە پێشەکی کتێبی (مەناقیبی کاک ئەحمەد)دا - کە عەزیز ئەفەندی وەسمان پاشا، ناسراو بە خواجە ئەفەندی لە وەسفی کاک ئەحمەدی شێخدا، لەساڵانی سییەکاندا بەزمانی فارسی نوسیویەتی و پیرەمێرد وەریگێڕاوەتەسەر کوردی- ئەم باسەی نورسی دەکا و دەڵێت: «لەئەستەنبوڵ لەزەمانی ئیحتیلالدا - مەبەستی سەردەمی کودەتای ئیتتیحادییەکانە- لەگەڵ مەلا سەعیدی مەشەور بەبەدیوزەمان نورسی، لەزیندانی بلوکی بەکرئاغادا حەبس بووین. دەیانویست هەڵمانواسن و پێشیان وتین. لەبێهۆشیدا بووم و هەریەکەمان بەجیا لە ئۆدەیەکدا بووین و نۆبەتچیشمان لەبەر دەرگا بوو. مەلا سەعید هات، فەرموی: مەترسە نامانکوژن. کاک ئەحمەدی شێخ هات (واتە: لەخەومدا)، مژدەی دامێ. ڕاستی فەرموو، بەیانی عەفو کراین(18).

لە ژمارەیەکی تری (ژین)دا، دەڵێت: «لەسەورە و قۆمیتەی (ئەرزرۆم)ی کورداندا، لەگەڵ (خالید بەگ) و (یوسف زیا) و دکتۆر کەمالدا، لەخزمەت مەلا سەعیدی بەدیعوزەماندا، ڕەنجم ئەدا و ئیدارەی عورفیی لە ئەستەنبوڵ بەئیعدام مەحکومی کردم.» لەژمارەیەکی تری (ژین)دا شوێنی زیندانەکەدیاری دەکات و دەڵێت: «لەزیندانی ژێرزەمینی (بلوکی بەکر ئاغا) لە ئەستەنبول گیرابووم، بیمی خنکاندم هەبوو.»

بەهەرحاڵ، دواتر پاش زیاتر لە(30) ساڵ،

پیرەمێردی ڕەحمەتی ئەم یادگاریی و بیرەوەرییە بەچێژە لە کۆپلە شیعرێکیدا لەسلێمانی بەزیندوویی دەهێڵێتەوە و لەژمارە(883)ی ڕۆژنامەی (ژین)دا، لەساڵی (1941) لەژێر سەردێڕی (نەڕەی دێوانە) بڵاوی دەکاتەوەو دەڵێت:

کاک ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا!
زۆرکەس لەسایەی تۆوەنان ئەخوا
لەوانەزیاتر من تۆم خۆش ئەوێ
هەر تۆی سەربەرزی قەومەکەت ئەوێ
کەلەزیندانیان تێک خزاندبووین
سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چوبوویتەلای (بەدیعوززەمان)
مژدەت دابوویێبەژیانو مان
فەرموبووت: ئێوەنامرن، ئەمێنن
تا سەر ئازادیی گەلتان ئەسێنن
خۆ من باوەڕم بەوەکردووە
بەوەصیەت ناوی ئێوەم بردووە
بەڵام وا ئەمرم بەو ئاواتەوە
بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە(19)

جارێکی تریش لە ژمارەیەکی (ژین)ی ساڵی (1944) باسی ئەو خەو و هەواڵەی نورسی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەک نمونەی یەکێک لە کەرامەتەکانی نورسی دەیوروژێنێت، گوایەوا دەردەخا لە کاتی منداڵیدا شتی زۆری بیستووە بەناوی کەرامەتەوە، کاتێکیش چۆتە ئەستەنبوڵ پێکەنینی بەخۆی هاتووە کەچۆن کاتی خۆی بڕوای بەوە کردووە ک ەقاپقاپ لەبەغدا بهاوێژرێت لە هیندستان سەر بپەڕێنێ! پیرەمێرد دەیەوێبڵێت: نە ئەو سادەیی و خۆشباوەڕییەی سەردەمی منداڵیی تەواو بوو، نە ئەوەش کە بەڕەهایی هەموو شتێک ئینکار بکرێت. بۆیە حاڵەتێکی مامناوەدی پێراستترە و وا دەردەخات کەکاک ئەحمەدی شێخ خاوەنی کەرامات بووە. بۆیەدەڵێت: «تا لەدواییدا

**پیرەمێرد پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لە چەندین جێی ڕۆژنامەی ژین باسی سەعید نورسی دەکات، هەندێك لە بیرەوەرییە هاوبەشەکانیان و ناوبەناو بەشێك لە هەڵوێست و وتە بەنرخەکانی دەگێڕێتەوە.**

بەخزمەت مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان گەیشتم، لە کاتی ئیعدامدا مەلا سەعید هات، فەرمووی: ناشێت بتانخنکێنن و ڕاستیشی کرد. ڕزگار بووین. ئەنجا بەو کەرامەتەی کاک ئەحمەدە هاتمەوەسەر ڕێی پێشوو. من خۆم کەراماتی کاک ئەحمەدم دیبوو(20).

### 3. وتاری (ترس و واهیمە):

پیرەمێردی شاعیر، لەژێر ئەو ناونیشانەشدا ئەم بابەتەی خوارەوەی نووسیوە، کەتێیدا ئاماژە بەئازایەتیی و نەبەردییەکانی نورسی و شوێنکەوتووانی دەکات:

«... وڵاخی ڕەسەن هونەری لە درێژیی و سەڵەفدا دەردەکەوێت. بەڵێ: ئەگەر تورکیا لەناوا نەبێت لەملاوە ترسمان ڕێدەکەوێت. بەڵام من خۆم پەروەردەی ناو تورکم و لەشەڕی یۆناندا بووم. سێصەد هەزار جەنگاوەری یۆنان بەزەخیرە و موهیمماتی تەواوەوە، بە جلوبەرگی تازە و ئەسلەحەی مومتازەوە هاتنە سەریان، گاپوڕی ژنانی ئەنادۆڵی لەقۆماندەی (قەرە ئایشەی بیکباشی) و (صاریی ئامینە)دا بەرەنگاریان بوون. خوا دەیزانێدرۆی تیا نییە، ئەو لاوانەی کە (مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان) لە کوردستانەوە هێنابوونی، وەک کارئاسک گومەتەیان ئەبەست و وەک سوێسکە هەڵدەقولین، هێشوویان لەپشت ژنەتورکەکانەوە

**پیرەمێرد لە چەندین شوێنی نووسینەکانیدا باسی (نورسی) دەکات، چ سەرەتای ناسینی، چ کاتی خەبات و هەوڵی سیاسی و خزمەتکردنیان بە ڕۆژنامەگەریی کوردیی و خزمەتی کورد زمانانی دانیشتووی ئەستەنبوڵ.**

نەدەکرد. ئەو ئافرەتەنازەنینانەخۆیان لەشەڵوار و چاکەت هەڵکێشابوو لوولەتفەنگیان ئەگرت و بە گوڵ بانگی (الله اکبر)ەوە هوجومیان دەکرد. من خۆم لە غیرەتی ئەوان جۆشی گریانم ئەهات.

جا ئەو میللەتەچۆن لەشەڕدا ئەشکێن و تورک کەخۆی نایەپێناوی ئەڵمانەوە، ئەوان بەچ ڕووێکەوەڕوبەڕوویان ئەوەستن؟ لەبەر ئەوەخوا یار بێ هیچ ترس و دەغدەغەیێکیان نابێت و ئەم جەژنەیش بەخۆشی ئەبەینەسەر. هەرچی گوێ لەم پیرە دنیادیدە ئەکا، نەترسێ، نەترسێ(21).

**4. وتاری (زەکا و حافظة):**

هەروەها پیرەمێرد، لەژێر ناونیشانی (زەکا و حافیزە)دا بابەتێکی تایبەت کردووە بەباسی زیرەکیی و بیرتیژیی نا ئاسایی مامۆستا سەعید نورسی و بەراوردێک دەکات لەنێوان زیرەکی نورسی و مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ. ئەمەدەقەکەیەتی:

«بە تێگەیشتن و بەراوردی خۆم، وایدەزانم ئەو کەسانەی کە لە خوێندەواریدا ناو دەرئەکەن و هونەر دەنوێنن، بەدوو چشتە: یەکێکیان: زیرەکییە، کەگەوهەری سروشتیان ئەمەندەتیژ و بەڕشتەی هەرچی هاتەپێش، ئەیقڵیشێتەوە، پێستی لێفرێئەدا و لەمەغزەکەی ئەکا. دووەمیان لەوەبەکارتر: یادداشت و قووەی حافیزەیە.

(مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان)ی مەشهور، خوا بیەیڵێ، ئەیگوت: من لەخوێندن، خۆم بینیم، کەللەم لەڕاستی مێشکم هەزار ڕەفەی کون کون و شای هەنگی هەیە. هەرچی ئەیخوێنم و بۆم پوخت ئەبێت، لەو ڕەفانەدا جێگیر ئەبێت. وەک عەتارێکی ماهیر کەداوای دەرمانێکیان لێکرد، دەستبەجێدەستی پڕ ڕادێڵێ و ئەیدا بەدەستەوە. منیش ئەو ماددەیەی کەلەمێشکمدا، یەعنی لە حوجەیراتی دەماغییەدا دامناوە، ئەیدەم بەزبانم، ئەویش بەرێوجێ ئەیگێڕێتەوە(!).

باوەڕم کرد کە(مەلا سەعید) ڕاست دەکات. خوا بە هرەیەکی وای داوەتێ کە هاتە ئەستەنبوڵ و بە غەزەتە جاڕێ نووسیی: تا حەوت ڕۆژ هەرکەس لە عیلم و فەن پرسیارم لێ دەکات، جوابی دەدەمەوە، زۆر خوێندەوارانی ناودار دەستە دەستە دەهاتن، لێیان دەپرسییەوە، خوا شەرمەزاری نەکرد و ناوی دەرکرد.

ئەنجا خواپێداو کەزیرەک بێ و تێبگا و ئەویش تێی دەگا، لەمێشکیدا هەڵیگرێ و لەگەڵ پرسیانەوە، بتوانێبیخاتەمەیدان، پایەی زۆر بڵند دەبێت، بەشەرتێک گزو گزیریی تێکەڵ نەکا.

ئەمەم بۆیە کرد بە دیباچە، کە لەناو ئێمەیشدا یەکێکی تری وەک بەدیعوززەمانی کوردی هەیە، ئەگەر زەمان زەمانی نەبەستێت، خوا یار بێت، لەو باشتر دەبێت. شێخ محەممەدی نەوەی خاڵ زۆرجار کە دوواندوومە، دەماغی ئەویشم بە هەزار ڕەفە زانیوە، چشتی وای لێ هێناوەتە دەرێ، مەگەر لە(مەلا سەعید)م دیبێ، خوا بیپارێزێ و سەخڵەتیی بۆ نەیەتەپێش، ناودارێک دەبێت، لەناودارانی پێش باشتر دەبێت(22).

**5. هەندێوانەی مەلا سەعید بەدیعوززەمان:**

هەروەها لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا، پیرەمێرد بروسکەوتارێکی (نورسی) کە ئاراستەی

گەلی کوردستانی کردووە، بڵاوکردۆتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

«ئەی گەلی کوردا لەبیرتان نەچێتەوە کە ئێوە دلاوەرە پێشدارەکانی کوردان و شێری بێشەی ئارییان، بەڵام خەوی گێژ و نوستنی درێژی ئێوە، لە خەوی عوزێر تێپەڕیوە، ئەو، سەدساڵ نووست، ئێوەسێسەد ساڵەلەخەودان.!

ئەموستی عیززەتی خوا لەگۆشەی ئوفوقی ئەزەلەوە ئیشارەتی ئێوە دەکات و بە هەڕەشەوە دەڵێت: سەرچاوەی کورد لەسەر شاخی فیترەتی بەرزە، وەک تاڤگە و شەللالە، هەڵدەرژێتە خوارەوە، بۆیەوا بەپەرش و بڵاوی هیچ تنۆکێکی بەیەکەوە نانوسێت، بەڵام لەخوارەوە کە گەیشتە حەزیز (حضیض)ی پەستی، هەموو باخەوانێک جۆگای لێ هەڵدەبەستێت، دەیبات بۆ خۆی، دەینێت لەباغچە، قووەتی کەم دەکاتەوە، هیچ فائیدەیەکی بۆ سەرچاوە و شوێن و مەڵبەندی خۆی نییە. یاخۆ زەرراتێکن شوێن جازیبەی ڕۆژی شەوکەتی لاوە دەکەون، لە جازیبەی میللی بێزارن، ڕادەکەن، هەمیشە تەفرەقە جوون(23).

پیرەمێرد بەمجۆرەباسی نورسی دەکات، بەداخەوە ئەوەندەی من ئاگادار بم مامۆستا نورسی لە هیچ کام لە کتێبەکانیدا کە پاش ناسینی پیرەمێرد -واتەلەساڵانی 1905 بەدواوە نووسیونی - کە دەکەنە زۆربەی هەرەزۆری پەیام و نوسینەکانی- هیچ باسێک لە پیرەمێردی ڕەحمەتیی ناکات، لە کاتێکدا ناوی هەندێک لەقوتابی و هاوەڵانی دەبات، لەوانە: خەلیل خەیالی موتکی، یەکەمین نووسەری ئەلفبێی کوردی، یوسف زیا پاشا، عەبدورەحمانی برازای و حەمزەموکسی.. بەڵام پیرەمێرد -بەپێچەوانەوە لەچەندین شوێنی نووسینەکانی (ژین)ی خۆی و هەندێجێی تریشدا وەک بینیمان باسی سەعید نورسی دەکات، چ سەرەتای ناسینی، چ کاتی خەبات و هەوڵی سیاسی و خزمەتکردنیان بە ڕۆژنامەگەریی کوردیی و خزمەتی کوردزمانانی دانیشتووی ئەستەنبوڵ، چ کاتی دەسگیرکران و زیندانکردنیان پێکەوە.

**پەراوێز و ژێدەرەکان:**

1. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەی پیرەمێرد، بڕوانە: پیرەمێردی نەمر، محەممەد ڕەسوڵ هاوار، بەغدا، 1970و یادی پیرهەمێرد، عەلادین سەجادی و ڕۆژنامەکانی (ژین)و (ژیان).

2. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەی نورسی، بڕوانە: (السیرة الذاتیة)ی نوسینی خۆی، کە لە لایەن (إحسان صالحی) کراوە بە عەرەبی. هەروهها سایتی (نافذة النور)، کە تایبەتە بە ژیاننامەو بەرهەمەکانییەوە.

3.بڕوانە: پاشکۆی ئەم وتارە بۆ بینینی ناوی ئەنجومەنی ناوبراو، کە تێیدا ناوی (نورسی و پیرەمێرد) هاتووە. کە لە وێنەی دەقاودەقی ژمارە 75ی گۆڤاری (وولقان)ی زمانحاڵی (ئیتتیحادی محمدی) کە لە 1909 دەرچووە، وەرمگرتووە.

4.السیرة الذاتیة، سعید النورسي، ترجمة إحسان قاسم الصالحي، ص:111.

5بڕوانە: من الفکر والقلب، سعید رمضان البوطي، دمشق، 1969، ص: 272.

6.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم ڕێکخراوە، بڕوانە: کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد، مالمیسانژ، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: 36-38.

7.مەبەست لە (مەشروتیەت) ڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانییە، لە تەموزی 1908 دا، کە هەڵبژاردنو پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس مبعوثان)ی بەدوادا هات، لەو کاتەدا پیرەمێردو نورسیو ژمارەیەک لە کوردانی ڕوناکبیر لە ئەستەمبوڵ دەژیان.

8.کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، نوسینی: ڕۆهات ئەلاکۆم، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، 2005، هەولێر، لا: 93.

9.جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گویڵداش، لا: 46.

10.گۆڤاری ڕۆژنامەوان، ژمارە: 9، لا: 68. جەبار قادر لە سەرچاوەکەی جەلیلی جەلیل وەریگرتووە.

11.قیرائەتخانە: واتە شوێنی خوێندنەوە. جاران لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەبەر کەمیی کتێب و ڕۆژنامە، لە هەندێ شوێنی گشتیی و سەنتەری شارەکاندا بەشێک لە چاپخانەکان بڵاوکراوەکانیان دادەنا و ئارەزومەندانی خوێندنەوە، دەچوونە ئەو شوێنانە، بۆ وەرگرتنی زانیاریی و هەواڵە گەرما و گەرمەکان.

12.مەبەست لە تیمارخانە شوێنی (چاکسازیی کۆمەڵایەتی)یە، ئەو شوێنەی کە نەخۆشانی بیرکۆڵ و دەروونییان تێدا کۆدەکردەوە، جاران لە کوردەواریدا دەستەواژەی (شێتخانە)ی بۆ بەکاردەبرا.

13.خەتی نورسی زۆر ناخۆش بووە، تا ڕادەیەک کە نەخوێنراوەتەوە. بۆیە خۆی بە نووسینەوە خەریک نەکردووە و زۆربەی بەرهەم و پەیامەکانی لەلایەن خۆیەوە ئیملا کراون و هاوڕێو قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە. بڕوانە: پاشکۆی ئەم بابەتە بۆ بینینی نموونەی خەتی نورسی.

14.مەبەستی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی کورد)ە، کە ساڵی 1909 لە ئەستەمبوڵ لەسەر دەستی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ دامەزرا.

15.مەبەستی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدولا شەمزینییە.

16. دار الحكمة الإسلامية: دەزگایەک بوو کە دامەزراوەی باڵای زانایانی دەوڵەتی عوسمانیی دایمەزراندبوو، بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ پیتۆڵ و زانایانی ئەورووپی و گەیاندنی ئیسلام پێیان. کاتێک نورسی لە (1918) لە دیلییەتی، لە سیبریا گەڕایەوە، بەبێ ئاگادارکردنی خۆی، کردیانە ئەندامی ئەو دامەزراوەیە. چەندینجار داوای وازهێنانی کرد، قبوڵیان نەدەکرد، بۆیە دواتر بەناچاری بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەکرد. (بۆ زانیاری بڕوانە: ئەم سێ کتێبەی خودی نورسی: الشعاعات، ل: 515، اللمعات، ل: 374، السيرة الذاتية، ل: 133.

17.ئەم وتارەی پیرەمێرد لە لاپەڕە (2 -3)ی، ژمارە (661)ی، ساڵی 1942ی ڕۆژنامەی (ژین) دا، بڵاوکراوەتەوە.

18. مەناقیبی کاک ئەحمەد، نوسینی: خواجە ئەفەندی، وەرگێڕانی: پیرەمێرد، سلێمانی، چاپخانەی ژیان، 1358ک/1939ز، لا: 9.

19.پارچە شیعری: نەڕەی دێوانە، کە لە ڕۆژنامەی (ژین)، لە ساڵی (1941)دا بڵاوی کردۆتەوە.

20. ڕۆژنامەی ژین، ژمارە 739، ساڵی 17، 1944/4/18، لا: 4.

21. ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (609)، ساڵی 15، پێنج شەممە، (19/ 10/ 1940).

22.ڕۆژنامەی ژین، پێنج شەممە، 1940/11/15.

23. ڕۆژنامەی ژین، ژمارە 664، پێنج شەممە، 4/22/ 1942.



# باسیلی نیکیتین[1] و
## سیستمی خێڵایەتیی لە کوردستان




**د. کامەران محەمەد**

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە.

هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی مێژوو.

پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە.

چەندین توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

خۆرهەڵاتناسی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە خۆرئاواییەکان دەربارەی خۆرهەڵات دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بەرهەمیان هێناوە. لێرەدا مەبەستمان لە چەمکی (خۆرهەڵات) هەموو ورد و درشتێکیی ئەو جوگرافیایە دەگرێتەوە، واتا هەر لە نەژاد، ئایین، زمان، وێژە، کەلتوور، شارستانێتی و تەواوی بوارەکانی تر. کوردیش وەک نەتەوەیەکی دێرینی خۆرهەڵات، پشکی خۆی لەو توێژینەوانەدا بەرکەوتووە، ئەو توێژینەوانە، بە چاوپۆشین لە لایەنە باش و خراپەکانی، ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە لە دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی مرۆڤناسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

کاتێک گرنگی کوردناسیمان بۆ دەردەکەوێت، کە پەی بە هەژاری توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە دەبەین. بەتایبەت کاتێک گرنگی ئەو بەرهەمە کوردناسییانەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، کە دەبینین یەکەمین لێکۆڵینەوەن، بە میتۆدە زانستییەکان ئەنجامدرابن، لێرەدا مەبەستمان زانستیبوونی تەواوی ئەو بەرهەمانە نییە، ئەوەندەی دەمانەوێت بڵێین ئەو میتۆدە زانستیانە ڕۆڵیان لە گەلاڵەکردنیاندا هەبووە و واقعی کۆمەڵگەی کوردی پێخوێندراوەتەوە.

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا گرتومانەتەبەر، میتۆدی (شیکاری-ڕەخنەیی)یە، تێروانینانەکانی نیکیتینمان شیکردووەتەوە و بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە لێیڕاماوین، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا سەرنج و تێبینی و ڕەخنەکانمان لەسەر تۆمارکردون. بێگومان ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی جۆراوجۆر و جیاوازی گرنگ پشکداریان تێداکردووە، لە پێشەنگی ئەو سەرچاوانەشدا شاکارە مەزنەکەی نیکیتین (کورد لێکۆڵینەوەیەکی سۆسۆلۆجیو مێژوویی)یە، کە تەواوی تێروانینەکانیمان دەربارەی کورد لێوە دەرهێناوە.

بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم، ئامانجی سەرەکی من خستنەڕوو یاخود ناساندنی کتێبەکەی نیکیتین نەبوو بە تەنها، بەڵکو خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان و سەرنج و تێبینییەکانیشمان بوو لەسەریان.

## نیکیتین و کتێبی کورد لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی

ئەم کتێبە، بە شاکاری (باسیلی نیکیتین) دادەنرێت و خۆی بە زمانی فەرەنسی نووسیویەتی، بۆ زۆر لە زمانەکانی وەک: ڕووسی، ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی، کوردی، تورکی و ... هتد وەرگێردراوە. گەورە خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی (لویس ماسینیون) پێشەکیی بۆ نوسیووە.

کورد لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی لە دوانزە بەشی سەرەکی و شەش پاشکۆ پێکهاتووە، هەروەها چەند بەڵگەنامەیەکی خستووەتەڕوو، کە لە دوای نووسینی کتێبەکە پێیگەیشتووە(٢) .

لە بەشی یەکەمدا، باس لە بنەڕەت و تایبەتمەندییە زمانەوانی و مرۆییەکانی کورد کراوە، لە بەشی دووەمیشدا، چەمک و گرنگی زاراوەی کوردستان خراوەتەڕووو، لە بەشی سێیەمدا، باس لە کار و دابونەریتەکان کراوە، هەروەها بەشی چوارەم بۆ سروشت و تاکیی کوردی تەرخانکراوە، لە بەشی پێنجەمیشدا، باس لە خێزانی کورد کراوە، لە بەشی شەشەمیشدا، لە سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا کۆڵراوەتەوە، لە بەشی حەوتەمیشدا قووڵتر لە خێڵ کۆڵراوەتەوە، بەشی هەشتەمیش، بۆ کورد و دەوڵەت و نەتەوە تەرخانکراوە، بەشی نۆیەمیش، پاشکۆ و تەواوکەری بەشی هەشتەمە، لە بەشی دەیەمیشدا، باس لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکات، بەشی یانزەشی، بۆ ژیانی ڕۆحی کورد تەرخانکردووە، کە تێیدا باس لە ئایین دەکات، بەشی کۆتایشی بۆ ژیانی ڕۆحی کورد- وێژەی کوردی تەرخانکردووە.

لەبەر گشتگیریتی توێژینەوەکەی، ئێمە لەم توێژینەوەدا تەنها لایەنێکی بابەتەکەی ئەو هەڵدەسەنگێنین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەویش سیستمی خێڵایەتییە لە کوردستاندا.

**باسیلی نیکیتین و سیستمی خێڵایەتیی لە کوردستان**

پەسندکردنی نەتەوەیەک بە شێوەیەکی گشتیی کارێکی سانا و ئاسان نییە، بەڵکو لای لێکۆڵیاران بە ئاڵۆزترین کار دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم شرۆڤەکردنە لەسەر بنەڕەتی کۆکردنەوەی زانست و زانیاری زۆر دەوەستێت، ئەم زانیارایانەش پێویستیان بە (شیکردنەوە) و (ئەبستراکت) و (گشتاندن) هەیە.

زۆر لە زانایانی سایکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا، کە باس لە کەسایەتیی بنەڕەتی نەتەوە دەکەن، بەمشێوەیە پێناسەی دەکەن «کۆمەڵە سیفەتێکی هاوبەشە -بەشێوەیەکی ڕێژەیی- کەوا تاکە گەورەکانی نەتەوەی پێدەناسرێت لە کاتی ئێستادا، واتە لەوکاتەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەو کەسایەتییە بنەڕەتییە واتای کەسایەتیی سەرجەم تاکەکان ناگەیەنێت! بەڵکو واتای ئاراستە سایکۆلۆجی و بەها و پێوەرە بنەڕەتییەکان لە کەسێتی ئەو تاکانەدا دەگەیەنێت(٣)

بونیادی کۆمەڵایەتی باو لە کۆمەڵگەی کوردیدا بونیادی خێڵەکییە، سیستمی خێڵایەتیی لە مێژوویەکی دێرینەوە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشاوە. بۆیە مێژووی خێڵ بەشی شێری مێژووی کوردی پێکهێناوە، خێڵایەتیش بە ناخی مێژووی کورددا ڕۆچووە! (ویگرام) کوردستان بە (وڵاتی خێڵەکان) دەداتە قەڵەم(٤). هەرچەندە کوردەکان هەموویان خێڵەکی نین، لە گەلەک جێ ئەوانەی سەر بە هیچ خێڵێک نیین، زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. بەڵام وەک (مارتین فان برونەسن) دەڵێت «نا خێڵەکییەکان نێزیکە لە گشت سەردەمێکدا، (لایەنی کەم تا ئەم سەروەختە) لە ڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە پەیوەستە و پێبەندی کوردە خێڵەکییەکان بوون، واتە دیاردەی فیۆدالیزم بەسەر شیرازەی خێڵدا زاڵە(٥).

خێڵ، گەورەترین یەکەی خزمایەتییە کە پشت بە یەک نەژاد دەبەستێت و لە کۆمەڵە تیرەیەک پێکدێت، لە هەرێمگەلێکی نزیک لە یەکترەوە ژیان دەگوزەرێنن، ڕەنگە هەندێکیشیان لە هەرێمگەلێکی دووردا -بەشێوەی ڕێژەیی- ژیان بەسەر بەرن. خێڵ، بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو تیرانەی پێکیانهێناوە، لە سەر یەک بونیادی خزمایەتی خوێن ڕێکدەخرێن، کە لەیەک نەژادی هاوبەشەوە هەڵقوڵاوە(٦) .

واتە خێڵ کۆمەڵێکن لە لایەنی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە وابەستەن، بە شێوەیەکی کرداری یاخود گریمانەیی بۆیەک پێشینە (سلف)ی گشتیی دەگەڕێتەوە، وەک هاوشێوەکانی بە شارستانێتیەکی گونجاو و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی جیادەکرێتەوە، لە هەرێمێکی دیاریکراویشدا نیشتەجێ دەبێت، کە بانگەشەی موڵکدارێتییەکەی دەکات و بە زمانێک یاخود شێوەزارێکی تایبەت بەخۆی دەدوێت. هەروەها دەشێت خێڵ دەسەڵاتێکی سیاسیی ناوەندی هەبێت. خێڵ، کۆمەڵەیەکن بە زۆری لە نێوخۆدا هاوسەرداری ئەنجامدەدەن. ئەگەر گەورەش بوو بۆ چەند تیرەیەک دابەشدەبێت، بە یەکسانی یاخود لە هەرێمی جیاوازدا دەژین، لە هەردوو بارەکەدا پێکەوە بەستراون، سەرەڕای وابەستەی نزیکایەتی بە وابەستە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانیشەوە بەستراونەتەوە، تاکەکانیشی هەست بە ڕۆحی کۆمەڵ دەکەن و تێڕوانینێکی یەکگرتوویان بۆ جیهانی دەرەکی هەیە(٧) .

بەڵام تیرە، کۆمەڵەیەکی خزمی یەک نەژادن، هێڵە خزمایەتیەکانیشیان یا لە ڕێگەی باوکەوەیە، یاخود لە ڕێگەی دایکەوەیە، ئەو هێڵە لە هەر ڕێگەیەکەوە بوو، ئەوا هێڵەکەی تریان فەرامۆشدەکرێت. پەیوەندییەکانی نێو تیرە زیاتر پێکەوەلکاو و بەتین و پابەندترە لەچاو ئەو پەیوەندییانەی لە نێو خێڵدا هەن، بەڵام ئەگەر بە پەیوەندییەکانی خێزان بەراورد

بکرێت ئەوا لاوازترە(٨)

بەڵام خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی کە لە خێڵی کۆمەڵگاکانی تری جیادەکاتەوە. جا هەر خێڵێک خۆی بە یەکەیەکی سەربەخۆی جیاواز لە خێڵ و بەشەکانی تری کۆمەڵگا دەزانێت و خاوەنی سنووری تایبەتی خۆیەتی، هیچ خێڵێکی تر بۆی نییە لەسەر پانتایی جوگرافیای ئەو هیچ چالاکیەکی ماکی و مینۆکی «ماددی و مەعنەوی» خۆی جێبەجێبکات.(٩)

تەنانەت لە لایەنی سیاسیشەوە رۆڵی گرنگ دەبینێت، چونکە خێڵ لە هەموو رەوشتێکی سیاسیدا ئامادەیە، ئامادەگی تەواوی لە ناو وشیاری و ئاگایی تاکەکاندا هەیە و راستەوخۆ سەرلەبەری پەیوەنییەکانیشی ئاراستە دەکات.(١٠)

### سروشتی خێڵی کوردی

کۆمەڵگای خێڵەکی کوردی بە بەردەوامی رۆشنبیرییەکەی ماوەتەوە و جێگیربووە، ئەو رۆشنبیریەی کە شێوەیەکی دیاریکراوی لەخۆ گرتووە و لە نێو هەموو خێڵەکاندا بڵاوبووەتەوە، بە شێوەیەک کە یەکێتییەکی کۆمەڵایەتیی و وابەستەبوونێکی پتەوی پێکهێناوە کە لە تێکرای کۆمەڵگاکانی تر جیایدەکاتەوە. لەبەر ئەوە کەسایەتیی کورد لە کاتی دروستبوونیدا شێوەیەکی دیاریکراوی لەخۆ گرتووە، کە لەگەڵ شێوە رۆشنبیرییە باوەکەی کۆمەڵگەی کوردیدا گونجاوە.

نیکیتین دان بەو راستیەدا دەنێت تا ئێستا توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتگیر دەربارەی خێڵی کوردی نەکراوە(١١). هەروەک بەگشتیش یەکراییەک دەربارەی پێکهاتنی خێڵ نییە. بەڵام ئەگەر (پابەندبوونێکی تەواو بە یاسای یەک نەژادییەوە) و (نیشتەجێبوونی هاوبەش) و (هاریکاری کۆمەڵایەتیی راستەقینە) ئەو سێ مەرجە سەرەکییە بن کە رۆڵ لە دروستکردنی خێڵدا دەگێرن(١٢)، ئەوا بەلای (نیکیتین) ەوە وابەستەیی خوێن بۆ بوونی زەرور نییە، وەک (لووی) لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵگەی سەرەتایی) ئاماژەی بۆ دەکات.

خێڵ، یەکەیەکی سیاسییە، لە دەوڵەت یاخود نەتەوەی ئەم سەردەمە دەچێت، لقێکە یاخود باڵێکە، نیوەی یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی پێکدێنێت، کە لە لقگەلێکی جۆراوجۆر پێکدێت، هەروەک لە یەکەی سیاسیدا باوە، لق شێوەیەکە لە خێزانێکی فراوان.(١٣)

نیکیتین لە سەربەن (منطق)ی گوتەیەکی (ویگرام) ەوە دەچێتە نێو توێژینەوەکەی و دواتر ئەوە دەکاتە دەقێکی بنەڕەتی و تێروانینەکانی خۆی لەسەر بونیاد دەنێت(١٤)، (ویگرام) دەڵێت «سروشتی کوردەکان لە هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیحەوە تا ساڵی (١٩٠٠) گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ئەوان (واتە کوردەکان) گەلێکی بەهێز و بەهرەدارن، مامەڵەی جوان دەکەن، تەنانەت هەندێک لە کارمەندە ئینگلیزەکان توانیان هاورێیەتیان بەدەستبێنن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی سروشتە چیاییە بنەڕەتیەکەیانەوە یاخود هۆکارێک کە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی سەرەتاییان ناتەواویەکیان هەیە، ئەوان نەیانتوانیوە خۆیان لە ناوەند و بیرکردنەوەی خێڵەکی رزگاربکەن»(١٥).

لێرەوە (نیکیتین) دەربارەی سەرەتایەتی خێڵە کوردییەکان دەڵێت « لەم رۆژگارەی ئێستاماندا ناتوانین وێنەیەکی راستی خێڵە دێرینەکان بەدەستبخەین، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەمڕۆ لەو خێڵانەدا دەیبینین کە لە وڵاتە عەرەبی و وڵاتی نێوان دوو رووبار و کوردستاندا بەدیدەکەین». هەروەها خێڵە کوردییەکان هێندە بە سەرەتایی دادەنێت و دەیانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی تەورات، لەم بارەیەوە دەڵێت «ئەگەر چووینە نێو نشینگەکانیان و لە دەوارەکانیان وردبوینەوە و لە سەرکردەکانیان نزیک

بووینەوە، ئەوا لە هەموو هەنگاوێکدا کە دەبینین و لە هەموو شتێکدا کە دەیبینین زیندوکردنەوەیەکی ماوەی تەوراتییە، دەتوانین لەو پیاوە ریش سپیەدا کە سەرنجی ورد دەدات و لەژێر دەوارەکەیدا دانیشتووە و کوڕەکانی دەوریان داوە، وێنەی (ئیبراهیم) و (یەعقوب) یاخود باوکە دێرینەکانی تێدا دەبینین. ئەو چوار یاخود پێنج ئافرەتەی کە لە گۆشەیەکی دەوارەکەدا دانیشتوون یاخود بە پێوەن، وێنەیەکی زیندوی (ریبیکا) و (سارە) و (راشیل) دەنوێنن، کاتێک کە لە جوانترین قۆناغی ژیانیاندا خۆیان دەردەخست(١٦).

دەربارەی پێکهاتەی خێڵی کوردیش، دەڵێت «دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە خێڵەکانی کوردستان لە دوو ڕەگەزی جیامەند پێکدێن: یەکێکیان هەمیشەیی یاخود نیشتەجێیە و ئەوی دیکەیان کۆچەر و گەڕۆکن. بەشی یەکەمیان بنەماڵە ڕەسەنەکانن، کە لەگەڵ سەرۆکی خێڵدا خزمایەتیان هەیە، بەشی گەڕۆکیش لە سەرەڕۆ و ئازادەکان پێکدێن، کە هەرجارەی دەچنە نێو خێڵێکەوە. بەمشێوەیە ئەستەمە بە وردی بڕیار لەسەر بەهای ژمارەیی خێڵێک بدەی، چونکە ئەو بەهایە ملکەچی پەرەسەندن و بارودۆخەکانە(١٧).

هەروەها دەربارەی چارەنووسی خێڵ دەڵێت «لێرەدا دوو هۆکار هەن بەردەوام کار لە چارەنوسی خێڵ دەکەن: یەکەمیان گەشەکردن و ئاوێزان بوونە، کە هەردووکیان ڕێگە بۆ پێکهاتنی خێڵ بە دەوری ڕەگەزێکی دیار کە (سەرۆکی ئازا و لێهاتووە) خۆشدەکات. دووەمیان لێکهەڵوەشان و پەرتبوونە، ئەمەش بەرەنجامی بارودۆخێکی خراپی وەک لەدەستدانی گەورەی خێڵ، یا بڵاوبوونەوەی پەتا یاخود برسێتییە، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانی خێڵ.(١٨)

ڕەنگە تۆبۆگرافیای کوردستان هۆکارێکی گرنگی هێشتنەوەی خێڵەکان بووبێت بەشێوە

**بەلای نیکیتینەوە سەرۆکی خێڵ دەسەڵاتێکی ڕەهای بە سەر ئەندامانی خێڵەکەوە هەیە و تەواوی بڕیارەکان لە دەستی خۆیدایە.**

سەرەتاییەکەی، چونکە ڕێگای دروستبوون و گەشەکردنی دامودەزگای خێڵی بە -شێوەیەکی سروشتی- نەداوە، هاوکات زەوی لەبار و دەشت کەمبووە، ئەمیش بووەتە هۆی نیشتەجێ نەبوونێکی هەمیشەیی و بەرفراوان، کە بتوانرێت بناغەی شاری لێوە بنیات بنرێت، بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی دامودەزگای خێڵایەتیی بەرجەستە نەبووە. بارودۆخ بەو شێوە خێڵەکییە ماوەتەوە و گۆڕانێکی بەرەو باشتر و بۆ ئاستێکی باڵاتری بەسەردا نەهاتووە.

تەنانەت زۆری بەربەستە سروشتییەکان زۆرجار خێڵەکانی لەناو خۆیاندا لە یەکتر جیاکردووەتەوە و پەرتەوازەی کردون. ئەویش لە ئەنجامی زیادبوون و فراوانبوونی خێڵ، ئەمەش بە شێوەیەکی سروشتی هاوسەنگی ناو یەک خێڵ یاخود خێڵە جیاوازەکانی تێکداوە. ئەمە چ لە ڕووی کەمی موڵک و زەوی خێڵەوە بێت، یاخود لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و سایکۆلۆژیەتیی خێڵەوە بێت.(١٩)

هەموو بنەماڵە و تیرەیەک لە بنەماڵە و تیرەکانی خێڵ پاش ئەوەی گەشەدەکەن و ژمارەی تاکەکان و ڕووبەری زیاد دەکات، هەوڵی پاراستن و پارێزگاری ئەو ئاستەی کە پێی گەیشتووە دەدات. ئەم دیاردەیە لە دەروونی سەرکردە و ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەواکاندا منێتی «أنانیە»یەکی دروستکردوە،

**ئەوەندەی تاك چاوەڕوانی پارێزگارییە لە خێڵەكەی، هێندەش خێڵەكەی چاوەڕوانی قوربانی و فیداكاری و گوێڕایەڵی ئەوە.**

گیانی ڕق و کینەی لە ناخیاندا تۆخ کردووەتەوە.

سەرەڕای ئەوەش جگە لەو سنوورە دیاریکراوەی کە پێی گەیشتوون، هیچ ئاسۆیەکی تر لەودیووی ئەو سنوورەوە نابینن، یاخود بە نامۆ تەماشای دەکەن. ئەمەش بووەتە هۆیەک بۆ ئەوەی تاکەکانی خێڵ بیر لە بەرژەوەندی گشتیی «نەتەوە» نەکەنەوە، بێگومان ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆ کردنی گەورەترین تاوان کە زیان لە خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەدات بە شێوەیەکی گشتیی و دەیانخاتە دۆخێکی دۆگمابوونەوە! دۆگمابونیش ئەگەر چووە ناو هەر کۆمەڵگایەکەوە ئەوا بەسیەتی بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێت.(٢٠)

بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە سیستمی خێڵایەتی لەناو کوردا بە درێژایی چەندەها سەدە بمێنێتەوە، هەروەکو «وگرام» باسی لێوە کردووە.

## سەرۆکخێڵ

نیکیتین، سەرۆکخێڵ بە باوکی خێڵ لەقەڵەم دەدات، دەسەڵاتی بێسنوورە و بە ئارەزووی خۆی یاری بە ماڵ و دارایی هەرکەسێک دەکات کە بییەوێت، تەنانەت دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی خەڵک ئەشکەنجەبدات، هەرکەسێکیش بزانێت پێویستە بکوژرێت دەیکوژێت(٢١) ! واتە بەلای نیکیتینەوە سەرۆکی خێڵ دەسەڵاتێکی ڕەهای بە سەر ئەندامانی خێڵەکەوە هەیە، تەواوی بڕیارەکان لە دەستی خۆیدایە، وەک دەڵێت «سەرۆکی خێڵ بە باوکێکی چەوسێنەر بۆ خێڵەکەی دادەنرێت، دەسەڵاتەکانی سنووری نییە، چۆنی دەوێت دەتوانێت هەڵسوکەوت بە موڵکی هەرتاکێک لە تاکەکانییەوە بکات. دەتوانێت لە هەر کەسێکی خێڵەکەی بدات و ئەوەش کە کوشتنی بە پێویست دەزانێت دەتوانێت بیکوژێت(٢٢).

بەدرخان سندی، دەربارەی ئەم بۆچوونەی (نیکیتین) دەڵێت «لەڕاستیدا ئەم بۆچوونەی باسیل نیکیتین ڕەنگە لەلایەن گەورە پێشەوایانی خێڵەکانەوە پێڕەو بکرێت نەک گشتیان! ئێمەش لەو باوەڕەدایین ئەو پێشکەوتنە لەسەرخۆیەی لەسەر ئاستی شارستانێتی خێڵ هاتووەتە دی بەهۆی کورتبوونەوەی، ڕێگای نێوان لەوەرگاکانی خێڵ و شارەکان و شێوازەکانی گەیاندن و ئامێری ڕادیۆ و ... هتد هەندێک لەو دابڕانە گشتییەی کەمکردووەتەوە کە خێڵ تێیدا بە دوورەپەرێزی دەژیا. دوایش ئەم نزیکبوونەوەیە کاریگەری لەسەر (دیکتاتۆری)یەتی سەرۆکخێڵ هەبووە، وێرای ئەمەش گەلێک خێڵ ژیانی بەرقەرارییان پێخۆشبووە، ئەوەیان لا باشتر بووە جێنشین بن نەک کۆچەر. بەمەش حاڵەتی کۆچەری کە پێشەوای تاکڕەوی ڕەهای پەسەند دەکرد ڕووەو ژیانی جێنشینی و کشتوکاڵ بووە، پێشەوای تاکڕەوی ڕەهاش زۆر باوی نەما. دەرکەوتنی کوێخای دێ و پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیە و (میری) دەبێت هەرچۆنێک بێت کاریگەری لەسەر سەرۆکخێڵ هەبێت. پێویستیشە ئەوە لە یاد نەکەین کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی، لە خێڵێکەوە بۆ خێڵێکی دی، جۆرە جیاوازییەک هەیە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت(٢٣)

نیکیتین، ئەوەشی لەیاد نەکردووە کە پیاوانی خێڵ ئەوپەڕی پابەندبوونی سەربازییان بەرانبەر

سەرۆکخێڵ هەیە، چونکە هەرکاتێک داوایان لێبکات واز لە گشت کار و پیشەیەکی خۆیان دێنن و چەک هەڵدەگرن، ئەوە ئەگەر پێیان خۆش بێت یان ناخۆش، دەبێت فەرمانی سەرۆک جێبەجێ بکەن.(٢٤)

هەروەها سەبارەت بە دەسەڵاتگرتنەدەست لە نێو خێڵدا، نیکیتین، چەند ڕێگەیەک تێبینی دەکات و بەمشێوەیە لێیان دەدوێت «سەرۆکی خێڵ بۆ پێگەیشتووترین کوڕ دەگوازرێتەوە، کاتێک گەورەی خێڵ دەمرێت، گەورەترین کەس لە نێو نزیکترینی کەسەکانی سەرۆکدا دەسەڵاتی خێڵ لەدەستدەگرێت، دواتر هەموان پەیمانی گوێڕایەڵی پێدەدەن و مل بۆ دەسەڵاتەکەی کەچدەکەن. هەندێجاریش وارێکدەکەوێت یەکێکیان بەهێز دەسەڵاتەکە بۆ خۆی زەوت بکات، یاخود هەموان پەیمانی گوێڕایەڵی پێبدەن و میراتگری شەرعییش نەبێت، بەڵام ئەم دوو بارەی دوایی دەگمەنن و ڕەنگە ڕەوتی کاروبارە ئاساییەکانی نێو خێڵ بگۆڕێت.٢٥)

لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵاتی سەرۆکخێڵ ڕەهایە، بەڵام کەسە بەتەمەنەکان جۆرە چاودێرییەک بەسەریەوە دەنوێنن، دەنگیشیان کێشێکی ئەوتۆی هەیە کە ناتوانرێت فەرامۆشبکرێت. ئەنجومەنی (ڕیش سپییەکان) هەموو شەوێک لە دەواری گەورەی خێڵدا کۆدەبنەوە و چارەسەری ئەو کێشانە دەکەن کە بۆ بەرژەوەندی گشتیی گرنگن، ئەمە سەرەرای ئەو کاروبارانەی تر کە رۆژانە لەنێو خێڵدا دێنە پێشەوە. (٢٦)

## تاکی کورد

لەبەر ئەوەی کەسایەتیی مرۆڤ بەرهەمی کارلێکردنی نێوان سروشتی مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتییە، سروشتی مرۆڤیش ڕەگەزێکی تارادەیەک نەگۆڕە، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتیی هەمیشە ڕەگەزێکی گۆڕاو و گەشەکردوو بووە(٢٧). ژینگەی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەی کوردیشدا لە

**خێڵ لە واقعی کۆمەڵگای کوردیدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لە مراندنی تواناکانی مرۆڤی کورد و پوکانەوەی عەقڵیەتی داهێنەر و دواکەوتنی کورد بە شێوەیەکی گشتی.**

ئاستێکی نزمی گەشەکردندا بووە و بە شێوەیەکی نیمچەوەستاویی ماوەتەوە، بەشێوەیەک ڕێگای نەداوە بە تاکی کوردی بەهرە و توانا سروشتییەکانی بخاتەگەڕ و سوودیان لێببینێت. بۆیە کەسایەتیی تاک لە ناو خێڵدا لە ئاستێکدا ماوەتەوە و گەشەیەکی وای نەکردووە، واتا توانای بەهرەکانی تاک بەهەدەر چوون و لە خزمەتی تایبەتی خێڵدا بوون. جا ڕژێمە ڕامیاری و ئابووری و پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک بەبێ گەشەکردن ماونەتەوە.

ئەم پەیوەستبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە، کەوا بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ لەناو خێڵدا دابین دەبێت! بەسەر هەستی تاکەکاندا زاڵ بووە. تاکی خێڵەکی زۆر پشت بە ئازایەتی و هێزی تایبەتی خۆی دەبەستێت، بەڵام هەندێجار دەبینی ئەوە بە تەنها بەس نییە، چونکە کاتێک ڕووبەڕووی هەندێک مەترسی دەبێتەوە، بە تەنها ناتوانێت لێی دەرباز بێت، خێڵی بەهێز زۆرجار پارێزگاری ڕۆڵەکانی دەکات، بۆ هەرشوێنێک بچن، هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە هەر کەسێک دەکات کە بیەوێت دەستیان بۆ درێژ بکات. ئەگەر یەکێکیان بەدەستی یەکێک لە خێڵێکی تر بکوژرێت، هەموو خێڵەکە هەڵدەکوتنە سەریان و داوای خوێنەکەی دەکەن، ئەگەر نەتوانن بکوژەکە بکوژنەوە، ئەوا لە بری

## نیکیتین وەك زۆرینەی کوردناس و رۆژهەڵاتناسەکانی دیکە، نەیتوانیوە خۆی لە هەواداری بۆ دەوڵەتە گەورە داگیرکەرەکان ببوێرێت و خۆی لەو پەیوەندارێتییە رزگار بکات.

ئەو هەرکەسێک بێت دەیکوژنەوە، شایەنی باسە ئەوەندەی تاک چاوەڕوانی پارێزگارییە لە خێڵەکەی، هێندەش خێڵەکەی چاوەڕوانی قوربانی و فیداکاری و گوێڕایەڵی ئەوە. خێڵەکە بە پەلە پارێزگاری دەکات و تۆڵەی دەسێنێت، هەروا تاکیش بە پەلە بە هانایەوە دەچێت و لە تەنگانەدا قوربانی لە پێناویدا دەدات. بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، ئەم بە خێڵ پشت ئەستوورە و، خێڵیش بەوەوە پشت ئەستوور دەبێت.(٢٨)

بە هەمان شێوە تاک لەناو خێڵی کوردیدا هەستی وەک ئەندامێک لە خێڵەکەیدا لە پێش هەموو هەستێکی ترە، تاک پابەندبووە بە ئیلتزاماتەکانی لەگەڵ خێڵەکەیدا بەهێزتر لە هەموو پابەندبوونێکی تر، لەبەر ئەوەی خێڵی کوردی خۆی بە «خاوەن» و «زاڵ» دادەنێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی لە خێڵدا. بۆیە ئەو پارچە زەوییە جوگرافییە تەسکەی کە خێڵەکە ژیانی تیادا بەسەر دەبات بە «نیشتمانی گەورە»ی خۆی دەزانێت. ئەوەش هۆکارێکی لاوازبوونی هەستی پیرۆزی «نیشتمانپەروەری» بووە، لە هەمان کاتدا هەستێک بووە کە باڵی بەسەر هەستی دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتووی کوردیدا کێشاوە. نەیهێشتووە تاکی کورد ئەو هەستەی دەربکەوێت و بخەملێت.(٢٩)

لەبەر ئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی بەبێ توانایی و «مقدمات»ێک ماوەتەوە، بۆیە نەیتوانیوە یارمەتی تاکی کوردی بدات بۆ گەشەکردنی کەسایەتیی و بەرزکردنەوەی ئاکارەکانی، لەبەر ئەوە «خەفەبوون و کپبوون» بووەتە کۆتی گەردنی مرۆڤی کورد، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە زۆر جار لابدات و بە مەبەستی دەربازبوون لەو کۆتانە هەڵەی گەورە بکات! بەمەش ژیان لە کۆمەڵگای کوردی -بە شێوەیەکی گشتیی- بدات. کپبوونی تاکەکان هەر لەو چاوگەوە سەرهەڵدەدات کە تاکی خێڵەکی لە ژێر سایەی خێڵدا پەروەردە دەبێت، «بەها» و «خوونەریت»ەکانی لەوەوە وەردەگرێت.

بەمشێوەیە تاکی کوردی پەیوەندارێتی «إنتماء»ی بۆ خێڵ دەبێت و لەگەڵیدا کۆک دەبێت، لە ئامانج و بنەما و شێوازەکانی بیرکردنەوە و ژیان تێیدا، لەبەر ئەوەی دەوروبەر رێگای جوڵەی پێنادات، ئامرازەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ ئامادەناکات و گەشەی کەسایەتییەکان سنووردار دەکات! بۆیە تاکی کوردی هەست بە کپی و مەحرومی دەکات.

مرۆڤی کورد ئەگەر پێداویسی و «مقدامات»ە فێرخوازی و رۆشنبیرییەکانی بۆ دابینبکرێت، ئەوا رۆشنبیرییەکەی گەشە دەسەنێت و ئاسۆی بیری فراوان دەبێت. بۆ خۆی چەند ئامانجێک دیاری دەکات کەوا لەگەڵ ئامانجی تاکە خێڵێکدا رێناکەوێت. بەمەش کەسێتییەکەی پەرە دەسەنێت و کۆتەکانی دۆگمابوون دەشکێنێت.(٣٠)

بەڵام خێڵ لە واقعی کۆمەڵگای کوردیدا -وەکو باسمان کرد- رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە مراندنی تواناکانی مرۆڤی کورد و پوکانەوەی عەقڵیەتی داهێنەر و دواکەوتنی کورد بە شێوەیەکی گشتیی.

## هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونەکانی باسیلی نیکیتین

ئەگەر لە تەواوی بەرهەمەکانی نیکیتین ڕابمێنین، ئەوا دەتوانین زۆر بە کورتی لایەنە باش و خراپەکانی بەمشێوەیە بخەینەروو:

**لایەنە باشەکانی:**

یەکەم: نیکیتین لە تەواوی کوردناسەکانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کە زۆرترین توێژینەوەی دەربارەی کۆمەڵگەی کوردی خستووەتەروو، واتە زیادەرەوی ناکەین ئەگەر بڵێین ئینسایکلۆپیدیایەکی لەسەر کورد و کوردستان پێشکەشکردووە.

دووەم: بەرهەمەکانی نیکیتین بە سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و زۆر گرنگ دادەنرێن بۆ توێژینەوەی مێژووی کوردی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

سێیەم: نیکیتین بەرهەم و دەقگەلێکی زۆری کوردی مێژوویی و وێژەیی پاراستووە، بەتایبەت بەرهەمەکانی (مەلا سەعید قازی کوردستانی) کە مامۆستای زمانی کوردی نیکیتین بووە و بەشی زۆری بەرهەمە کوردناسییەکانی نیکیتین، بەرهەمی قەڵەم و زادەی مێشکی ئەم ڕووناکبیرە کوردە ناو ونبووەن.(٣١)

چوارەم: نیکیتین وەک کەسێکی شارەزا لە نەتەوەی کورد و کێشە ڕەواکەی، لە ساڵانی نێوان دوو جەنگدا نامەگەلێکی جۆراوجۆری بۆ خۆرنامە و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان دەنارد، تا مافەکانیان بۆ بسەلمێنن و لەوە زیاتر ویستی سەربەخۆییان فەرامۆش و سەرکوت نەکرێت.(٣٢)

**لایەنە خراپەکانی:**

یەکەم: نیکیتینیش وەک زۆرینەی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکانی دیکە نەیتوانیوە خۆی لە هەواداری بۆ دەوڵەتە گەورە داگیرکەرەکان ببوێرێت و خۆی لەو پەیوەندارێتییە ڕزگار بکات، هەربۆیە لە یاداشتەکانی خۆیدا بە ئاشکرا هۆی دوورکەوتنەوەی ڕووسیا لە کوردان بۆ پەیمانشکێنی کوردەکان دەگێڕێتەوە و دواتر دەڵێت «تێگەیشتم هەموو چەشنە پەیمانێک لەگەڵ کوردەکان بێئەنجامە(٣٣) .

دووەم: نیکیتین لە بیرەوەرییەکانی خۆی کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک دوای ڕووداوەکان لە پاریس نووسیوویەتیەوە زۆر دڵرەقانە لەگەڵ کورد جوڵاوەتەوە و بە ئاشکرا هاوسۆزی لە ئاسووریەکان دەکات، لە کاتێکدا ئەگەر دڵرەقی و کاری ڕەشەکوژی ئاسووریەکان لەوسەردەمە بەرامبەر بە کورد، لەگەڵ کاری کوردەکان بەراورد بکەین. ئەگەر لە کاری کوردەکان دڵرەقانەتر و نامرۆڤانەتر نەبووبێت، ئەوا هەرگیز ئەهوەن تر نەبووە، نیکیتین لە یاداشتەکانیدا لەبارەی سمکۆی شکاکەوە زۆر قین لە دڵاتە دەنووسێت «نزیکەی دوو ساڵ ورمێ لە ژێر نفوزی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ و کارە وەحشیگەرەکانی ئەودا بوو، تا دواجار سوپای ڕێکخراوی ئێران لە ساڵی (١٩٢٢) شکستیان پێخوارد و ڕایکرد و ورمێ کەمێک گەڕایەوە باری ئاسایی(٣٤).

کەچی هەر خۆی کەمێک دواتر ڕووداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت «دوای کوشتنی (مارشەمعون) بەدەست (سمکۆ)، ئاسوورییەکان دەست بە کوشتن و تاڵانبرۆیی موسڵمانەکان دەکەن و دەست ناپارێزن و ئەو موسڵمانانەی نەیانتوانییوو ڕابکەن کوشتیان، لە گوندی عەسکەرئاوا قەڵایەکی لێبوو کە خەڵکەکە لەبەر مکومی قەڵاکە، ژن و منداڵ پەنایان بۆ بردبوو، دوای ئەوەی ئاسوورییەکان بەزەبری تۆپ قەڵاکە دەروخێنن و خەڵکەکە دەدەنە چیا. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵ کە نەیان توانیبوو ڕابکەن. پەنا دەبەنە بەر مزگەوتێک، ئاسوورییەکان مزگەوتەکە بە تۆپ بەسەر پەناهەندەکان وێراندەکەن و هیچیان لەوانە بە زیندویی دەرناچن.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە بپرسین، ئەگەر نیکیتین بێلایەن و مرۆڤدۆست بوایە، دەبوو هەر هیچ نەبووایە بەم کارەی ئاسوورییەکانیشی بگوتبایە وەحشیگەری، کە لەڕاستیدا ئەمە وەحشییەتگەریشی تێپەڕاندووە(٣٥).

## سەرچاوە و پەراوێز:


١. باسیلی نیکیتین لە ساڵی (١٨٨٥) لە پۆلۆنیا لەدایکبووە، لە مۆسکۆ بەشی خۆرهەڵاتناسی دەخوێنێت، زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی خوێندووە، بووەتە کونسوڵی رووسیا لە ورمێ و هەر لەوێ فێری زمانی کوردی بووە، پاشان لە فەرەنسا نیشتەجێ بووە، تا لە حەوتی حوزەیرانی (١٩٦٠) کۆچی دواییکرد، زیاتر لەپەنجا بەرهەم (کتێب و وتار)ی دەربارەی کورد نووسیوە کەهەندێکیان چاپ نەبوون.

٢. باسیلی نیکیتین: الكرد دراسة سوسیولوجیةء تاریخیة، (ترجمة: نوری طالبانی، مكتب الفكر والتوعیة فی الاتحاد الوطنی الكردستانی، الطبعة الثالثة، سلیمانیة، ٢٠٠٧.

٣. هاشم طه عقراوي : الاسس النفسیة والاجتماعیة للقبائل الكردیة، كركوك، ١٩٧١،ل٣٠.

٤. دبلیو. ای. ویغرام و ادغار. تی. ای ویغرام: مهد البشریة الحیاة فی شرق كردستان، (ترجمة: جرجیس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٢، ص١٤٨.

٥. مارتین ڤان برونەسن: ئاغاو شێخو دەوڵەت، (وەرگێرانی: کوردۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
ل٧٨.

٦. قیس النوري : المدخل الی علم الانسان، بغداد، ١٩٨٢، ل٢٠٣.

٧. شاكر مصطفی: قاموس انثروبولوجیا (انكلیزي – عربي)، جامعة الكویت، ١٩٨١، ل٩٨٩.

٨. قیس النوري: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

٩. عەتا قەرەداخی: بنەما مێژووییەکانی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی دەمارگیری (خوێن – نەسەب)و تەریقەت، گۆڤاری سەراب، ژمارە ٣-٤، هەولێر، زستانی ١٩٩٦، ل١٣.

١٠. رەشاد میرانی: سیماکانی گۆرانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا (چەند سەرنجێکی تیۆری مەیدانی)، گۆڤاری زانکۆ، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر- ژمارە ٣، ١٩٩٨، ل٥٦.

١١. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

١٢. قیس النوری: سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠٥.

١٣. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

١٤. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.

١٥. هەمان سەرچاوە، ل١٤٢،١٤٣.

١٦. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٧.

١٧. هەمان سەرچاوە، ل ل٢٠٧،٢٠٨.

١٨. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٢.

١٩. کامەران محەمەد: رامانێک لە سیستمی خێڵایەتیو سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا، گۆڤاری نوێبوون، ژ: ٣، مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل٢٥٠.

٢٠. هەمان سەرچاوەو لاپەرەی پێشوو.

٢١. صائب عبدالحمید: فلسفة التأریخ في الفكر الاسلامي، دار الهادي، الطبعة الاولی، بیروت، ٢٠٠٧، ل٣٥١.

٢٢. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

٢٣. بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، (وەرگێران: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٨٩.

٢٤. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

٢٥. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.

٢٧. هاشم عقراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

٢٨. عەلی وەردی: کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەک دەربارەی سروشتی ئێراق، (وەرگێرانی : خەبات مەحمود فەتاح)، وەزارەتی رۆشنبیری، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، ل٨٩،٩٠.

٢٩. عەتا قەرەداغی: رۆڵی سروشتی جوگرافیو تۆبۆگرافیا لە شێواندنی مێژوودا، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە ٨، هەولێر، ١٧.

٣٠. هاشم عقراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

٣١. نەجاتی عەبدوڵڵا: پێشەکی کتێبی (بازیل نیکیتینوکوردناسی)،(وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵلا)، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەییورۆژنامەوانی کوردی،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.ل٣.

٣٢. بروانە: باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠١و دواتر.

٣٣. هەمان سەرچاوە، ل٢١.

٣٤. هەمان سەرچاوە، ل٢١ و دواتر.

٣٥. باسیلی نیکیتین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

# خۆشەویستی لە نێوان

# (دڵ)ی قورئان و (دڵ)ی شیعردا



**د. هێمن عومەر خۆشناو**
لەداکیبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند بەرهەمی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی
چاپکردووە.
چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

نکوڵی لەوە ناکرێت، کە قورئانی پیرۆز بە گشتیی بۆتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ تەواوی کەلەپووری رۆژهەلات، لە نێویشیدا شیعر و ئەدەبیات بە تایبەتیی. لەو ڕوانگەوە زۆر جاران نەگەڕانەوە بۆ کەلەپووری ئیسلامیی لە کاتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی دەقی شیعریدا، هەروها بە چاوی ئێستا سەیرکردن و لێرامانی، گرفتی گەورە دێنێتە ئاراوە و ئاسۆکانی بەردەم تێگەیشتن تەڵخ دەکات، هەر بۆیە زۆر جاران کەسانی دینداری قووڵ نەبووەوە لەم کەلەپوورە، بڕیاری نابەجێ بەسەر تەواوی شیعردا دەدەن، پێیانوایە ئەم جۆرە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئایینیانە، لە کاتێکدا سەرچاوەی سەرەکی هەر خودی ئایین بە گشتیی و قورئانی پیرۆزە بە تایبەتیی.

لەوەش بەرزتر ئەگەر سەرنج بدەین، ئەوا دەبینین خۆشەویستی، نهێنیی دروستبونی دروستکراوەکانە، ئەو پەیوەستبوونە پڕ بەهایەی لە نێوان خالیق و مەخلووقدایە، بۆتە هۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەی بەسەر تەواوی گەردووندا هەبێت. بۆیە لە کتێبە ئاسمانییەکان و بە تایبەتیش قورئانی پیرۆزدا خودا هێندە پەسنی خۆشەویستانی خۆی دەکات. تەنانەت لە ڕووی ژمارەشەوە وشەی (حب) بە هەموو داڕشتنە جوداکانەوە (٨٦) جار هاتووە، بە داڕشتنی کردار لە دەمی ئێستادا (٧٥) جار هاتووە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم چەمکە کردارێکی هەمیشە ئامادەیە و تەنیا سێ جار لە دەمی ڕابردوودا هاتووە. وێڕای ئەوەی واژەی تری نزیک لەم واتایەش هاتوون وەک (الرحمة، المودة، الالفة، العشرة، المعاشرة).

جا ئەوەی سەرچاوەی خۆشەویستییەکەیە گرنگە بخرێتەڕوو، بەوەی دەبێتە سەرچاوە و قەڵەمڕەوی کردارەکە، لەوەشدا ناچینە ململانێی نێوان مێشک و دڵ، کە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا زۆر جاران دەبەریەک ڕادەچن و لە دوو بەرەی عەقڵ و عیشقدا خۆیان دەبیننەوە. بەڵام لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەم گرنگیدانە بە جیهانی دڵ و سۆز ئاشکرایە، دواتریش کاریگەرییەکەی بۆ شیعر و ئەدەبیاتیش گواستراوەتەوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ڕووبەری باسکردنەکەی قورئان لەبەرچاو بگیرێت، تا دواتر هێڵە گشتییەکانی ڕووبەری خۆشەویستی لە شیعردا ڕاڤەی پێچەوانەی بۆ نەکرێت.

دڵ ئەگەر مەڵبەندی خۆشەویستییە، ئەوا بە چەند ئەندامێکی تر و قۆناغی تر گرێدراوە، کە سەرەتا لە ڕووبەری فراوانی سینە (صدر)دا خۆی دەبینێتەوە. عاریفانیش لەژێر سێبەری چەمکەکانی قورئانەوە قۆناغبەندییان بۆ پلەکانی خۆشەویستی کردووە، پێیانوایە یەکەمین هەنگاو بۆ دەستپێکردنی خۆشەویستی، بریتییە لە سینەپاککردنەوە، هەر لەبەرئەوەش پەروەردگار لە (ألم نشرح لک صدرک)الشرح/١، وشەی (صدر)ی هێناوە (قلب)ی نەهێناوە، چونکە یەکەم قۆناغی دەستپێکردنی خۆشەویستییە تایبەتییەکە، ئەوەیە دەبێت کەسەکە سینەی وەها پاک بکرێتەوە، بە ڕادەیەک بۆ هەموو مرۆڤایەتی خۆشەویستی ببەخشێتەوە و ڕق لە چاڵ بنێت. ئەم سینە فراوانییە وەک سندوقێک وایە کە دڵ و پەردە و قۆناغەکانی تری تێدا بێت، بۆیە لە دڵ گشتیترە. هەر لەبەر ئەوەشە لە ناو شیعریشدا هەمان ئەم کاریگەرییە دەبینرێت و دڵ دەخرێتە ناو چوارچێوەی سینەوە، بێ ئەوەی یار ببینێت لەتاو ئازاری ئەو، دڵی ئازار دەبینێت:

**بەوەم زانی لە باخا چقڵی گوڵ هەڵچەقیە داوێنی**
**کە لێرە دڵ لە سینەیدا برینی نەشتەری دێشی**

دیوانی مەحوی٣٠٢

ئەم حالەتە بە کردەیی لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) روویدا، بە جۆرێک وێڕای دژایەتی کرانی بە هەموو شێوە و شێوازێک، بەڵام ئەو هەر بە میهرەبانی و پەیامی خۆشەویستییەوە مایەوە. ئەگەر قۆناغی سینە بە کردەیی بەم شێوەیە بەرەو پاکی و کامڵبوون بچێت، ئەوا چونکە قۆناغەکان وەک ئەڵقەی زنجیرە بە یەکەوە بەستراون، لە قۆناغەکانی تریشدا سەرکەوتوو دەبێت. جا لە قۆناغی دووەمدا، کە بەلای عاریفەکان ناوێکی تری بۆ داندراوە، بەوەی دڵ چوار پەردەی هەن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی بگاتە لوتکەی خۆشەویستی، ئەوا دەبێت لە دیوی دەرەوە بۆ کرۆکەوە پەردەکانی (صدر، قلب، فوئاد، شغف) ببڕێت، ئەوجا کەسەکە وێڕای ڕاستگۆییەکەی دەبێتە خاوەنی کەسێتییەک کە لە رووی رۆحەوە هێند مەزن دەبێت، هەندێک هەست و سۆزی ساویلکانە هەڵیناخەڵەتێنێت.

پەردە و قۆناغی دووەمی دڵ لەناو ئەدەبیاتی عیرفانیدا بریتییە لە وشەی دڵ (قلب)، کە لە قورئانیشدا لە مەقامی جۆراوجۆردا هاتووە، لەگەڵ پەردەی پێش خۆی جودایە، بەوەی بەرە بەرە بەرەو نزیکبوونەوە لە خۆشەویستی ڕاستەقینە دەچێت، بەڵام دەشگونجێت لەم مەقامەدا مرۆڤ تووشی زەلاندن بێت و هەڵزەلێت، چونکە خودی وشەکەش لە زمانی عەرەبیدا لە (قلب یقلب تقلیبا) هاتووە، بە مانای وەرگەڕان و هەڵگێڕ و وەرگێڕ دێت. لەم قۆناغەدا ئەگەر ئامادەکاریی رۆحی بۆ نەکرابێت، ئاسان پەشیمان دەبێتەوە، هەندێکجار نەخۆش دەکەوێت (في قلوبهم مرض) البقرة/١٠ و تا دەگاتە ئەوەی ناتوانێت قۆناغەکە ببڕێت و هەر لە شوێنی خۆیدا مۆری دەرنەچوونی لەسەر دەدرێت (ختم الله علی قلوبهم) البقرة/٧. ئەم قۆناغە پەیوەندی بە بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆیانەی

**کەسی قووڵبوو لە خۆشەویستیدا، بۆ ئەوەی بگاتە خۆشەویستی ڕاستەقینەی ئاسمانی، دەبێت سەرسامییەکەی بگاتە ئاستێك، خۆشەویستی هەموو بوونی داپۆشێبێت.**

مرۆڤیش هەیە، بەوەی مرۆڤ ئازادە لەوەی کام ڕێگا هەڵدەبژێرێت، چونکە دڵ لێرەدا بە دەربڕینە قورئانییەکە یەکسان دەبێت بە عەقڵ (إن في ذلك لذكري لمن كان له قلب) ق/٣٧ و (فتكون لهم قلوب يعقلون بها) الحج/٤٦، تەنانەت لە رووی زانستی پزیشکیشەوە پەیوەندییەکی دەماریی پتەو لە نێوان دڵ و مێشک هەیە. ئەم پەیوەندییە بەو واتایە دێت کە مێشک سەرپەرشتی کاری دڵ دەکا و لەکاتی سڕکردنی هەموو ئەندامەکانیشدا ئەم پەیوەندییە لەنێوان ئەم دوو ئەندامە هەر دەمێنێت. جا زۆربەی هەرە زۆری خەسڵەتەکان لەم قۆناغ و پەردەیەدا گیریان خواردووە، تەنانەت لە قورئانی پیرۆزدا نزیک بە (٢٤) خەسڵەتی دڵ هاتوون و ئەم پەردەیەش پشکی شێری بەردەکەوێت، وەک (البلوغ، التقلب، الاقفال، الطبع، الختم، الرين، الغلف، الاكنه، المرض، الحصر، الشد، القسوه، القذف، الالقاء، الزيغ، الاشمئزاز، الريبه، الحسره، الغمره، الغفله، اللهو، شتي..).

کە نۆرەی پەردەی سێیەم دێت، واتە پەردەی دووەم بە سەلامەتی بڕدراوە و لە (فؤاد)دا کە پەردەی سێیەمە، بارە مەعنەوییەکە جودایە، بەوەی خودی وشەی (فؤاد) لە (فأد) و برژانی نان و کولێرە و گۆشت هاتووە، یان کاتێک گۆشت

## مامەڵەکردن لەگەڵ شاعیرانی وەك جزیری، شێخ نورەددین بریفکانی، مەحوی، مەولەوی، خاکی... هتد دەبێت بە گەڕانەوە بێ بۆ کەلەپووری ئیسلامیی.

لەسەر پشکۆ دەبرژێت، ئەو کاتە دڵ تەندوورە کە سوتەمەنییە و شوێنی هەست و سۆزێکی کامڵ بووە، لەلایەکی دیکەوە بەڵگەی گەرموگوڕی دڵ دەگەیەنێت و گەرمایی راستەقینە لەم شوێنەوە دڵ دادەپۆشێت، بە واتای دیکە بە پارچەیەک لە دڵیش هاتووە. ئەم گرنگیدانەی قورئانی پیرۆز بە وشەی (فؤاد) دەرخەری قۆناغێکی ڕاست و دروست و پاکی خۆشەویستییە کە لە ڕێگای دڵێکی فوئادەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوەشە خۆشەویستی دایکی (موسا پێغەمبەر) بە (دل= قلب)ەوە گوزارشت ناکرێت، بەڵکو لەبەر گەرمی و پاکی و تین و هێزی خۆشەویستییەکە (دڵ= فؤاد) ی بۆ دادەنرێت (وأصبح فؤاد أم موسي فارغا) القصص/١٠. پێگەشی لەناو دڵدا بەلای (ترمزی) یەوە وەک مزگەوتی حەرامە لە شاری مەککە، یان وەک فتیلەی چرایە لەناو چرادانەدا، ئەمەش شوێنی مەعریفەت و یادەوەری و ڕوانینە و لە ناوەڕاستی دڵدایە، دڵیش لە ناوەندی سینەدایە.

هەرچی پەردەی چوارەمە کە بەلای هەندێ لە عاریفان (شغف) و بەلای هەندێکی تر (اللب)ی بۆ داندراوە، دوا پەردەیە و کەم کەس دەتوانێت بیگاتێ، وەک ڕۆشناییە لەناو چاودا، وەک ڕووناکاییە لەناو چرادانەدا، هەموو ئەمانەش پارێز و داپۆشەری ژوورەوەیە، نووری یەکتاپەرستی، نووری تاکانەیی و نووری میری هەرە مەزن لێرەوە سەرچاوەکەی دەبینرێت(١).

جا لەناو شیعردا ئەم قۆناغانە بە چەند چەمکێکی تر دەبەسترێنەوە، بە گوێرەی تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە قورئان و حالەتە عیرفانییەکە، بۆیە زۆر جاران نوور، ڕووناکی، پلەکانی ڕۆح، باوەڕ، مەعریفەت، یەکتاپەرستی و...هتد، و گەیشتن بە پەروەردگار دەبنە بناغەی ئەم چوار پەردە، شاعیر بە گوێرەی پێگەیشتنی خودی خۆی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بۆ وێنە بە ڕای ترمزی و پشتیوانی هەندێ زانای دوای خۆی، ئەم پەردانە چەمگەلی دیکەی ئایینی لەگەڵ خۆیان دەبرن، بەڵام بە ڕەچاوکردنی هەر بنەما و قۆناغەکەی خۆی. وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە(٢):

| سینە | دڵ (قلب) | فوئاد | الشغف (اللب) |
|---|---|---|---|
| نووری ئیسلام | نووری باوەڕ (ئیمان) | نووری مەعریفەت | نووری یەکتاپەرستی |
| مسوڵمان | باوەڕدار (موئمین) | عارف | یەکتاپەرست (الموحد) |
| زانستی شەریعەت | کرۆك و دیوی ناوەوە(الباطن) | ڕوانین | چاکەو منەتی خوا لەسەر |
| نەفسی ئەممارە | نەفسی مولهەمە | نەفسی لەووامە | نەفسی دڵنیاکەرەوە(مطمئنة) |

جا لێرەدا بەسەرنجدان لە خشتەکە، دەردەکەوێت، کە ئەم خشتەیە لە قورئان و سوننەت و کەلەپووری زانایان سەرچاوەی گرتووە، مامەڵەکردن لەگەڵ شاعیرانی وەک جزیری، شێخ نورەددین بریفکانی، مەحوی، مەولەوی، خاکی،...هتد دەبێت بە گەڕانەوە بێ بۆ ئەم کەلەپوورە، ئەگەرنا ناتوانرێت هێڵە گشتیی و تایبەتییەکانی شیکردنەوەی دەقی شیعری دەستنیشان بکرێ، بەتایبەتیش ڕەچاونەکردنی، دەبێتە هۆی ئیشکالییەتی تێگەیشتن، بەتایبەتیش لەوەدا کە لە کوردیدا مەرج نییە (فوئاد و شغف)بێن، بەڵکو خەسڵەتەکانیان دێن و بە لەسەرخۆچوون و هۆگربوون و ئازارچەشتن تا دەگاتە سوتان، پەردەی سێیەم و چوارەمی دڵی پێ دەناسرێتەوە.

زۆر جاریش لەناو کەلەپووردا بە تێپەڕبوونی کات چەمکەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و هەموو ئەم پلانە بە چەمکی مێینە (مؤنث) دەربڕاون، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەی پێیوایە دەبێت خۆشەویستی خالیق لە جوانترین مەخلوقدا ڕەنگ بداتەوە، لە سۆنگەی نەبینینی خۆشەیست بە چاوی سەر، جا ئەمە بۆ خودا. جاری واشە بۆ ڕابەر یان بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، یان بۆ کەسێکی دیاریکراو، زاراوەکان و ئەو وشانەی بەکاردێن هەوڵدەدرێن وشەی مێینە بن، تا پێیان وابێت چۆن لەناو دروستکراوەکانی مرۆڤدا، مێینە جوانترین دروستکراوە، بۆیە دەبێت لە چاوی ئەو جوانییەدا بڕوانرێتە جوانی یار کە لە مرۆڤێکەوە دەست پێدەکات تا خودا.

ئەم ڕوانینەی سەرەوە بۆ ئەوەمان دەبات، کە دەشێت عاشق، یان کەسی قووڵبوو لە خۆشەویستیدا، بۆ ئەوەی بگاتە خۆشەویستی ڕاستەقینەی ئاسمانی، دەبێت سەرسامییەکەی بگاتە ئاستێک، خۆشەویستی هەموو بوونی داپۆشیبێت، لەبەرئەوەشە (شغف) بە بەهێزترین

**بەلای عاریفەکان دڵ چوار پەردەی هەن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی بگاتە لوتکەی خۆشەویستی، ئەوا دەبێت لەدیوی دەرەوە بۆ کرۆکەوە پەردەکانی (صدر، قلب، فوئاد، شغف) ببڕێت.**

جۆر هاتووە و لەبارەی بەسەرهاتەکەی یوسف پێغەمبەریشەوە بە (قد شغفها حبا) یوسف/٣٠، لە قورئاندا دەربڕدراوە. جا کەرەستەی ئەم سەرسامبوونە زۆر جار لە جوانیدا مرۆڤ مەست دەبێت، مەستێکی مەعنەوی، کە قورئانیش بەمەی ڕاستەقینەکە کە هەوێنی خۆشەویستییە، بە (شرابا طهورا) الانسان/٢١، ناوی دەهێنێت، ئەم شەڕابە ئیلاهییە هەمان کەرەستەی دونیایی هەڵگرتووە، ئەگەر تەفسیرە عیرفانی ڕۆحییەکەی بۆ نەکرێت، تێگەیشتنەکە تووشی زەلاندن دەبێت. ئەو کاتە لە بەرامبەر ئەم دێرە شیعرەی مەحوی تێگەیشتنەکان ئاوەژوو دەبنەوە:

**لەسەرخۆچوونە شەیدابوونە قورپێوانە سوتانە**
**هەتا مردن مەحەببەت ئیشی زۆرە ڕیزی لێدەگرم**
دیوانی مەحوی٢١٩

تەنانەت ڕوانینەکان بۆ شیکارکردنەکە هێندە ورد دەبنەوە، حیساب بۆ وشەی مەحەببەت دەکرێت، کە بۆچی هاوواتای دیکە بەکارنەهاتووە، واتە خودی ئەم بەکارهێنانەش کەلەپوورێکی دیکەی لەپشتە کە دەشێت لەگەڵ چەمکی دیکەدا جوودا بێت. چونکە بە لای کەسێکی وەک (سوهرەوەردی)، عیشق لە مەحەببەت تایبەتیترە، چونکە هەمو عیشقێک مەحەببەتە، بەڵام هەموو مەحەببەتێک

عیشق نییە، مەحەببەت لە مەعریفەت تایبەتترە، چونکە هەموو مەحەببەتێک مەعریفەی هەیە، بەڵام هەموو مەعریفەیەک مەحەببەتی نییە. یەکەمین پایە مەعریفەت و دووەمین مەحەببەت و سێیەمین عیشقە... ناتوانی بە جیهانی عیشقیش بگەیت، تا لە مەعریفەت و مەحەببەت نەگەیت(٣). بۆیە ئەگەر شێوەی واتاکانی خۆشەویستی سۆفییانە (الحب الصوفي) لە میراتی سۆفییانەدا بپشکنین، ئەوا لە پێناسەکانی هەریەکە لە ناوداران و ڕابەرانی ئەو بوارە وەک سری سەقەتی، جونەیدی بەغدادی، شبلی، حەللاج، سمنون ئەلمحب، حسین ئەنوری، ئەبو یەعفوب ئەلسوسی و ئیبراهیم ئەلخەواس بۆ خۆشەویستی سۆفییانە بڕوانین، ئەوا بە درێژایی چەندین سەدە لە دەربڕین و کتێبەکانیاندا، لە جیاتی وشەی (الحب) وشەی (المحبە)یان بەکارهێناوە، کە مەحببەت لە زمانی عارەبیدا وشەیەکی مێینەیە، ئەمەش لە وشەی (الحب) ڕەوانتر و ناسکترە، شکۆمەندی زیاتری پێوە دیارە، بەتایبەت کە ناوەڕۆکەکەش و بابەتەکەش تەنیا لەسەر خۆشەویستیی خودایی بێت. حەللاج لە دیارترین ئەو کەسانەیە لە شیعر و پەخشانەکانی لەم ڕێرەوە لایداوە و وشەی (الحب)ی بەکارەێناوە(٤).

هەموو ئەم ڕوانینەی سەرەوە بۆ ئەوەبوو، بڵێین، کە زۆربەی دارشتنەکانی (دڵ)ی شیعری، لە دەقی کلاسیکدا، دەبێت ڕەچاوی (دڵ)ی قورئانی و جۆرەکانی بکرێت، چونکە وەک چۆن جۆرەکانی دڵی قورئانی لەگەڵ چەمکی تردا بەندیواردەبن و پلە و مەقامەکانیان جودایە، ئەوا بە هەمان شێوە لە هەمبەر هەموو دڵەکانی شیعری کلاسیکدا، کردەیەکی خۆشەویستی هەیە، ئەم کردە خۆشەویستییەش ڕاڤەکردن و مەبەستەکەی گران دەوەستێت، ئەگەر بۆ ئەو قۆناغبەندی و پەردانە نەگەڕێندرێنەوە و بە تاڵە موو لەیەکدی جودا نەکرێنەوە(٥).

**سەرچاوەو پەراوێز:**


١. بيان الفرق بين الصدر والقلب والفؤاد واللب، ابى عبدالله محمد بن على الحكيم الترمذى (ت٣٢٠ه)، د. يوسف وليد مرعى، مؤسسة آل البيت الملكية للفكر الاسلامي، عمان، الاردن، ٢٠٠٩، ص٤.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

٣. سەروردی شيخ اشراق مديحة سراى نور، نطارش عطاءالله تدين، ضاث ضهارم، انتشارات تەران، ١٣٨٨، ص٣٢٢.

٤. الحب في التصوف الاسلامى، ابن عربي نموذجا، يحيى الراضى، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ص٧٢.


٥. ئەمە دەروازەیەکە بۆ جوداکردنەوەی چەمکەکان لەیەکتری، بۆیە بواری ئەوە نییە بە شێوەی پراکتیکی ەەموو جۆرەکان لە شیعردا بێنینەوە، ئەمە بۆ باسێکی دیکە هەڵدەگرین.

# دەوڵەتی مەدەنیی
# و
# دەوڵەتی دینیی

## دوو بژاردەی جیاوازی حوکمڕانی



**ئیمداد تەها**
لەدایکبووی ١٩٩٠
بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

## سەرەتا

سیستەمی سیاسیی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، یەکێکە لەو پێویستییانەی کە زۆرێک لە بیرمەندان و شارەزایان باسیان لە گرنگی و پێویستی هەبوونی کردووە، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی بەیەکەوە بەستراون و ژیان دەگوزەرێنن لە پارچە زەویەکی دیاریکراودا و ناوی هەرێمی بەسەردا براوە.

دەمانەوێت لێرەدا دەربارەی دەوڵەتی مەدەنیی و دەوڵەتی دینیی بدوێین، بزانین ئەو دوو چەمکەبە مانای چی دێن و کار لەسەرچی دەکەن، سەرنجی زانا و بیرمەندان لەمەڕ ئەم بابەتە و پایەبنەڕەتیەکانی چییە.

## دەوڵەتی مەدەنیی و بنەما سەرەکییەکانی

دەوڵەتی مەدەنیی، ناسێنراوە بەوەی کە بریتییە لەو دەوڵەتەی هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردن لە هەموو هاونیشتمانیان، بێ گوێدانە ئەوەی کەئەم هاونیشتمانییەسەر بەکام نەتەوەیە، چ ئایینێکی هەیە و هەواداری چ ڕەوتێکی فیکرییە(١).

یان بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکانێک لەناوچەیەکی جوگرافیدا دەژین، هەموویان بە یەکسانی ملکەچی یاسا و سیستەمێکی دیاریکراون، لایەنێکی دەسەڵاتداریش هەیە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی یاسا بەسەر هاونیشتمانیاندا بۆ هێنانەدی دادپەروەری و یەکسانی، مەرجی سەرەکی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی مەدەنیی ئەوەیە کە هیچ یەکێک لە هاونیشتمانیان ماف و سەروەرییەکانی نەکەوێتە مەترسییەوە بە هەرهۆ و بیانوویەک بێت، حکومەت بە هەموو شێوازێک پارێزگارییان بکات(٢).

بەم پێیەش دەوڵەتی مەدەنیی خۆی لە هاونیشتمانیبووندا دەبینێتەوە، چەقی سەرەکی بیرکردنەوە، ڕەفتارکردن، دانانی یاسا و بەرژەوەندییەکان لەسەر بنەمانی هاونیشتمانیبوون (المواطنة) دەبێت.

### بۆ دروستبونی دەوڵەتی مەدەنی چەند بنەمایەکی سەرەکی و گرنگ هەن:

١- تێکەڵنەکردنی دین و سیاسەت، لە گرنگترین بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنییە، بەو مانایەی دەوڵەت لەم بارەدا دژایەتی هیچ ئایینێک ناکات و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەشی ناکات، بەڵکو ناهێڵێت ئایین بۆ مەرامی سیاسیی بەکاربهێنرێت و ئایین و سیاسەت لە یەکتری جیادەکاتەوە. چونکە بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامی سیاسیی دەبێتە هۆی ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقی ئایینی بەپێی ئارەزووی خەڵک و پیرۆزی خۆی لەدەست دەدات. ئایین لەم کاتەدا ڕۆڵی تەنها لەدروستکردنی تاکێکی بەڕەوشت و هەوادار بۆ وڵاتی خۆی دەبێت.

٢- هاونیشتمانیبوون، یەکێکەلە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی مەدەنیی، لەم بارەدا تاکەکانی ژێر سایەی ئەم دەوڵەتە، نە بە پلەوپایەیان، نەبەکار و پیشەیان، نە بەنەتەوە و ئایینیان نا ناسرێن و تایبەتمەندییەکی جیاوازیان نابێت لەخەڵکانی تر.

هەموو کەسێک لەسەر بنەمای هاونیشتمانیبوون مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەموو کەسەکان چوونیەکن لەبەردەم دادگادا، یاسا سەروەر دەبێت و هەموو کەسێک کۆمەڵێک ئەرکی لەسەرە، لەبەرامبەریشدا مافی خۆی هەیەلەم وڵاتەدا.

٣- یەکێکی دیکە لە بنەماکانی مەدەنییبوون فەراهەمکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و دروستکردنی گیانی لێبوردەیی و دان بەیەکتردانانە، هەرچەندە بۆچوونیشمان

جیاوازبێت و وەک یەک بیرنەکەینەوە.

٤- بنەمایەکی تری مەدەنییبوون پیادەکردنی دیموکراسییە لە حوکمرانیدا، بەو مانایەی رێگە نادات جڵەوی حوکمرانی بگیرێتە دەست لە لایەن کۆمەڵە خەڵکانێکەوە و هەڵدەستێت بە رەتکردنەوەی قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن رەوتێکی فیکری، یان بنەماڵەیەک، یان تاکەکەسیک، یان دەستەیەکەوە(٣).

٥- مەرجەعیەتی دەوڵەت پایەندە بە بۆچوونی هاونیشتمانیانەوە، هەر مەرجەعیەتێکیان پێ باش نەبێت دەوڵەت لەسەر بۆچوونی هاونیشتمانییان بە مەرجەعی ناگرێت، بەتایبەت مەرجەعیەتی دینی، بە هۆی تێکگیرانی بەند و دەقەکانی ئایین لەگەڵ ئایین و مەزهەبی خەڵک، ئایین کار لە شێوەی رەفتاری دەوڵەت دەکات بەرامبەر ئایین و مەزهەبی هاونیشتمانییان.

دەوڵەتی مەدەنیی هیچ بیرکردنەوە و تێگەشتنێکی ئایینی بەسەر خەڵکیدا ناچەسپێنێت، رێگە بە زاڵبوونی هیچ بیرکردنەوەیەکی ئایینی نادات بەسەر خەڵکدا.

٦- جیاکارییەکی تەواو لە نێوان دەسەڵاتی مزگەوت و کەنیسەدەکات لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، رێگە نادات هیچ لایەک دەست لە کاروباری یەکتری وەربدەن، ئایین تەنها رۆڵی لە بابەتەرەوشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت(٤).

### مێژوو و هەلومەرجی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنیی

بیرۆکەی دەوڵەتی مەدنیی نوێ نییە، بەڵکو ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ فەیلەسوف و پیاوە ژیرەکانی یۆنان لە سەدەکانی پێش زایین، ئەمان یەکەم کەس بوون ئەم بیرۆکەیەیان هێنایە کایەوە بۆ کەمکردنەوەی تارمایی دەسەڵات، کە لەو

**هەندێك لە زانا و بیرمەندانی ئیسلام، بە هیچ تەرزێك دەوڵەتی مەدەنیی بە شیاو بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان نابینن.**

کاتەدا هەموو ویست و بۆچوونێکی کۆمەڵگەی یۆنانی داپۆشیبوو.

لەگەڵ کاریگەری فەلسەفە لەبنیادنانی بیرۆکەی مەدەنیبوون، بەڵام هێشتا جیاوازییەکی ئەوتۆ هەیەلە نێوان ئەو دەوڵەتەی لە یۆنان هەبووە لەو کاتەدا، لەگەڵ ئەو دەوڵەتە لیبراڵیەی لەم سەردەمەدا هەیە.

لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی یۆنانی دابەش بوو بوو بەسەر چەند چینێکدا، کەخۆی دەبینیەوە لە چینی ئەرستۆکراتەکان، کە پێکهاتبوون لە دەسەڵاتدارەکان و پیاوانی کەنیسە و دادوەرەکان. پاشان چینی دووەم بە دوایدا دێت، کەخۆی لە پیشەوەرەکاندا دەبینێتەوە، چینی سێیەمیش دەستەی جوتیاران و هەژارانە، لە خوار ئەمانیشەوە چینی کۆیلەکان دێت.

فەیلەسوفەکان بۆچوونیان وابوو، سێ چینی خوار چینی ئەرستۆکراتەکان هیچ مافێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و فەلسەفییان نییە، جگە لە چینی یەکەم کەسی دیکەبۆی نییەتوانای و دەسەڵاتی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و جێبەجێکردن وەربگرێت(٥).

لە سەدەکانی ناوەراست بەدواوە، بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنیی لە ئەوروپا لە ئەنجامی ئەو

**له ئیسلامدا دەوڵەتی دینیی لە پاش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بوونی نەبووە، جێنشینەکان جێنشینی پێغەمبەر بوون، نەک هی خودای گەورە.**

ستەم و زەبوونکردنەی کەنیسەو پاپاکانەوە دەکرا بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگە، هاتەکایەوە، کە پیرۆزیەکی لە ڕادەبەدەریان بەخشییە پاپاکان، دانان و لابردنی هەر جڵەوگیرێکی حوکمڕانی لەژێر دەستی پاپادا دەبوو، هاوکات دەسەڵات و حاکمی دانراویش دەبووە سێبەر و بریکاری خوا لەسەر زەوی، بە هەموو جۆرێک ڕەخنە لێگرتن و بەرهەڵستییکردنی قەدەغەبوو. دەتوانین شێوازی حوکمڕانی ئەورووپا لەم چەند خاڵەدا ببینین:

١- دەسەڵاتی حوکم بەدەست پیرۆزە، جێنشینی خودایە لەسەر زەوی و کاروباری قەڵەمڕەوەکەی بەڕێوەدەبات.

٢- دەسەڵایەتی پادشایەتی دەسەڵاتێکی باوکانەیە، واتەپادشا لەبری خودا دادەنیشێت کە باوکی ڕاستەقینەی توخمی مرۆڤایەتییە.

٣- لەسەر خەڵکانی ژێردەستەیە گوێڕایەڵی تەواو بن، هیچ مافێکیان لە هەمبەر جڵەوگیردا نییە.

بەم پێیەش بیرۆکەی سیۆکراتی هاتەکایەوە، لە ئەوروپا، سیۆکراتی بەمانای گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیی و حوکمڕانی دێت لەلایەن پیاوانی ئایینی و کەنیسە، وایان پیشاندەدا هاوکاری دەکرێن ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە(٦).

ئەمانە بوونە هۆکاری دروستبونی بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنیی و ئەورووپییەکان بەم ڕێگەیە خۆیان ڕزگار کرد لەو ستەم، تاریکی، کە هەنوت و سیۆکراتییەی دونیای لێ تاریک کرد بوون. لەگەڵ ئەمەشدا چەند هۆکارێکی دیکە هەن بۆ تەشەنەکردنی بیرۆکەی مەدەنییبوون، لەوانە:

- ئەو وتە باوەی کە لەناو ئایینی مەسیحیدا هەیە دەڵێت: «ئەوەی هی قەیسەرە لێی گەڕێ بۆ قەیسەر، ئەوەشی هی خودایە لێی گەڕێ بۆ خودا»، لەمەشەوە دوو جیهانیان هێنایە کایەوە، ئەوانیش (جیهانی گیان) و (جیهانی ماک)ە.

- بانگەشەی ماکیافیلی بۆ جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت و ڕەوشت لە یەکدی.

- بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی پرۆتستانتەکان کە هەوڵی نە هێشتن و کەمکردنەوەی تارمایی کەنیسەی دەدا لە ژیان و سیاسەتیی کۆمەڵگەی ئەورووپییدا.

- ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کۆمەڵگەی ئەورووپی بە خۆیەوە بینی لە سەردەمی شۆڕشدا، لە گرنگترینیان شکانی دەسەڵاتی کەنیسە و زاڵبوون و گەشەکردنی ئاوەز و دەرکەوتنی چەندین بزووتنەوە، ڕەوتی فیکریی و ئایینیی جۆراوجۆر و ڕێچکە بیباوەڕی و ماددیەکان.

- ئەو گۆڕانکارییانەی شۆڕشی فەرەنسی هێنایە کایەوە، ئەو بنەمایانەی کارپێکرد کە بنەمای دەوڵەتی مەدەنین، لەوانە کۆتاییەێنان بە دەسەڵاتی کەنیسە.

- ڕۆڵی جولەکەکان لە شۆڕشی فەرەنسیدا، بۆ ئەوەی ڕزگاریان ببێت لەو ستەمەی لێیان دەکرا بە هۆی جیاوازی ئایینییەوە.(٧).

لە پاش ناساندن و هەلومەرجی سەرهەڵدان و هۆکارەکان، دێینەسەر جێبەجێکردن و پەیوەندی دەوڵەتی مەدەنیی بە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە،

بۆچوونی بیرمەند و زانا موسڵمانەکان بەرامبەر ئەم چەمکە و تێڕوانینیان بۆی. کاتێک لە بۆچوونەکان ورد دەبینەوە لەسەر دەوڵەتی مەدەنیی دەتوانین پۆلێنی بکەین چەند بۆچوونی سەرەکی.

بۆچوونی یەکەم، ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی مەدەنیی بە شێوەیەکی بنبڕ. هەندێک لە زانا و بیرمەندانی ئیسلام، بە هیچ تەرزێک دەوڵەتی مەدەنیی بە شیاو بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییەکان نابینن، پێیانوایە بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنیی وەک ڕێگە چارەیەک بۆ ئەوروپییەکان بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی سیۆکراتی بوو، جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەلە وڵاتی موسڵمانان کەبە هەمان ئەو بارودۆخە تاڵ و دژوارەدا تێنەپەڕیون، ئەو لادان و شێواندنی دین و ستەمەی لەوێ کرا، لێرە بەدی ناکرێت، جۆرێک لە پشێوی و نەفامی دێنێتە کایەوە و هیچ پاساوێکی نییە.

هەرکەسێکیش بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنیی بکات، ئیسلامی چواندوە بەو یاسایانەی کەنیسەی کاسۆلیکی لە ئەوروپا داینا و پەیوەندی بە دینەوە نەبوو.(٨).

هەروەها پێیانوایە هەموو پێشکەوتن، بە دەستهێنانی سەرکەوتن و خۆشبەختیەکی موسڵمان بەستراوە بە گەڕانەوەیان بە کارکردن بە قورئان و فەرموودە و کار و کردەوەی موسڵمانان لە چاخە یەکەمینەکاندا، بەپێی ئەم بۆچوونە، موسڵمانە یەکەمینەکان چۆن توانیان سەرکەوتن بە دەستبەێنن، لەم سەردەمەشدا تەنها بەوە بەدەست دێت و پێویستە خۆیان لە هەموو بەرنامە و پەیڕەوەکانی ڕۆژئاوا و بێگانە دارنن.(٩).

بۆچونی دووەم، پەسەندکردنی دەوڵەتی مەدەنییەبە شێوەیەکی گشتیی، خاوەنانی ئەم بۆچوونە بە ڕۆژئاوا گەراکان دەناسرێن، پێیانوایە

**هەڵوێستی دەوڵەتی مەدەنیی دەربارەی ئایین، نە هەڵوێستێکی دوژمنانەیە و نە دۆستانەشە، واتە دەوڵەت دژایەتی هیچ ئایینێك ناکات و هەوڵی نەهێشتن و کاڵکردنەوەی نادات**

پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بەدەستگرتن بەسیستەم و یاساکانی ڕۆژئاواوە دەبێت.

پێیانوایە پەسەندکردنی هەموو بڕگە و مانای زاراوەکانی دەوڵەتی مەدەنی شتێکی پێویستەلە هەموو ڕووەکانەوە، بۆ نموونە دەوڵەتی مەدەنیی بەشێکە لە لیبراڵیەت وەک بەرنامە و سیستەمێکی تەواو، هەڵوێستیشی بەرامبەر ئایین سیکۆلارییانەیە، لە ڕووی ئابووریشەوە سیستەمێکی سەرمایەدارییە.

خاوەنی ئەم بۆچوونە دەڵێت لە ئیسلامدا دەوڵەتی دینیی لە پاش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بوونی نەبووە، جێنشینەکان جێنشینی پێغەمبەر بوون، نەک هی خودای گەورە، لە ئیسلامدا پێویستە کاروباری وڵات بەڕاوێژکردن بەڕێوەبچێت، جگەلە شیعەی دوازدەئیمامی کە باسیان لە ویلایەتی فەقیهـ کردوە و نزیکبوون لە دەوڵەتی دینییەوە، هیچ گروپێکی دیکەباسی لە دەوڵەتی دینیی نەکردووە(١٠).

بۆچوونی سێیەم، لە هەمبەر دەوڵەتی مەدەنیی، بۆچوونی ڕەخنەئامێزە، لە هەمان کاتیشدا نە بە شێوەیەکی بنبڕ ڕەتیدەکاتەوە، نە بەشێوەیەکی گشتیش پەسەندی دەکات، بەڵکو لەم نێوەندەدا کۆمەڵێک لەبڕگە و بابەتەکانی

## دەکرێت پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە دەستگرتن بێت بە هەر سیستەمێکی پێشکەوتووی جیهانیی کە ناکۆك نییە لەگەڵ یاسا بنەڕەتیی و هێڵە گشتییەکانی ئیسلام

دەوڵەتی مەدەنیی بە بەشێک لە ئیسلام دەبینێت، پێیوایە هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ بابەتە جێگیر و نەگۆڕەکانی ئیسلامدا نییە، کۆمەڵێک دەستەواژە و بڕگەشی تێدایە لەگەڵ ئیسلام تێک دەگیرێن و پەسەندی ناکات.

هەروەها خاوەنانی ئەم بۆچوونە پێمان دەڵێن دەکرێت پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە دەستگرتن بێت بە هەر سیستەمێکی پێشکەوتووی جیهانیی کە ناکۆک نییە لەگەڵ یاسا بنەڕەتیی و هێڵە گشتییەکانی ئیسلامدا، جا ئەم سیستەمە بەرهەمی دەستی موسڵمان بێت یان جگە لەموسڵمانان.

لەو خاڵە سەرەکییانەش کە ئیسلام و دەوڵەتی مەدەنیی تێیدا تەبان لەسەری، ئەوەیە کەدەسەڵات دەدەنەپاڵ گەل، پێیانوایە دەسەڵات بریکاری گەلە و هیچ پیرۆزی و بریکارییەکی لەلایەن خوداوەنییە، گەل مافی ئەوەیان هەیە هەڵیانبژێرن، لایان ببەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن.(١١).

لێرەدا پێویستە دەوڵەتی دینیی (سیۆکراتی) ئەورووپی و دەوڵەتی دینیی ئیسلامیی بناسێنین، جیاوازییەکانیشیان بخەینەڕوو، پاشان تێڕوانینی بیرمەندە موسڵمانەکان باسکەین کە بۆ دەوڵەتی دینیی هەیانبووە.

دەوڵەتی دینیی، ئەو دەوڵەتەیە کە جڵەوگیری حوکمڕانی تێیدا سروشتێکی خوایانەی پێدەبەخشرێت، بە خودا، یان کوڕی خودا ناودەبرێت، وای نیشاندەدەن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەسی جڵەوگیر لەلایەن خوداوە بژاردە کراوە و ڕێنوێنی دەکرێت.

بەم پێیەش فەرمانڕەوا پلەیەکی پێدەبەخشرێت کە بۆ هیچ کەس نییە بیگاتێ، وتە و کارەکانیشی بە هیچ تەرزێک بەرهەڵستیکردنی نییە، تاک هیچ مافێکی لە هەمبەر فەرمانڕەوادا نییە، تەنها گوێڕایەڵی و ملکەچیی لەسەرە(١٢).

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین، دەوڵەتی دینیی بەو مانایە نایەت کە هەندێک کەس لێکی دەداتەوە بەوەی کە فەرمانڕەواکەی کەسێکی دینیی بێت، یان پاپایەک بێت، یان هەرکەسێک دەرچووی دامەزراوەیەکی ئایینیی بێت و ناونیشانێکی ئایینیی هەبێت، بەڵکو هەرکات سەرۆک وەها بیری کردەوە کە دەستەڵاتەکەی پیرۆزە و ئەو کارانەی دەیکات لە ڕێگەی سروش و نیگاوە پێی دەکرێت، ئەوا بە دەوڵەتێکی دینیی هەژمار دەکرێت.(١٣).

کاتێک لە دەوڵەتداری و سنوورەکانی دەسەڵاتی کەسی دەسەڵاتدار دەکۆڵینەوە لە فیقهی ئیسلامییدا، دەبینین دەوڵەتی دینیی بەو جۆرە مانایە بوونی نییە، لە نێو دونیای ئیسلامدا کەسی فەرمانڕەوا ئەو پیرۆزیەی پێنادرێت، وەکو مرۆڤەکانی تر وایە، هیچ تایبەتمەندی و پەیوەندییەکی جیاوازی لەگەڵ خودادا نییە، جگە لە پەیوەندی بەندایەتیی و ملکەچیی، بۆ موسڵمانانیش هەیە لە چاکەدا شوێنی بکەون، ئەگەرنا دەتوانن لێپرسینەوەشی لێبکەن و ڕاستیشی بکەنەوە لەو کارانەی ناشەرعین.(١٤).

**بۆچوونەكان دەربارەی**
**دەوڵەتی دینیی ئیسلامیی**

چەند بۆچوونێک هەن دەربارەی ڕەوایەتیی و چۆنیەتیی دەوڵەتی دینیی لە ئیسلامدا، بەکورتی دەیانخەینەڕوو:

بۆچونی یەکەم، دەڵێت بەو پێیەی کەوا خودای گەورە و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ڕێنومایی خەڵکیان کردووە فرمانەکانی خودا کار پێ بکەن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەیاساکانی حوکمڕانی، لە سیاسەتکردن و دادوەری و... هتد، ئەوا دەوڵەت سیفەتێکی دینیی وەردەگرێت، بەو مانایەی کار بەو یاسا و بەرنامانە دەکات ئیسلام بۆی داناوەو لە قورئان و فەرمووودەدا هاتووە، نەک بەمانا سیۆکراتییەکەی، جگە لە دەوڵەتی دینیش دەوڵەتێکی دیکەمان نییە(١٥).

هەندێکیش پێیانوایە بەکارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەتی مەدەنیی لەکاتی ناچاری و پێویستیدا نەبێت بەکارنەهێنرێت و هەر بوترێت دەوڵەتی دینیی، چونکە دەوڵەتی دینیی ئیسلامیی دان بەسەروەری شەریعەتدا دەنێت، بە پێچەوانەی دەوڵەتی مەدەنییەوە جگە لە بۆچوونی خەڵک هیچ سەرچاوەیەکی دیکەبە سەروەر نازانێت(١٦).

بۆچونی دووەم، دەڵێت ئایینی ئیسلام لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەهاتووە دەوڵەتێکی سیاسیی دابمەزرێنێت، شتێکمان نییە لە ئیسلامدا بەناوی دەوڵەتەوە. ئەو دەوڵەتەش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دروستیکرد دەوڵەتێکی دینیی بوو، بەڵام بە مردنی خۆی کۆتایی پێهات و درێژەی نەکێشا.

خەڵکیش لە هەر سەردەمێکدا دەتوانن بەپێی بارودۆخی ژیانیان دەوڵەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان دابمەزرێنن، دەوڵەتێکی مەدەنیی بێدین بێت، هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێنومایییە دینییەکانەوە نەبێت، یاساکانی شەریعەت جێبەجێ نەکات.

خاوەنی ئەم بۆچوونە، لە دەربرینی بۆچوونەکەیدا پشت بەم جیاوازییانە دەبەستن لە نێوان دەوڵەتی دینیی و دەوڵەتی مەدەنیی و دەیانکەنە بەهانە و پاساو بۆخۆی.

١- دەوڵەتی دینیی فەرمانڕەواکەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە دەستنیشان دەکرێت، بەڵام دەوڵەتی سیاسیی فەرمانڕەواکەی لەلایەن گەلەوە دەستنیشان دەکرێت، یان بەتۆپزی دەستەڵات دەگرێتەدەست، یان دەسەڵاتی بۆ ماوەتەوە بەمیراتی.

٢- دەوڵەتی دینیی، پێغەمبەرێک فەرمانڕەوایی دەکات وەحی بۆ دێت، بەڵام دەوڵەتی سیاسیی کەسێکی ئاسایی فەرمانڕەوایی دەکات.

٣- فەرمانڕەوایی دەوڵەتی دینیی خودا لە ئاسمانەوە پشتگیری دەکات و دەیپارێزێت، هەروەها چارەسەری ئەو کێشانەی بۆ دەکات کە دێتەڕێگەی، بەڵام فەرمانڕەوایی دەوڵەتی سیاسیی هیچ پارێزگارێکی ئاسمانی نییە، ئەو کێشانەشی دێتە ڕێگەی، لە ڕێگەی ڕاوێژکردن بە چواردەورەکەی و بەردەستەکانی چارەی دەکات.

٤- لە دەوڵەتی دینییدا، خودای گەورە شاخەکان، باڵندە، ئاسن، جنۆکە و هەموو شتێک ڕام دەکات بۆ فەرمانڕەوا، بەڵام لە دەوڵەتی سیاسییدا فەرمانڕەوا پشت بە هێز و توانا و زیرەکییەکانی دەبەستێت.

٥- گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای دەوڵەتی دینیی پێویستیەکی ئایینییە، ئەو کەسانەی بەرهەڵستی دەکەن و دژی دەوەستن، یان بێباوەڕ، یان دووڕو، یان باوەڕ لاوازن، بەڵام گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای دەوڵەتی سیاسیی پەیوەندی بە دینەوە نییە، بەرهەڵستکارانی هیچ نازناوێکی لەوجۆرەیان بەسەرا نادرێت.

**دەوڵەتی دینیی بە مانای جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی ماناکراوە، جۆرێك لە تێکەڵکردن لە ڕاستی و ناڕاستی ڕوویداوەلە ناساندنیدا.**

٦- فەرمانڕەوای دەوڵەتی دینیی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی دیاری نەکراوەو بە مەرگی خۆیەوە بەستراوە، لەماوەی فەرمانڕەوایەتیشیدا ئامانجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودایە، بەڵام فەرمانڕەوای دەوڵەتی سیاسیی ماوە کە سەرۆکایەتییەکەیەتیی(١٧).

بۆچوونی سێیەم، دەڵێت دەوڵەت کاتێک دەبێتە دینیی کە هەستێت بە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکراتی سیکۆلاریستیدا.

بەپێی ئەم بۆچوونە دەوڵەتی دینیی ئەوکات دروست دەبێت کە هەردو دەسەڵاتی ئاینیی و سیاسیی لەدەستێکدا کۆدەبنەوە و دین و دەوڵەت تێکەڵاوی یەکتری دەکرێن.

دەوڵەتی دینیی، تەنها بە دەوڵەتی سیۆکراتی ناوترێت، دەوڵەتی ئیسلامیی کۆکەرەوەی دین و سیاسەتیش بە دەوڵەتێکی دینیی هەژمار دەکرێت.

هەرکات دەوڵەت هەستا بە جێبەجێکردنی یاسا شەرعییەکان، ئەو سزایانەی جێبەجێ کرد کە لە ئیسلامدا بۆ تاوانباران دانراون، دەبێتە دەوڵەتێکی دینیی، یان لەژێر ناوی حەڵاڵ و حەرام دەستی خستەنێو ئازادی تاکەکان و ڕێگری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ڕەهای لێگرتن، ئەوا دەبێتە دەوڵەتێکی دینیی(١٨).

بۆچونی چوارەم، دەڵێت پێویستمان بە بەکارهێنانی زاراوەی دەوڵەتی مەدەنیی هەیە، بەڵام بەومەرجەی پەیوەستی بکەین بەسەرچاوەی دینییەوە.

خاوەنانی ئەم بۆچوونەپێمان دەڵێت لەگەڵ تەباییەکانی ئیسلام و مەدەنیەت لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوا، هاونیشتمانیبوون، پێکەوەژیان، دابینکردنی ئاسایش، خۆشگوزەرانی و گیانی برایەتی لە کۆمەڵگەدا ئێمە، دەتوانین بڵێین دەوڵەتێکی مەدەنیمان دەوێت کە سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلام بێت و دەوڵەتی دینی سیۆکراتیمان ناوێت(١٩).

لەپاش ئەم گوزەرەی کردمان بەناو پێناسە و بۆچوونەکان بۆ دەوڵەتی مەدەنیی و دینیی و خستنەڕوی بۆچوونەکان دەتوانین بڵێین:





## ئەنجام

– دەوڵەتی دینیی بە مانای جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی ماناکراوە، جۆرێک لە تێکەڵکردن لە ڕاستی و ناڕاستی ڕوویداوەلە ناساندنیدا. بیرمەند و زانایانی ئیسلام لەگەڵ دەوڵەتی دینی سیۆکراتی نین و پەسەندی ناکەن، هەروەک چۆن بەشێوەیەکی گشتیش لەگەڵ دەوڵەتی مەدەنیدا نین، هەندێک لە بابەتەکانی پەسەند ناکەن، ئەوانەش دەوڵەتی مەدەنیی پەسەند دەکەن هەندێکیان تا ئەو ئاستەدەڕۆن کە لەگەڵ ئیسلام تێکنەگیرێت. کۆمەڵە بیرمەندێکی ئیسلامیی هەن بە ئاشکرا داوای دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنیی دیموکراتیی سیکۆلاریستی دەکەن.

– کاتێک لەنێو دونیای نووسین و وتەوە دێینە دونیای بەرجەستە و کردەیی، دەبینین زۆرێک لە قسە و باسەکان تەنها لە دووتوێی کتێبدان و کردەیی نەکراون.

بۆ نموونە، ئەو دەوڵەتە دینییە ئیسلامییە جیاوازە لەسیۆکراتی و ئەوەندە جوان پێناسەدەکرێت و باسدەکرێت، بە دوای چوار خولەفای ڕاشیدین زۆر بە کەمی دەیبینین ئەو مەرج و سیفەتانەی پێویستن لەو دەوڵەتانەدا بەدی ناکرێن کە دەوڵەتێکی ئیسلامی دینیین.

– دەوڵەتە مەدەنییەکانیش دروشمەکانیان هەر بۆخۆیانە و کەڵکێکی ئەوتۆی بۆ جگە لە خۆیان نییە، لە بەرامبەر نەتەوەکانی جگە لەخۆیان بەوشێوە جوانە، بەو گیانی برایەتی، پێکەوەژیان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە نایانبینین کار بکەن، بەڵکوهۆکاری سەرەکی بەدبەختین بۆ گەلانی موسڵمان، جگە لە خۆیان و بەئاشکرا ماڵیان وێران دەکەن و سامانیان دەبەن.

– هەڵوێستی دەوڵەتی مەدەنیش دەربارەی ئایین، نە هەڵوێستێکی دوژمنانەیە و نە دۆستانەشە، واتەدەوڵەت دژایەتی هیچ ئایینێک ناکات و هەوڵی نەهێشتن و کاڵکردنەوەی نادات، تاکی ئاییندار دەتوانێت پەیڕەوی ئایینی خۆی بکات لە سایەی دەوڵەتدا و بەندایەتی خۆی بکات، بەناوی ئایینەوە کۆمێنتی سیاسیی نەبێت و باس لە کاروباروی دەوڵەت نەکات، لە هەمانکاتیشدا تێکەڵاوی سیاسەت و دەوڵەتی ناکات. ئاشتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات بۆ هەموو خاوەن ئایینەکان، ڕێگری لە دروستبونی ئاژاوە و ناکۆکی دەگرێت لە وڵاتدا بەناوی ئایین، مەزهەب و نەتەوەگەراییەوە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


١- ویکیپیدیا، http//ar.wikipidea.org.

٢- ناتاشا عیسى، الدولة المدنیة .www .com .maudoo٣..

٣- ویکیپیدیا.

٤- الرؤیة الغربیة للدولة المدنیة، د. عبدالعزیز صقر، مجلة البیان ص(٢٦)، الإصدار الخامس ١٤٢٩هـ .

٥- الدولة المدنیة.. المفهوم.. المبادء.. التطبیق، سامي عباس، www. kitabat. com.

٦- مفهوم المجتمع المدني والدولة المدنیة، د. محمد أحمد علي مفتي، مجلة البیان، الریاض، ١٤٣٥هـ .

٧- الرؤیة الغربیة للدولة المدنیة، د. عبدالعزیز صقر، مجلة البیان ص(٢٨)، الإصدار الخامس ١٤٢٩ هـ .

٨- الدولة المدنیة والإسلام، د. خالد صقر، ص(٥١)، دار السلام للطباعة- القاهرة، ٢٠١٢.

٩- الدولة المدنیة في الفكر السیاسي الإسلامي، د، صبریمحمد خلیل، ٢٠١١.

١٠- لا للدولة الدینیة.. ونعم للدولة المدنیة، د. یحي الجمل، www. ikhwan wiki. com..

١١- الدولة المدنیة في الفكر السیاسي الإسلامي، د، صبریمحمد خلیل، ٢٠١١.

١٢- الدولة الإسلامیة بین المدنیة والدینیة، محمد بن شاكر الشریف، www. said. com.

١٣- الدولة الدینیة والدولة المدنیة، أ.د. جعفر شیخ إدریس، مجلة البیان العدد ٢٧، ٢٠١١.

١٤- الدولة الإسلامیة بین المدنیة والدینیة، محمد بن شاكر الشریف، www. said. com.

١٥- الدولة الدینیة والدولة المدنیة، أ.د. جعفر شیخ إدریس، مجلة البیان العدد ٢٧، ٢٠١١.


١٦- الدولة المدنیة مفاهیم وأحكام، أبوفەر السلفي، ص(٦٤)، دار عالم النوادر- القاهرة، ٢٠٠١م.

١٧- الإسلام بین الدولة الدینیة والدولة المدنیة، خلیل عبدالكریم، ص(١٢)، القاهرة ١٩٩٥.

١٨- مفهوم المجتمع المدني والدولة المدنیة، د. محمد أحمد علي مفتي، مجلة البیان، الریاض، ١٤٣٥ه. ص( ٨٦-٨٨).

١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ( ٩٢- ٩٤).

# هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی و
# کۆمکاری عەرەبی بەرامبەر کیمیابارانی
# هەڵەبجە



**عادل سدیق علی**
لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە ، ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەند وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاووبوەتەوە



لەکاتی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراقدا، جگەلەسوریا و لیبیا، زۆربەی وڵاتانی عەرەبی هاندەری عێراق بوون بۆ دانوستان لەگەڵ کورددا بە مەبەستی ڕێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی فەندەمێنتاڵیزمی ئێرانی لە دەرەوە(١). بەڵام هەر دوابەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ و ئەو کوشتوبڕ و سیاسەتە توندەی کەڕژێم لە دژی گەلی کورد دەستیدایە، وڵاتانی عەرەبی هەڵوێستی بێدەربەستیان گرتەبەر، هەندێکیشیان ڕاستیەکانیان دەشێواند و سەراوژێریان دەکردەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش هەستی بەوە کردبوو هەڵوێستی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی لەسەر حسابی پیاوەتیدانەوەی ڕژێمە لەبەشداربوون بۆ ئەو پێشێلکردن و کوشت و بڕینەی ڕژێمەکانی خۆیانە، کەدژ بە هاووڵاتیانی خۆیان پەیڕەوەی دەکەن(٢).

پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان (ی. ن. ک، پ. د. ک، حسک، پاسۆک، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان)، لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی پاشا و سەرۆکەکانی وڵاتانی عەرەبیان کردبوو، سەبارەت بەو هێرشانەی کەبۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەعێراق و ئەو هێرشانەی کە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان دەکرا، کەلەگەڵ ساکارترین مافەکانی هاووڵاتیبوونی عێراقی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ڕێساکانی ئایینە ئاسمانییەکاندا نەدەگونجا، لە وانەش ڕاگواستن، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و جینۆساید و کوشتنی منداڵان لەسلێمانی، بەڵام هیچ کەس لە سەرۆکەکانی عەرەب جگەلەسوریا و لیبیا، ئامادەنەبوون گوێ لە بانگەوازەکەی گەلی کورد بگرن، بە پێچەوانەوە زۆربەی زۆریان هاوسۆز و هاوپەیمانی سەدام بوون(٣).

ڕژێم هەوڵی دەدا پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی بەدەست بهێنێت، بە تایبەتی هێزە نەتەوەییەکانی گەلانی عەرەب، بە تایبەتی لەو هەڵوێستانەیدا کە دەینواند بەرامبەر فەلەستین و ئیسرائیل، ئەو هەڵوێستانەی لە بەرامبەر ئیمپریالیزمی جیهانیدا هەیبوو(٤). بەردەوام ڕژێم پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کەئەو بەرگری لە دەرگای ڕۆژهەڵاتی نەتەوەی عەرەب و نیشتمانی عەرەبی دەکات لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ئێران.

هەروەها پروپاگەندەی فراوانی لەدژی گەلی کورد دەکرد، بەوە تۆمەتباری دەکردن کەهەوڵی خزمەتکردنی ئێران دەدەن لە دژی هێزەکانی عێراق، دەیانەوێت عێراق دابەشبکەن، لەو پێناوەشدا ملیۆنان دۆلاری بەخەرج دا، ژمارەیەک لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی عەرەبیش جەختیان لەسەر ئەم وێنە ناشیرینەی ڕژێم دەکردەوە و پشتیوانیان لێدەکرد(٥).

هەموو ئەو هەوڵانەی ڕژێم وایکردبوو تاوانەکانی لە دژی گەلی کورد نەک هەر ویژدانی ڕژێمە عەرەبییەکان و ئەوانەیان کە دۆستی بەغدا بوون نەهەژێنێت، بەڵکو هەستی حیزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتانەشی نەجوڵاند، تەنانەت بەدەرکردنی بەیاننامەیەکیش نارەزاییان دەرنەبڕی و بێدەنگییان هەڵبژارد، بێگومان بێدەنگیش نیشانەی ڕازیبوونە. ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێک جار ڕاگەیاندنی عەرەبی نەک هەر بێدەنگ نەدەبوو، بەڵکو بەئاشکرا پشتیوانیان لەکارەکانی ڕژێم دەکرد لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و سەرکەوتنەسەربازییەکانی عێراق و پشتیوانیکردن لە سیاسەتەکانی دژ بەگەلی کورد و کۆماری ئیسلامی ئێران(٦).

سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی پشتیوانییەکی زۆریان لەسەدام حسێن دەکرد، وەک پاڵەوانی

عەرەب و پارێزەری بەشی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی لێیان دەڕوانی، ناوبەناویش مەلیک حسەین، یاسر عەرەفات و حوسنی موبارەک سەریان لەبەغدا دەدا و پشتیوانی خۆیان بۆ دووپات دەکردەوە(٧).

هەربۆیە شتێکی سروشتی بوو لەکاتی ڕوودانی کارەساتێکی گەورەی وەک کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا (١٩٨٨/٣/١٦) کەتیایدا (٥٠٠٠) کەس گیانیان لەدەستدا و نزیکەی (١٠٠٠٠) کەس بریندار بوون، زیاتر لە(٧٠) هەزار کەسیش ئاوارە و دەربەدەربوون ولاتانی عەرەبی هیچ هەڵوێستێکیان نەبێت، ئەوە لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر بەڵگە هەبوون کەدەیسەلماند عێراق چەکی کیمیایی لە دژی گەلی کورد بەکار هێناوە(٨)، ڕژێم بەهەموو شێوەیەک ئەو دەنگۆیانەی ڕەتدەکردەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵمەتێکی دیپلۆماسی دەستپێکرد بۆئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی پشتیوانی لێبکەن(٩).

کۆمەڵەی ولاتانی عەرەبی لە (تونس)ەوە ڕایانگەیاند هەموو ئەو تۆمەتانەی کە دەدرێنە پاڵ عێراق سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی گەلی کورد بێ بنەمایە، هەڵمەتەکەشیان وەک پروپاگەندەی ئەمریکا و ئیسرائیل(١٠) لەدژی عەرەب لێکدایەوە(١١)، هەر لەو کۆنگرەیەدا سەرلەنوێ وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی عەرەبی پشتیوانی خۆیان بۆ عێراق دووپاتکردەوە(١٢).

دواتریش (کلۆفیس مەقسود)ی سکرتێری گشتیی کۆمکاری ولاتانی عەرەبی پشتیوانی خۆی بۆ عێراق ڕاگەیاند، مەسەلەی پەلاماردانی کوردی لەلایەن عێراقەوە بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی زانی، ڕایگەیاند ڕێکەوتنی جنێف (١٩٢٥) بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی دوژمنی دەرەکی قەدەغە کردووە، نەک لەنێو ولاتەکەخۆیدا. بەوشێوەیە سکرتێری گشتیی کۆمکاری عەرەبی کوشتوبڕی کوردی بەگازی کیمیایی بەکارێکی ناوخۆیی و ڕەوا و یاسایی عێراق لەقەڵەمد(١٣).

لەپاڵ هەڵوێستەکانی ولاتانی عەرەبی و کۆمکاری عەرەبیدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ولاتانی عەرەبی: ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و تەنانەت هیچ یەکێک لەلێپرسراوانی عەرەبی هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەسەر هەڵەبجە نەدرکاند و لێی بێدەنگ بوون، تەنانەت گەلانی ولاتانی عەرەبیش دوور و نزیک هیچ ناڕەزایەتی و کاردانەوەیەکیان لەسەر ڕووداوەکەی هەڵەبجە نەنواند، جگە لە هەندێک دەنگی لاواز نەبێت لەلایەن هەندێک گرووپی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانەوە، ئەوانیش دەنگی بێڕەنگی شێواو بوون(١٤). بەو هەڵوێستانەشیان سەلماندییان چەندەڕقیان لە کەمینە نا عەرەبەکانی نێو ولاتانی عەرەبی دەبێتەوە، چەندەش پشتیوانی لە ڕژێمەکەی بەغدا دەکەن(١٥).



**سەرچاوەو پەراوێز:**

١. برایم جەلال: چەپکێک لەمێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی ڕوون، ٢٠١١، ل٤٢٢.

٢. ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)، ژ(٦)، حوزەیرانی١٩٨٨.

٣. د.عەلی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، ب٢، چ١، چاپخانەی زانکۆ، دهۆک، ٢٠١٠، ل٩٢.

٤. کاظم حبیب (الدکتور): الاستبداد والقسوة فی العراق، محاولة لفهم الاساس المادی لظاهرتی الاستبداد والقسوة فی العراق، مؤسسة حمدی للطباعة والنشر، سلیمانیة ـ کردستان العراق، ٢٠٠٥، ص٤٣٢.

٥. ن.م، ص٤٥٤.

٦. خەلیل سەرکانی: ئەنفال لەیادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢١٨-٢١٩.

٧. ه.س، ل٢٢٠-٢٢١ ؛ جەمال نەبەز: کوردانی سەرگەردانو برا موسڵمانەکانیان، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٩.

٨. عومەر نورەدینی: سستمی نوێی جیهانیو دۆزی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٤-١١٥.

٩. کەمال مەعروف: کێشە نەتەوەییەکان و ڕووداوە سیاسییەکانی جیهانو کوردستان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١.

١٠. دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەی خۆی ئیدانەی ڕژێمی عێراقی کرد، ئەندامانی پەرلەمانیش داوایان لە وەزیری دەرەوەکرد ئەو تاوانە گەورەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بخاتە پێش چاوی رای گشتی جیهان، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسرائیل بڵاویان کردەوە کە ڕۆژنامە و بەرنامە تەلەفزیۆنەکانی دنیا وێنەی سەربازێکی داربەدەستی ئیسرائیل بڵاو دەکەنەوە کە لەعەرەبێکی فەلەستینی دەدات، کەچی گوێی خۆیان لە ئاستی گەورەترین تاوان کەڕ کردووەکەڕژێمی عێراق بە چەکی کیمیایی زیاتر لە(٥) هاووڵاتی کوشتووە و (٩٠٠٠)یشی بریندار کردووە و زیاتر لە (٧٠٠٠٠)یشی ئاوارەو دەربەدەر کردووە. ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)، ژ(٣و٤)، مارتو نیسانی١٩٨٨، ل٤.

١١. جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراقو ئێراندا، چ١، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩، ل١٥٨.

١٢. ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٠٤)، ١٩٨٨/٨/٢٧.

١٣. جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی، ل١٥٨.

١٤. ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)، ژ(٣و٤) ،مارت و نیسانی١٩٨٨، ل٤ ؛ ژ(٦)، حوزەیرانی١٩٨٨؟، ل١٠؛ جەمال نەبەز: کوردانی سەرگەردان، ل٤٩.

١٥. عومەر نورەدینی: س.پ، ل١١٣-١١٤.



# شێواندنی
# وێنای کەسایەتیی کورد و
# چەند سەرنجێک




**د. عەدنان عەبدولقادر هەورامانی**

لەدایکبووی (١٩٧٧). دکتۆرا لە...

چەند بەرهەم، توێژینەوەو وتاری بڵاوکراوەی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەیە.

**دەروازە**

گەر بێین و بە وردی چاو بە سەرچاوە مێژووییەکاندا بگێڕین، ئەوا دەبینین لێرە و لەوێ، بە بیانو و پاساوی جۆراوجۆر، هەوڵدراوە کەم تا زۆر وێنایەکی نادروست بۆ کەسایەتیی کورد ناوزەد بکرێت.

شێواندن و لەکەدارکردنی هەر مرۆڤێک، هیچ پاساوێکی نییە و کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە، لێرەدا نامانەوێت بەڵگە لەسەر دزێوی و نادروستی ئەم کارە بهێنینەوە، چونکە حاشا هەڵنەگرە، بەڵکو ئەوەی دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بوونی بۆچوونگەلێکی ستەمکارانەیە بەرامبەر وێناکردنی کەسایەتیی کورد بە چەندین وێنای ناشرین، کە مایەی سەرسورمانە لەم سەردەمەدا.

دیارە هەندێک جار بۆ مەرامێک ئەم شێواندنە کراوە، هەندێک جاریش خراپ حاڵیبوونی خوێنەری ئەم دەقانە بووە، بۆ نموونە کاتێک لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانی عەرەبیدا وشەی (کرد) هەندێک لێکدانەوەی بۆ کراوە، بەوەی کە بەواتای (ڕاوەدونان، دورەپەرێزی، کێوبیوون) هاتووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە فەرهەنگی عەرەبدا کەسایەتیی کورد ئەم وێنایەی بۆ کرابێت، بەڵکو هەر خودی وشەکە ئەم واتایە لەخۆدەگرێت و تایبەت نییە بەتەوەیەک(١). دوای ئەم بەرایی و پێشەکییە، دەمەوێت سەرنج و تێڕامانەکان بەم دوو خاڵە بخەمە ڕوو:

یەکەم: کەمتەرخەمی خۆمان

لێرەدا پێش ئەوەی پەنجەی تۆمەت بۆ کەسانی تر درێژ بکەین، حەق وایە سەرزەنشتی خۆمان بکەین، لەوەی کە زۆر کەمتەرخەم بووین بەرامبەر بە تۆمارکردن و بە داتاکردنی مێژووی کەسایەتییە لێوەشاوەکانی میللەتەکەمان، هەندێک جار ئەم پاساوەمان بۆ خۆمان هێناوەتەوە، کە ئەم میللەتە ستەمدیدە، خێر لەخۆ نەدیوە، بە چەندین جۆر و شێواز، ڕووبەڕووی ماڵوێرانی و نەهامەتی بووەتەوە، ئەوەی بە چەندین ساڵ بوونیادی ناوە (ڕۆم و عەجەم) بەتاڵانیان بردووە.

نکوڵی لەوە ناکرێت کە کەسایەتییەکانمان گەر بە ئەندازەی کێوەکانی کوردستان دامەزراو و مەحکەم نەبوونایە، ئێستا زۆرێکیان ناو و ناونیشانیان لە بن داتبوو، بە هۆی ئەو هەموو نەهامەتیانەی بەسەر ئەم گەلەدا هاتوون، بەڵام خۆشمان درێغیمان نەکردووە لە خامۆشکردنی ئەم چرایانە، زۆر خەمساردانە شێواندوومانە.

خاڵی دووەم: بۆچوونگەلێکی هێرشکارانە

لێرەدا مەبەستمان نییە دەمارگیرانە بۆ نەتەوەکەمان ڕاڤەی وتەی هەندێک مێژوونووس لێکبدەینەوە، تا وا بزانرێت بەدحاڵیبوونێک هەیە لە واتای تێکستەکانیان، بەڵکو دارشتنی وشەکانیان و دووبارەبوونەوەیان لە سەرچاوە کۆنەکان، تاوای لێهاتبێت وەک پەندی پێشینان هەژمار کرابێت، ئەمە وا دەکات، کە ئێمە بۆچوونەکانیان بە ستەمکارانە و هێرشکارانە پۆلێن بکەین.

لە پەندی کۆنی فارسیدا، گەر کەسێک دڵڕەق و مامەڵەی زبر بوبێت، پێیان وتووە: دەڵێی لە ژێر دەواری کوردا پەروەردە بووە(٢)! یان شێخ شهابەدین ناسراو بە یاقوتی حەمەوی (٥٧٤ - ٦٢٦ ک)، لە کتێبە ناسراوەکەیدا کە چوار بەرگە، چەند جارێک چاپ کراوە، کە دێتە سەر باسی شارەزور دەڵێت: إلا أن الاكراد في جبال تلك النواحي علي عادتهم في إخافة أبناء السبيل، وأخذ الاموال و السرقة، و هي طبيعة الاكراد معلومة، وسجية جباههم بها موسومة(٣). بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە بۆ گەلێک، ئەگەر بڵێین تەنها نەقڵی کردووە و پێناچێت ئەو بۆچوونی وەهای بووبێت، خۆ خەڵەتاندنە.

ئێمە نکوڵی لەوەناکەین کە لە ناو گەلی کوردیشدا دڵڕەق و مێشکوشک و دڕندە هەن، وەک چۆن لەناو گەلانی تریشدا هەیە، بەڵام بە ڕەها باسکردن و قسەلەسەرنەکردنی، جگە لەشێواندنی وێنای کورد چی تر دەگەیەنێت؟! لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە، کە یاقوتی حەمەوی لەسەردەمێکدا ژیاوە کە هاوکات بووە لەگەڵ دەوڵەتەکەی سەلاحەدینی ئەیوبی، کە لێوانلێو بووە لە شکۆ و سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکی موسڵمانان بەسەر فرەنجەکاندا.

یان ناوزەدکردنی ڕەچەڵەکی کورد بەوەی کە (من نسل الشیاطین) یان (من نسل الجن)(٤) ، لەم دەستەواژانە دڕندانەتر هەیە بەرامبەر بە ڕەچەڵەکی گەلێک کە مێژوویەکی پڕ سەروەری لە مێژینەی هەبووبێت؟

**لێرامانێك**

١ـ بە وردبوونەوە لەم دەستەواژانە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەوڵێکی لە مێژینە هەبووە بۆ شێواندنی وێنای تاکی کورد، هەر لەم سۆنگەوە بووە کە بەتاڵانبردن و کاولکردنی ماڵ و موڵکی نەتەوەی کورد، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بە تاوان ئەژمار نەکراوە(٥)، بگرە پاساویشی بۆ هێنراوەتەوە.

٢ـ بەکارهێنانی وشەی (ابناء الجبال) بۆ شوناسی گەلی کورد هەندێک جار خراپ حاڵیبوونێک لە واتاکەیدا بەدی دەکرێت، چونکە هەندێک سەرچاوە، مەبەستیان لەم وشەیە (کێوی) بوون و (دوور لە شارستانی)بوونی کەسایەتیی کورد بووە، بەڵام گومانی تێدا نییە، کە لە کەلتوری زۆرێک لە گەلان (کێو) ڕەمزی پتەوی و دامەزراوی کەسەکە بووە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کەلە فەرهەنگی قورئانیدا زۆربەی پێغەمبەران لە ئاماژەدان بە ناو و پەیامەکەیاندا دەستبەجێ ناوی

**لە پەندی کۆنی فارسیدا، گەر کەسێك دڵڕەق و مامەڵەی زبر بوبێت، پێیان وتووە: دەڵێی لە ژێر دەواری کوردا پەروەردە بووە.**

(کێوێک) بەدیدەکرێت، ئەمەش مانای گرنگی کێو و مەردایەتی ئەو کەسە دەگەیەنێت کە لە بەرزیەوە بە وردی بۆ کارەنی ڕوانیوە، نەک بەسادەیی و ساکاری.

بۆ نموونە بۆ پێغەمبەر داود دەفەرموێت **(وَلَقَدْ آتَيْنا داوُدَ مِنَّا فَضْلًا يا جِبالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ) سبأ / ١٠، بۆ پێغەمبەر موسا دەفەرموێت (وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ) المؤمنون/ ٢٠**، چەندین شوێنی تر، بۆ نموونە: زۆربەمان بە وشەکانی (یارانی ئەشکەوت، کێوی سەور، کێوی ڕەحمە کە ئەشکەوتی حیرای تێدایە، چوار کێوەکەی کە لە داستانی پێغەمبەر ئیبراهیمدا باس کراون)، هەموو ئەمانە ئاماژەن بەوەی، کە گرنگیدان بە کێو بێ حیکمەت نییە لە قورئاندا(٦).

**بەخۆداچوونەوەیەك**

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا پرسیارگەلێک گرنگە لەخۆمان بکەین و هەلوێستەیان لەسەر بکەین، تا ببنە خاڵی وەرچەرخان بۆ بەخۆداچوونەوەمان، بۆیە دەپرسین ئایا:

١ ـ نەبوونی توانای شاردنەوەی هەندێک نەێنی خۆمان، بە پاساوی پابەندبوون بە کەلتووری

(مەردبە و بێ پێچ و پەنا هەڵوێستت دەربڕە) کە بە زمانی عەرەبی پێی دەووترێت (الصراحه الفائقه) زۆرێک لە دانووسانەکانی تێکنەداوین؟

٢ ـ سینەسافی و خۆشباوەڕی و گومانی باش بردن بە بەرامبەرەکانمان، کە سیمای زۆربەی تاکەکانی کوردە، بگرە بە سیاسییەکانیشەوە، نەبووەنەتە مایەی لەدەستدانی زۆرێک لە مەسەلە چارەنووسسازەکان لە مێژووماندا؟

٣ ـ خۆلەبیرکردن (نکران الذات) لە خزمەتکردنی خەڵکانی تر زیاد لە پێویست، زۆربەی جار نەبوەتە هۆکاری قوربانیدان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان؟



**سەرچاوەو پەراوێز:**

١. بڕوانە: لسان العرب: ابن منظور، لە ماددەی ( کرد ) (٥ / ٣٨٩ ) دەڵێت: **الكَرْدُ: الطَّرْدُ، و المُكارَدَةُ: المُطارَدَةَ، و كَرَدَهُمْ ، يَكْرُدُهُم ، كَرْداً: ساقَهم و طرَدَهِم و دفَعهم.**

٢. مێژووی کورد لەشارستانی ئیسلامدا، نووسینی: د. ئەحمەد مەحمود ئەلخەلیل ، وەرگێڕانی: زرار عەلی، چاپخانەی پەیوەند/ سلێمانی ٢٠١٠ ز، ل٨٤.

٣. معجم البلدان: ياقوت الحموى الرومي، دار إحياء التراث العربي، بيروت/ لوبنان، ١٩٩٧ ز ٣/ ١٦٥.

٤. ئەم بۆچوونەدوور لە بابەتیانە لەکتێبی (مروج الذهب و معادن الجوهر)ی: أبو الحسن علي بن الحسين بن علي المسعودي، مطبعة السعادة/ مصر، ١٩٥٨، ٣/ ١٢٣، هاتووە. لەچەند سەرچاوەیەکی تریش هاتووە، بەتایبەت لە (الكافی) محەممەد کوڕی یەعقوب کولەینیدا، کەسەرچاوەیەکی گرنگی شیعە مەزهەبەکانە.

٥. کارەساتە دڵتەزێنەکانی شاڵاوی بەدناوی بەناو ئەنفال و کیمیابارانکردن و بەکەنیزەکردنی ئافرەتانی گەلەکەمان و چەندین مامەڵەی دڕاندەی تری دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە، گەواەی ئەم مەسەلەیەن.

٦. وشەی (الجبل) (٣٣) جار بەجەمعی تەکسیر لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە. ئەم پانتاییەفروانەلەقورئاندا، واتای گرنگیدانەبەم وشەیە .



# جەنگی عەقڵ و نەقڵ

## لە پەراوێزی کتێبی (بیروباوەڕی ئیسلامیی و مەزهەبەکانی)



عومەر رەشید




**کتێب:** بیروباوەڕی ئیسلامیی و مەزهەبەکانی

**نووسینی:** د. قەحتان عەبدوڕەحمان ئەلدوری

**وەرگێڕانی:** زێبار عەزیزخان موهاجیر

**بڵاوکار:** نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

**نۆرە و ساڵی چاپ:** یەکەم ٢٠١٥

**تیراژ:** ١٥٠٠ دانە

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

**پێشەکیی**

ئەم کتێبەحەوت بەش لەخۆ دەگرێت:

**بەشی یەکەم:** دەروازەیەک بۆ بیروباوەڕی ئیسلامیی، کەئەم بابەتانەی تێدا هاتووە: پێناسە، بەڵگەکان، تایبەتمەندییەکانی ... تاد.

**بەشی دووەم:** مەزهەبە ئیسلامییەکان، شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی سەرهەڵدانیان، دواتر خستنەڕووی بنەماکانی ئایین لەلایەن مەزهەبە ئیسلامییەکان و لەسەر کام بنەما کۆکن، لەبارەی کامەیان ناکۆکن و خستنەرووی ناوەرۆکی ئەو راجیاییە.

**بەشی سێیەم:** حەقیقەتی ئیمان و باوەڕ و گرنگییەکەی لەژیاندا.

**بەشی چوارەم:** خواناسی (الالهیات) ئەمانە لەخۆ دەگرێت: بەڵگەکانی بوونی خوا، سیفەتەکانی خوا بەسەرجەم جۆرەکانیەوە، ئەو شتانەی لەسەر سیفەتەکانی خوا کەڵەکەدەبن.

**بەشی پێنجەم:** پێغەمبەرایەتیی ئەمانە لەخۆ دەگرێت: ڕوونکردنەوەی پێویستی مرۆڤ بەرێنمایی پێغەمبەرایەتیی، پێغەمبەرایەتیی بە شێوەیەکی گشتیی، پێغەمبەرایەتیی بە شێوەیەکی تایبەتیی، کەبریتییە لە پێغەمبەرایەتیی گەورەمان محەممەد (درووودی خوای لەسەر بێت).

**بەشی شەشەم:** ڕۆژی دوایی، دیمەنەکانی رابوونی قیامەت.

**بەشی حەوتەم:** کوفر و تەکفیر، حوکمی تەکفیرکردنی ئەهلی ڕووگە(قیبلە)، سزای هەڵگەڕاوە (المرتد).

کۆی کتێبە کە (١٠٢٣) لاپەڕەیە، بۆیە خوێندنەوە بۆ کۆی گشتی کتێبەکە بەشێکی زۆری گۆڤارەکە داگیردەکات، ئەمەش ناکرێت، لەبەر ئەوەی تەوەری دیارکراوی گۆڤارەکە تایبەتە بە ئایینزا ئیسلامییەکان، ڕانانێکی ورد بۆ بەشی دووەمی کتێبەکە دەکەبن، کە لە قەبارەی کتێبەکە لاپەڕە (٥٦ – ٢٩٢)ی کتێبەکەی داگیرکردووە، ئاماژەی بۆ زۆربەی ئایینزا دیار و عەقیدیی و سیاسییەکانی مێژووی ئیسلامیی کردووە.

لە گشتێتی خوێندنەوەبۆ ئەم بەشە لەکتێبەکە،

دەگەینە ئەو ئەنجامەی، هەرکاتێک عەقڵ وابەستەی شەرعێکی دروست نەبوو، سەردەکێشێت بۆ چەندان ئەلتەرناتیڤی دیکەلەبری شەرع و خاوەن عەقڵەکان بۆ مەرامێک تەئویل و تەعتیلی دەکەن، تا دەگەن بەو مەرامە ناتەندروستە، کە ناشیرنترین مەرامە مرۆڤەکان بیگرنەبەر، شەرع و بنەما عەقیدەییەکان بشێوێنن بۆ گەیشتن بەحەزێک کەبەرەو دۆزەخی ژیان و قیامەتی دەبات، ئەرکی عەقڵ لەئازادبوونی بەرامبەر شەرع، دەرەنجامێکی مەترسیداری هەیە، ئەمە بەپێچەوانەی زانست و ئەو دیو سنوورەکانی شەرعە، سەلەفییەکان بەمجۆرە لەعەقڵ دەڕوانن:

«عەقڵ تەنها بە ئەندازەی سنووری واتای دەربڕینەکان دەسەڵاتی هەیە لە تەئویل و راڤەکردنی قورئانی پیرۆز، هەروەها لە چوارچێوەی ئەو شتەی هەواڵی زۆری لەسەر هاتووە.

عەقڵ دانپێدانەر و پشتگیری دەقەکانە،نەک رەتکردنەوەی دەقەکان، شوێنپێی نەقڵ هەڵدەگرێت و بە هێزی دەکات، عەقڵ بە تەنها ناکرێتە سەرچاوەی بەڵگە هێنانەوە، چونکەگومڕا دەبێت»ل٢٥٦.

پێش ئەوەی عەقڵەکان بڕیار بدەن، شەرع لەلایەن بەدیهێنەری عەقڵەکان و مرۆڤەکانەوە بڕیاریداوە، ئەوەندە دەرفەت بۆ عەقڵ لەبازنەی شەرعدا ماوە کەلێکدانەوە و شیکاری دروست بۆ بڕگە شەرعییەکان بکات، بەجۆرێک هەر لێکدانەوەیەک سەر بە ماڵێک لە ماڵەکانی شەرع بێت، ئەوکاتە بوونی کۆمەڵێک مەزهەبی دروست دروستدەبێت، کەلە دەرەنجامی لێکدانەوە دروستەکانەوەیە، بە پێچەوانەوە شەرع بەکارهێنان لەپێناو مەرامی ناتەندروست، بەڵگەی بوونی ئەم هەموو ئایینزا ئیسلامییە بەدرێژایی مێژوو، کەبە جۆرێک عەقڵیان بەسەر نەقڵدا (قورئان و سوننەت) داوە، بۆ مەرامی کەسێک یان تاقمێک، دەرەنجامەکەی هەندێجار بەخوایەتیی و پارێزراوی و بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی گەیشتووە.

چونکە دینداری و شەرعیبوون مانا و مەدلولی خۆی هەیە «بریتی نییەلە سەرخستنەسەرزەوی، بەڵکو بریتییە لەخستنەسەر زەوی ئەو شتەی لەناو کەللەی سەردایە»ل٦، دەبێت بە جۆرێک بێت هەموو ئەوەی لە هزرەکاندایەلەبەرامبەر شەرعدا لەزەوی دابنرێت، جا ئەگەر قورئان و سوونەت نەخرایەخانەی لەبیرچوونەوەی کەس و گروپە مەرامچییەکانەوە و بەراورد کرا بەهزرەکەی خۆیان، ئەو کات وەک ئەبو حەسەنی ئەشعەری کردی لە بەرامبەر کەلامییەکان و گەڕایەوەبۆ سەر ڕێبازی ڕاستەقینە، ڕوودەدات کەفەرمووی «جا بەمە هۆشیاربوومەوە هەڵسام بە بەراوردکردنی بابەتەکانی زانستی کەلام لەگەڵ قورئان و سوننەت، ئەوەی ئەم دوو سەرچاوەیە چەسپاندبوویانە منیش چەسپاندم، ئەوەی ترم پشت گوێخست و فرێمدا» ل٢١١.

چونکە ئایینزا لادەرەکان کە رابەرێکیان هەیە، دەیان و سەدان کەس بەدوای خۆیاندا کەمەندکێش دەکەن، بەشێکی هەڵەکەیان دەکەوێتەسەر شوێنکەوتوانی بەدرێژایی مێژوو، چونکە مانەوەی ئەو شێخانە، لە پەنا و پاساری دەیان موریدیایە، ئەمەش نەک تەنها لەژیانی خۆیدا، بەڵکو دوای وەفاتی سەرمەزهەبەکەش برینەکە زۆرجار قوڵتر دەبێتەوە، بەلارێدا بردنە کە دەیان هەنگاو دوورتر دەکەوێتەوە، درێژەی ئەو جەنگەیە کە عەقڵ لە بەرامبەر جەنگاوەرەکانی ئیمان دەیکەن، واتە موریدی سەرمەزهەبەکان قوڵتر ڕۆدەچن و بەرامبەرەکەیان زیاتر بەگومڕا و تەنانەت کافریش دەزانن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنکەوتووەکان دەیان خورافیات و شتی نائاسایی بدەنە پاڵ سەرمەزهەب و

شێخەکانیان، پێچەوانەکەشی لە ناشیرینییەکان بۆ بەرامبەرەکانیان بڕیار بدەن، لێرەوە ڕاستی و ناڕاستی بەجۆرێک تێکەڵ دەبێت جیاکردنەوەی ئاسان نابێت، «هەڵەێنجانی پوختەی بەئاسانی شتێکی سەختە، چونکە شوێنکەوتوو هاوەڵی هەر پێڕەو و تاقمێک دەمارگیرە بۆ هاوەڵانی مەزهەبەکەی، لەشان و باڵی دژەکانی کەم دەکەنەوە، بەشان و باڵی شوێنکەوتووانی مەزهەبی خۆیان هەڵدەدەن» ل٢١٣.

لە درێژەی ئەم ململانێی عەقڵ و نەقڵە، کە دەرەنجامەکەی دروستبوونی ئەو هەموو پێڕو مەزهەبە لادەرەیە، هەندێجار و لە هەندێک لە مەزهەبە میانگیرەکاندا هاتوون ڕێککەوتنێکیان لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا کردووە، بەشێوەیەک لێکیان نزیککردوونەتەوە شێوەیەکی جوانی بە مەزهەبەکەیان بەخشیوە، بە نموونەوەک ئەشعەرییەکان «عەقڵیان نەکردوەتە دادوەر بەسەر دەقەکان، تا تەئویلیان بکات وەک موعتەزیلەکان، لەبەردەم ڕووکەشی دەقەکان نەوەستاون، وەک شەرعناس و فەرمودەناسان، بەڵکو عەقڵیان کردووەتە خزمەتگوزاری ڕووکەشی دەقەکان» ل٢٣٣.

لەو دەرەنجامەی کەپێی گەیشتین لەململانێی عەقڵ و نەقڵدا، مەزهەبەکان بە دووجۆر بڕیاریان لەسەر ناکۆک و دژەکانیان داوە، بۆ ئەمەش دوو بنەمای سەرەکیان دیاریکردووە:

«بنەمای ئایینی: بریتییە لەو بنەمایەی کە هەرکەسێک نکۆڵی لێبکات دەچێتە دەرەوەی بازنەی ئیسلام.

بنەمای مەزهەبی: بریتییە لەو بنەمایەی هەر کەسێک نکۆڵی لێبکات دەچێتە دەرەوەی بازنەی مەزهەب، ناچێتە دەرەوەی بازنەی ئیسلام» ل٢٨٧.

## سەرهەڵدانی ئایینزا ئیسلامییەکان

لەگەڵ زیادبوونی ئایینزا ئیسلامییەکان، بوونی جیاوازییەکان شتێکی بەڵگە نەویستە، جا ئایینزاکە لەسەر چ بنەمایەک دروستبووبێت، سامناکی بڕیارەکانی بۆ دژەکانی لەوێوە سەرچاوەدەگرێت، لە هەمووشیان کەم زیانتر بۆ ئیسلام و موسڵمانان و مێژووەکەی، مەزهەبە فقهییەکانە، کە جیاوازییەکانیان زۆر جار لە سنووری کتێب و گفتوگۆکان تێنەپەڕیون، دەشکرێت فەرمودەی (جیاوازی ئوممەت ڕەحمەتە) لەم ڕووەوە تەفسیر بکرێت، بەڵام مەزهەب و جیاوازییەتوندەکان «لە بوارەکانی سیاسەت و بیروباوەڕدا لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا دەستیپێکرد» ل٥٦.

چەندان هۆکار و پاڵنەر هەن بۆ دروستبوونی ئەو مەزهەبەسیاسیی و عەقیدەییانە، لەم کتێبەدا ئاماژە بەگرنگترینیان کراوە:

١- هۆکاری سیاسی: دواتر ڕاجیایی لەبارەی خەلافەت زۆر توندبوو، لە دەرەنجامی دەرکەوتنی خەواریج و شیعە و جگە لەوانەشی لێکەوتەوە.

٢- هاتنی دەقی وێکچوو (متشابه) لە قورئانی پیرۆزدا، .... ئەوەی من بۆی دەچم ئەوەیە کە ئەمە بەهێزترین هۆکاربووە لەسەرهەڵدانی دەستە و تاقم و ئایینزا ئیسلامییەکان.

٣- وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفییەکان: ئەمەش سەری کێشا بۆ دەرکەوتنی پەیڕەوی فەلسەفی لە بواری چەسپاندنی بیروباوەڕی ئیسلامیی و لێکۆڵینەوەیدا، هەروەک موعتەزیلە و ئەشعەری و ماتوردییەکان، جگەلەوانیش ئەمەیان پەیڕەو کردووە... ئەوانەی ئەم پەیڕەوەیان ڕەتکردەوە برتیبوون لە قوتابخانەی سەلەفیەت» ل٥٧.

«موعتەزیلە خێراترین تاقمی ئیسلامیی بوو کە فەلسەفەی یۆنانی لەخۆگرت و بەڕەنگێکی ئیسلامیی ڕەنگداری کرد، یەکەم کەس بوون لە موسڵمانان

کەبەچەکی دوژمنەکانیان لەخاوەن ئایین و فیکرەفە لسەفییەکانی تر خۆیان پڕ چەککرد» ل٢٠٢.

٤- «موسڵمانان دراوسێی زۆرێک لەخاوەن ئایینەکانی پێشووتر بوون: زۆرێک لە هاوبەشدانەران، جولەکە، نەسرانی و ئاگرپەرست و جگە لەوانیش بوونە موسڵمان و هاتنە ناو بازنەی ئیسلامەوە، ئەو بابەتانەیان وروژاند.. دواتر رۆژهەڵاتناسەکان گەیشتن بە گشتاندنێک کەخۆی لەمەدا دەبینێتەوە: هەر بابەت و دۆز و کێشەیەک لەئیسلامدا شوێنەوار و دەرەنجامی لایەنێکە لە لایەنەکانی فیکری بیانی.

.... هۆکارە ناوخۆییەکان، هۆکاری سەرەکی و یەکەمن، لە سەرهەڵدانی مەزهەبە ئیسلامییەکان، هۆکارە دەرەکییەکانیش هۆکاری لاوەکی و پاشکۆن» لا٥٧ – ٥٩.

کەواتە تێکرای هۆکارەکان بۆ دروستبوونی ئەم هەموو ئایینزایە لەمێژووی ئیسلام و موسڵماناندا، دابەشدەبن بەسەر هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، وەک نووسەریش ئاماژەی پێداوە هۆکاری سەرەکی و یەکەم هۆکارە ناوخۆییەکانن، بەڵام هۆکارە دەرەکییەکانیش ئەگەرچی لەپلەدووودا دێن، بەڵام کاریگەری نێگەتیڤی خۆیان هەبووە، دەتوانین بەتێکڕای هەردوو هۆکارەکەبگەینەئەو دەرەنجامەی کە فەرمودەکەی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) ئاماژەی پێداوە کە ئوممەتەکەی دەبنە (٧٣) تاقم، ئوممەتەکەی واتا ئەوانەی خۆیان بەئەهلی قیبلە زانیوە، وەک دەفەرموێت: جولەکەکان پەرتەوازە بوون بۆ حەفتا و یەک، یان حەفتا و دوو تاقم، نەسرانیەکانیش بە هەمان شێوە، ئوممەتیشم پەرتەوازەدەبێت بۆ حەفتا و سێتاقم.

کەواتە قەدەری ئوممەتی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) پەرتبوونێتی بۆ حەفتا و سێ تاقم، ئەمەش بەداخەوەزۆر جار گەیشتۆتە کوشتنی

## ئایینزا و جیاوازییە توندەکان لە بوارەکانی سیاسەت و بیروباوەڕدا لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا دەستیپێکرد.

جەستەیی و فکری، بە تەکفیرکردن و گومراداناني ئەوانی دی، خودی ژمارەکەش، راجیاییی لەسەرە، کە ئایا حەفتا و سێبۆ؟ ئایا ئەو حەفتا و سێ تاقمەکامانەن کە دەرکەوتوون؟ یان نابێت لەو ژمارەیە کەمتر و زیاتر بن؟ «لە بارەی تەفسیر و شرۆڤەکردنی حەفتا و سێ تاقمەکەش راجیایی هەبووە:

١- بریتییە لەرێژەی بنەمای مەزهەبەکان.

٢- بریتییە لەو رێژەیەی کە بنەمای ئەم مەزهەبانە لەکاتێک لە کاتەکان بۆ ئەو رێژەیە هەڵکشاون، ئەگەرچی زۆربەی کاتێش زیاد و کەمیان دەکرد و ئەو رێژەیە جێگیر نەبوو.

٣- ئەو رێژەیەوەک زۆرینە وەردەگیرێت.» ل٦٥.

### جەنگی نائیمانی بەناوی ئیمانەوە

لەبەر ئەوەی تێکڕای ئایینزاکانی وەک خەواریج، شیعە، مورجیئە، قەدەرییەکان، جەبرییەکان، موعتەزیلەکان، ئەشعەرییەکان، ماتوریدییەکان و سەلەفییەکان لە دەرەنجامی ململانێی عەقیدەیی و سیاسیی دروستبوون، دەرەنجامە کانیشیان گەیشتنیان بوو بەوەی کە عەقیدەی خۆیان فەرزبکەن و دەسەڵاتی سیاسیی

## تۆمەتبارکردن، کوشتن، تەکفیرکردن، بەگومڕادانان، خوایەتیکردن و بەپێغەمبەرکردن، هەموو ئەمانە بەرهەمی ئایینزا سیاسیی و عەقیدەییەکانن.

خۆیان و قەڵەمڕەوەکەیان فراوانتر بکەن، ئەمەش جەنگی یەکلاکەرەوەی ویستووە، جەنگ بەمانای:

١- ئەوەی منی ناوێت دوژمنە و دەسەلاَت هەر بۆ منە، وەک شیعەکان ئیمامەتیان وەک ئەوەی دەیانویست دیاری دەکرد، دەبوو بەو ستایلە برۆیشاتەیە کە دەیانویست، شیعەکان بروایان وابوو ئیمامەت تەنها بۆ کوڕ و نەوەکانی عەلییە، جا ئەگەر ئیمامەت لەوانەوە دەرچوو، ئەوا بەهۆی ستەمکاری ئەوانی ترەوەیە یاخود بەهۆی بەکارهێنانی توقیەوەیە» ل٩٠. کەواتە نابێت کەس ئیمام بێت، عەلی و کوڕ و نەوەی عەلی نەبێت، ئەگەر بوو ستەمە، ستەمیش دەبێت لابدرێت، ئەم یاسایەش داهێنراوێکی مەزهەبییە و بۆ سڕینەوەی ئەوانی ترە، ئەمە هەنگاوی تۆمەتبارکردنی ئەوی ترە، کەواتەیەکەم هەنگاوی جەنگەکان بە بۆچوونی بەندەبەم یەکتر تۆمەتبارکردنە دەستی پێکردووە، ئەمەش بۆ تەواوی ئایینزاکان راستە.

٢- پاش تۆمەتبارکردنی ئایینزاکان، سەرمەزهەبەکان دەگەیشتنە ئەوەی کە دەبێت کوشتار بکرێت، بۆ ئەوەی ستەمکاران بەسزای خۆیان بگەن، ئەویش زۆرجار کوشتاری بە کۆمەڵیان دەکرد، یان دەبێت راوەدوو بنرێن و لە قەڵەمڕەوی دەسەلاَتداری رۆژ بکرێتەئەو دیو سنوورەکان، یان خۆیان حەشار بدەن، وەک ئەوەی بەرامبەر زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کرا لەلایەن ئەهلی کوفەوە، کە پشتیان بەردان و بەمەرگیان سپاردن، ئەوەی لەگەڵی مایەوە» تەنها نەزری کوڕی خوزەیمەی عەبسی و معاویەی کوڕی ئیسحاقی حارسەو نزیکەی دوو سەد پیاو نەبێت، هەموویان لەگەڵ زەید کوژران ئەمەش لەساڵی ١٢٢ک – ٧٣٨ز روویدا، یەحیای کوڕی زەید هەلاَت بۆ خۆراسان»ل١٠٢.

٣- کوشتنی فکری و ئایینی لە رێگەی تەکفیر و بە گومڕادانانەوە، ئەمەش لەسەر ئەوە وەستابوو بزانن کێ کێ تەکفیر دەکات، یان نایکات، ئەوسا بەو پێوەرە بیروباوەڕی بەرامبەر دیاری دەکرا، هەرچەند ئەمەش خۆی لەخۆیدا کوشتنێکی ناڕاستەوخۆ بوو، چونکە لەدوای بڕیاری تەکفیر، ئیدی دەبێت شمشێرەکان لە کێلان بێنەدەر و ئەوان بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن، یەکێ لە بۆچوونی شیعەی ئیسماعیلە لە بەرامبەر دژەڕاکانیان «نمایشکردنی خەڵکی بەشمشێر، کوشتنیان، تالاَنکردنی ماڵ و سامانیان، شایەتیدان لەسەر کافربوونیان، دیلکردنی ئافرەتەکان و کوشتنی منالەکان، هەموو ئەو شتانەیان حەلاَڵ کرد» ل١١١. وەک ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەیبین، یەکەم تەکفیر پاشان کوشتن، یەکەم بە گومڕا و موبتەدیع دانان پاشان هەجر، نموونەش لە مێژووی ئیسلام و ئایینزاکانیدا زۆرن بۆ یەکتر بەکافردانان لەسەر بنەمای بەکافردانان: «خەواریجەکان تەکفیری عەلی و عوسمان و ئەوانەشیان کرد کە بڕوایان بە دادوەرییەکە هەبوو، شیعەش ئەبوبەکر، عومەر و عوسمان

و پشتگیرەکانی ئەوانەیان تەکفیرکرد، هەردوو تاقمی ناوبراو ئەمەویەکانیان تەکفیرکرد، ئەمەوییەکانیش جەنگیان لەگەڵ هەردوو تاقمی ناوبراو کرد، بڕوایان وابوو هەردوو تاقمی ناوبراو شەرع لەکار دەخەن و کار لەسەر پەککخستنی دەکەن» ل١٣١.

«هەردوو تاقمی سولەیمانیە و بەتریە، تاقمی جارودیە تەکفیر دەکەن، چونکەتاقمی جارودیە تەکفیری ئەبوبەکر و عومەر دەکات، بە هەمان شێوە تاقمی جارودیەش تەکفیری هەردوو تاقمی سولەیمانیە و بەتریە دەکات، بە هۆی ئەوەی هەردوو تاقمەکە تەکفیری ئەبوبەکر و عومەر ناکەن» ل١٠٥.

هەرچەند ئەم تاقمانە هەموویان سەر بە ئایینزای شیعەی زەیدین، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت نەک تەنها ئایینزا سەرەکییەکان، بەڵکو تاقمی ناو ئایینزاکانیش لەم یەکترسڕینەوەیەدا دەستی باڵایان هەبووە، چونکە ئاشکرایە هەر ئایینزایەک لە چەندان تاقم پێکهاتوون، بۆ نموونەخەواریجەکان لە تاقمەکانی موحەکیمەکانی یەکەم، ئەزاریقە، نەجدات، سوفریە، عەجاریدە، ئیبازیە و شەبیەیە) پێکهاتوون، یان زەیدیەکان لە تاقمەکانی جارودیە، سولەیمانیە و بەتریە دروستبوون، شیعەش بۆ چەندان تاقم دابەش دەبن سەرەکیترینیان ئیسماعیلی و دوانزە ئیمامی.

٤ـ بەخوا یان پێغەمبەر دانانی کەسەکان، ئیدی ئەمەدۆزەخ سازکردنەبۆ هەڵگری بیروباوەڕە جیاوازەکان، کوشتنی ژن و مناڵەکانیان و حەلاڵکردنی ماڵ و سامانیان، چونکەئیدی پێویست بە لێکدانەوەی دەقەکان ناکات، بەڵکو بەخوا کراوەکەیان پێغەمبەرە کە ڕاستەوخۆ خۆی بڕیاری دۆزەخ و بەهەشت دەدات، هەر خۆی بڕیاری حەلاڵ و حەرامی خوێنەکان دەدات، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە خواکراوە کە خۆی بەوە ڕازی بێت، ئەگەرنا ئەوەی بەخواکراوەکەسانی تر خوایەتییەکە دەکەن، «حامدی وتویەتی: عەلی (رەزای خوای لێبێت) بریتییە لە خوای دروستکەر و بەدیهێنەری کارجوان و وێنەکێش» ل١١٦. یان بڕوابوون بەوەی پێغەمبەرایەتیی کۆتایی نەهاتووە و هەرکەسیان ویست بیکەنە پێغەمبەر، «ئەبو مەنسوری عیجلی خاوەنی دەستەی مەنسوریەدەڵێت: پەیامبەران هەردێن و کۆتایی نایەن، هەروەها پەیامیش ناپچڕێت» ل١٠٠.

کەواتە تۆمەتبارکردن، کوشتن، تەکفیرکردن، بەگومڕادانان، خوایەتیکردن و بە پێغەمبەرکردن، هەموو ئەمانە بەرهەمی ئایینزا سیاسیی و عەقیدەییەکانن، هەرکاتێکیش سەیری مێژووی دوور و نزیکی ئیسلام بکەین، دەبینین هەرگیز یەکترسڕینەوە لە قورئان و سوننەتەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو لێکدانەوەی ناتەندروستی کەسەکان ئەو حوکمانەیان لەو ئیسلامەپاک و بێگەردە هەڵهێنجاوە، هەرکاتێکیش دەسەڵاتداری ڕۆژ بەلای ئیسلامە ڕاستەقینەکەدا گەڕابێتەوە، ئیدی ماڵ و ناموس و خوێنی کەس بەهەدەر نەدراوە.

زۆربوون و دوورکەوتنەوەی ئایینزاکان لە ئایینی ئیسلام، بە دوورکەوتنەیان بووە لە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت)، لە ڕووی کات و شوێنەوە، واتا چەند ساڵەکان تێپەڕیون و فتوحات فراوانبووە و موسڵمانان لەسەنتەری دەوڵەتی یەکەمی ئیسلامییەوە دووربوون، ئەوەندەزیاتر دوور کەوتوونەتەوە لە ئیسلامی ڕاستەقینە، ئەمەش بۆ هەموو کات و شوێنێک ڕاست نییە، بەڵکو بەڕێژەیەکی زۆر وابووە.

## بۆچوونەجیاوازەکان

بەڵگە نەویستە کە ئاییزا و تاقمەکان زۆربوون و جیاوازبوون، دەرەنجامی بیرکردنەوە و بۆچوونی جیاوازە، واتا بە جۆرێک بیرکردنەوەکان لەیەک دوور دەکەونەوە کە هیچ کۆی نەکردوونەتەوە، تەکفیر و شمشێر و بۆچوونی گومڕاکەرانە نەبێت، بەدیقەتدان لەم بۆ چوونانەی خوارەوەزیاتر بۆت دەردەکەوێت، بڕیارەکان لە حەز و یەکتر سڕینەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەگەرنا ئیسلام بەریە لێیان، دیقەت لە هەندێک لەو بۆچوونانە بدە، ئیتر دەزانیت هۆکاری کوشتن و یەکترسڕینەوەی ئاییزاکان لەسەر چ بیروبۆچوونێکی ناتەندروست و گڵاو بووە: «جەعدی کوڕی درهەم وتویەتی ١ـ قورئان دروستکراوو بەدیهێنراوە، جەعد یەکەم کەس بووە لە ئوممەتی محەممەد (درووودی خوای لەسەر بێت) کەئەو قسەیەی لەدیمەشق کردبێت، ٢ـ بڕوای بەبوونی سیفەتەکان نییە و رەتیان دەکاتەوە، وتراوە جەعد یەکەم کەس بووە بوونی سیفەتەکانی رەتکردۆتەوە». ل١٥٥.

«بەیانی کوڕی سەمعان دەڵێت: گیانی خوا گەڕاوەتەوە ناو لاشەی پێغەمبەران و ئیمامەکان، ئەم گەڕانەوەیە بەردەوامبوو تا گەیشتە ئەبو هاشمی عەبدوڵڵای کوڕی محەممەدی کوڕی حەنیفە، دواتر رۆحەکە لە ئەبو هاشمەوەبۆ بەیان هاتووە، بەیان بانگەشەی خوایەتی بۆخۆی کرد، بەپێی مەزهەبی ئاوێتەبوونی خۆی لەگەڵ خوا» ل٩٥.

«حەمزەی کوڕی عەممار کچی خۆی مارەکرد، سەرجەم شتە قەدەغە کراوەکانی حەڵاڵ کرد، هەروەها وتیشی: هەرکەسێک ئیمامی ناسیبێت حەزی لە چییە با بیکات، چونکە هیچی لەسەر نییە» ل٩٩.

«ئیسماعیلییەکان شەریعەتیان لەکارخست، ئەرکەکانیان فەرامۆش کرد، شتە رووکەشییەکان وەک نوێژ، زەکات، ڕۆژو، حەج و جیهاد هەڵوەشاندەوە، شتە قەدەغە کراوەکانیان حەڵاڵ کرد و توانجیان لە پێغەمبەراندا و موسڵمانانیان کوشت» ل١٢١.

«جەهمی کوڕی سەفوان دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ خوای ناسی بەدڵ، هەرچەند بەزمان نکوڵیش بکات، ئەوا بەو نکوڵیکردنە تەکفیر ناکرێت، کردەوە و ئەندامەکان بەشێک نین لەئیمان»ل ١٦٠.

ئەم بۆچوونانە بەنموونە وەربگرە، بزانەئەم کوشت و برەی مێژووی ئیسلامیی لە نێوان ئاییزاکان لەسەرچی بوو، چونکەزۆرجار زانای دەربار و دوور لە خوا، دەسەڵاتدار و سیاسییەکانی ئاراستەکردووە، ئەویش بەو ئاراستەیەی لە بۆچوونەکانەوە دەردەکەون.

خۆ هەندێجار جیاوازییەکان دەیان کۆڕ و مێزگردیان بۆ بەستراوە، زانایانی ئاییزا جیاوازەکان دەیان ساڵ لە چەلەحانێدا بوون بۆ سەلماندنی ئەوەی خۆیان بەراستی دەزانن، لە کاتێکدا دەرەنجامی بۆچوونی هەرکامەیان زۆر نزیک بوون لەیەکەوە، یان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە و ئەنجامەکەی بۆ پاشەڕۆژو دەسەڵاتی خوا گەڕاوەتەوە، بۆ نموونەلە نێوان ئەشعەری، ماترودی و موعتەزیلەکان ساڵەها گفتوگۆی توند کراوەلەسەر ئەوەی ئایا ئەوەی شەریعەتی پێغەمبەرانی پێ نەگەیشتووە بەپێی ناسینی خۆی بۆ خراپ و چاکەکانی چوار دەوری، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت یان نا، واتا ئایا شەریعەت چاک و خراپ دیاریدەکات یان مرۆڤەکان خۆشیان بەپێی ناسینیان بۆ چاک و خراپەکان دەتوانن بەشێک لەو شتانەجیا بکەنەوە، «ئەم راجیاییە لەبە چاک و خراپ دانان هیچ شتێکی لەسەر کەڵەکە نابێت، تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە شەریعەتی پێغەمبەرەکانیان پێنەگەیشتووە، چونکە ئەمانە ئەرکدارن لەلایەن موعتەزیلەکان، لەلایەن ئەهلی سوننە و جەماعەتیش ئەرکدارنین» ل١٨٣.

## بنەماکانی ئایین راجیایی و یەکدەنگی

ئاشکرایە هەموو ئایینزا و تەنانەت ئایینەکانیش کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، زۆریش جەخت لە پارێزگاری لەو جیاوازیانەکراوە، بۆ نموونە دەیان فەرمودەمان هەیەکەباس لەوە دەکەن دەبێت موسڵمانان پێچەوانەی جولەکە و نەسرانییەکان بکەن، ئەمەش داواکارییەکی ئایینییە، بۆ ئەوەی سنورەکانی دیار و بەرچاو بن، ئایینزاکانیش بە هەمان شێوەیە، دەبینین تەنانەت لەسەر بنەماکانی ئیمانیش لە زۆر ڕووەوە یەکدەنگ نین، «دوای خستنەڕووی مەزهەبە ئیسلامییەکان لە بواری بیروباوەڕدا، ئەوە بەر دەرکەوت کە راجیایی هەیە لە نێوانیان لە بارەی بنەماکانی ئایین، مەبەست لە بنەماکانی ئایین ئەو بنچینانەن کە باوەڕ و ئیمان لەسەری دادەمەزرێن، بەلاچوونی هەریەک لەو بنچینانە ئیمانیش لادەچێت» ل٢٧٤.

لەم ڕووەوە، نووسەر بنەماکانی ئاینی لای شیعەی دوانزە ئیمامی و ئەهلی سوننەو جەماعەت و موعتەزیلەی بەنمونە وەرگرتووە، کەلەسەر هەندێ لە بنەماکان کۆکن و لەسەر زۆربەشیان جیاوازن، بنەماکانی ئایین لای ئەهلی سوننەو جەماعەت شەش دانەن کەلە فەرمودەکەی جیبریلەوە وەرگیراون.

بەڵام بنەماکانی ئایین لای زۆربەی شیعەی دوانزە ئیمامی پێنجن: خوابەیەک زانین، دادگەریی، پێغەمبەرێتیی، ئیمامەت و ڕۆژی دوایی.

لای موعتەزیلەش پێنجن: خوابەیەکزانین، دادگەری، پلەیەک لە نێوان دوو پلەکە، پەیمان و هەڕەشە، فەرمان بەچاکە و ڕێگری لەخراپە.

ئەو بنەمایانەی هەرسێ مەزهەبەکە لەسەری کۆکن سێدانەن: باوەڕ بە بوونی خوا، باوەڕ بە پێغەمبەرانی خوا، باوەڕ بەڕۆژی دوایی.

ئیدی لەسەر تەواوی بنەماکانی تر ڕاجیاییان هەیە، هەرچەند لە هەندێکیاندا ڕاجیاییەکان تەنها ڕووکەشە، بۆ نموونە هەموویان بڕوایان بە قورئان و کتێبە ئاسمانییەکانی تر هەیە، بەڵام وەک بنەمایەک دیارینەکراوە.

تێکڕای ئەو بنەمایانەی کە ئەهلی سوننەو جەماعەت و شیعەی دوانزە ئیمامی و موعتەزیلە لەسەری بە جۆرێک راجیاییان هەیە، ئەمانەن «ئەهلی سوننە و جەماعەت بە تەنها دەقیان هێناوە لەسەر ئەم بنەمایانە، باوەڕبوون بە فریشتەکان و کتێبە ئاسمانییەکان و قەدەر» ل٢٨٩.

«شیعەی ئیمامی بە دەق (دادگەری و ئیمامەتیان) وەک بنەما دیاریکردووە» ل٢٨٩.

پلەیەک لە نێوان دوو پلەکە، پەیمان و هەڕەشە، فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە لە بنەماکانی ئیمانن لای موعتەزیلە، لەم ڕووەوە دەبنیرێت بەشێک لە بنەماکان بە جۆرێک دەکرێت ڕاجیاییەکان تەنها ڕووکەشی بن و زۆر لەیەک نزیکن.

## پوختە


بەشی دووەم لەکتێبی بیروباوەڕی ئیسلامی و مەزهەبەکانی بەناوی (مەزهەبە ئیسلامییەکان) زۆر بەوردی و بەسەرنجەوە تیشکی خستۆتەسەر لایەنە دیارو شاراوەکانی مەزاهیبە ئیسلامییەکان و بیروباوەڕیان و لادانەکانیان و هۆکاری دروستبوونیان، ئەمەش بەرچاوو ڕوونییەکی زۆرباشە بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەکی ئایینی و مێژوویی بۆی بگەڕێینەوە لە باسوخواسی ئایینزاکان..

# ئیشکردن نەک تەمەڵی

## رامانێک لەبیروڕاکانی پاڕەزانی



**بوخاری عەبدوڵای قەسرێ**



پارەزانی، یەکێکە لەو قەڵەمە دیار و بە برشت و دڵسۆزانەی کورد کە خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە ئاییناری و ژیناری کۆمەڵگەکەی کردووە. بە گیانێکی رەسەن و بیرێکی پەسەن، بە دڵێکی بێدار و ئاوەزێکی هۆشیار، پێنوسی هەڵگرتووە و بۆ رۆڵەی کورد باسوخواسی هەستیار و ناوازەی نووسیوە. یەکێک لەو پەرتوکانەی مامۆستای پارەزانی کە شایستەی لێوردبوونەوەو تێرامانە، کتێبی (کارکردن نەک تەمەڵی)یە. ئەم پەرتوکە بچکۆلە و بەهادارە، هاندانێکی زۆری تێدایە بۆ گەنجان کە دەستیان لەئیش و هەوڵدا بخەنەگەڕ، تەمەڵ و تەوەزەل لێی دانەنیشن. بۆیە لەم نووسینە کورتەدا ناواخنی کتێبەکە، کە پرۆژەی (تیشک) بە زنجیرە(٢٥) وەشاندویەتی، بە گوشراوەیی و راڤەیەکی سادەوە بۆ ئێوەی بەرێز دەخەمەبەردەست.

مامۆستای پارەزانی بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دێری یەکەمی پەرتوکەکەی دەنەخشێنێت، ئەویش فەرمایشتی خوای پەروەرێنە کەدەفەرموێت: «وقل اعملوا فسيري الله عملكم ورسوله والمؤمنون» (توبة ١٠٥). لە راستیدا دەستپێکردنی پەرتوکەکەی بە ئایەتێکی قورئان، ئاماژەیەکی گرنگەبۆ ئەوەی کە بڵێین پارەزانی بە قوڵی لە قورئانی بەپێز حاڵیی بووە، رامان و سەرنجدانی وردی ئەو لە ئایەتێکی قورئان پاڵی پێوەناوە بۆ نووسینی پەرتوکێک کە نزیکەی (٧٠) لاپەرە دەبێت. یەک ئایەت بەس بووە بۆ ئەوەی کە سەردێڕ و سەرەداوی ئاریشە گرنگەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێدا بخاتەژێر توێژینەوە، چونکە بنەچەی زۆرێک کێشەی ئەوسای کۆمەڵگەی کوردی لەوەدا بینیوە کەئەم فەرمایشتە پیرۆزە لە کارخراوە و جێبەجێ ناکرێت. بەلای ئەوەوە تەمبەڵی دایکی کێشەکانی کۆمەڵگەیە و هۆکاری داتەپین و شکستی تاکەکانیەتی (ل ٢١ و ٣٦).

پارەزانی، وەها بە قوڵیی لەئیسلام تێگەیشتوە کە(کارکردن)، هەروەک نوێژ و نزا و وێردەکان، بە پەرستش دەزانێت، دەزانێت ئیسلام «ئاییینی ئیشکردن و تێکۆشان و بزووتنەوە و جموجۆڵە» و پێچەوانە یەلەگەڵ «تەمەڵی، بێکاری، راوەستان، دانیشتن و خۆخافڵاندن» (ل ٢١). ئەو دەزانێت کە ئیسلام ماکینەیەکی بزوێنەرە، رۆحیەتی ئیشکردن و چنگەکرێ لە کۆمەڵدا دروستدەکات، نەک پاڵدانەوە و لێدانیشتن و بێبەرهەمیی. بۆیە ئەو نموونە بە موسڵمانە پێشینەکان دێنێتەوە، کە لە رێگەی ئیشکردن و بەرهەمهێنان و هەوڵدانەوە توانییان شارستانییەت بەرپا بکەن، شار و دێ ئاوەدان بکەنەوە، موسڵمانانی پێشین خەریکی (کار) بوون، نەک دەمەدەمێ و مشتومڕی بێکەڵک و تانەوتەشەر لە یەکتردان، وەک کەموسڵمانانی ئەمرۆ وان! (ل ٢١).

ئیسلام، وەک پارەزانی لێی دواوە، بریتی نییە لە تەنها سرووتێکی رۆحانی بۆ نوێژ و رۆژوو و ... هتد، بەڵکو «بەرنامەی ژیان»ەو هەموو بەرنامەیەکیش لە «لێشاوێک یاسا و نەریت و فەرمان و رژێم پێکهاتووە» (ل ٢٣)، بەم پێیەئیسلام سیستەمێکەکەلایەنەجیاوازەکانی ژیانی مرۆ بەجۆرێک لە جۆرەکان رەنگرێژ دەکات، یەکێ لەو لایەنانە بریتییە لە بزووتنەوەی ئابووری، بازاڕ و ئیشکردن. بۆیە پارەزانی دووبارەپێناسەبۆ چەمکی (پەرستش) دادەرێژێتەوە بەوەی کەتەنها لە جوغزی نوێژ، رۆژو و تەسک نابێتەوە، بەڵکو «بریتییەلەهەموو خەریکبوون و جموجۆڵێک کە مرۆڤ پێی هەڵسێت، ئیتر دروشمەکانی پەرستن بێت، یان ئیشوکار بێت» (ل ٢٣).

فەلسەفەی پارەزانی لە (ئیشکردن نەک تەمەڵی)، لەوەدایە کە ئیشکردن دەبێتە هۆی ئاوەدانکاری و بەرپاکردنی (عیمران)، چونکە مرۆ بۆیە وەدیهێنراوەتا

دنیا ئاوەدان بکاتەوە و ژیار چێ بکات، وەک خۆی دەڵێت: مرۆڤ «دەبێ ژیری و هێز و توانایی و زاناییەکی ئەوتۆی پێدرابێت کە بتوانێ جێنشینییەکی خۆی بەجێ بهێنێت و بتوانێت سەرزەوی ئاوەدان بکاتەوە» (ل ٢٤). لەم سۆنگەوەیە کە هەرچی خوای کارساز دروستیکردووە لە کانزا، بەرد، ئاسن، دارودەوەن، گیانلەبەر، ئاو و ئاگر ... هتد، بۆ مرۆڤی ژێربارخستوە، تا مرۆڤ دەستی خۆی بوەشێنێت و لە ڕێگەی ئیشوکارەوە ژیان و ژیارێکی پێشکەوتوو بەرپا بکات (ل ٢٦).

ئەوەی کەلەم کتێبەدا سەرنجی منی ڕاکێشاوە، ئەوەیە کە پارەزانی دوو فەرمایشتی سەرەتای قورئان پێکەوە دەبەستێتەوە و هاوکێشەیەکی ناوازەی لێ دەخاتەوە، یەکەم ئەرک لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر بروادار بریتییە لە (بخوێنە): (إقرأ باسم ربک الذي خلق)، دوای ئەوە (هەڵسان و ئیشکردن) ، کە دەفەرموێ: (یاأیها المدثر قم فأنذر..)، ئەم دوو سورەتە لە دوای یەک دابەزین، بەم پێیەش (فێربوون) و (ڕاگەیاندن)، هەروەها (زانین) و (کار) پێکەوە بە ستراونەتەوە و لە دوای یەکترییەوە دێن! خوا ئاییندارانی فێردەکات کە هەمیشەزانین و ماریفەت ببەستنەوە بەکارکردن و هەڵسان، چونکە زانستی بێ توانست بەدفەڕ و بێکەڵکە، فێربوونیش بەبێ ئیشکردن بایەخی نییە. ئەم هاوکێشەیەی نێوان (زانست) و (کار) لەلای پارەزانی ڕازی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی موسڵمانانە، تەنها لەو دەرچەیەوە دەتوانن شکۆی شارستانییەت بهێننەوەکایە(ل ٢١).

مامۆستای پارەزانی، ئەو تەمەڵیی و دواکەوتنەی کەموسڵمانان لە ڕووی کارکردن و ژیاریەوە تێیکەوتوون بە لادان لە ئیسلامی ڕاستەقینە دەزانێت، لەلاپەرە٢٢ ی کتێبەکەی دەڵێت: «لەم دواییەدا موسڵمانەکان ئایینەکەیان لەبیرچوو، خۆیان لێ تێکچوو، دانیشتن و بێکارییان کردەپیشە»، لەلای پارەزانیی تەنها خەڵکێک نانی تەمبەڵی و سواڵ و چاوبەرەژێری بەرەوا دەزانێت کە لە گەوهەری ئیسلام حاڵیی نەبووە(ل ٢٢).

بەوپێیەی کە پارەزانی لە زانستەسروشتییەکاندا کەسێکی هزرفراوان بووە، موتاڵایەکی چڕوپڕی پەرتوکەزانستییەکانی دنیای هاوچەرخی کردووە (ل ١٢)، ڕێژەیەکی بەرچاوی پەرتوکەکە تەرخان دەکات بۆ باسوخواسی زانستیی. بۆ وێنە لە لاپەرە٢٧ تا ٣٣، باسی ئەو ئاماژە زانستییانە دەکات کە دەریدەخەن زەوی چەندە لانکەیەکی گونجاوە بۆ ژیان. لە دوتوێی ئەو لاپەڕانەدا باسی ئەو هاوسەنگی و ڕێکسازی و وردەکارییە فیزیاوییانە دەکات کەزەوی تایبەتمەند و ئامادەساز دەکەن بۆ (ژیان). زەوی خاکێکی بەپیت، هەوایەکی سازگار و کانزاگەلێکی دەوڵەمەندی تێدایە بۆ کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشەسازی و کار بە هەموو جۆرەکانیەوە، وەک دەڵێت: «دەمەوێت هەندێک لەو ڕاز و نیعمەتانەی خوا بخەمەپێش چاو، کەوا بونەتە هۆی ژیان و حەوانەوە بۆ مرۆڤ و گیاندار و ڕووەکەکان لەسەر ئەم زەوییە». هەروەها دەڵێت زەوی وەها ئامادەکراوەکە «ببێتەبێشکە و نیشتەجێ بۆ ئادەمیزاد، لەم دەورانەیدا ڕووەکەی گۆڕاوە لە بەردێکی وشکی ڕەقەوە بۆ خۆڵێکی پوختی ئەوتۆ کە بۆ کشتوکاڵ دەستبدات...» (ل ٣٠). هەموو ئاماژە زانستییەکانی پارەزانی بۆ ئەوەن کەکشتیار و جوتیار هان بدا کە کارەکەیان بەپیرۆز بزانێت، چونکەخوا هەموو هۆکارێکی بۆ ڕامکردوون تا زەوی بەکشتوکاڵ سەوز بکەن و لەبەروبومی بخۆن، نانی دەستی خۆیان بخۆن، چنگەکرێ بکەن نەک پاڵی لێبدەنەوەو چاوەڕێی ڕزقی خوا بکەن. سوننەتی خوا وەهایە ئیش بەروبومی هەیە، جا هەرکەسێک بیکات ئیمانداربێت یان بێبڕوابێت.

پاڕەزانی، بەوپێیەی کە لە ژینگەیەکی کشتیاری وەک شارەزوور و هەڵەبجە ژیاوە، زۆر گرنگی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری داوەو لە پەرتوکەکەشدا بەشێکی تەواو تەرخان دەکات بۆ (جوتیاری)، (ل ٥٠).

پاڕەزانی، لەو پەرتوکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە وەدیهێنەر و ئافرێنەر نەک تەنها مرۆڤ بەڵکو هەموو گەردوونی لەسەر ڕێسا و یاسای ئیشکردن و جوڵان وەدیهێناوە، ئەوەتا هەر لە گەردیلەیەکی بچوکەوەتا کەهکەشانێک هەمووی جوڵەو مەلەوانی دەکات و ناوەستێت، دڵی ئێمەی مرۆڤ لە لێدان و ترپەکانی ناوەستێت، کاتێک دەوەستێت ژیان نامێنێت، مێرووله و هەنگ و ئاژەڵان بۆ پەیداکردنی رۆزی و پشکەخۆراکی خۆیان وچان نادەن، بۆیە دەڵێت: «هەور، با، مانگ، خۆر و ئاسمان لە ئیشوکار و سوڕانەوەدان، بۆ ئەوەی تۆ نان و خواردن بەدەست بێنیت و بەبێ ئاگایی نەی خۆیت، ئەمانە هەموویان لەبەر تۆ سەرگەشتە و بەرفەرمانن» (ل ٣٥). پاڕەزانی دەیهەوێت ئەوەمان پێ بڵێ کە سوننەتی خوا لەگەردوون و (بوون) دا بە جۆرێکە کە هیچ شتێک لەتەمبەڵیی و بێئیشی و وەستاندا نییە، هەموی فەرمانبەردار و ئەرک پێدراوە، دەجوڵێت و دەگەڕێت، مرۆڤیش بەشێکە لەو جوڵانەو نابێت لە کاروانی کار دابڕێت.

لەلای مامۆستای پاڕەزانی، هێزی ئابووری وڵات و دەوڵەت بەندەبەدەستجوڵان و ئیشوکاری هاووڵاتیانی، هەر کۆمەڵێک «بە تەمەڵی، سستی، بێئیشی دانیشتن و ژیانیان بردە سەر، سروشتییە کەوا پلەی ئابووری و رادەی ژیانیان نزم دەبێتەوە»، ئەو هێندە بڕوای بە کارکردن هەیە کە تەنانەت ئایەتی (وأعدوا لهم ماستطعتم) (الانفال ٦٠) بە ئامادەسازیی هێزی کار و جوڵەی ئابووری و پیشەسازی ڕاڤەدەکات (ل ٥٣).

**یەك ئایەت بەس بووە بۆ ئەوەی پاڕەزانی سەردێڕ و سەرەداوی ئاریشەگرنگەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێدا بخاتەژێر توێژینەوە.**

بۆیە پاڕەزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەدەبێت دەوڵەت لە خەمی ئەوەدا بێت دەستی لاوانی بێ ئیش نەبێت و ڕەنج و هەوڵیشیان بەبا نەدرێت، پاڕەزانی ئەرک دەخاتەسەر دەوڵەت و میری کەڕێز لە بەهرە و توانستەکانی لاوان بگرێت و بەوە بەرهێنان و بەرهەمهێنان سەرقاڵیان بکات، چونکە ئەگەر لاوان تەمەڵ و بێکار بن ئەوا نەخۆشیەکانی بێڕەوشتیی، کێشەی کۆمەڵایەتیی، فشاری دەروونیی، دزیی، خراپەو بەرتیل لەنێو کۆمەڵگەدا تەشەنە دەکات (ل ٣٦). قسەکانی پاڕەزانی هێندەڕاستن وەک بڵێی باسی ئەمڕۆی کوردستان بکات، نەک شەستەکانی سەدەی رابردوو (کتێبەکە ئەوسا نووسراوە)، چونکە ئەوە بێکاری و ڕەنجبەخەساری و دەستبەتاڵی لاوەکانی کۆمەڵگەیە کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم نەخۆشیانەو دەیانی تریش. لەلای پاڕەزانی «نابێت و ڕەوا نییە بۆ هیچ کەسێک (لەسێبەری ئیسلامدا) بە تەمەڵی و بێکاری دابنیشێت، هەتا بەناوی خواپەرستی و ئایینەوە، یان بەناوی وازهێنان لە دونیاشەوەبێت» (ل ٣٧).

پاڕەزانی، فەرمودەیەکی پەیامبەر (درودی خوای لێبێت) دەهێنێتەوە کە کەسێک هاتە لای حەزرەت و داوای سواڵی کرد، پەیامبەریش گوریس و تەورێکی پێدا، فەرموی برۆ لەو شاخ و هەردەداربڕەوەو بیفرۆشە و بژێوی خۆتی پێ پەیدا بکە، ئیدی کابراش

# پارەزانی دووبارە پێناسە بۆ چەمکی (پەرستش) دادەڕێژێتەوە بەوەی کە تەنها لە جوغزی نوێژ و ڕۆژو تەسك نابێتەوە

وازی لە سواڵ هێنا و ڕۆیی بۆ ئیش. پارەزانی سێ خاڵی جوان لەم بەسەرهاتە هەڵدەگۆزێت (ل ٣٨):

١- مرۆڤ نابێت سواڵکەر و دەستپانکەرەوە و چاوبەرەژێر بێت، مادام توانای ئیشکردنی هەیە. هەموو مرۆڤێک ڕۆزیی لە دەستی بەکەسابەتدایە نەک دەستی پانکەرەوە، خوا ڕۆزیدەرەوەک کورد دەڵێ: «سەری بێ ڕزق لەبن گڵ دایە».

٢- دەوڵەت دەبێت خەڵک بخاتە ئیشەوەو فێری ئیشوکاریان بکات، هەروا دەبێت ئامێر و ئامرازی ئیش و کەسابەتیشیان بۆ ڕام و بەردەست بخات.

٣- دەوڵەت دەبێ چاوبین و گوێبیست و ئاگاداربێت لە ڕەوشی میللەت، وشیار بێت کە دەرامەتی ڕەشەخەڵک چۆنە و لەچ بارێکدایە.

بەوپێیەی کە پارەزانی ئاگاداری سیستەمە سەردەمییەکانی ئابووریی بووە، لە سەردەمێکدا بووە کە (ململانێی چینەکان) و (مافی پرۆلیتاریا) برەوی پێدراوە و بانگەشەی بۆ کراوە(ل ٤ و ١٣ و ١٤)، بۆیە لە کتێبەکەیدا ئەو باسانە دەتوێژێتەوە کەزوو وەختە لەسیستەمی ئابووری ئیسلام هەن و هاوتەبایە لەگەڵ پاراستنی مافی (کرێکاران) دا، بۆ نموونە لە(ل ٤٥) باس لەوە ئەکات کەئیسلام گرنگی بە(چینی کرێکار) و (بەشخوراوان) دەدات، هەم لە لایەنی دەروونیی و هەمیش لە لایەنی مادیی و داراییەوە. دەڵێت: لە سیستمی ئابووری ئیسلامدا «کرێکار لە ڕووی دەروونییەوە گرنگی پێدەدرێت بەوەی کە سەرپەرشتی دەکرێت و جێگەی لە کۆمەڵدا دیارە» بەوەی کەڕێز لە مرۆڤبوونی دەگیرێت و سوکایەتی بە پیشەو پایەی ناکرێت، لە ڕووی داراییشەوە کرێکەی نابێت کەم بێت، چونکە دەبێت پێویستی ڕۆژانەی خۆی و خێزانی فەراهەم بکات (ل ٤٦). پارەزانی بۆ ئەم مەبەستە فەرمودەیەکی پەیامبەر دەهێنێتەوە کە ئەفەرموێت: «هەرکەس بەکرێ ئیشی بۆ کردن، مەهێڵن عارەقەکەی وشک بێتەوە، کرێکەی بدەنێ» (ل ٤٥). تەنانەت پارەزانی دەڵێت: ئەگەر هەر کرێکارێک بە موچەکەی نەژیا و کەمدەرامەت بوو، ئەوا دەوڵەت لەسەری پێویستە لە (بیت المال) یان بودجەی تایبەتدا کەموکوڕیەکانی بۆ پڕ بکاتەوە. ئەمە لەپاڵ ئەوەشدا کە پارەزانی لەگەڵ ڕۆحی سەردەم دانابڕێت و دەڵێ: هەر سەندیکایەک یان ڕێکخراوێک کە خزمەت بەچینی کرێکار و ڕەنجدەر بکات «ئەوا خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بەگەل و وڵات کردووەکە ئیسلام داخوازی بۆ ئەکات» (ل ٤٨).

لای پارەزانی، کارکردن پیرۆزە چونکە خووی پەیامبەران بووە، لە(ل ٤٠ و ٥٣) ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەموو پەیامبەران نانی ڕەنجی خۆیان خواردووە و چاویان لە دەستی خێرکەر و «ڕاتبانێ» و زەکات و سەرفیترەی خەڵک نەبووە، بەڵکو بۆ کەسابەت لە ئیشدابوون: ئەوەتا پەیامبەری ئێمەشوان بووە، موسا پەیامبەر شوانکاری کردوە، داود ئاسنگەر بووە، ئادەم جوتیار بووە، ئیدریس بەرگدروو بوە ... هتد.

پارەزانی، هێندە بە سەلیقە بووە لە باسکردنی پیشە و کەسابەتی خەڵکدا، تەنانەت ڕەچاوی (هاوسەنگی پیشەوەریی)شی کردووە، بەپێی ئەو نابێت هەموو خەڵک ڕووبکەنە یەک پیشە و ئەوانی تر فەرامۆش

بکەن، بەڵکو هەر بەشەی خەڵک پێویستە ئیشێک بۆخۆیان هەڵبژێرێت، وەک دەڵێت: «هیچ ئیشێک یان پیشەیەک بەبێ ئیشکەر نەمێنێتەوە» (ل ٥٢)، چونکە ئەگەر هەموو پیشەکان وێکڕا دەستیان تێوە خرا و خرانەجوڵە، ئەوا ڕەوڕەوەی بازاڕ بە گەرمی دەکەوێتەکار و ئابووری میللەت دەبوژێتەوە، وەک پارەزانی دەڵێت «تای تەرازووی کۆمەڵ لە هیچ ڕوو و گۆشەیەکەوە لارەسەنگ، یان لەق و لۆق نابێت» (ل ٥٢). پارەزانی، بە پشتبەستن بە ڕای غەززالی، پیشەسازییەکان بە «فەرزی کیفایە» دەزانێت و پێیوایە ئەگەر ئەو جۆرە پیشەسازییانە «کەس لە وڵاتدا فێریان نەبێت و پێیان هەڵنەسێت، ئەوا کۆمەڵ هەمووی گوناهبار دەبێت» (ل ٥٢). بەم پێودانگەی پارەزانیش لە وڵاتانی موسڵمانانیشدا خەڵک و حکومەت کۆڵێک تاوانبارن لەوەی کە بوژانەوەی پیشەسازی و ئامێرسازییان فەرامۆشکردوە، تەنها کاڵای وڵاتانی دیکە هاوردە دەکەن. تەنانەت دێتە سەر پیشەسازیی دەرمانسازی و زۆر جەختی لێ دەکاتەوە، بە ئەرکی دەزانێ کە موسڵمانان خۆیان دەرمانی دەرد و دەوای خۆیان چێ بکەن، وەک دەڵێت «خوا ئەوەی دەرد دەنێرێت دەرمانیشی بۆ داناوە» بۆیە نارەوایە موسڵمانان لە ڕووی پزیشکییەوە، یان هەر کایەیەکی تر، چاویان لە دەستی ئەم و ئەو بێت و خۆیان داهێنکار نەبن (ل ٥٢).

پارەزانی، بە هۆشێکی بێدارەوە، بە ئاییندارییەکی سەردەمییەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئایین هاوتەبا و هاوتەریبە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم، ناگونجێت خەڵک لەسەنعەت و پیشەوەری و پیشەسازیی پێشبکەون، کەچی نوێژخوێنان تەنها خەریکی تەسبیحەڵا و بەرماڵی نوێژەکەیان بن و لە پێشکەوتنی جیهان دوابکەون، بۆیە دەڵێت: «پێویستە لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان خۆیان فێری هەموو ئیش و کار و هەموو پیشەسازییەک بکەن، لە دروستکردنی دەرزی و دەزووەوە تا ئەگاتە ئەتۆم» (ل ٥٣). ئینجا لای ئەو تەنها ئیشکردن بەس نییە، بەڵکو چۆنیەتی ئیشکردنەکەو ڕێکسازی و نیەتباشی و دڵسۆزی ئیشەکەش پێویستە. فەرمودەی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەهێنێتەوە کە فەرمویەتی «خوا پێی خۆشە کە هەرکام لە ئێوە ئیشێکی کرد بەچاکی و پاکی و پوختی بیکات» (ل ٥٦). بۆیە ڕێکسازی لەپیشەو ئیشکردن بەڕازی پێشکەوتنی کۆمەڵ دەزانێت، ئەوەی کە زۆر بەلامەوە جوان و نایابە ئەوەیە کە مامۆستای پارەزانی وشەی (تەقوا) و (کارکردن) پێکەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە کەتەقوا تەنها بریتی نییە لە خۆپارێزی لە گوناهەکانی وەک نەزەر و غەیبەت و ... هتد، بەڵکو تەقوا واتە خۆپارێزی لە(گەندەڵی) و (گزیگاری) و (فێڵ و تەڵە) لەئیشو کار و مامەڵەو سەوداکاری دا، یان لەکاری میری و دەوڵەت و فەرمانبەریی دا، بۆیەش پارەزانی دەڵێ: ئیسلام تەنها کاری ناوێ بەڵکو «ئیشی پاک و چاکی دەوێ» (ل ٥٦)!.

ئەم پەرتوکە، کە بەکوردییەکی ڕەوان و پاراو و سێنا داڕێژراوە، یەکێکە لەو شاکارانەی کە پێویستە ئاوڕێ لێبدرێتەوە و بخوێنرێتەوە. ئەم پەرتوکە بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێمە زۆر پێویستە، چونکە تەمەڵی، گەندەڵیی و بێکاری دەردی کوشندەن و شیرازەی تەبایی کۆمەڵایەتییان شێواندووە، لاوان پێویستە هان بدرێن بۆ گیانی ئیشکردن و جوڵان بە ڕۆحیەتی ئیسلام، وەک پارەزانی خۆی ئەڵێت: «خەڵکی وایانزانی کە ئیسلام دژی ئیشوکارە و نیشانەی تەمەڵی و لاژگییە، بۆیە من پێم خۆش بوو هەندێک لە باس ئیشکردن بدوێم و ڕای ئیسلامی تێدا دەربخەم» (ل ٢٢). ئەمە جگە لەوەش کە پارەزانی و هزرە ئاییندارییە خۆماڵیەکەی جارێکی دیکە بناسێنرێتەوە بە ئاییندارانی کورد.


نووکەقەڵەمێک لە سەر
زەردەشتی تێکستیی و میدی
سەلام ناوخۆش
ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لەدایکبووە. ماستەر لە زمانی ئینگلیزی، پرۆفیسۆری هاوکارە لە زانکۆی سەلاحەددین. نزیکە (٦٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە. ڕاوێژکاری گۆڤاری (خاڵ)ە.

# دەربارەی میدیا و زەردەشت!

## وەڵامێك بۆ مامۆستا سەلام ناوخۆش




**دڵشاد عەزیز زاموا**
خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی شوێنەوار لە زانکۆی لایدن لە هۆڵەندا. ژمارەیەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی هەیە.

**دەروازەیەك**

نووسینەوەی مێژووی کۆنی کوردستان کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە. زۆرن ئەوانەی بەرهەم و وتار و کتێبیان دەربارەی ئەم مێژووە نووسیوە. بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی بە هەڵوێستەوە ویستویانە ئەم مێژووە بنووسنەوە. لەبەر ئەوە زۆر جار نەک کەسانی ناپسپۆڕ، بەڵکو هەندێک تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە، کتێب و توێژینەوەش کە لە لەلایەن مامۆستایانی بەشەکانی مێژووی زانکۆکانی کوردستانەوە نووسراون نەیانتوانیوە لەو رەوتە کلاسیکییە دەربچن کە لە ئارادا هەیە و هەبووە. بۆ ئەمەش هۆکار زۆرن. بێگومان هۆکاری سەرەکی پەیوەندی بە پشتبەستنە بە نووسینەوەی مێژووی کۆن دوور لە دەقە کۆنەکان، بەتایبەت دەقە مێخییەکان، هەروەها دۆزینەوە شوێنەوارییەکان پشتگوێخراون، ئەمە جگە لە ژێردەستەیی کوردستان و کاریگەری وڵاتە دراوسێ داگیرکەرەکان. بۆ نموونە تا ئێستاش زۆرێک لە نووسەر و مێژوونووسەکانی کورد کە دێنە سەرباسی ئەسڵی کورد شتی تازە نانووسنەوە، بەڵکو هەمان قەوانە سواوەکەی ئێرانیزم و ئاریایی بوون دەجونەوە. لەکاتێکدا ئەم جۆرە لە نووسین و بیرکردنەوە لە دنیای پێشکووتوودا باوی نەماوە.

هەندێکیش هێندە بە گوڕەوە تاوی ئەو مێژووە دەدەن، هەر لەسەر بەرگی کێبەکانیان دەنووسن «ئەگەر سۆمەرییەکان کورد نەبن کێن؟» و هەموو شتێک لە دەستپێک دەبڕنەوە. مێژوو و شارستانییەتی کۆنی کوردستان روون و ئاشکرایە و هیچ پێویستی بە حەکایەت و چیرۆک و گوڕی نەتەوەپەرستانە نییە، قوڵی و کۆنی ئەو مێژوو و شارستانییەتە هەر لە میدیا و کەیخوسرەودا ناوەستێت، بەڵکو زۆر لەوان کۆن و گرنگتر هەن، جا ئەوە کاری شوێنەوارناسانە ئەوانە روونبکەنەوە و شتێکی جیاواز و ئەکادیمی بخەنە بەردیدی خوێنەران. خاڵێکی دیکە پەیوەندی بە هەستێکی نەتەوایەتی مەجنونانەی رووکەشەوە هەیە، کە خوێنەری کورد فێرکراوە کە مێژوو بریتییە لە شانازی بە رابردووەوە، لەبەرئەوە هەرجارێک کە باس لە مێژوویەکی کۆن کراوە خەڵک فێرکراوە کە بپرسێت ئەمانە کورد بوون یان نا؟ ئەم جۆرە لە هەست و بیرکردنەوە هەموو گەلانی ناوچەکەی گرتووەتەوە، بۆ کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ گرنگە کە لەم کێشمەکێشمەدا نەکەونە بەرەیەکەوە و هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو مێژووە بکەن کە وەک توتی ئاسا دووبارە و دەبارە دەنووسرێتەوە و هەڵوێستەیەکی لەسەرناکرێت، بەڵگەیەکی تازەی بۆ زیادناکرێت.

**بەبیستنی رەخنەکان خۆشحاڵ بووم، بەڵام!**

لە ژمارەی (٤)ی گۆڤاری خاڵدا بەرێز (سەلام ناوخۆش) وەڵامێکی رەخنەیی بۆ بابەتێکی من نووسیوە کە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری خاڵ بڵاوبووەوە. پێمخۆشبوو کە بیستم کەسێک بابەتەکەمی خوێندووەتەوە و رەخنەشی لێی هەیە، چونکە بابەتی مێژوویی و ساغکردنەوەی مێژوو پێویستی بە گفتوگۆ و رەخنە و شیکردنەوە هەیە، وەک هەر بوارێکی تر. لێرەوە سوپاسی دەکەم کە کاتی گرنگی خۆی لە خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی بابەتەکەی مندا بەسەربردووە. بەڵام کاتێک بابەتەکەی بەرێز (سەلام ناوخۆش)م خوێندەوە رێمکەوتە سەرابێک! پێمخۆش نەبووە و نییە وەڵام و وەڵامدانەوەی تێبکەوتایە بەڵام هەستم بە ناچارییەک کرد، دوای خوێندنەوەی وەڵامەکەی من لەخوارەوە خوێنەری ئازیز

تێدەگات بۆچی دەبوو ئەم وەڵامە بنووسم.

با هەر لە ناونیشانی بابەتەکەی «سەلام ناوخۆش»ەوە دەستپێبکەم کە نوسیویەتی «نووکە قەڵەمێک لەسەر زەردەشتی تێکستی و میدی». ناوخۆش باسی «نووکە قەڵەم دەکات» کەچی رەخنەکانی هێندەی بابەتەی من دەبێت و ناویشی ناوە نووکە قەڵەم! ئەوەی تا ئێستاش تێی نەگەیشتم بەشی دووەمی ناونیشانەکەیەتی کە نووسیویەتی «زەردەشتی تێکستی و میدی»!

## کامە مێژوو «مێژووی بێ ئەرگومێنت»ە؟

لە سەرەتای دەستپێکردنی وەڵامەکەیدا، ناوخۆش بە توێژینەوەکەی من دەڵێت «مێژووی بێ ئەرگومێنت» لەکاتێکدا توێژینەوەکەی من بنیاتنراوە لەسەر دەقە بزمارییەکانی شاخی بێستون، نووسینە ئاشوری و میدییەکان، بەڵگە شوێنەوارییەکان (خوێنەر دەتوانێت بابەتەکەی من لە ژمارە ٣ی هەمان گۆڤاردا بە ناونیشانی «دەرکەوتنی ئایینی زاردەشت و قاتڵوعامی باپیرانی کورد») ببینێت. ناوخۆش ئەمانە بە بێ بەڵگە ئەژمار دەکات، با بزانین هەگبەکەی ناوخۆش چ مێژوو و ئەرگومێنتێکی تێدایە؟

ناوخۆش دەڵێت «چاوەڕێی شتی نوێ بووم» بەڵام هیچم نەدی، بەڵام لە درێژەی بابەتەکەدا روووندەبێتەوە کە ناوخۆش چی دەوێت، ئەو شتی کۆن و نەگۆڕی دەوێت، و بە «نیمچە-دەستەجەمعی» ناوی دەبات، ئەو کۆڕایەی ئەو باسی دەکات، کۆمەڵە نووسەرێکی کوردن کە تەنها ئەستێرەی بەختی ئەوان لە بوونی چاپخانەی خۆیان یان هاوڕێیەکیان بووە و کەوتوونەتە نووسینەوەی مێژووی کوردستان بە پشتبەستن بەو سەرچاوە فارسیانەی لەبەردەستیان هەبووە.

لای ناوخۆش براوەتەوە زەردەشت میدی بووە، لەبەر ئەوە وتارەکەی من کاریگەری لەسەر ناوخۆش نەکردووە و ئەو تا ئێستاش باوەڕی لەق نەبووە. دیارە کە میدییەکان مێژوویەکی درێژیان هەبووە، هەر لە سەدەی نۆیەمەوە بۆ سەدەی شەشەمی پ.ز. و دواتر، من باسی خاڵێکم کردووە ئەویش ئەوەیە ئێستا تاقمێک دەیانەوێت دیاکۆ و کەیخوسرەو وەک دووکەسی زەردەشتی بناسێنن، دەیانەوێت بە خەڵکی بڵێن گۆڕەکەی پیرەمەگرون گۆڕی زەردەشتە، گۆڕەکەی قزقاپان گۆڕی دیاکۆ و کەیخوسرەوە، داریوشی فارسی وەک پیرۆز سەیربکەن. من وتوومە کوا بەڵگەکانتان، ئێستاش دەیڵێم ئەوەی ئەم تاقمە و ناخۆش دەیڵێن هیچ بەڵگەیەکی نووسینی کۆن نییە پشتگیری بکات. بەبێ بەڵگە دەتوانیت دەیان حەکایەت سازبکەیت و بۆ نەگبەتی ئەم نیشتیمانەش حەکایەت هەموو بوونەتە مێژوو، مێژووی بەڵگەداریش بوونەتە بێ ئەرگومێنت لا ناوخۆش و ئەوانەی وەک ناوخۆش بیردەکەنەوە!

تاکە سەرچاوەی مێژووی کۆنی کورد لای ناوخۆش بریتییە لە کەلتووری ئارییەکان. ناوخۆش دەڵێت «مێژووی کۆنی کورد هێندە ئاڵۆسکاوە،....، بۆیە تەنیا ئارگومێنت دەتوانی شوناسی لە کەلتووری هاوبەشی ئارییەکان بۆ بدۆزیتەوە.» جا هەروەک باسم کرد ناوخۆش هەر لە سەرەتاوە خۆی ساغ کردووەتەوە بۆ دووشت، زەردەشت میدی بووە، و کەلتووری ئارییەکان تاکە سەرچاوەیە بۆ گەڕان بەدوای شوناس و کەلتوور و مێژووی کورد، بەڵام خۆشی نازانێت بەتەمایە لە چ کانییەکی لێڵ بەدوای مێژووی شێواو و ئاڵۆسکاوی کوردستاندا بگەڕێت! ئایا دەتوانێت پێناسەیەکی

کەلتووری ئارییەکان بکات!

لە خاڵی یەکەمدا ناوخۆش رەخنەی ئەوە لەمن دەگرێت کە سێ جار کتێبەکەی هیرۆدۆتسم بەکارهێناوە، لەکاتێکدا من وتومە هیرۆدۆتس متمانەی نییە. بەڵێ وایە، ئەگەر ناوخۆش ئەمە بەخاڵی لاوازی بابەتەکەی من دەزانێت، دەبێت تێبگات ئەوە بۆ من خاڵێکی بەهێزە و ئەوپەڕی بێلایەنی من نیشاندەدات لە باسکردنی ئەو مێژووە، کاری من ناچارکردنی خوێنەر نییە بەوەی کە من وەک دەرئەنجام پێی گەیشتوم قبوڵی بکات، یان نا، هەروەها توێژینەوەکەم نەنگی تێدەکەوێت ئەگەر تەنها باسی ئەو کتێب و سەرچاوە و بۆچونانە بکەم کە خۆم بە دڵمن. بەڵێ من سێ جار کتێبەکەی هیرۆدۆتسم بەکارهێناوە و بەخوێنەریشم وتووە کە ئاگاداربن پسپۆڕانی مێژوو کتێبەکەی هیرۆدۆتس بە سەرچاوەیەکی لاواز دەزانن، بە تایبەت لە باسی میدییەکاندا و بۆ ئەمەش سەرچاوەم نووسیوە.

لە خاڵی دووەمی رەخنەکانیدا ناوخۆش رەخنەی ئەوە لەمن دەگرێت، کە سەرچاوە ئینگلیزییەکانم تەنها دانەیەکیان چاپی (٢٠٠٧)ە، و ئەوانی دیکەش کۆنترن، خۆی وتەنی «فاکت» بە سەرچاوەی تازەیە. ناوخۆش لەبەر ئەوەی نە پسپۆڕی مێژووە و نە شوێنەوارناسە، دەبوو بزانێت کە بابەتەکەی ئێمە باس لە (٢٦٠٠) بەر لە ئێستا دەکات، ئەو نووسینەی شاخی بێستون کە لە ساڵی (٥٢٢ پ.ز) نووسراوە، جا من سەرچاوەی ١٩١٠ یان ٢٠١٠ بەکاربهێنم، لە هەردوو کتێبەکەدا داریوشی فارسی هەر دەڵێت من میدییەکانی هەولێر و هەمەدانم قاتڵوعام کردووە و سەرکردە میدییەکانم تیلاترین کردوون. لەبەر ئەوەی ناوخۆش ناوی ناوە «فاکت» لە کۆمەڵێک کتێب و سەرچاوە دا هاتوون کە بەزۆری لە سەدەی بیستەمدا بە کوردی و

**تا ئێستاش زۆرێك لە نووسەر و مێژوو نووسەکانی کورد کە دێنە سەرباسی ئەسڵی کورد شتی تازە نانووسنەوە، بەڵکو هەمان قەوانە سواوەکەی ئێرانیزم و ئاریایی بوون دەجونەوە.**

فارسی چاپکراون، زۆربەی کات هیچ بەڵگەیەکیان نییە بۆ بۆچوونەکانیان و لە گیرفانی خۆیانی دەردێنن، جا ناوخۆش قسەی ئەوانەی لێبووە بە«فاکت»، واتە راستی و حەقیقەتی ئینکارنەکراو. داوای بەڵگەی شوێنەواری و دەق دەکات. لەکاتێکدا من هەردوکیانم باسکردووە. بەڵام چونکە بۆ یەکەمجارییەتی ناوەڕۆکی دەقەکانی نووسینەکەی شاخی بێستون دەبینێت بۆیە لای ئەو هەر «فاکت»ە کۆنەکەی خۆی قبوڵە.

لە باسی تەمەن و ژیانی زاردەشتدا، من تەنها ئەوەندەم نووسیوە کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی کۆن لەبەردەستنییە تا بەڕوونی مێژوو و شوێنی لەدایک بوون و ژیانی زەردەشتمان پێبڵێت، ئاماژەم بە بەرنامەیەکی دۆکیومێنتاری کەناڵی بی بی سی فارسی کردووە، کە بەرنامەیەکی تازەیە و چەند پرۆفیسۆرێکی بەریتانی، هۆڵەندی، ئەمریکی، هیندی و فارسی قسە لەسەر ژیانی زەردەشت دەکەن. بزانن ئەو پسپۆڕانە باس لەچ دەکەن، ئەگەر ئەوان نەتوانن بە ژمارە و ساڵ قسەبکەن، ئیتر ناوخۆش پێمان بڵێت گەڕیدەیەکی وەک (تۆمابوا) لە کوێ ئەو مێژووەی زانی؟ ناوخۆش خۆی گەنجینەی کتێبخانەکەی ئاشکرادەکات کە بیست کتێبەکەی

**ناوخۆش بۆچوونی دژبەیەکی هەندێك نووسەر دەهێنێت کە کتێب نووسبوون و دەمیان لە هەموو مێژوو داوە، پسپۆڕی میرنشینە کوردییەکانی زەمانی عوسمانین، کەچی باس لە مەملەکەتی میدیا دەکەن.**

ئەو دائیرەتولماعەریفی بەریتانی، سدیق بۆرەکەیی، شوکر مستەفا و چەند نووسەرێکی دیکەن، من ڕێز و تەقدیرم بۆ هەموو هەوڵێک هەیە، بەڵام ناوخۆش دەبێت لەوە تێبگات کە هەرچی لە کتێبان نووسرا بە بێ بەڵگە مێژوو نییە، پرسیاری من ئەوەیە ئایا ئەو نووسەرانەی ئەو باسیان دەکات هیچ بەڵگە و نووسراوێکی کۆنیان خستووەتە ڕوو کە بەڕوونی بڵێت زەردەشت کەی لەدایک بووە و لە کوێ ژیاوە! بێگومان نەخێر. پاشان ناوخۆش قوڕەکە خەستتر دەکاتەوە وەک زۆر لە کۆلکە مێژوونووس و شوێنەوارناسی ئێرانی هەرچی بە زەردەشتی نەزانن دەیبەنەوە سەر میترایی، ئەگەر میترایی ئەوەندە ڕەگەکەی قوڵە، کوا بەڵگەکان؟ بۆچی میترایی لە ڕۆژئاواوە وەک دینێک گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵات؟ بابەتی میترایی پێش سەردەمی رۆمانی و ساسانی شتێکی لاستیکییە و زۆر بۆرە نووسەری ئێرانی و کورد بەکەیفی خۆیان حەکایەتی بۆ دەهۆننەوە، بۆ ناوخۆش باشترە بزانێت لە کێ و لە چ سەرچاوەیەک مێژوو وەردەگرێت. باسی خۆرپەرستی لە هەموو دنیای کۆن و لە هەر پێنج قارەکەی جیهان هەبووە و هیچ پەیوەندی بە میترایی و شتەوە نییە، میترا لەکات و ساتێکی دیاریکراودا زۆر بە ڕوونی پەرستراوە کە سەردەمی رۆمانی-ساسانی بووە و نەخشەکانی سەر ڕووی تاقوەسان کە ساسانین یەکێکن لەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە لەسەردەمی ساسانیدا پەرستراوە، پێشتریش هەر هەبووە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە هەندێک هەر هێمای خۆرێک یان باسێکی خۆر و ئاگر پەرستییان بینی ئیتر پەیوەستی بکەنەوە بە میترایی و زەردەشتییەوە.

ناوخۆش هەر بەوەوە ناوەستێت، ئەوەتا خۆی کردووەتە پسپۆڕی زمانە کۆنەکان و دەڵێت پێناچێت «شیلیسروخ» پاشا بووبێت، لەکاتێکدا دەقەکە دەڵێت پاشایە، پاشان ناوخۆش دوای ئەوەی هەست دەکات کە بەڵگەکانی من روونن دەربارەی پەرستنی چەندین خواوەند لە میدیا و لە نێو میدییەکاندا، ناوخۆش بە بیردۆزەیەکی تازەوە دێتەوە ناوباسەکە و دەڵێت ئایینی گەلی میدی جیاوازبووە لە ئایینی حوکمڕانانی میدی! هیوادارم بۆ ئەم بیردۆزەیە ناوخۆش بەڵگەی هەبێت، هەرچەندە بۆ من وەک ڕۆژی روناک دیارە کە هیچ بەڵگەیەک نییە.

ئەو ڕێبازەی ناوخۆش کاری لەسەردەکات، زۆر دوورە لە هەموو ئێتیکێکی ڕەخنەگرتنی زانستیانەوە، ئەو تەنانەت دێت نیوە ڕستە دەبڕێت بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێدروستبکات. بۆ نموونە کاتێک من نووسیومە کەیخوسرەو لە ساڵی (٦١٤ پ.ز) دەرکەوت و شاری ئاراپخای داگیرکرد، مەبەستی ئەم دەرکەوتنە لەسەر گۆڕەپانی هاوکێشەی دەسەڵاتەکانی میسۆپۆتامیایە، وەک سێ هێزە بەناوبانگەکەی ئەوکات کە ئاشوری، ئورارتی و بابلی بوون، بەڵام ناوخۆش هاتووە کەوتووەتە ئیعرابی ئەلفازی من و بە ویستی خۆی لێکدانەوەی بۆ کردووە!

لە تەواوی لا ١٢٧-١٢٨دا ناوخۆش باس لەو سەرچاوانە دەکات کە خوێندونییەتەوە. پاشان دەیەوێت شتەکان ئاوەژوو بکات، من کاتێک کە نووسیومە داریوشی فارسی یەکەم زەردەشتی بووە، باس لە پاشا و دەسەڵات دەکەم، نەک لە تاک و خەڵک، بەڵێ داریوشی فارس بە پێی نووسینەکانی شاخی بێستون کە ســــاڵی (٥٢٢ پ.ز) و ساڵانی دواتر تۆمارکراون، یەکەم کەسە و یەکەم پاشایە کە ناوی ئاهورامەزدای هێناوە، ئەمە بۆ ئێستا راستییەکی نەگۆڕە، هەتا ئەوکاتەی شوێنەوارناسان بەڵگە و نووسینی کۆنتر دەدۆزنەوە ئەگەر هەبوو! داریوش فارسی بووە، بەناو و پشتی ئاهورامەزداوە، قەتڵوعامی میدییەکان و نەوەکانی دیاکۆ و کەیخوسرەوی لە هەولێر و هەمەدان کردووە، جا پێمان خۆش بێت یان نا، ئەوە مێژووە، جەختکردنەوەی من لە بابەتەکەمدا لەو بابەتە بۆ ئەو تاقمەبوو کە ئێستا خۆیان ناوناوە زەردەشتییە نوێیەکان و لەو مێژووە باش نەگەیشتون، لەبەرئەوە وێنەی داریوش و وتەکانی هەڵدەواسن و لە هەمان کاتیشدا خۆیان بە نەوەی میدی دەزانن، دیاکۆ و کەیخوسرەویش بە زەردەشتی!

لە لاپەڕە (١٢٨)دوو جار دوو نموونە و لێکدانەوە دەهێنێتەوە و دەڵێت «ئاخر برا مەعقولە....» ئەم شێوازە لە بەراوردکردن و وەڵامدانەوە لای من شتێکی نا ئەکادیمیانەیە و بەزمانەکەی ناوخۆش وەڵامبدەمەوە دەبێت بڵێم «زۆر نا ماقوڵە»!

لەسەرەتای لاپەڕە (١٢٩)، ناوخۆش دەنووسێت «هیچ راپەڕین و قەتڵوعامێک لە هەمەدان و هەولێر نەکراوە...» ناوخۆش کە خۆی هیچ شارەزاییەکی لەو مێژووە نییە، و لەسەرەتا رەخنەکانی باسی ئەکادیمی بوون و دەق و

**ناوخۆش پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکات ئەنجامی داناون، دەیەوێت زەردەشت میدی بووبێت، پاشایانی میدی زەردەشتی بووبن، غەیری ئەمەی قبوڵ نییە.**

بەڵگە دەکات، کەچی هاتووە ئینکاری مێژوو و دەق و بەڵگە دەکات، مەگەر داریوش خۆی بە رۆژ و ساڵ و ناو و هەموو وردەکارییەکانییەوە باسی ئەو دوو راپەڕینەی هەولێر و هەمەدانی نەکردووە؟ مەگەر داریوش بە هەر سێ زمانی بابلی، فارسی و عیلامی و بەهەردوو خەتی بزماری و خەتی ئارامی باسی لەو رووداوانە نەکردووە؟ کە ناوخۆش بۆخۆی پێی خۆش نییە گوێی لەو راستییانە بێت، ئیتر بۆچی دەیەوێت خوێنەران بەلاڕێداببات!

پاشان ناوخۆش دەکەوێتە باسکردنی زانیارییەکانی خۆی و ٢٠ سەرچاوەی کتێبخانەکەی. هێندەی دەیەوێت زانیارییەکانی خۆیمان نیشان بدات، هێندە نایەوێت بابەتیانە باس لە توێژینەوەکەی من بکات، ناوخۆش خۆی باش دەزانێت بابەتەکەی من تایبەتە بە لایەنێکی دیاریکراو، نەک باسکردن و جوینەوەی هەموو ئەو حەکایەت و چیرۆک و بەسەرهاتانەی دەربارەی میدییەکان نووسراون، نەک باسکردنی پاشایانی میدی و لیستی شاهانەی میدییەکان. خاڵی یەکەم و دووەمی لاپەڕە (١٢٦) وەڵام نادەمەوە، چونکە هەم زۆری دەوێت و هەم پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە.

**هەندێك زانیاری گرنگ و دەقی بزماری کە ئێمە باسمانکردووە بە هەڵە دادەنێت، چونکە بۆ ئەو تازەن و لە کتێبە تەقلیدییەکانی لای خۆی باس نەکراون.**

### «باوکی کەیخوسرەوە یان نەوەی کەیخوسرەو؟»

لە خاڵی سێیەم، ناوخۆش دەنووسێت فەراوەرتیس «باوکی کەیخوسرەوە یان نەوەی کەیخوسرەو؟» چونکە ناوخۆش شارەزای ئەو مێژووە نییە و تەنها لایەنێکیشی خوێندووەتەوە، بۆیە ئەم پرسیارەمان لێ دەکات. بەڵێ، هەم باوکی کەیخوسرەوە و هەم نەوەی کەیخوسرەو، چونکە میدییەکان دوو فەراڤەرتیشیان هەبوو، جا چونکە ناوخۆش هیچ زانیاری لەسەر ئەوەی دووەم نییە، لێی تێکچووە و نکوڵی لێ دەکات. ناوخۆش ئەگەر جارێک نووسینەکەی بێستونی بخوێندبایەتەوە ئەوکات دەیزانی کە هەموو رابەرانی راپەرینەکان لە بابل و میدیا و شوێنەکانی دیکە، نەوەی پاشا بەناوبانگەکانی خۆیان بوون و بەناوی پاشاکانی پێشوترەوە ناونراونەتەوە. فەراڤەرتیش بە هەمان شێوە نەوەی میدییەکان بوو. خۆ لە بابەتەکەدا دەقی نووسینەکەی داریوش هەبوو، بەڵام دیارە نەیبینوە، لەبەرئەوە لێرە دووبارە دایدەنێمەوە:

لە برگەی ٢٥ دا داریوش دەڵێت: "بەرەو میدیا بەرێکەوتم. کە گەیشتمە میدیا، لە شاری کوندور، فەراڤەرتیش وتی: من خەشاتریتی (پاشا)م، نەوەی کەیئەخساریس (کەیخوسرەو)م، پاشاکەی میدیا، لەگەڵ من شەڕی کرد، لە جەنگێکدا بە یارمەتی ئاهورامەزدا کە پشت و پەنام بوو. لە ژێر چاودێری ئاهورامەزدادا، سوپاکەی فەراڤەرتیشم بەزاند. لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ٥٢٢ پ. ز ئەو شەڕەمان کرد. سی و چوار هەزار و چوارسەد و بیست و پێنج (میدی)م لێکوشتن،...». ئەمەش سەرچاوەکەیەتی.

Von Voigtlander, E.N., The Babylonian versions of the Achaemenian inscriptions, vol.2, .London, 1978: 57-58

بەم شێوەیە روون دەبێتەوە کە ناوخۆش شارەزا نییە لەو مێژووە و خۆشی کردووەتە رەخنەگر!

ناوخۆش دەپرسێت «فراوەرتیس یا فەراڤەرتیش – هەرچەندە لە ئینگلیزیەکە نووسراو فراوەرتیس) باوکی کەیخوسرەوە، یان نەوەی کەیخوسرەو؟» بەڵێ ناوخۆش کە شارەزا نییە لەو مێژووە بێپەروا کەوتووەتە رەخنەگرتن. ناوخۆش دەبوو هیچ نەبووایە بۆ جارێکیش سەیرێکی نووسراوەکانی شاخی بێستونی بکردایە، ئەو بە خوێنەرانی دەڵێت کە لەگەڵ مەردۆخی چووەتە سەردانی شوێنەوارەکە و نووسینەکە، بەڵام دەبوو ئەوەشی باسبکردایە کە ئەو نووسینە دەیان مەتر بەرزە و هەر لە دوورەوە سەیری کردووە. ناوخۆش کەخۆی شارەزای ئەو زمانانە نییە، نەدەبوو بڵێت کە ناوەکە «فراوەرتیس»ە نەک «فەراڤەرتیش». ناوخۆش کە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوە سەرەکییەی کە من دەقەکەم لێوەرگرتووە، تەرجەمە و دەق و دەنگ و خەت و هێما بزمارییەکان یەک لەدوای یەک لەو کتێبە و چەند کتێبی تر باسکراون و شیکراوەنەتەوە، ئیتر بۆ ناوخۆش چونکە هەر سەرچاوەی عەرەبی

و کوردی و فارسی هەیە، هەموش ئەو هەڵەیە دووبارە دەکەنەوە و پیتی «ڤ» دەکەنە «و»، بێئاگا لەوەی لە نووسینەکەی شاخی بێستون زۆرجار ئەگەر پیتی «و» هەبووبێت گۆڕدراوە بۆ «م»، بەڵام لە کتێبەکانی لای ناوخۆش «ڤ» گۆڕدراوە بۆ «و» لەلایەن نووسەرە عەرەب و کوردەکانەوە. ئەوەی ناوخۆش بەکاریهێناوە و بەڕاستی دەزانێت هەڵەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ناوخۆش شارەزای ئەو زمانانە نییە هاتووە دەیەوێت هەڵەکانی خۆی بکات بەراستکردنەوە بۆ من.

لە لاپەڕە (١٢٩-١٣١)، ناوخۆش بە دڵی خۆی مقەست لە نووسینەکەی من دەدات و کلکە پرسیار و گومانان دروستدەکات و خۆشی وەڵام ناداتەوە، بەڵکو بۆچوونی دژبەیەکی هەندێک نووسەر دەهێنێت کە کتێب نووسبوون و دەمیان لە هەموو مێژوو داوە، پسپۆڕی میرنشینە کوردییەکانی زەمانی عوسمانین، کەچی باس لە مەملەکەتی میدیا دەکەن، وەک ئەوەی لە دیوەخانەکەی کەیخوسرەو دانیشبن، باس لە زەماوەندی کچەکەی زەردەشت دەکەن، وەک ئەوەی ئەو رۆژە لەوێ بووبن و سەرچۆپییان گرتبێت!

من باسی دەقی بزماری و بەڵگەی راستەخۆ دەکەم، ئەویش باسی شەڕی سەفین و زیندانی ئەبوغرێب و جاش و مستەشارم بۆ دەکات! نموونە لە زەند نەقڵ دەکات کە باس لە بەهەشت دەکات، نەک لە دەوڵەتی میدیا. باسی بەڵگەی نووسراو و بەڵگەی ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرم باسکردووە، کەچی ناوخۆش دەڵێت عەلادین سەجادی وادەڵێت، ئاخر عەلادین سەجادی وەک گیو موکریانی هەڵەی زەقی زۆریان دەربارەی ئەو بابەتە نووسیوە، لە باسکردنی ئەو بابەتانەدا، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ باسی هەندێک لە هەڵەکانی عەلادین سەجادی و موکریانی کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتەدا، گیوموکریانی وتەنی «من خۆم سەرچاوەم»، لەبەر ئەوە زۆر کەم سەرچاوەی راستەقینە بەکارهێندراوە.

## ئەلف و بێی خەتی مێخی؟!

دەبوو ناوخۆش لە کەسانی دەوروبەری خۆی بپرسیبایە ئایا خەتی مێخی ئەلف و بێی هەیە یان خەتێکی برگەییە؟ ئاخر ئەمە وەک ئەوەیە بڵێی کە خەتی چینی و ژاپۆنی ئەلفوبێی هەیە! سەرچاوەکانی ناوخۆش هەر لە دەوری سدیق بۆرەکەیی دەسورێتەوە، سدیق بۆرەکەییش هەر لە هەندێک سەرچاوەی فارسییەوە زۆر شتی نەقڵ کردوون، یەکێک لەوانە حەکایەتی ئەلفوبێی میدی بە خەتی بزماری کە ٢٤ پیت بووە و فەوتاوە، ئەی ئەگەر فەوتاوە چۆن زانرا هەبووە، چۆن زاندرا ٢٤ پیت بووە؟! بۆچی تا ئێستا ئێمەی شوێنەوارناس ئەو ئەلفوبێیەمان نەبینیوە! جا ئەوەی سدیق بۆرەکەییش هەر زانیاری لەنێو گیرفان دەرهێندراون نەک بەڵگە.

ئەمە ئەو بەڵگە و ئەرگومێنتانەن کە ناوخۆش باسیان دەکات. ئەوەی ناوخۆش ناوی ناوە «بیروڕای —نیمچە-دەستەجەمعی» و بەمن دەڵێت کە نابێت لێیان لابدەیت، هیچ نییە جگە لە هەندێک حەکایەت کە لە هەموو کتێبە فارسی و کوردییەکاندا یەک لە یەکی وەرگرتووە، هەریەک شتێکیشی لەلای خۆیەوە بۆ زیادکردووە بەبێ ئەوەی یەک بەڵگەی شوێنەواری یان دەقی کۆن بخەنەڕوو. جا ناوخۆش دەیەوێت ئێمە لەو دەستەجەمعییە لانەدەین!


لە باسی حەکایەتی پیری موغاندا، ناوخۆش دەیەوێت نووسینەکەی من پەرت بکات بە کورتی

و بە کوردی لەنێو ئایینی زەردەشتی پلەیەک هەیە پێی دەڵێن پیری موغان، جا هەندێک کەس دەیانەوێت ئەو کەسەی کە داریوش ناوی هێناوە بە موغییەکە بکەنە یەکەم پیری موغان و بیکەن بە میدی، منیش کەم تا زۆر روونمکردووەتەوە کە ئەو کەسە وەک کەس و وەک بنەماڵە باسکراوە، وەک میدیش باس نەکراوە و کاهینیش نەبووە. بەڵام لە دواییدا لە وانەیە ئەو بنەماڵەیەی دەسەڵاتی ئایینیان لەگەڵ فارسەکان بەشکردبێت، ئەمەش تەنها بۆچوونە. کەچی ناوخۆش باس لە سێ بەڵگە دەکات، بە بەڵگەی رۆژئاوایی ناویان دەبات! ئاخر ئینجیلی مەتتا بەڵگەی رۆژئاواییە؟ دەقی ئینجیلی مەتتا باس لە ئەستێرەناسی خەڵکی میدیا دەکات شەش سەدە لەدوای ئەو رووداوانەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین. دوو سەرچاوەکەی دیکەی ناوخۆش هەر باس لە هەمان شت دەکەن و فەرهەنگن، نەک سەرچاوەی مێژوویی.

پاشان ناوخۆش دەیەوێت ئەو راستییە بشارێتەوە، یان باسی نەکات کە کوردستان لە سەردەمی ساسانی و رۆم و بێزەنتیدا دابەش بووبوو بۆ دوو بەشی سەرەکی ژێردەستە رۆم و ژێردەستە ساسانی، بۆ دوو شوێنکەوتەی ئایینی زەردەشتی و مەسیحی. ئەم دابەشکردنەش سنورێکی جێگیری نەبوو، مەسحیی هەبوون لە ژێر دەسەڵاتی ساسانی، زەردەشتیش هەبوون لەوبەر، گۆرانکاری خێراش لە فراوانی سنورەکان بۆ ماوەی کورت رویداوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو سنورەی باسم کردووە بۆ زۆربەی ئەو سەردەمە تا رادەیەک لە شێوەی خۆی ماوەتەوە.

جا بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە، کە ناوخۆش پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکات ئەنجامی داناون، دەیەوێت زەردەشت میدی بووبێت، پاشایانی میدی زەردەشتی بووبن، غەیری ئەمەی قبوڵ نییە و نەبووە. ناوخۆش هەر باس لە ٢٠ کتێبەکەی کتێبخانەکەی دەکات، کاتێک دەبینیت، ئەم ٢٠ کتێبە چەند ئینسکلۆپیدیا و فەرهەنگۆکێک و هەندێک کتێبی کوردی و فارسی لە ئاوازی ئێرانی و ئارياییخوێن و چەند گەرِیدەیەکی رۆژئاوایی، کە زۆربەی کات هەموویان یەک شت دووبارەدەکەنەوە، بەڵام هەریەک بە گێرانەوەیەک و شتێکیشی بۆ زیاد دەکات، سەرچاوەی هەرەکۆنی ناوخۆش هیرۆدۆتسە، کە نزیکەی دوو سەدە دووربووە لە رووداوەکان و تێبینی زۆر لەسەر زانیارییەکانی هەیە.

لە کاتێکدا بابەتەکەی ئێمە پشتبەستوو بە دەقی مێخی و بەڵگەی شوێنەواری باس لەو رووداو و بیروباوەڕانە دەکات، ئێمە نووسیومانە کاتێک کە بەڵگە نەبوو دەبێت بوەستین و زیادەڕەوی نەکرێت و حەکایەت و چیرۆک دروست نەکرێت. ناوخۆش لەزۆر شوێندا سەرەمقستێکی لە نووسینەکەی من داوە و بە نیوەناچڵی وەریگرتووە بۆ ئەوەی رەخنەکانی زیاتر بکات. هەندێک زانیاری گرنگ و دەقی بزماری کە ئێمە باسمانکردووە بە هەڵە دادەنێت، چونکە بۆ ئەو تازەن و لە کتێبە تەقلیدییەکانی لای خۆی باس نەکراون. نووسەر کۆمەڵێک وشەی ئینگلیزی وەک «ئارگومێنت، و فاکت» و ئەم جۆرە زاراوانە بەکاردەهێنێت، بێ ئەوەی کوردییەکەیان بنووسێت، لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێک لە خوێنەران وەک ناوخۆش شارەزای ئەو زاراوانە نەبن، لەبەر ئەوە باشتر بوو کە کوردییەکەی بەکارهێنابا، یان هیچ نەبا ئینگلیزییەکەی لەتەنیشت دانابا!




# وەڵامێك بۆ نووسەری

## (بوخاری لە نێوان زەکەریا ئۆزۆن و عەبدوڵا گەرمیانی)



**عەبدوڵا گەرمیانی**
لەدایکبووی١٩٨١، بەکالۆریۆس لە توێژینەوە ئیسلامییەکان، بیست بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی هەیە.

لە گۆڤاری (خاڵ) ژمارە (٤)ی نیسانی(٢٠١٦)، بابەتێکم بەرچاوکەوت لەژێر ناونیشانی (بوخاری لە نێوان زەکەریا ئۆزۆن و عەبدوڵا گەرمیانی) لە نووسینی بەڕێز عومەر ڕەشید، دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، مەبەستم بوو بزانم ئەم کاکە بەڕێزە دەکرێت شتێکی ترمان بۆ زیاد بکات لە وەڵامدانەوەی زەکەریا ئۆزۆن بۆ کتێبی (تاوانی بوخاری)، یان هەر کتێبێکی تری کە وەک پرۆژە دەکرێنە کوردی و وەڵامیان لەبارەوە نابینینەوە، ئەم بتوانێت کارێک بکات ئەرک لەسەر ئێمە نەهەێڵێت!

جوانی وتووە ئیبن سیرین «ستەمت لە براکەت کردووە ئەگەر هاتوو خراپییەکانت باسکرد و باشەکانت باس نەکرد». جا بە تەماشاکردنم بۆ بابەتە چەند لاپەڕەییەکەی، ئەم ئەدەبە بەرزەم نەبینی.

ڕەخنەگرتن و تێبینی مایەی دەوڵەمەندکردنی کارە، بەڵام سەرتاپا ڕەتکردنەوە و هەندێکناو و ناتۆرەی تری وەک (بێتوانا، کەمی زانین و نەزانین) ئەوەندە لە گرێی دەروونیی دەچێت، وەک خۆی ئەمەی بەمن وتووە، بەلای ناوەڕۆکی وەڵامدا نەچووە.

ڕەنگە ئەم ئینسافنەبوونە لە کەسانی تر چاوەڕوانکراوبێت، بەڵام بۆ نووسەری بابەتێک لەم گۆڤارە بەڕێزە بڵاوبووبێتەوە، شتێکی چاوەڕوان نەکراوە، چونکە من لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئەوەم نووسیووە من زانا نییم، وەک زانایەک وەڵامم نەداوەتەوە، بەڵکو لە سەرچاوەی زانستیی زانایانەوە وەڵامم بۆ دۆزیووەتەوە، گوێم بە پسپۆڕیی خۆم نەداوەکە کاری خۆمە، بەڵام ئەوە هەیە لە ئەمڕۆی ئێمە و ڕابردووشدا پێشەوا بوخاری لای دوو چین و توێژ جێی خۆشحاڵیی نییە، چینە بێباوەڕەکە، ئەوەشی کە عەقڵی خۆی بۆی دەکاتە پێوەر، عەقڵی چی گرت ئەوەی قبوڵە، چیش بە عەقڵیدا نەچوو تووڕی دەدات و پەلامار دەدات.

من ڕوانیم و شتێکم نەبینیی تۆی لێ شارەزا نەبیت! باسی ڕەخنەگر دەکەیت لە بابەت فیلم، نووسراو، کاری هونەری، ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی، لەکاتێکدا قسە لەسەر بوخاریە، ئەمەیە دەرد و بەڵای سەردەم، تۆ خۆتت بناساندبایە کە کارت چییە، ئەگەر بەرهەمهێنەر و فیلمساز بیت، من لەوانە هیچ نازانم و کارەکەم بۆ خۆت بەجێدهەێشت.

لە بابەت باسکردنی نیازی پشت نووسینەوەی کتێبی (تاوانی بوخاری) لەگەڵ ئێمەدا هاودەنگە، بەڵام دوو ڕێگەی نووسیووەتەوە کە وەک خۆی دەڵێت «لەهەر کام لەم دووڕیانەدا موسڵمان ناتوانێت ڕێگایەکی ڕاست بدۆزێتەوە» ل١٤٤. ڕەنگە نووسەری بابەت کەوتبێتە خودی ئەو دووڕیانەوە، بۆیە ئەوەندە گرێ دەروونییەکەی بە مندا ئاڵاندووە بەلای ئۆزۆندا نەچووە، پێیوایە ئۆزۆن «باشترین ڕێگەیەکی دۆزیووەتەوە کە لەوێوە هێرشەکانی دەستپێبکات» ل١٤٤.

نووسەری بابەت، ڕەخنەی لەسەر ئەوەیە من وتوومە ئۆزۆن لە پسپۆڕیی خۆیدا نییە ڕەخنە و قسەی لەسەر بوخاری هەبێت، لە کاتێکدا ڕەخنەکەی لە فەرمووده و چەند دانەیەک نییە، بەڵکو خودی سەرچاوەکانی گێڕانەوە لە دایکە عائیشە و ئەبو هورەیرە و ئیبن عەباس، بە چەندان شتەوە تۆمەتبار دەکات تاوەکو بیسەلمێنێت مرۆڤگەلێک ئەمەئاکاریان بێت چۆن گێڕانەوەکانیان ببنە جێی متمانە؟ بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە وەڵامی ئەمانەمان داوەتەوە، کەچی دڵی نووسەری بابەت پێی ئاسوده نییە، من بە ئۆزۆنم وتووە نەزان، ئەم بەم وشەیە قەڵسە و

به جنێوی دەزانێت، کەچی هەمان وشەی بەرانبەر به من بەکارهێناوه!

هەر خودی خۆیەتی له بابەت وەرگێڕانەکانی وڵاتی خۆمان و له جۆری دووەمدا دەڵێت «ئەوانەی به شوێن ئەو نووسینانەدا دەگەڕێن که به بیری خۆیان بخوات و دژایەتی بۆ دژەکانی خۆیان هەبێت، ئیدی ئەمان بەبێ ئەوەی بزانن نووسەرەکانیان لەچ ئاستێکی مەعریفیدان و چی له مەعریفەی خوێنەرانی کورد زیاد دەکات، وەردەگێڕن» ل١٤٤، برام منیش هەمان قسەم وتووه که بوخاریی لەوه گەورەتره ئۆزۆنێک مەعریفەی بەوەنییه قسەیان لەسەر بکات، وەڵامەکەی ئێمەش رەنگه له ئاست مەعریفەی تۆدا نەبێت و لەگەڵ ئارەزووی تۆدا پێکدا بدات، گرێی دەروونیی نووسەری بابەت بەرانبەر به ئێمه بەوەی گەیاندووه قسەکەی ئۆزۆن بسەلمێنێت که:» نصرت بالرعب مسیره شهر» فەرموودەی لەشکرکێشیه، لەجیاتی قسەکردنی لەسەر ناوەڕۆکی فەرموودەکه و تەریبکردنی به حیکمەتی ئیسلام، رەخنه له من دەگرێت چۆن کردوومەته ئەوەی مەبەستی فەرموودەکەئەوەیه جارێکی تر دوژمن لەشکرێشیتان ناکاتەسەر، سەرچاوەی باسەکانی من له کوێن؟! له کاتێکدا بڕوانێته پەراوێز سەرچاوەکان دەبینێت و له هەندێکیشیدا ئاماژەم پێ نەدابێت بۆ ئەوەبووه له لاپەڕەکانی پێشتردا باسمکردوون، قسه لەسەر خودی فەرموودەکه بووبێت وتوومه با ئۆزۆن تەماشای (فتح الباری) بکردبایه وەڵامی دەستدەکەوت، کەواته تۆش هەمان تەماشا بکەرەوه و بڕوانه (فتح القدیر)ی شەوکانی تەفسیری سورەتی ئەلحەشر ئایەتی (١- ٧)، هەروەها له تەفسیرەکانی تریشدا له چەند شوێنێکدا ئاماژه بەم فەرموودەیه کراوه که بۆ

**ئەگەر نووسەری بابەت بیری لەم رێسایەی پێشەوا بوخاری بکردبایەتەوه بۆی دەردەکەوت ئەوه ئەم مەرجگەلەیە گێڕانەوەکانی بوخاریی زێڕ ئاسا لێکردووه.**

دڵنەوایی و موژدەی دامەزراویی و سەرکەوتنی ئیسلام هێنراوەتەوه، ئەمه جگه لەوەی هەندێک راڤەوان زەمەنەکەیان بۆ دوای شەڕی ئوحود گێڕاوەتەوه، بەواتای ئەوەی ئەگەرچی موسڵمانان زیانبار بوون لەم شەڕەدا، ئەوه ترسیان له دڵی بێباوەڕاندا زیاتر بووه. یان هەر نەبێت تەماشایەکی تەفسیری ئایەتی (١٥١)ی سورەتی ئالی عیمران بکه له تەفسیری (رامان) که خوای گەوره دەفەرموویت **(سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ)**، بەڵگەی ئەوه دەبینیت، ئیتر نازانم بەم پرسیارەت دەتەوێت بیسەلمێنیت راسته ئیسلام لەشکرکێشی کردووه و قسەکەی ئۆزۆن راسته! کەوهەا نییه.

پاشان رەخنەت له وەرگێڕانی کتێبی (تاوانی بوخاری) گرتووه که وشەی قەپاڵ و حیزی بەکارهێناوه، رەخنەکەت لەجێی خۆیدایه، بەڵام تۆ یەکێک لەم دوو کارەت کردووه، یان وەڵامەکەی ئێمەت نەخوێندووەتەوه، که ئەم گومانەم نییه، یان بێ ئینسافییت کردووه، چونکه ئەوه رەخنەی من بووه و له کتێبەکەدا ئاماژەم پێداوه که وشەی (نەسه)ی عەرەبی دەکاته گازگرتن بەددانەکانی

**جوانی وتووە ئیبن سیرین «ستەمت لە براکەت کردووە ئەگەر هاتوو خراپییەکانت باسکرد و باشەکانت باسنەکرد». جا بە تەماشاکردنم بۆ بابەتە ئەم ئەدەبە بەرزەم نەبینی.**

پێشەوە، نەک قەپاڵە، بەڵگەشمان بۆ ئەوە لە هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاردا هێناوەتەوە کە قەپاڵەگاز گرتنی پڕ بە دەمە و شیاوی مرۆڤ نییە، کە ئەوان بۆ پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بەکاریانهێناوە.

وا دیارە نووسەری بابەتەکە هیچکات کتێبێکی چاو پێنەکەوتبێ سەبارەت بە کۆچی دوایی پەیامبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) و بابەتی بەخەلیفەبوونی ئەبوبەکر، هەروەها لێکدانەوەی بەپێشنوێژکردنی ئەبوبەکر و چەند بەڵگەیەکی تر کە روون دەریدەخەن ئەبوبەکر جێنشینی رەوای پەیامبەرە، یان کاریگەر بە بیری شیعەیە و ئەم لێکدانەوەیەیان بەلاوە رەتکراوەیە و ناچێتە خانەی عەقڵی عەقڵگەراکانی موعتەزیلەی نوێوە!

هەر لە خودی (فتح الباری) بگەڕێ راڤە و لێکدانەوە بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئایین دەبینێت، ئاخۆ ئەمە هەموو کەسێک دەگرێتەوە بەبێ روانینە ئایینەکەی، یان مرۆڤی موسڵمان؟ قسەی زانایانیش ئەوەیە نابێت مرۆڤی موسڵمان لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە، دەنا بانگەوازی ئیسلام بۆ موسڵمانبوونی خەڵکانی ترە.

قسەی کردووە لەسەر یەکەم ئایەتی دابەزێنراو و یەکەم سورەتێک کە تەواوی ئایەتەکانی پێکەوە دابەزێندرابن، رەخنە دەگرێت وەک ئەوەی بیسەلمێنێت لە بوخاریدا دژیەکیی هەیە، ئەمەیە گرێ دەروونییەکەی نووسەری بابەت کە ئێمەی بەو دەرد و پەتایە تاوانبار کردووە، ئێمە قسەی جابرمان هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی یەکەم ئایەتێک دابەزیبێت لە سورەتی (العلق)دایە، یەکەم سورەتێکیش تەواوی ئایەتەکانی پێکەوە دابەزێندرابێت سورەتی (المدثر)ە، خۆ ئێمە لە کتێبەکەدا و لە بابەت قورئانەوە ئاماژەمان بە کتێبی (مباحث في علوم القران) داوە، ئێستاش دەتوانی تەماشای بکەیت و بڕوانە (معرفة أول ما نزل واخر ما نزل).

ئینجا لە بارەی مەروانی کوڕی حەکەمەوە، کە عوسمانی خەلیفە تۆمەتبارکراوە بەوەی پشکی دەسکەوتی ئەفریقیای پێ دابێت، داوای سەرچاوەم لێدەکات، من لە پێشتردا ئاماژەم بە سەرچاوەی ئەو بوختانەداوە، کە وی ئەبو موخنەفە، لە لاپەڕەکانی پێشتریشدا کتێبی (مێژووی خەلیفە راشیدییەکان گومان و وەڵامدانەوەکان)م بەکارهێناوە بۆ هەر تۆمەتێک بە خەلیفەکانەوە لکێندرابێت و ناومهێناوە، ئەم تۆمەتەش خراوەتە پاڵ خەلیفە عوسمان، بۆیە بە پێویستم نەزانیووە جارێکی تر بە نموونە بیهێنمەوە! بە بەڵگەی (مرۆڤ لە بنەڕەتدا بێتاوانە) هەڵسوکەوتم لەسەر ئەم بابەتە کردووە، نەک وەک ماددەگەرەکان لە چاوەڕوانکردنی کاری تاوان و ویستی ماددی لە مرۆڤ بەلایانەوە ئاساییە ئەم تۆمەتەقبوڵ بکرێت، بە تایبەت ئەوانەی سەرچاوەی بیرکردنەوە و دونیابینیان زانا شیعەکان بێت.

ئینجا رەخنە لە زەکەریا ئۆزۆن دەگرێت لە بابەت (حرمناه)، ئەگەر وەڵامەکەی ئێمەی خوێندبێتەوە روونکردنەوە و وەڵامدانەوەی دەبینی.

دێت و دەپرسێت چۆن ئەوەم وتووە کە زانستی نوێیش سەلماندوویەتی لە باڵێکی مێشدا شیفا هەیە؟ کاکە نەمویستووە ئەم کتێبە ببێتە بابەتی پزیشکی کە من لەو بابەتەدا شارەزانیم، لەبەر ئەوەی هەر بەڵگەت دەوێت، کەوابوو فەرموو «لە ڕووی زانستیەوە سەلماوە کە مێش تەنۆڵکەگەلێکی بچووک لە شێوەی ئەنزیم دەردەدات کە ناو دەبرێت بە (باکتریۆڤاچ)، واتە ڕاوکەری میکرۆبەکان، ئەو (باکتریۆڤاچ) ە یاخود هۆکاری شیفا و چارەسەریە قەبارەی بچووکە، درێژییەکەی بە (٢٠- ٢٥ ملی مایکرۆن) دەخەملێنرێت، جا ئەگەر مێشەکە کەوتە ناو خواردنەکە، یاخود خواردنەوەکە، پێویستە لە ناوی نقووم بکرێت بۆ ئەوەی ئەو دژەتەنانە دەربچن کە بە زۆری لە باڵی دووەمی مێشەکەوە دەردەچن، ئەو کاتە ئەو میکرۆبانەی هەڵی گرتوون و گواستوویەتییەوە، لەناو دەچن» سەرچاوە: (یوسف الحاج أحمد: ئاشکرا بوونی چەند نهێنیەکی زانستی لەنێو قورئانی پیرۆزو فەرموودە پاکیزەکانی پێغەمبەردا، و: بەختیار عبد الرحمن شیروانی، ل ٢٢٤، چ١، ٢٠٠٨ز، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی – هەولێر).

ئینجا ڕەخنە دەگرێت لە مەرجی پێشەوا بوخاری بۆ وەرگرتنی فەرموودە، کە دەبێت گێڕەرەوە لە تاوانی گەورە و بچووک بەدووربن، کە کەس هەیە لە تاوانی گەورە بەدووربێت؟ ئەمە پرسیارێکی سەیرە! دەکرێت لە مرۆڤێک بنەمای حوکم و ئەخلاقیاتی ئایین وەربگرێت لە کاتێکدا سڵ لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە نەکاتەوە و شەرم لە بەردەوامبوون لە تاوانی بچووک و قێزەون نەکاتەوە کە دەبنە مایەی لەکەدارکردنی؟! ئەگەر نووسەری بابەت بیری لەم ڕێسایەی پێشەوا بوخاری بکردبایەتەوە، بۆی دەردەکەوت ئەوە ئەم مەرجگەلەیە گێڕانەوەکانی بوخاریی زێڕ ئاسا لێکردووە، بەڵام بوخاری لای کەسانێک کە دادی بیر و بەرژەوەندیی ئەو نادات ڕێساکەی بە ئەستەم تەماشا دەکرێت.

پاشان ڕەخنەی گرتووە کە من جنێوم بە ئۆزۆن داوە و پێمووتووە جنێودۆست! ئاخر برام تۆ دەزانی زەکەریا ئۆزۆن لەچەند شوێندا هاوەڵان بە دونیاویست و دونیاپەرست وەسفدەکات؟ هەر بەڕاست دەزانی هاوەڵان لە دڵی پەیامبەردا چی سەنگ و گەورەییەکیان هەبووە؟ مووت گرژ نابێت بەوەی بەرانبەریان وتراوە و ئەبو هورەیرە بەباوکی پشیلە بە کوردی کراوە؟ پێم سەیرە ئەو هەموو پەلاماردانەی بەرانبەر بە من ئەنجامت داوە.

هەڵەم کردووە کە وتوومە ئەم مرۆڤە دووڕووانە بە چەند وێنەخۆ دەگۆڕن؟ بەو قسەیەم بوومەتە جنێوفرۆش! ئاخر نابینی ئۆزۆن چەندە شەیتانانە وەسفی قورئان دەکات تاوەکو سەنگی فەرموودە نەهێڵێت و یاریی بە هەستەکان دەکات؟ تا لە هەندێ شوێندا نیازی خۆی ئەخاتەڕوو، باشترین بەڵگەیەکیش کتێبەکەیەتی (ئایا ئیسلام چارەسەرە)، دەتەوێت لەسەر وتە ناشیرینەکانیان نوقڵ و چکلێتیان پێ بدەین و ڕووپامایيان بۆ بکەین، تاوەکو پێمان بڵێن مرۆڤی مەدەنی! ئەگەر ئەمە مەبەست بێت نەفرەت لە مەدەنییەتێک ڕاست و چەپی خۆمی تێدا لەیەکجیانەکەمەوە.

باسی لەوەکردووە کە خۆمم بەدوورگرتووە لە وەڵامدانەوەی هەندێک شت، دەبێت ئەوەی بزانیایە لە هەندێک شوێنی تردا هەندێک قسە و ڕەخنەی دوبارەبووەتەوە و یەکجار وەڵامی بۆ بەسە، بۆ هەندێ ڕەخنەی سادەش بە پێویستم نەزانیوە، بە کورتی باسکردن لە تەشریعی ئیسلامیش نەک لە کتێبێکی قەبارە بچووکدا،

بەڵکو بە سەدان لاپەڕەی لەسەر نووسراوە، ئۆزۆن ڕەخنە و توانجی لەسەر عەقیدە و ئەخلاق و ڕیسای ئیسلام هەیە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگیی بووبێت وەڵامدانەوەی تۆمەت و لێکدانەوە نابەجێیەکانەیەتی لەسەر ئەو فەرموودانەی لای بوخاریی هەن، خۆشی لەبارەی هەندێکیانەوە دەڵێت «ئەمە قسە و وەڵامی زۆر هەڵدەگرێت»! با بەڕێزت لەسەر بابەتی تەشریعی ئیسلامیی و لەبارێتیی فیقەی ئیسلامیی وەڵامی بدەیتەوە و بۆ تۆی بەجێدەهێڵم.

دەڵێت «بەدەر لە کتێبە ئەدەبییەکان تا ئێستا هیچ کتێبێکم نەدیوە هێندەی کتێبی (وەڵامێک بۆ کتێبی تاوانی بوخاری) بێ سەرچاوە و ئەوەندە لە وتاری ناو کۆڕ و سەر مینبەرەکان بچێت». ڕەنگە بەڕێزت خوێنەرێکی بە توانای بوارە جیاوازەکان بیت، بۆیە ئەوەندە دڵنیاییانە قسە دەکەی! ئەگەر باش بتڕوانیایە، پەراوێزەکانت دەبینی، من ئەوەندە راڤەی فەرموودەکانی بوخاریم بەلاوە گرنگە بۆ وەڵامدانەوە پێویستیم بەڕیزکردنی سەرچاوەی نا پێویست نییە، قسەی لەسەر ئەوە هەیە کتێبەکەم لە کورتیدا بڕیووەتەوە، بەڕێزم کتێبەکەی ئۆزۆن (عەرەبییەکەی ١٦٥) لاپەڕەی قەبارە بچووکە، ئەوەی ەی خۆی بێ پرسیار و لێکدانەوەکانیەتی بۆ فەرموودەکانی بوخاری، پاشان لە کوێدا هەبووە کتێبە ئەدەبییەکان پێویستیان بە سەرچاوە نەبێت! نامەی دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بەم قسەیەی تۆ بێت سەرچاوەیان پێویست نییە! ئەی کۆڕەکان چی! خۆ هەندێ کتێبی نووسەر و سەرکردەکان قسەی ناو کۆڕەکانن بە کتێب کراون! ئەی سوکایەتیکردنت بەقسەی سەر مینبەرەکان چی؟ ئەوانەش بێ سەرچاوەن؟ خۆ ئێمەکتێبی زاناو کەسایەتییە کۆنەکانی سەر مینبەرەکان بووەتە سەرچاوەی قسەکانمان.

دەپرسیت کەباسی زەهەبیی دەکەم لەبارەی پێناسەی ئەبو هورەیرە، ئەگەر بۆ ڕۆژێک تەماشای سەرچاوەکانی پیاوناسیت بکردبایە، ئەمەت بەرچاو دەکەوت و لە کتێبەکانی تەفسیریشدا ئەمانە بوونیان هەیە، بۆ نموونە راڤەوانان دەڵێن ئیبن عەباس وەهای وت و عەتا وای وت، بەم قسەیەی بەڕێزت بێت دەبێت یەخەی ئەوانیش بگرین و قسەکانیان ڕەتبکەینەوە!


ڕەخنەی هەیە کە بۆچی زۆر جار ناوی ئۆزۆنم هێناوە؟ کتێبەکە وەڵامە بۆ ئۆزۆن، ئەی چۆن ئاماژەی پێ بدەین؟! بە (ئەو دەڵێت)، ئینجا لێمان بپرسن: ئەو کێیە؟ یان بە (وتوویەتی)؟ لەکاتێکدا دەبێت ئاماژە بە قسەی بدرێت و قسەی ئۆزۆن وەڵامی ئێمەش لەیەکجیابکرێتەوە.

قسەشت لەسەر ئەوەی وەڵامدانەوە و ڕەخنەگرتن لە هەر بابەتێک وابەستەی توانای ڕەخنەگرە، ئێمەشت خستووەتە بازنەی بێ تواناییەوە، قسەیەکی نابەجێیە، ئەگەر بواری خۆم نەبێت هەرگیز قسەی تێدا ناکەم، ڕەنگە وەڵامەکەی ئێمەت بە دڵت نەبووبێت لەبەرئەوەی گومانی سەر بوخاریم لاداوە و هەوڵمداوە نەکەومە ئەو دووڕیانەوە کە پێشتر خۆت ئاماژەت بەو دووڕیانەدابوو، لەم کارەشمدا دەستی کەسم نەگرتووە، جا بەڕێزت و کەسانی تریش وەرن و وەڵامبدەنەوە بۆ ئەو کتێبانەی گومان دەخەنەسەر عەقیدە، وەحی، پەیامبەرێتیی، لەبارێتی فیقەی ئیسلامیی، بوخاری و شافیعی بە تاوانبار دەزانن، کەس دەستانی نەگرتووە، فەرموون کارێک بکەن تۆزی گومانەکان رابماڵن. ئەگەر ئەمەتان نەکرد، بەم قسانەتان دەستمان مەگرن.



# (بوون) لای مەولانا

**پیشکەشە بە برا و هاوڕێبازم م٠ قانع خورشید**




**د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)**

لەدایکبووی ١٩٧٣ تەوێڵە. دکتۆرا لە ئەدەبی بەراوردکاری کوری – فارسی. دوو کتێبی چاپکراو و چەند وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

باسکردن له تێڕوانینی مەولانا بۆ ژیان، بەبێ باسکردن له تێڕوانینی بۆ (بوون) و (دونیا) مەحاڵە، چونکە تێڕوانینی ئەو بۆ (بوون) و (عەدەم) بناغەیە بۆ چەمکەکانی تر و دونیا و جیهانیش بە دەرکەوتنێکی جیهانی عەدەم دەبینێت. لای ئەو هەبووی ڕاستەقینە تەنها خودایە و شتەکانی تر عەدەمن و لەوەوە پەیدابوون. بوون لای مەولانا وەک بوونێکی فیزیکی و دەرەکی باسکراوە، هەروەها بە مانای سروشتی و جەوهەری شتەکانیش هاتووە. ئەمە جگە لە باسکردنی بوونی قوڵی مرۆڤ، کە بە بەجێهێشتنی ئەو بوونەی کە هەمانە بۆ ئەو بوونەی، کە پێویستە پێیبگەین، بەدەستدێت.

**مەبەست لە دروستکردنی (بوون)**

"مەولانا باوەڕی وایە، جگە لە خودا هەموو بونەوەران لە کردارەکانیاندا مەبەستێکی زیاتر لە خودی خۆیان هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە لە خۆیاندا کەمی (نقص)ێک هەیە و دەیانەوێت بەو کردارە، تەواوی (کەماڵ) بەخۆیان ببەخشن. بە نموونە، کەسێک کە لە پێناوی بەدەستهێنانی زانستدا تێدەکۆشێت، دەیەوێت کەموکوڕی نەزانینی خۆی قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام خودا لە خودی خۆی و دەسەڵاتیدا تەواوە، بەڵکو ئەو بەر لە دروستکردنی جیهانیش لە هەموو سیفاتەکانیدا کامڵ بووە. وەک پێشەوا عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: "**بصيرٌ اذ لا منظور اليه من خلقه**[1] – خودا بینا بوو، کاتێک کە هێشتا هیچ بونەوەرێک بەدینەهاتبوو، کە سەیری ئەو بکات!). لێرەوە مەولاناش بەدیهێنانی بوون لەسەر بناغەی (بەخشندەیی) و (بەزەیی) خوداوە – نەک سوودی بۆی هەبێت – ڕاڤە دەکات"[2]. بۆیە لە زمانی خالقەوە دەڵێت:

من نکردم أمر، تاسودی کنم
تاکه من بر بندگان جودی کنم[3]

مەولانا باوەڕی وایە، کە هەبووی ڕاستەقینە تەنها خودایە، شتەکانی تر لەوەوە بوونیان پەیدا بووە، لێرەوە، کە ئێمە بوونێکی ڕاستەقینەمان نییە، بە عەدەم دادەنرێین و – عەدەم لێرەدا بەمانای نەبوونی ڕەها نییە، کە دژی بوونە، بەڵکو بەمانای قۆناغی نابەرجەستەبوونە –. کەواتە ئێمە – بونەوەران – نەبووی هەبوو نوێنین. لەکاتێکدا خودا بوونی ڕەها و هەبووە، بەڵام نەبوو نوێن[4]:

ما عدم هاییم و هستی های ما
تو وجود مگلقی، فانی نما[5]

**مانا و ئامانجی بوون**

مەولانا لە ڕێگەی چەند نموونە و نواندنێکەوە، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دروستکردنی جیهان ئامانجدارە نەک بێهودە و بێ مانا٠ ئەمەش لەم دەقەدا دەردەبڕێت:

١. هيچ نقاشى نگارد زين نقش
بى اميد نفع، بهر عين نقش؟
٢. بلكه بهر ميهمانان و كيهان
كه به فرجه وارهند از اندهان
٣. شادى بچگان و ياد دوستان
دوستان رفته را از نقش ان
٤. هيچ كوزه گركند كوزه شتاب
بهر عين كوزه، نه بر بوى اب؟
٥. نقش ڤاهر، بهر نقش غايب است
و أن براى غايب ديگر ببست
٦. همچو بازى هاى شگرنج اى پسر
فايدهْ هر لعب در تالى نگر[6]

ئەو لە بەیتی یەکەمدا دەڵێت: ئایا هیچ نیگارکێشێک دەستدەکەوێت، کە نیگارێک بەبێ پاڵنەری کەڵک و سود و تەنها لەپێناوی وێنەکێشاندا وێنە بکێشێت و هیچ ئامانجێکی

لێی نەبێت. واتە گەر دروستکراوێک لە کردار و جوڵەکانی خۆیدا بێ ئامانج نەبێت، چۆن مومکینە خودایەکی دانا لە نیگارکێشان و دروستکردنی دروستکراوەکاندا، بێ ئامانج و حیکمەت بێت؟

لە بەیتی دووەمدا پێمان دەڵێت: ئەو نیگارکێشە، نیگار و وێنەکانی –بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ– لەپێناوی تەماشاکردندا دەیکات، تا میوانی گەورە و بچوک بیبینن و لە خەم و ناخۆشی و ناشیرینیەکان ڕزگاریان بێت.

لە بەیتی سێیەمدا پێیوایە، نیگارکێش، بەو نیگار و وێنانەی کە دەیکێشێت، دەیەوێت منداڵان شادومان بکات و دۆستانیش بە سەیرکردنی ئەو نیگارانە، یادەوەری دۆستانی دیارنەماو و لەدەستچوویان بە زیندوویی ڕابگرن.

لە بەیتی چوارەمدا دووبارە دەپرسێت: ئایا هیچ گۆزەدروستکەرێک هەیە گورجوگۆڵانە گۆزە لەپێناوی گۆزەکە خۆیدا – بێ ئەوەی خەڵک لە یادەوەریدا نەبێت – دروستبکات؟ یان بەبێ ئەوەی ئەوە ڕەچاوبکات، کە گۆزە ئامرازێکی بەهرەمەندبوونە لە ئاو؟

لە بەیتی پێنجەمدا، نموونە بە دەفر و قاپدروستکەر و خۆشنووس دەهێنێتەوە و هەمان پرسیار دەکات: کە ئایا بێ مەبەست و ئامانج ئەو کارەیان دەکەن؟ دواتر وەک دەرئەنجامێک پێمان دەڵێت، وێنەی ڕواڵەتی لەپێناوی وێنەی ناخەکی (باطني) و نادیاردا دروستکراوە، هەر وێنەیەکی ناخەکیش لە خۆیدا لەپێناوی وێنەیەکی ناخەکی باڵاتر لە خۆیدا بەدیهاتووە.

واتە لێرەدا مەولانا دەیەوێت پێمان بڵێت "جیهان هەمیشە لە حاڵەتی لەدایکبوون و زاوزێدایە و ئەم زنجیرەی خەلقە بەردەوامە، لە ژێر چاودێری سیستێمی هۆکار و هۆکارساز (سبب و مسبب)دا پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی هەیە، ڕەوتی تەواوکردن و بڵندکردنەوە دەپێون، تا سەرئەنجام بە ئامانجی ئامانجەکان و کۆتایی کۆتاییەکان – خودا – دەگەن. ئەمەش – وەک لە بەیتی شەشەمدا هاتووە – وەک جوڵەکانی دانەی شەترەنج وایە، کە دەبێت کەڵک و ئەنجامی جوڵەی هەر دانەیەک لە جوڵەکانی دواتردا ببینی[٧].

### نهێنی دروستکردن و لەناوچوون لە بووندا

مەولانا لە بەسەرهاتێکدا، ڕاز و نهێنی پەیدابوون و لەناوچوونی بونەوەران دەخاتەڕوو. ئەم بەسەرهاتەش لەسەر بنەمای گێڕانەوەی گفتوگۆیەکی نێوان موسا پێغەمبەر (د.خ) و خودا ڕێکخراوە. ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە، ئەوەیە، کە هەر بونەوەرێک لەپێناوی گەیشتنی بە حاڵەتی تەواویەتی (کەماڵ)ی شایستەی خۆیدا دروستکراوە[٨]، کە پێویستە پێبگات[٩]. ئەمەش پوختەی تێکستەکەیە:

١. گفت موسی: ای خداوند حساب
نقش کردی، باز چون کردی خراب؟
٢. نرو ماده نقش کردی جانفزا
وأنگهان ویران کنی این را چرا؟
٣. گفت حق: دانم که این پرسش تورا
نیست از انکار و غفلت و ز هوا
٤. لیک می خواهی که در أفعال ما
باز جویی حکمت و سرّ بقا
٥. تا از أن واقف کنی مر عام را
پخته گردانی بدین هم خام را
٦. موسیا تخمی بکار اندر زمین
تا تو خود، هم وادهی انصاف این
٧. داس بگرفت و، مر أن را می برید
پس ندا از غیب در گوشش رسید
٨. که چرا کشتی کنی و پروری
چون کمالی یافت، أن را می بری؟

٩. گفت: یارب ز أن کنم ویران و پست
که در اینجا دانه هست و کاه هست
١٠. نیست حکمت این دو را أمیختن
فرق واجب می کند در بیختن
١١. گفت: این دانش تو ازکی یافتی؟
که به دانش بیدری بر ساختی
١٢. گفت: تمیزم تو دادی ا ی خدا
گفت: پس تمییز چون نبود مرا؟
١٣. در خلایق روح های پاک هست
روح های تیرەو گلناک هست
١٤. این صدف ها نیست در یک مرتبه
در یکی درّ هست و در دیگر شبه
١٥. واجبست اظهار این نیک و تباه
همچنانکه أظهار گندم ها ز کاه
١٦. کنت کنزاً گفت مخفیاً شنو
جوهر خود گم مکن، اظهار شو[1]

لە بەیتی یەکەم و دووەمدا موسا بە خودا دەڵێت: ئەی خودای وردەکار و ئاگادار بە کرداری مرۆڤەکان، تۆ کە بوونەوەرانت دروستکرد، بۆچی دوبارە ئەوان لەناودەبەیت؟

حیکمەتی ئەوکارە چییە، کە نێرومێی جوان و سەرنجڕاکێش دروستدەکەیت و دواتر هەموو ئەوانە لەنێودەبەیت؟ حەق – خودا – فەرمووی – بەیتی سێیەم و چوارەم و پێنجەم –: ئەی موسا، دەزانم، کە ئەم پرسیارانەی تۆ، لە نکوڵیکردن و بێ ئاگایی دەروونی شەڕەنگێز (نفس)تەوە نییە، بەڵکو دەتەوێت حیکمەتی ئێمە و ڕاز و نهێنی بەردەوامیی دروستکراوەکانی ئێمە بزانیت. تا پاش لە پەیبردن و زانینی ئەو ڕاز و نهێنیانە، خەڵکی لێ ئاگادار بکەیتەوە و کەسە پێنەگەیشتووەکان بە پێگەیشتوویی و تەواویەتی بگەیێنیت – واتە ئەو تەنها لەپێناوی خودی خۆیدا پرسیار ناکات، بەڵکو دەیەوێ خەڵکی پێبگەیێنێت –.

دواتر خوداوەند بە موسای وت – بەیتی شەشەم –: تۆوێک لە زەویدا بچێنە، تا بە ویژدانەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆت بدەیتەوە.

کاتێک، کە موسا، تۆوەکانی لە زەویدا چاند و کشتوکاڵەکەی کاتی بەرهەمدانی هات و گوڵە گەنمەکانی سەریان بڵند کردەوە و پێگەیشتن، ئەوکات – بەیتی حەوتەم – داسێکی بەدەستەوە گرت و دەستیکرد بە درەوکردنی گوڵە گەنمە پێگەیشتووەکان.

دەنگێک لە جیهانی نادیار (غیب)ەوە هات و پێی وت – بەیتی هەشتەم –: ئەی موسا بۆچی تۆوەکان دەچێنی و پەروەردەیان دەکەیت، کاتێک کە لە شێوەی گوڵە گەنمدا دەرهاتن و پێگەیشتن، ئەوان درەو دەکەیت؟.

موسا وتی – بەیتی نۆ و دە – : پەروەردگارا! بۆیە وێرانی دەکەم و درەوی ئەو گوڵە گەنمانە دەکەم، چونکە شایستە نییە، کە گەنم بخرێتە نێو عەنباری کاوە، کاش لە عەنباری گەنمدا بێت، چونکە لەناودەچێت. بۆیە حیکمەت نییە، کە گەنم و کا پێکەوە تێکەڵ بکرێن. حیکمەت و دانایی ئەوەیە ئەم دوانە، لە یەکتری جودا بکرێنەوە.

لێرەوە خودا بە موسای وت – بەیتی یانزە و دوانزە –: ئەم زانستە لە کێوە فێربوویت، کە بە هۆی ئەوەوە خەرمانێکت دەستکەوت؟ موسا گوتی: خودایا! ئەم هێزی جیاکردنەوە و ناسینە، تۆ بە منت بەخشیوە.

خودای باڵادەست فەرمووی: زۆرباشە، کەواتە چۆن دەبێت من هێزی جیاکردنەوە و ناسینم نەبێت؟ واتە لەکاتێکدا کە هێزی ناسینم بە تۆ داوە، چۆن مومکینە، کە خۆم ئەوەم نەبێت؟ لەکاتێکدا کە بەخشەری شتێک، خۆی خاوەنی ئەو شتەیە. خودا وتی – بەیتی سیانزە و چواردە و پانزە –: لەنێوان دروستکراوەکاندا هەم ڕۆحە پاکەکان هەیە و هەم

رۆحە ئاڵودە بە خاکەکان هەیە – واتە هەندێک لە خەڵکی ناخێکی خاوێن و دوور لە تۆزی مادیگەری و ئارەزووبازی هەیە، کۆمەڵێکیش ناخێکی ئاڵودە بە پیسی و خراپیی هەیە –.

دواتر مەولانا لە زمانی خوداوە دەڵێت: هەموو گوێچکە ماسیەکانی دەریا یەکسان نین، چونکە لە گوێچکە ماسیەکدا مرواری شاردراوەتەوە و لە یەکێکی تردا هاوشێوەی مروارییە و لە ڕاستیدا بەردی ڕەشە – واتە مرۆڤەکان بە ڕواڵەت یەک قاڵبیان هەیە – بەڵام نابێ هەمووان لە رووی ڕۆحی و ناخەکیەوە بە یەکسان دابنێین، چونکە هەندێک لەوان خاوەنی مرواری ئەخلاقی و ڕۆحین، هەندێکیش لێکچووی گوێچکەماسی و مروارین، بەڵام لەڕاستیدا بەردی ڕەشی خراپن.

بۆیە وەک ئەوەی، کە دەبێت گەنم لە کا جیابکرێتەوە، دەبێت چاکان لە خراپان جیابکرێنەوە. دروستکراوەکانی جیهان – مەولانا لە زمانی خوداوە دەڵێت – لەو ڕووەوە دروستکراون، تا گەنجینەی حیکمەتە شاردراوەکانی خودا، بە داپۆشراوی و شاراوەیی نەمێننەوە.

دواتر مەولانا لە کۆتایی گفتوگۆکەدا دەڵێت– بەیتی شانزە –: ئەو وتەیە ببیستە کە حەق–خودا– فەرمووی (من گەنجینەیەکی شاردراوە بووم و حەزمکرد بناسرێم، بۆیە دروستکراوەکانم دروستکرد تا بناسرێم. کەواتە تۆش – ئەی مرۆڤ – دەروونی خۆت دامەپۆشە، بەڵکو ئەو ئاشکرا بکە – واتە وەک ئەوەی کە خودای باڵادەست خودی شاردراوەی خۆی بە دروستکردنی مرۆڤ و جیهان ئاشکرا کرد، تۆش گەوهەری ڕاستەقینە و لایەنی خودایی خۆت بە خۆپەروەردەکردن و خواپەرستی ئاشکرا بکە، پەردەی رۆحی ئاژەڵی و ئارەزووە خراپەکانی خۆت فڕێبدە و جیابکەرەوە[11].

**مەولانا باوەڕی وایە، هەر بونەوەرێك کە لە پشت پەردەی عەدەمەوە دێتە سەر تەختەی بوون، بە گوێرەی یەکێك ژەهرە و بۆ یەکێکی تر شەکرە.**

## ماناکانی بوون لای مەولانا

بوون یان وجود، حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە، کە دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی هەموو شتێک بەوەوە بەستراوە. لەوێوە، کە بوون بەڵگەنەویسترین شتە، بەهیچ شێوەیەک پێناسە وەرناگرێت، مەگەر ڕاڤەکردنی ناو یان زاراوەکەی نەبێت. چونکە بوون لە ماهیەت و شتە لاوەکی (عوارض)یەکانی ماهیەت بە دوورە، عەدەمیش بەرامبەری بوونە. مەولانا جگە لەم مانا ئاشکرایانە، بوون و عەدەمی بەمانای تریش بەکارهێناوە[21]، کە ئاگاداربوون لەوە پێویستە[31]، کە وادەزانین لەم جۆرانەدا کۆدەبێتەوە: (بوون وەک جەوهەر، بوون وەک هەبووی ڕاستەقینە و مەجازی. عەدەم بەمانای هەبووی نەبوو نوێن و بوون بەمانای نەبووی هەبوو نوێن. بوون و نەبوون وەک مەسەلەیەکی ڕێژەیی. خۆپەرستی و منگەری نەبوونە و فەنای عارفانە (بوون)ە.

مەولانا باوەڕی وایە، خودا سروشتی (بوون) ی بە شتەکان داوە و ئەم بوونە لە جەوهەری بونەوەرەکاندایە، نەک لە قەبارە و ژمارەدا. لێرەوە بە نموونە سەدان هەزار گوێدرێژی کێوی و ئازا، لە بەرامبەر هەڵمەتی شێرێکدا، بەهیچ دادەنرێن:

صد هزاران گور ده شاخ و دلیر
چون عدم باشند پیش صولْ شیر

**مەولانا باوەڕی وایە، خودا سروشتی (بوون)ی بە شتەکان داوە و ئەم بوونە لە جەوهەری بونەوەرەکاندایە، نەک لە قەبارە و ژمارەدا..**

در رُخی بنهد شعاع اختری
که شود شاهی، غلام دختری[١٤]

ئەو – خودا – بە روخسارێک، درەوشاوەییەکی ئەستێرەیی وا دەبەخشێت، کە پادشایەک دەبێتە خزمەتکاری کچێک.

"مەبەست لە بوونی ڕاستەقینە (حەقیقی)، بوونێکە، کە هەبوونی ئەو لە خۆیدایە و بەخۆی وەستاوە، بەڵام بوونی مەجازی بوونێکی خوازراو و پاشکۆیە و بە کەسێکی تر، وەستاوە. بۆیە لەم بەیتانەی مەولانادا کە دێت، مەبەست لە عەدەم یان نەبوون، بوونی حەقیقیە، مەبەست لە بوون یان هەبوون، بوونی مەجازی نابەردەوامە"[١٥].

مەولانا باوەڕی وایە، لەو ڕووەوەی، کە کارگەی دروستکردنی بوونەوەر، جیهانی عەدەمی خوداییە – کە نادیارە – کەواتە هەرکەسێک لەو کارگەیە بچێتە دەرەوە هیچ بەهایەکی نامێنێت:

کارگاه صنع حق، چون نیستی است
پس برون کارگه بی قیمتی است[١٦]

لێرەدا نەبوون و عەدەم، بە مانای فەنابوونی عرفانی دێت. واتە ئەگەر مرۆڤ بە هۆشیاریەوە خۆی فەنا نەکاتەوە و پەیوەندی بە جیهانی عەدەم و ماناوە نەکات، ئەوا هیچ بەهایەکی نابێت[١٧].

"مەولانا باوەڕی وایە، جیهانی هەستەکان لەڕاستیدا نەبوون، بەڵام لە پۆشاکی هەبووندا دەردەکەون. بەڵام جیهانی خودایی و مەعنەوی، حەقیقەتانێکن، کە لە دیوی ڕواڵەت بینانەوە بە عەدەم و نەبوو دەژمێردرێن"[١٨].

ئەو دەڵێت:

١. گر همی خواهی سلامت از چرر
چشم ز اول بند و پایان را نگر

٢. تا عدم ها را ببینی جمله هست
هست ها را بنگری محسوس، پست

٣. این ببین باری که هر کش عقل هست
روزو شب در جستجوی نیست است

٤. هست ها را سوی پس افگنده‌اند
نیست ها را گالباندو بنده‌اند[١٩]

مەولانا پێمان دەڵێت: – بەیتی یەکەم و دووەم – ئەی مرۆڤەکان! ئەگەر دەتانەوێت لە زیان و زیانی ڕاستەقینە بەدووربن و سەلامەت بن، ئەوا سەرەتا چاوی ڕواڵەتی دابخە و بە چاوی چارەنوس و کۆتاییبین بڕوانە. بەمەش تا بتوانی عەدەمەکان بە هەبوو ببینی و هەبووەکانی جیهانی هەست، بە نزم و بێنرخ ببینی.

تا بەوە – بەیتی سێیەم – سەرنج لەوە بدەیت و بزانیت، کە هەرکەسێک، هۆشیار بێت و عەقڵێکی لەسەردابێت، شەو و ڕۆژ بەدوای عەدەمدا – جیهانی نابەرجەستە – دا دەگەڕێت. واتە ژیران خوازیاری حەقیقەتن. گەرچی حەقیقەت لە دیدی مرۆڤە ڕواڵەتبینەکاندا شاراوەیە و ئەوان ئەو شاردراوەییە بە نەبوون لێکدەدەنەوە.

دواتر نموونە دەهێنێتەوە – بەیتی چوارەم بەدواوە –، کە جوتیار لە کێڵگەکەیدا کاردەکات، خوازیاری بەرهەمێکە، کە هێشتا بەدەست نەهاتووە. هەروەک نەمامنێژەکانیش لە باخەکانیاندا خوازیاری درەختی بەرهەمدارن، کە هێشتا نین و بەرهەمیان نییە. لە قوتابخانەدا قوتابی خوازیاری زانستێکە، کە ئەو زانستە

هێشتا بەدەستی نەهێناوە. هەروەک چۆن زاهید و خواپەرستێک لە پەرستگەیەکدایە و خەریکی پوختکردنەوەی ناخی خۆیەتی تا بە ئارامی و ڕەوشتە جوانەکان بگات، کە هێشتا نین و بەدەستنەهاتوون. لەم نموونانەوە، دواجار مەولانا بەو دەرئەنجامە دەگات: کە ڕۆشنبینان ئەوانەن، کە بوونی مەجازی خۆیان بەرەڵڵا کردوە و تامەزرۆ و شەیدای بوونی حەقیقین، کە بە ڕواڵەت نەبوون یان بە (نەبوو) دەردەکەون[20].

مەولانا باوەڕی وایە، هەر بونەوەرێک کە لە پشت پەردەی عەدەمەوە دێتە سەر تەختەی بوون، بە گوێرەی یەکێک ژەهرە و بۆ یەکێکی تر شەکرە. واتە چونکە دونیاماڵی ڕێژەیی (نسبی) و بەگوێرەیی بوون (نسبیت)ە، ئەوا خێر و شەڕی هەر بونەوەرێکیش ڕێژەییە:

هر وجودی کز عدم بنمود سر
بریکی زهرست و بردیگر شکر[21]

مەولانا باوەڕی وایە خودا، بوون (ئاسمان و زەوی) لە جیهانی شاردراوەی عەدەمەوە دروستکرد و بەدیهێنا و ڕایەخی زەوی ڕاخست[22]:

چون همی کرد از عدم گردون پدید
وین بساگ خاک را می گسترید[23]

مەولانا باوەڕی وایە مرۆڤیش وەک بونەوەرانی تر لە شاردراوەیی جیهانی عەدەمەوە، هاتووەتە ئەم جیهانی بینراوە. دەسا ئەی مرۆڤ – مرۆڤی نکوڵیکەر لە حەق – بۆچی سەرت بادەدەیت و خۆت نابینا دەکەیت! واتە بۆچی لە جیهانی نادیار و زیندووبونەوە و ژیانی هەمیشەیی جیهانەکەی تر ڕوو وەردەگێڕیێ، لەکاتێکدا، کە لە جیهانی عەدەمەوە هاتیتە ئەم جیهانە و هیچ جۆرە سەرپێچی و ڕوو وەرگێڕانێکت نەکرد[24]:

سرچه می پیچی؟ کنی نادیدەای
در عدم ز اول نه سر پیچیدەای[25]؟

وادەزانین مەولانا لێرەدا دەیەوێت جەبریەتی حاڵی مرۆڤ لە هاتنە ئەم جیهانە بیری بخاتەوە، تا ئەو ئیختیارەی کە پێیدراوە، دژی جیهان و حەقیقەتەکانی بوون بەکارنەهێنێتەوە.

مەولانا باوەڕی وایە هۆکاری بڵندبوونەوە و عروجی مەعنەوی، لە فەنابوون و نەبووندایە. واتە تەنها لە ڕێگەی نەفیکردنی منیەتی و لابردنی خۆپەرستیەوەیە، دەتوانرێت بە پلە باڵاکانی مەعنەویەت و عرفان بگەیت. چونکە ئایین و ڕێبازی عاشقانی ڕاستەقینە، خاکیبوون و نەفیکردنی خۆپەرستیە:

١. چیست معراج فلک؟ این نیستی
عاشقان را مذهب و دین نیستی

٢. پوستین و چارُق آمد، از نیاز
در گریق عشق، محراب أیاز

٣. چونکه از هستی خود او دور شد
منتهای کار او محمود بد

٤. یاکه دید چارقش زأن سد پسند
کز نسیم نیستی، هستی است بند[26]

مەولانا وەک ئاماژەیەک باس لە ئەیازی خزمەتکاری سوڵتان مەحمود دەکات – کە لێرەدا هێمایە بۆ خودا و مرۆڤ – کە هەموو ڕۆژێک بەر لە چوونی بۆلای سوڵتان، سەرەتا سەیرێکی کوڵەباڵ و پێڵاوە بە موو چنراوەکەی سەردەمی شوانی خۆی دەکرد، تا ڕابردووی خۆی لەبیرنەکات و خۆبەزلزان و خۆپەرست نەبێت. دەسا تۆش ئەی مرۆڤ – مەولانا دەڵێت – هەموو ساتێک لەبیری ئەوەدا ببە، کە لە بناغەدا تۆ مشتێک خاک و ئاوێکی بۆگەنی ناو سکی دایک بوویت و سەرئەنجامیش دەبیت بە تەرمێکی بێگیان، دە کەواتە ئەم هەموو خۆبەزلزانینەت لەچی؟!.

چونکە ئەو (ئەیاز – مرۆڤی مەعنەوی) لە

خۆپەرستی دوورکەوتەوە چارەنووسی کاری ئەو بە خێر تەواوبوو. واتە ئەیاز – مرۆڤ – بوونی خۆی لە بەرامبەر بوونی سوڵتان – خودا – دا فانی کرد، بۆیە چارەنووسی کارەکانی ئیجابی و ستایشکراو بوو.

"مەولانا پێمان دەڵێت، سەیرکردنی کوڵەباڵ و پێڵاوە لە موو دروستکراوەکان – واتە حەقیقەتی بناغە و سەرچاوەی سادەیی خۆ– لەوەدا پەسەند کراوە و باشە، چونکە بوونی مەجازی (ناڕاستەقینە) دەبێتە لەمپەر لەبەردەم هاتنی نەسیمی بوونی ڕاستەقینە و حەقیقیدا. لێرەدا مەبەست لە نەبوون، بوونی ڕاستەقینە یان مەقامی هەژاری (فقر) و فەنای عارفانەیە. مەبەست لە (بوون)یش، بوونی ساختە و درۆزنانە و ڕواڵەتیانەی مرۆڤ و خۆپەرستی و خۆ بە گەورە زانینە"[72].

مەولانا پێمان دەڵێت، تەواوی خەڵکی بەهۆی ئەوەی لە عەدەم و نەبوون دەترسن، واتە لە فەنابوون لەنێو خودادا دەترسن، ڕێگەی هەڵە دەگرنە بەر. لەکاتێکدا ئەو فەنابوونە پەناگەی دڵنیاکەرەوەیە بۆ ئەوان. لێرەدا عەدەم، بەمانای فانی بوونە لە بوونی وەهمی و مەجازی – ساختە – ی خۆ. واتە کوڕانی دونیا ئەوەندە شەیدای (خودیەتی) و خۆپەرستی بوون، ئامادەنین، ببنە ڕێبوارێکی ڕێگەی حەقیقەت و لەو ڕێیەدا دەست لە خواستە نزم و بێبەهاکانیان هەڵبگرن و خواستەکانی خۆیان لە خواستەکانی حەق – خودا – دا فانی بکەن، چونکە ئەو ڕێگەیە بە ڕێگەیەکی زەحمەت و سەخت بۆ پەڕینەوە دەزانن، بەمەش ڕێگەی ئاسانی ئارەزووبازی و لێژ و نشێوی خۆپەرستی دەبڕن[82]:

اندرونی کاندرونها مست ازوست
نیستی کین هستهامان هست ازوست[92]

مەولانا لێمان دەپرسێت: ئاوێنەی بوون (وجود) چییە؟ نەبوونە. ئەگەر بەڕاستی نەزان نیت، ئەوا بۆ بەردەم بارەگای حەق – خودا – دیاری نەبوون و فەنا ببە. واتە خۆت لە بوونە مەجازییەکان تێپەڕێنە وماڵئاوایی لە خۆبینی و خۆپەرستی و (من) و (ئێمە)یی بکە. وەک ئاوێنە بە، چونکە ئەگەر ئاوێنە ژەنگ و ڕەنگی تری پێوە نوسا، خاوێنی و درەوشاوەیی خۆی لەدەستدەدات و شت پیشان نادات. بە هەمان شێوە تا کەسێک خودی خۆی لە ژەنگ و ڕەنگی بوونی وەهمی دوورنەخاتەوە و بە مەقامی بێڕەنگی نەگات، ناتوانێت بوونی ڕاستەقینەی خۆی ببینێت:

أینه هستی چه باشد؟ نیستی
نیستی بر، گر تو ابله نیستی[03]

"چونکە وەک لە یاسای لۆژیکدا هاتووە "**تعرف الأشیاء باضدادها** – هەر شتێک بە دژەکەی خۆی دەناسرێت". دەوڵەمەندانی بەخشندە بە هەبوونی هەژاران و بەخشین بەوان، سیفەتی ناخیان لە بەخشندەیی و بەزەیی دەردەکەوێت. کەواتە هەژاری ئاوێنەی دەوڵەمەندییە"[13]:

هستی اندر نیستی بتوان نمود
مال داران، بر فقیر أرند جود[23]

## پێگەیشتنی مەولانا بەرهەمی بەجێهێشتنی (بوونی خواستراو) و گەیشتنی بە (بوونی ڕاستەقینە)یە

هەموو سەرچاوەکانی ژیانی مەولانا لەوەدا هاوڕان، کە ئەوەی مەولانای کرد بە مەولانا دیداری بوو لەگەڵ شەمسی تەبریزی. شەمس ڕاستە کەسێکی بلیمەت و زانابوو، بەڵام مەولانا لەو کەمتر نەبوو. ئەو زانستێکی نوێی فێری مەولانا نەکرد، بەڵکو ئەو بوونێکی نوێی بە مەولانا بەخشی. ئەو ڕاسپاردەی سەرسوڕهێنەری بۆ

مەولانا هەبوو، یەکێک لەوانە داوای لە مەولانا کرد واز لە خوێندنەوەی کتێب بهێنێ و ئەمەش بۆ کەسێکی زانا کارێکی سەختە.

شەمس – وەک مەولانا خۆی وێنای کردوە – داوای لێکرد دوکانی ڕابردووی – واتە جۆری مامەڵەی ژیانی ڕابردوی دابخات – کە دەرس وتنەوە و وەعز و فتوادان و ... هتد بوو، چونکە کان و گەنجینەیەکی نوێ هەیە و خەریکی ئەوە ببە[٣٣]:

جانب تبریز در شمس حقم دیدەاند
ترک دُکان خواندند چونک بکان أمدند[٤٣]

ئەم گەنجینە نوێیە، ئەمەیە، کە خۆی باسیدەکات:

مردە بدم زندە شدم، گریە بدم خندە شدم
دولت عشق أمدو من دولت پایندە شدم[٥٣]

"مەولانا خۆی دەڵێت: مردوو بووم، زیندوو بومەوە! جاران من گریاو بووم و وەک (غەزالی)[٦٣] – مەبەستی پێشەوا غەزالییە – و ترس لە خودا و نارەحەتیەکانی ڕێگەی ژیان و ژیانی دوایی، پلەی منی بە مەقامی ترس (خوف) گەیاندبوو، دەگریام، بەڵام ئێستا خەندە کەوتە سەر لێوم و ئیتر ترس و گریان نەما. واتە منی لە سۆفیگەری ترس ئامێز (تصوف خوفی)یەوە بەرە و سۆفیگەری عەشق ئامێز (تصوف عشقی) برد"[٧٣].

مەولانا ئەم گۆڕانە گەورە بەرەو عەشقی خودایی، بە چوونە نێو باخێکی سەوز و بێ کۆتایی دەزانێت، کە لەم باخەدا جگە لە خەم و شادی، میوەی فراوانی جۆراوجۆری تر هەیە. ئەو وادەبینێت، کە عشق و خۆشەویستی زاتی خودا لە عەشقی سیفاتی خودا باڵاترە:

باغ سبز عشق کو بی منتهاست
جز غم و شادی دراو بس میوەهاست

مەولانا باوەڕی وایە، عاشقی لە هەردوو حاڵەتی خەم و شادی بڵندتر و لەپێشترە. لە عەشقدا

**شەمس ڕاستە کەسێکی بلیمەت و زانابوو، بەڵام مەولانا لەو کەمتر نەبوو. ئەو زانستێکی نوێی فێری مەولانا نەکرد، بەڵکو ئەو بوونێکی نوێی بە مەولانا بەخشی.**

بەبێ هاتنی بەهار و خەزان، هێشتا هەر تازە و سەوزی هەیە. واتە بەهاری عاشقی، جاویدانی و هەمیشەییە. ئەو – مەولانا – بەهۆی ئەو گۆڕانەیەوە بەو باوەڕە دەگات، کە خەم و شادی بەشێکن لە هەڵچوونە زوو تێپەڕە دەروونیەکان و سۆفی کەسێکە، کە ڕۆحێکی کارتێکەری هەیە نەک کارتێکراو. واتە شادی دروستکەرە نەک شادی وەرگر. وەک چۆن خوداش کارتێکەرە و کارتێکراو نییە[٨٣]:

عاشقی زین هردو حالت، برترست
بی بهارو بی خزان، بندو ترست[٩٣]

مەولانا پاش ئەوەی پێشتر باسی ئەو گۆڕانەی بەوە دەستپێکرد، کە مردوو بووم، زیندووبومەوە و گریاو بووم، ڕوو بە خەندە بووم، دواتر ئەم گۆڕان و عەشقە وادەبینێت، کە گیانی ئازایەتی – لەبری ترس – و چاوتێری و تێری مەعنەوی و دلێری وەک شێری بەدەستهێناو وەک ئەستێرەی زوهرە – وەک دەڵێت – ڕووناک بوومەوە و درەوشامەوە:

١. دیدەو سیراست مرا، جان دلیراست مرا
زهرەو شیراست مرا، زُهرەو تا بندە شدم
٢. گفت کە دیوانە نئی، لایق این خانە نئی
رفتمُ دیوانە شدم، سلسلە بندندە شدم

## سەرچاوەکانی ژیانی مەولانا لەوەدا هاوڕان، کە ئەوەی مەولانای کرد بە مەولانا دیداری بوو لەگەڵ شەمسی تەبریزی.

٣. گفت کە"تو شمع شدی، قبلەواین جمع شدی
"جمع نیم، شمع نیم، دود پراکندە شدم
٤. گفت کە "شیخی و سری، پیشرو راهبری"
شیخ نیم، پیش نیم، امر تورا بندە شدم
٥. تابش جان یافت دلم، واشد و بشکافت دلم
اگلس نو بافت دلم، دشمن این ژندە شدم
٦. زُهرە بدم ماە شدم، چرخ دوصد تا شدم
یوسف بدم، یوسف زایندە شدم[٤]

لێرەدا مەولانا – بەیتی یەکەم – پێمان دەڵێت عەشق تێری بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئیمان و عشق ئەو دوو شتەن دەروونی مرۆڤ تێر دەکەن.

دوای تێرکردن، خەسڵەتی دووەمی ئیمان (دلێری) و ئازایەتی بەخشینە، بۆیە مەولانا دەڵێت:

زهرەو شیراست مرا
واتە من نەڕە و ئازایەتی شێرم.

خەسڵەتی سێیەم، کە تێیدا دروستبوو، کە خەسڵەتێکی تری ئیمان و عەشقە، بریتییە لە رۆشنبوونەوە: زُهرەو تا بندە شدم

مەولانا بۆمان باسدەکات، کە چۆن بوو بە مەولانا و چۆن شەمس دەستی گرت و برا و گەێنرا بەو پلەیە. مەولانا نهێنی ئەوە دەدرکێنێت، ئەو دەڵێت: سەرەتا شەمس پێی وتم – بەیتی دووەم و سێیەم –: دەبێت دێوانە ببیت و لە عەقڵی باو دەربچیت و لە سەرنجی ڕواڵەتی دەست هەڵبگریت. چونکە تا ئەوە نەکەیت، شایستەیماڵی خۆشەویست– خودا– نابیت، بۆیە من– مەولانا دەڵێت– ڕۆیشتم و دێوانە بووم، زنجیر و کۆتەکانم پساند.

دواتر پێی وتم: تۆ بوویت بە مۆم و زۆر خۆشەویست بوویت[١٤] و بوویتە قیبلەی خەڵک، خەڵکێکی زۆر دەوری داویت و کەوتویتە نێو کۆمەڵێک لە بەند و خۆشەویستی ئەوانەوە، کە ئەمە زۆرجار وادەکات، بەدڵی ئەوان قسە بکەیت! پێی وتم خۆشەویستی خەڵک زیندانێکی تەواوە، بە هەموو مەرجەکانی زیندانەوە، یەکێک لەو مەرجانەی ئەوەیە، کە بەوانەوە پەیوەند دەبیت و ئەوان تۆ ڕادەگرن و ناهێڵن زیاتر بڕۆیت و بڵند ببیتەوە. سەقفی تۆ ئەوەندەیە، کە لە سنوری دونیای ئەواندایە. تۆ ئێستا ڕاوکراوی دەستی ڕەزامەندی خەڵکی! بۆیە مەولانا دەڵێت: پێم وت، چیتر من مۆم نیم و کۆمەڵ و ڕای زۆرینەم ناوێت، ئەو بوونەم چیتر نەهێشت و بووم بە دوکەڵی پرژوبڵاو!

واتە مەولانا بە شەمس – پیرەکەی – وت: وا دەستم لە هەموو ئەوانە هەڵگرت و خستمنە لاوە. دەڵێ – شەمس – پێی وتم – بەیتی چوارەم –: تۆ شێخ و سەرداری خەڵکی! پێشڕەو و ڕابەری! لە بەرامبەر ئەو بوونە نوێیەی، کە شەمس پێی بەخشیم وتم: لەمەودوا چیتر شێخ نیم، پێشەوا نیم، من بەندەی بەردەم فەرمانی تۆم[٢٤].

لێرەوە مەولانا دەستی لە هەموو گیرەر (تعلقات)ەکان، یەک لەدوا یەک هەڵگرت، چونکە شەمس بە قوڵی لە ناخی مەولانادا بە عەشق و باوەڕ داوای لێکرد، ئەو بەندانەی کە دەستی بەستبوو لابدات. کاتێک کە خۆی لەو گیرەرە و ڕەزامەندی خەڵکە و ...هتد، لەو بوونە مەجازی و ناڕاستەقینە – ساختە بەمانا وجودیەکەی –

هەڵگرت، ئەوکات – بەیتی پێنجەم و شەشەم – گۆڕانێکی گەورە لە مەولانادا ڕویدا: ڕۆشنایی گیان بە دڵی گەیشت و دڵی کرانەوەی بەسەردا هات و لێرەوە – مەولانا دەڵێت – نوێبوومەوە و جوگرافیایەکی نوێ لە ژیانمدا دروستبوو، چونکە جلوبەرگی پیسی رابردوو – بوونێک کە خەڵک بۆی دروستکردبووم – فڕێمدا. جاران ئەستێرە بووم، بووم بە مانگ!، بووم بە دووسەد بوون و گەردوون! یوسف بوم – جوانیی مەعنەوی – واملێهات یوسفەکان لە منەوە لەدایک دەبوون.

ئامۆژگاری سەرەکی (شەمس) بۆ مەولانا ئەوەبوو، کە بە قوڵی تێیگەیاند، کە تۆ بەهۆی گیرەر (تعلقات)ە جۆراوجۆرەکانەوە قورس بوویت و توانای بڵندبوونەوەی زیاتر و فڕینت نەماوە، ئەگەر دەتەوێت ئەوە بکەیت دەبێت بارت سووک بکەیت و ئەو گیرەرانەی کە تۆی سنوردار کردوە بپسێنە، تا بتوانیت گەشە بکەیت و بەدوامدا بێیت. مەولاناش وایکرد.

کاری یەکەمی شەمس لەسەر مەولانا ئەوەبوو، کە ئەوی دەستەمۆ (تسخیر) کردبوو. چیتر لەبەردەم ئەم مرۆڤە گەورە سەرسوڕهێنەرەدا ئیختیاری نەمابوو. ئەم حەقیقەتە مەولانا لە (مەسنەوی)دا دەریبڕیوە:

پیش شیری اهویی بیهوش شد
هستی اش در هستی او روپوش شد
چون زبانه شمع پیش افتاب
نیست باشد هست باشد در حساب[٣٤]

مەولانا بە زمانی هێما قسە دەکات، ئەگەرچی لێرەدا باس لە فەنای عاشقە لە نێو مەعشوقدا، بەڵام لەڕاستیدا باسی حاڵی مەولانا خۆیەتی. ئەو وەک ئاسکێک لەبەردەم شێرێکدا وشکبوو، بوونی خۆی لەدەستداو لە بوونی شێردا داپۆشرا – وەک گڕی مۆم لەبەردەم ڕوناکی خۆردا کە هەیە، بەڵام وەک نەبوو دادەنرێت. ئەوی ئاسک لەبەردەم شێردا مەدهۆش و مەست بوو، بە تەعبیری مەولانا خۆی (ڕوپۆش) بوو بەو (شەمس). کاتێک کە هەبوویەک لە هەبوویەکی تردا فەنا دەبێت، تەواوی سیفاتی ئەو وەردەگرێت. کاتێک کە ئاسکبوونی لەبەردەم شێردا وندەکات، تەواوی سیفاتی شێر وەردەگرێت. وەک پارچە ئاسنێک کە، دەچێتە نێو کورە، ئەویش دەبێت بە بەشێک لە کورە و ئاگر. واتە مەولانا لە خۆی ڕووت بوویەوە و سیفاتی خۆی – ئاسکی – نەماو بە سیفاتی شەمس– شێر – داپۆشرا. سیفەتی یەکەمی شێر ئەوەیە، کە خاوەن ئیرادەیە – ئیرادەیەکی بەهێز –. بەهێزە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکاندا، بەهێزە لە زاڵبوون بەسەر گیانلەبەرانی تردا. واتە ئەم سیفەتە زانستیی نەبوو، سیفەتێ بوو بۆ ڕۆحی ئەو، بۆ هیممەتی ئەو، بۆ ئیرادەی ئەو دەگەڕایەوە[٤٤].

"کەواتە شەمس – مەولاناش – پێمان دەڵێن، ژیان و بوونی ڕاستەقینە لە بار سوکی و فڕێدانی گیرەرەکاندایە، ئەوانەی کە بەشێک نین لە بوونی ڕاستەقینەی تۆ. هەروەها پێمان دەڵێن، بوون و ژیان و خۆشی لەوەدایە، کە کاری خۆت – جەوهەری مرۆڤانە – بکەیت. پێمان دەڵێن، لە زەوی خەڵکیدا خانوو دروست مەکە، کاری خۆت بکە، کاری بێگانە مەکە"[٥٤]:

در زمین مردمان خانه مکن
کار خود کن کار بیگانه مکن[٦٤]



## پەراوێز

١ الامام علي بن أبي طالب. نهج البلاغة، ل٤٢.
٢ بڕوانە: كريم زمانى، ميناگرى عشق، ١٣٨٩ – ٢٠١٠، چ٨، نشر من، تهران، ل٥٤.
٣ مثنوى، دفتر دوم، بيت: ١٧٥٦.
٤ بڕوانە: كريم زمانى، شرح جامع مثنوى معنوى، دفتر اول، ل٢٢٤.
٥ مثنوى، دفتر اول، بيت: ٦٠٢.
٦ مثنوى، دفتر چهارم، بيت: ٢٨٨١ – ٢٨٨٦.
٧ كريم زمانى، شرح جامع مثنوى معنوى، دفتر چهارم، ل٨٠٩-٨١٢.
٨ ئەرستۆش ئامانجى ژيان بەوە دەزانێ. بڕوانە: محمد ازادە:معناى زندكى ل٢٤.
٩ بڕوانە: كريم زمانى، ميناگرى عشق، ل٥٦.
١٠ مثنوى، دفتر چهارم، أبيات: ٣٠٠١ بە بعد.
١١ بڕوانە: كريم زمانى، شرح جامع مثنوى معنوى، دفتر چهارم، ل٨٥٠-٨٥٣.
١٢ كريم زمانى، ميناگر عشق، ل٥٨.
١٣ ئەوكاتانەی کە سەرقاڵی سەیرکردنی سەرچاوە فارسیەکانی تایبەت بە مەولانا بووین، جێگەی سەرنج بوو، کە بینیمان، کەسێتییەکی ئەکادیمی بەناوی د.سیدە مریم أبوالقاسمی کە فەرهەنگی بەنرخی (اصطلاحات ومفاهيم عرفانى ديوان شمس)ی داناوە، کەوتوەتە ئەو هەڵە زانستییەوە کە دەڵێت: «مەولانا لە مەسنەوی دا (وجود – بوون) بە بوونی مادی دەزانێت»! بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، ل٨٨٠. کە ئەمەش ڕاست نییە و لە بەیتەکانی دواتردا ئەوە دەردەکەوێت.
١٤ مثنوى، دفتر ششم، أبيات: ٣٠٥٦، ٣٠٥٤.
١٥ كريم زمانى، ميناگر عشق، ل٥٨.
١٦ مثنوى، دفتر دوم، بيت: ٦٨٨.
١٧ بڕوانە: كريم زمانى، شرح جامع مثنوى معنوى، دفتر دوم، ل٢٠٢.
١٨ بڕوانە: كريم زمانى، شرح جامع مثنوى معنوى، دفتر دوم، ل٢٠٢.
١٩ مثنوى، دفتر ششم، أبيات: ١٣٦٠ بە بعد.

٢٠ بڕوانه: كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٣٩٣-٣٩٥.
٢١ مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤٢٣٦.
٢٢ بڕوانه: كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٨١٥.
٢٣ مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٣١٣٥.
٢٤ بڕوانه: كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل١٠٤٨.
٢٥ مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٦٧٨.
٢٦ مثنوی، دفتر ششم، أبيات: ٢٣٣ به بعد.
٢٧ كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٨٧-٨٩.
٢٨ بڕوانه: كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٢٥٤.
٢٩ مثنوی، دفتر اول، بیت: ٢٠٨٠.
٣٠ مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٢٠١.
٣١ بڕوانه: كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٩٢٧.
٣٢ مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٢٠٢.
٣٣ بڕوانه: د.عبدالكريم سروش، در حضور حضرت مولانا، www.dr.sorosh.com
٣٤ ديوان شمس: غزل: ٨٨٦.
٣٥ ديوان شمس: غزل: ١٧١٣.
٣٦ د.عبدالكريم سروش له كتێبی (قصه أرباب معرفت)دا، بەراوردی ئایدیای (غەزالی) لەگەڵ مەولانا كردووەو بۆئەوەش ئاماژەی بە كتێبەكانی (غەزالی) وەک (احياء علوم الدين) و (المنقذ في الظلال) و هتد... كردوە. بڕوانه: د.عبدالكريم سروش، سەرچاوەی ناوبراو، ل٧٥ بەدواوە.
٣٧ د.عبدالكريم سروش، قمار عاشقانة، ١٣٨٦ – ٢٠٠٧، انتشارات صراط، تهران، ل٩.
٣٨ بڕوانه: كريم زماني، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٥٦٥.
٣٩ مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٧٩٣ – ١٧٩٤.
٤٠ ديوان شمس: غزل: ١٧١٣.
٤١ سەرچاوەكانی ژیانی مەولانا باس لەوەدەكەن، كە مەولانا گەرچی تەمەنی كەمتر لە (٤٠) ساڵ بوو، بەڵام بێ ئەندازە لەنێو خەڵكدا پایە و ڕێزی هەبوو، لای بەرپرسان و خەڵكی شاری قونیە – توركیا – ڕێزی هەبوو و خانەقا و مزگەوتەی هەبوو و زانای زۆری لە دەور بوو موریدی هەبوو. بڕوانه: بديع الزمان فروزانفر، زندگی مولانا، ١٣٨٧ – ٢٠٠٨، چ١، شركت مطالعات و نشر كتاب پارسه، تهران، ل٧٥ بەدواوە.
٤٢ بڕوانه: د.عبدالكريم سروش، در حضور حضرت مولانا، پخش دوم، www.dr.sorosh.com
٤٣ مثنوی، دفتر سوم، أبيات: ٣٦٧١، ٣٦٧٦.
٤٤ بڕوانه: د.عبدالكريم سروش، قيامتگاه عشق. www.dr.sorosh.com
٤٥ د.عبدالكريم سروش، در حضور حضرت مولانا. www.dr.sorosh.com
٤٦ مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٢٦٢.

## دواخاڵ



سەرنووسەر

# کورد و شافیعیەت

ئەگەر یەکێک لە نیشانەکانی بەهێزی و پێویستی بایەخداری هەر مەسەلەیەک، مانەوە و درێژخایەنی و گشتاندبون و قبوڵکردنی بێت لەناو خەڵکدا، کەواتە شافیعیەت لە چڵەپۆپەی گرنگیدا خۆی دەبینێتەوە و ناسنامەی گەلی کوردستانە. بۆیە پاساوێک بۆ دژایەتی و هەوڵی گەنارخستنی نییە.

ئەم ئایینزایە، ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە لێی بڕوانین، ڕۆڵی گەورەی هەبووە و دەبێت لە یەکڕیزی گەلی کورد لە ناوخۆیدا، لە دەرەوەش توانای پێکەوەژیانی بەهێزترە لەگەڵ ئایینزاکانی دیکەی وەک شیعە، هەروەها ئایینەکانی مەسیحی، یەزیدی و کاکەیی، چونکە نەرمتر لە هەموو ئایینزاکان دەڕوانێتە ئایینزاکانی دیکە.

ئەمەیان بۆ ئێمەی کورد خاڵی هێزە، ئەو مێژووە دێرینەشی لە گوند و شارەکاندا و هەڵکەوتنی سەدان زانای گەورە لە قوتابخانەکەیدا، ڕیشەداکوتراوێتی و خۆماڵێتی دروستکردووە، جێپەنجەی بەهێزی لەناو گەلی کورددا بەجێهێشتووە.

بەڵام گرنگە پسپۆڕان و زاناکانمان واز لە چەقپەستویەتیەتی فەتوا وباوەڕبوون بە داخستنی دەرگای ئیجتیهاد بە هەر پاساوێک بووبێت،

## گرنگە پسپۆڕان و زاناکانمان واز لە چەقبەستویەتیەتی فەتوا و بیروبۆچون بهێنن، داخستنی دەرگای ئیجتیهاد بە هەر پاساوێك بوبێت، بۆ ئەمڕۆ ناشێت و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە زەبەلاح و خێرایانەدا نایەتەوە کە لەم ڕۆژگارەدا ڕوودەدەن

بۆ ئەمڕۆ ناشێت و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە زەبەلاح و خێرایانەدا نایەتەوە کە لەم ڕۆژگارەدا ڕوودەدەن و ئیجتیهاد و فەتوای تازە دەخوازن، نەک ئەمڕۆ، لە سەردەمی ڕابردوشدا ئەگەر لەناو ئاییینزای شافیعیدا زانای گەورە و باڵا هەڵنەکەوتان و گەشەیان بەم ئاییینزایە نەکردایە، ئێستا ئەویش وەک زۆر ئاییینزای دیکە تەنها لە پەراوێز و گونج و گەلەبەری مێژوویدا ناوی مابوو.

کەواتە زانایانمان ئەرکی سەختیان لە ئەستۆدایە، بەڵام بە هۆی تەکنەلۆجیاوە ئاسانکاری باشیان لەبەردەستایە، خۆ ئەگەر کەسایەتی باڵا و هەڵکەوتو دەگمەن بووبێتەوە، ڕێگەی دیکە هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە وەک: بونی دامەزراوەی زانستیی و دابەشکردنی بابەتەکان بەسەر پسپۆڕاندا، ئاگاداربون لە قەتوا و ئیجتیهادە کۆن و نوێکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

بەم ئاسانکاریانە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە، داڕشتن و فۆڕمێکی تازە و گونجاو بەسەر ئاییینزاکەدا بهێنن و لە بێژنگی بدەن. وادەزانم ئەگەر هەنگاوێکی لەو شێوە نەنرێت، بەزانین بێت یان نەزانین نەیارانی ئاییینزا توانای پرسیار دروستکردنیان هەیە لەسەر شافیعیەت، خۆشی ئەوەنە کەلێنی تێدایە پرسیارە دروست کراوەکان شوێنەوار و کاریگەری بەهێزیان هەبێت لە کالکردنەوەی ڕۆڵی ئەم ئاییینزایەدا.